حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- خوێندنی باڵا

# ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

ماستەر نامەیەکە لەلایەن

**عثمان عبدالله احمد**

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە رامیارییەکاندا

بە سەرپەرشتی

**پ. ی. د. جلال حسن مصطفى**

کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی

٢٧٢٢ کوردی　　١٤٤٤ کۆچی　　٢٠٢٢ زایینی

The University of Sulaimani- College of Political Sciences

# *Challenges to the Implementation of Local Administrative Decentralization in the Kurdistan Region- Iraq*

*Master thesis submitted by*

(Othman Abdullah Ahmed)

*Submitted to the Council of the College of Political Sciences at Sulaimani University, as partial fulfillment of the requirements for obtaining a Master's Degree in Political Sciences*

*Supervised by*

Assistant Prof. Dr. Jalal Hasan Mistaffa
College of Political Sciences- Sulaimani University
Kurdistan Region- Iraq

2022

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- خوێندنی باڵا

# ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

ماستەر نامەیەکە لەلایەن

(عثمان عبدالله احمد)

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە ڕامیارییەکاندا.

بە سەرپەرشتی

**پ. ی. د. جلال حسن مصطفی**

کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی

٢٧٢٢ کوردی | ١٤٤٤ کۆچی | ٢٠٢٢ زاینیی

حكومة إقليم كردستان- العراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية العلوم السياسية- الدراسات العليا

# التحديات امام تطبيق اللامركزية الإدارية المحلية في إقليم كوردستان- العراق

رسالة ماجستير تقدم بها

(عثمان عبدالله احمد)

الى مجلس كلية العلوم السياسية في جامعة السليمانية، وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في العلوم السياسية.

بإشراف

أ. م. د. جلال حسن مصطفى

كلية العلوم السياسية - جامعة السليمانية

٢٧٢٢ كوردية ١٤٤٤هجرية ٢٠٢٢ ميلادى

**بەڵێننامە**

من خوێندکار (عثمان عبدالله احمد) بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندیتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە بە سەرپەرشتی بەڕێز (پ. ی. د. جلال حسن مصطفی)، جگە لەو جێگایانەی کە بەئاشکرا ئاماژەم پێداوە، هەموو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە (تەنها بە پێی ڕێنماییەکان نەبێت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکەم) و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە، بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێوەربگرم یان سودی لێببینم، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم لێ وەرگرتبێت، ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردبێت. بە پێچەوانەوە بەرپرسیارم لەهەر ڕێکارێکی یاسایی کە زانکۆ بەرامبەرم بیگرێتەبەر، لەبەرئەوە لە خوارەوە واژۆم کردووە.

واژۆ:

ناوی خوێندکار: **عثمان عبدالله احمد**

ڕێکەوت: ٢٠/ ٢٠٢٢/٩

## ڕاسپاردەی سەرپەرشتیار

گەواهـــی دەدەم دەستنووســـی ئەم تـــوێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (ئاڵنگارییەکـــانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) کە لەلایەن خوێندکار (عثمـان عبـدالله احمـد) پێشکەشـکراوە، بە سەرپەرشـتی مـن لە (کـۆلێجی زانسـتە ڕامیارییەکـان- زانکۆی سلێمانی) ئەنجامدراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماسـتەر لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا.

لەگەڵ ڕێزدا.

واژۆ:

ناو: **پ. ی. د. جلال حسن مصطفى**

ڕێکەوت: ٢٥ / ٩ /٢٠٢٢

**ڕاسپاردەی هەڵسەنگێنەری زمانەوانی**

**بەڕێز: کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی**

**بابەت/پێداچوونەوەی زمانەوانی**

ئاماژە بەنوسراوتان ژمارە (٣/ ٣/ ٨٩٢)، کە لە ڕێکەوتی (٢٥/ ٩/ ٢٠٢٢) ئاراستەمانکرابوو، پێداچوونەوەی زمانەوانیم بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدا، بە ناونیشانی (ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) کە لەلایەن خوێندکار (عثمان عبدالله احمد) پێشکەشکراوە، سەرجەم هەڵە ڕێنوسی و زمانەوانییەکانم بۆ چاککردووە و لەبەرئەوەش لە خوارەوە واژۆم کردووە.

لەگەڵ ڕێزدا.

واژۆ:

ناو: **د. ئاریان صدیق عەزیز**

ڕێکەوتی: ١٦ /١٠ /٢٠٢٢

## پێشنیاری لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا

بە پێیی ئەو پێشنیار و ڕاسپاردانەی کە کراون لەلایەن هەڵسەنگێنەرانی زمانەوانی و زانستی و سەرپەرشتیاری ئەم توێژینەوەیەی خوێندکاری خوێندنی باڵا (عثمان عبدالله احمد) کە ماستەرنامەکەی بە ناونیشانی (ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیرەوکردنی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) و تەواوکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی خوێندنەکەی، پێشنیار دەکەین بۆ پێکهێنانی لیژنەی گفتوگۆ و تاوتوێکردنی.

لەگەڵ ڕێزدا.

واژۆ:

ناو: **د. جليل عمر علي**

ڕێکەوت:٢٣/ ١١/ ٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئـێمە ئەنـدامانی لیـژنەی گفتوگـۆ، ئەم توێژینەوەیەمـان خوێنـدەوە و هەڵسـەنگاند بە ناونیشـانی (ئاڵنگارییەکـانی بەردەم پەیڕەوکردنـی ناناوەنـدێتی کـارگێڕی خـۆجێیی لە هەرێمـی کوردسـتان-عێراق)، کە لەلایەن خوێندکار (عثمان عبدالله احمد) پێشکەشکراوە، لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمـان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و گوێمان لە بەرگرییەکانی گرت، پاشان بڕیارماندا، کە شایستەیە بڕوانامەی ماستەری لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت، بە پلەی (                ).

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. محمد صابر کەریم

ڕێکەوت: ٢٢/ ٢/ ٢٠٢٣

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. هیوا مجید خلیل

ڕێکەوت: ٢٢/ ٢/ ٢٠٢٣

ئەندام

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. جلال حسن مصطفی

ڕێکەوت: ٢٢/ ٢/ ٢٠٢٣

ئەندام و سەرپەرشتیار

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. إسماعیل نجم الدین نامق

ڕێکەوت: ٢٢/ ٢/ ٢٠٢٣

سەرۆکی لیژنە

# ڕاستاندنی ئەنجومەنی کۆلێج

ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە رامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی لە دانیشتنی ژمارە (    ) بەستراو لە ڕێکەوتی (    /    /    ) هەستا بە ڕاستاندنی بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامەی خوێندکار (عثمان عبدالله احمد) بە ناونیشانی (ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق)، لەبەرئەوە ئەنجومەنی کۆلێج بڕیاریدا بە پێدانی بڕوانامەی ماستەر لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا.

واژۆ:

ناو: **پ. ی. د. عابد خالد رسول**

ڕاگری کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوت:    /    / ٢٠٢٣

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ۚ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا﴾

**(سورة النساء، الآية ٥٨)**

صدَق اللّه الْعَظيم

## پێشکەشکردن

بەرهەمی ئەم هەوڵە زانستییە پێشکەش دەکەم بە:

- ❖ باوکی ئازیزم و دایکی خۆشەویستم، کە لە پێناو سەرکەوتن و بەردەوامی ئێمەدا هەوڵی زۆریانداوە.
- ❖ خوشکەکەم (ڕووناک)، کە لە ماوەی خوێندنی مندا، ئەرکی ئەو زیاتر بوو.
- ❖ هەموو ئەوانەی لە پێناو بونیادنانی حکومڕانییەکی باش و کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بۆ هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدەن و خەبات دەکەن.

**توێژەر**

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ بەڕێز (پ. ی. د. جلال حسن مصطفى)، کە ئەرکی سەرپەرشتیاریی توێژینەوەکەی لە ئەستۆگرت، پێزانینی زۆرم بۆ زانیاریی و سەرنجەکانی، کە لە پێناو باشترکردنی توێژینەوەکە پێشکەشی کردووە.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی، کە لەماوەی خوێندنەکەماندا وانەیان پێداین و بە زانست و مەعریفەی نوێ ئاشنایانکردین.
- سوپاس بۆ ڕاگرایەتی و هۆبەی خوێندنی باڵای کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی، کە زۆر هاوکارمان بوون لە پێناو تەواوکردن و سەرکەوتنی پرۆسەی خوێندنەکەمان.
- سوپاس بۆ خانەوادەکەم کە لەماوەی سەرقاڵ بوونم بە خوێندنی ماستەر، بەشێک لە ئەرکەکانی ئێمەیان لە ئەستۆگرت و دەرفەتی گونجاویان بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەمان ڕەخساند.

**توێژەر**

**ليستی ناوەڕۆک**


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١- ١١ | **پێشەکی** |
| ١١- ٥٣ | **بەشی یەکەم:<br>چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی ناناوەندێتی و ناناوەندێتیی کارگێڕی** |
| ١١- ٣٠ | **توێژراوەی یەکەم: ناساندنی ناناوەندێتی<br>(اللامركزية- Decentralization)** |
| ١٢- ١٨ | توێژینچەی یەکەم: پێناسەی ناناوەندێتی |
| ١٨- ٢٤ | توێژینچەی دووەم: جۆرەکانی ناناوەندێتی |
| ٢٤- ٢٧ | توێژینچەی سێیەم: پاڵنەرەکانی پەیڕەوکردنی ناناوەندێتی |
| ٢٧- ٣٠ | توێژینچەی چوارەم: هۆکارە کارتێکەرەکانی سەر پەیڕەوکردنی ناناوەندێتی |
| ٣٠- ٥٣ | **توێژراوەی دووەم: ناساندنی ناناوەندێتیی کارگێڕی<br>(اللامركزية الإدارية- Administrative Decentralization)** |
| ٣٠- ٣٤ | توێژینچەی یەکەم: پێناسەی ناناوەندێتیی کارگێڕی |
| ٣٤- ٤٢ | توێژینچەی دووەم: جۆر و ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی |
| ٣٤- ٣٧ | لقی یەکەم: جۆرەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی |
| ٣٧- ٤٢ | لقی دووەم: ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی |
| ٤٢- ٤٧ | توێژینچەی سێیەم: جیاوازییەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەگەڵ ناوەندێتی کارگێڕی ناچڕ و ناناوەندێتیی سیاسی. |
| ٤٧- ٥٣ | توێژینچەی چوارەم: هەڵسەنگاندنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی |
| ٤٧- ٥٠ | لقی یەکەم: لایەنە ئەرێنییەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێییی |
| ٥٠- ٥٣ | لقی دووەم: لایەنە نەرێنییەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی |
| ٥٣- ٩٣ | **بەشی دووەم:<br>ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا** |
| ٥٤- ٧١ | **توێژراوەی یەکەم: هەرێمی کوردستان و پاشخانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی تێیدا** |

| | |
|---|---|
| توێژینچەی یەکەم: پێشینەیەک دەربارەی دروستبوونی هەرێمی کوردستان | ٥٤ -٦٢ |
| توێژینچەی دووەم: پاشخانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا | ٦٢- ٧١ |
| **توێژراوەی دووەم: واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان و گرنگیی جێبەجێکردنی** | ٧١- ٩٣ |
| توێژینچەی یەکەم: واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا | ٧١- ٨٣ |
| توێژینچەی دووەم: گرنگیی پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا | ٨٣- ٩٣ |
| **بەشی سێیەم: ئاڵنگارییە سیاسی و یاسایی و داراییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا** | **٩٣- ١٦٩** |
| **توژراوەی یەکەم: ئاڵنگارییە سیاسییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان** | ٩٣- ١٢٠ |
| توێژینچەی یەکەم: نەبوونی حکومەتێکی ناوەندیی یەکگرتووی بەهێز لە هەرێمی کوردستاندا | ٩٤- ١٠١ |
| توێژینچەی دووەم: بە حزبیکردنی پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی بەهۆی بێمتمانەییەوە لە هەرێمی کوردستاندا | ١٠١- ١٠٥ |
| توێژینچەی سێیەم: دابەشکاریی حزبی لە هەرێمی کوردستاندا | ١٠٥- ١١٢ |
| توێژینچەی چوارەم: نەبوونی دیدگای هاوبەش لە نێوان پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا | ١١٢- ١٢٠ |
| **توێژراوەی دووەم: ئاڵنگارییە یاساییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان** | **١٢٠- ١٤٨** |
| توێژینچەی یەکەم: نەبوونی بەڵگەنامەیەکی دەستووریی نوسراو بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێری خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا | ١٢٠- ١٢٦ |
| توێژینچەی دووەم: ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ یاسای پارێزگاکانی عێراق (لەکارخراو) | ١٢٦- ١٢٨ |
| توێژینچەی سێیەم: ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق | ١٢٨- ١٣٨ |

| | |
|---|---|
| توێژینچەی چوارەم: ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە | ١٣٨- ١٤١ |
| توێژینچەی پێنجەم: ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق | ١٤١-١٤٣ |
| توێژینچەی شەشەم: ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە بڕیارو ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ١٤٣- ١٤٨ |
| **توێژراوەی سێیەم: ئاڵنگارییە داراییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق.** | **١٤٨- ١٦٩** |
| توێژینچەی یەکەم: نەبوونی بودجەی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا | ١٤٩- ١٥٢ |
| توێژینچەی دووەم: نەبوونی دەسەڵاتی خەرجکردن و بودجەی سەربەخۆ بۆ یەکە کارگێڕیەکان لە هەرێمی کوردستاندا | ١٥٢- ١٥٦ |
| توێژینچەی سێیەم: دابەشکاری داهات لەسەر بنەمای دوو ئیدارەیی (٥٧٪ بە ٤٣٪) لە هەرێمی کوردستاندا | ١٥٦- ١٦٤ |
| توێژینچەی چوارەم: کەمی داهاتە گشتییەکان بەراورد بە خەرجییەکان لە هەرێمی کوردستاندا | ١٦٤- ١٦٩ |
| **کۆتایی: دەرئەنجام و پێشنیازەکان** | ١٦٩- ١٧٦ |
| یەکەم: دەرئەنجامەکان | ١٦٩- ١٧٢ |
| دووەم: پێشنیازەکان | ١٧٢- ١٧٦ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ١٧٦- ١٩٩ |

## لیستی خشتەکان:

**یەکەم: نەخشە**


| لاپەڕە | جۆری نەخشە |
|---|---|
| ٦١ | نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستان- عێراق |


**دووەم: خشتەکان**


| لاپەڕە | ناوی خشتەکان | ژمارەی خشتە |
|---|---|---|
| ٤٤ | جیاوازییەکانی نێوان ناناوەندێتیی کارگێڕی لەگەڵ ناوەندێتیی کارگێڕی ناچڕ (عدم التركيز الإداري) | ١ |
| ٤٦ | جیاوازییەکانی نێوان ناناوەندێتیی کارگێڕی و ناناوەندێتیی سیاسی (اللامركزية السياسية) | ٢ |
| ١٦٠ | داهات و خەرجییە گشتییەکان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ | ٣ |
| ١٦٥ | ژمارە و بڕی سەرمایەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکاندا. | ٤ |


**سێیەم: هێڵکارییەکان**


| لاپەڕە | ناوی هێڵکارییەکان | ژمارەی هێڵکاری |
|---|---|---|
| ١٥ | ئاست و ڕێژەی ناوەندێتی و ناناوەندێتی | ١ |
| ٢٤ | جۆرەکانی ناناوەندێتی | ٢ |
| ٣٦ | شێوازی ڕێکخستنی سیستمی کارگێڕی | ٣ |
| ٩٤ | شێوازی ناوەندێتی و ناناوەندێتی | ٤ |
| ٩٩ | دابەشبوونی هێزە سەربازییەکان لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٥ |
| ١٣٤ | پەیکەربەندی کارگێڕیی و دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٦ |
| ١٤٦ | پەیکەربەندی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٧ |

**لیستی کورتکراوەکان**

| کورتکراوەکان | مەبەستەکەی |
|---|---|
| هەرێمی کوردستان | هەرێمی کوردستان- عێراق |
| یاسای پارێزگاکانی هەرێم | یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق (هەموارکراو) |
| یاسای پارێزگاکانی عێراق | قانون رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩ قانون المحافظات العراقية الملغي. (یاسای ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩ یاسای پارێزگاکانی عێراق (لەکارخراو) |
| (پ. د. ک) | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| (ی. ن. ک) | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| ل | لاپەڕە |
| ص | صفحة |

# پوختە

هەرێمی کوردستان- عێراق هەر لە سەرەتای دروست بوونییەوە، هەوڵیداوە لە ڕووی ڕێکخستنی کارگێرییەوە شێوازی ناناوەندێتی پەیڕەو بکات، لەو پێناوەشدا چەندین یاسا و بڕیار و ڕێنمایی، بە ئامانجی جێگیرکردنی پایەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، دیارترینیان بریتییە لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە تێیدا بە شێوەیەکی ڕوون باس لە دابەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی و جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی کراوە.

سەرەڕای هەر تێبینیەک لەسەر لاوازی دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لەو یاسا و ڕێسایانەدا، بەڵام تاکو ئێستا نەتوانراوە بە کرداری ئەو بنەمایانە، وەک ئەوەی لە یاسا کارپێکراوەکاندا باسکراوە جێبەجێبکرێت. ئەوەش وایکردووە واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، جیاوازبێت لەوەی کە لە یاساکاندا دەقنووسکراوە.

لەبەرئەوە ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا دەستنیشان بکات، ئەوەش لە ڕێگەی گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە، کە دەپرسێت ئایا گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا چین؟

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە توێژینەوەکەدا جگە لە خستنەڕووی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی ناناوەندێتی بە گشتیی و ناناوەندێتیی کارگێڕی بە تایبەتی، هەروەها پاشخانی کارگێڕیی خۆجێییەتی لە هەرێمی کوردستاندا باسکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان و گرنگی جێبەجێکردنی ڕوونکراوەتەوە. دواتر ئاڵنگارییە سیاسی و یاسایی و داراییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییدا پشت بەست بە ئامار و زانیارییە بەدەستهاتووەکان و لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدەکانی (وەسفی، شیکاریی ناوەڕۆک، مێژوویی و شیکاری یاسایی) توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێک، گرنگترینیان بریتییە لەوەی، کە شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لەڕووی سیاسی و دارایی و، هەروەها لاوازیی دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە یاسا و ڕێساکاندا، گرنگترین ئاڵنگاریی بەردەم جیبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێییە لە هەرێمی کوردستان. ئەو ئەنجامەش ڕاستی و دروستی گریمانەی توێژینەوەکەی سەلماندووە.

**الملخص**

منذ نشأته حاول إقليم كوردستان- العراق تطبيق اللامركزية من حيث التنظيم الإداري ولهذا قام بإصدار عدة قوانين و قرارات و تعليمات و التي دخلت حيز التنفيذ لترسيخ دعائم اللامركزية الإدارية. من بين أبرز القوانين الصادرة هو قانون محافظات إقليم كوردستان و الذي نص بوضوح على توزيع السلطات الإدارية و تنفيذ مبادئ اللامركزية الإدارية.

بالرغم من الملاحظات على ضعف تدوين قواعد اللامركزية الإدارية المحلية في هذه القوانين و الأنظمة، لم يتم حتى الآن تطبيق هذه المبادئ كما نصت عليها. هذا بدوره أدى إلى إختلاف اللامركزية المنصوص عليها مع ما نلمسه على أرض الواقع.

لذا فإن الهدف الرئيسي لهذا البحث هو تحديد أهم التحديات التي تواجه تطبيق اللامركزية الإدارية المحلية في إقليم كوردستان عن طريق البحث عن إجابة للسؤال الرئيسي لهذا البحث و الذي هو ما هي أهم التحديات التي تواجه تطبيق اللامركزية الإدارية المحلية في إقليم كوردستان؟

ولتحقيق هذا الهدف، إضافة على عرض إطار نظري لإدخال اللامركزية بشكل عام و اللامركزية الإدارية على وجه الخصوص، نتعرف أيضا على خلفية الإدارة المحلية في إقليم كوردستان و نوضح واقع تطبيقها. من ثم نقوم بعرض للتحديات السياسية و القانونية و المالية التي تعيق تطبيق اللامركزية في إقليم كوردستان.

أخيرا، بناء على الإحصائيات والمعلومات التي تم الحصول عليها ومن خلال استخدام المناهج البحثية التالية (الوصفي، تحليل المضموني، التاريخي و التحليل القانوني) ، توصل البحث إلى عدة استنتاجات منها أن من أهم التحديات التي تواجه تطبيق اللامركزية الإدارية في إقليم كوردستان، هو كيفية إدارة الأمور المالية و السياسية و ضعف تدوين مبادئها في القوانين و الأنظمة الخاصة بها. لذا، فهذه النتيجة تثبت صحة فرضية البحث.

## Abstract

*Since its inception, the Kurdistan Region - Iraq has tried to implement decentralization in terms of administrative organization and for this reason it has issued several laws, decisions and instructions that have entered into force to consolidate the foundations of administrative decentralization. Among the most prominent laws issued is the Kurdistan Region Provincial Law, which clearly stipulates the distribution of administrative powers and the implementation of the principles of administrative decentralization.*

*Despite the observations on the weakness of codifying the principles of local administrative decentralization in these laws and regulations, these principles have not yet been implemented as stipulated. This in turn led to the difference of the de jure decentralization and its de facto on the ground.*

*Therefore, the main objective of this research is to identify the most important challenges facing the application of local administrative decentralization in the Kurdistan Region by searching for an answer to the main question of this research: what are the most important challenges facing the application of local administrative decentralization in the Kurdistan Region?*

*To achieve this goal, in addition to presenting a theoretical framework for introducing decentralization in general and administrative decentralization in particular, we also learn about the background of local administration in the Kurdistan Region and clarify the reality of its application. Then, we present the political, legal and financial challenges that impede the implementation of decentralization in the Kurdistan Region.*

*Finally, based on the statistics and information obtained and through the use of the following research methods (descriptive, content analysis, Historical and legal analysis), the research reached several conclusions, including that among the most important challenges facing the implementation of administrative decentralization in the Kurdistan Region is how to manage financial and political matters and the weakness of codification of its principles in laws and regulations. Therefore, this result proves the validity of the research hypothesis.*

# ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

## پێشەکی:

شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، لەهەر دەوڵەتێک، یاخود هەرێمێکدا، بە سەر دووشێوازی سەرەکیدا دابەشبوون، کە ئەوانیش ناوەندێتی (المركزية- Centralization) و ناناوەندێتییە (اللامركزية- Decentralization)، بەڵام فرەیی و زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان لەلایەک، هەروەها فراوان بوونی ڕووبەری هەندێک لە دەوڵەتان و زیاد بوونی ئەرکەکانی سەرشانی حکومەت لەلایەکی دیکەوە، بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتی، بە یەکێک لە شێوازە گونجاوەکانی بەڕێوەبردن دابنرێت، هەر لەبەرئەوە بەشێک لە دەوڵەتان هەوڵی پەیڕەوکردنیان داوە.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک شێوازێکی گونجاوی بەڕێوەبردن بۆ کۆماری عێراقی فیدراڵ، لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥دا، جێگیرکرا. لە هەرێمی کوردستانیش وەک هەرێمێکی فیدراڵ لە چوار چێوەی دەوڵەتی کۆماری عێراقی فیدراڵدا، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە چەند هەوڵێک دراوە بۆ پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، لە ساڵی ٢٠٠٩دا، توانرا بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە چوارچێوەی یاسایەکی تایبەت، کە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ بوو، دەقنووسبکرێت و پەسەند بکرێت.

بەڵام وەک تێبینی دەکرێت بە ناناوەندێتی کردنی سیستمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، بە هۆی واقیعی سیاسی، یاسایی و داراییەوە، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاریی بووەتەوە، ئەمەش بووە بە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی سیاسی و کارگێڕی گفتوگۆیەکی زۆر لە سەر پرسی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دروست ببێت. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا و دەستنیشان کردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی، پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە و ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی (ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دا.

**گرنگیی توێژینەوەکە**

گرنگی و بەهای زانستی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت لەوانە:-

١- توێژینەوەکە دەیەوێت بە شێوەیەکی زانستیانە لە واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا بکۆڵێتەوە، دواتر ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی بخاتە ڕوو، بەمەش توێژینەوەکە دەتوانێت بەرچاو ڕوونی بدات بە بڕیار بە دەستان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەستە جێبەجێکارییەکان لە ئاستی یەکە کارگێڕیەکاندا، بۆ ئەوەی وەک لایەنی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە، ئاڵنگارییەکانیان لەبەر چاو بێت و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن.

٢- بەو پێیەی پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، دیدگای جیاوازییان لە سەر شێواز و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی هەیە، بە شێوەیەک هەریەکەیان لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە سیاسی و تایبەتیەکانی خۆیانەوە لە پرسەکە دەڕوانن، ئەمەش تێگەیشتن لە ڕاستی و دروستی پرسەکەی لای هاوڵاتیان ئاڵۆز کردووە. ئەم توێژینەوەیە وەک هەوڵێکی زانستی دەتوانێت بەرچاو ڕوونی زیاتر بە هاوڵاتیان و بە خوێنەران ببەخشێت، چونکە هەوڵدەدات زانستیانە ڕاڤەی پرسەکە بکات و کێشەکە بابەتیانە شیکار بکات، بەوەش دەتوانێت تێگەیشتن لە پرسەکە ئاسان بکات. لە هەمانکاتیشدا دەکرێت یارمەتی دەربێت لە لێک نزیکردنەوەی ڕوانگە جیاوازەکان و یەکخستنی دیدگاکان، بە ئاراستەی پەیڕەوکردنی شێوازێکی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان.

٣- لە ڕووی زانستییەوە ئەم توێژینەوەیە دەتوانێت سود بە توێژەران و ناوەندە زانستی و ئەکادیمیەکان بگەیەنێت، لەبەرئەوەی نوسینی توێژینەوەکە بەزمانی کوردییە؛ بۆ ئەو خوێنەرو توێژەرانەی، کە جگە لە زمانی کوردی شارەزایی زمانەکانی دیکە نین، گرنگی و بەهای زانستیی خۆی دەبێت.

**کێشەی توێژینەوەکە**

لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی چەندین یاسا و بڕیار و ڕێنمایی بە ئامانجی پەیڕەوکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام وەک دەبینرێت هێشتا بە کرداری نەتوانراوە پایەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا جێگیربکرێت، ئەوەش لەسەر ئاستی کارگێڕی و لە نێوان لایەنە سیاسییە باڵا دەستەکانی هەرێمی کوردستاندا، ناکۆکی و مشت و مڕێکی زۆری دروستکردووە، بە جۆرێک بەشێکی بەرچاو لە کێشە سیاسی، دارایی و کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان دەبەستنەوە بەم

پرســەوە. لێـرەوە کێشــەی تـوێژینەوەکە خـۆی دەبینێـتەوە لە گەڕان بە دوای وەڵامـی پرسـیاری سەرەکی توێژینەوەکە، کە دەپرسێت، گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کـارگێڕی خـۆجێیی لە هەرێمـی کوردسـتاندا چـین؟ بـۆ گەیشـتن بە وەڵامـی پرسـیاری سـەرەکی تـوێژینەوەکەش، واپێویسـت دەکـات لە سـەرەتادا هەوڵبـدەین وەڵامـی چەنـد پرسـیارێکی لاوەکـی بـدەینەوە، لە گرنگتـرین ئەو پرسـیارانەش ئەوەیە، کە بـزانین بنەماکـانی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خـۆجێیی لە یاسـاکانی هەرێمـی کوردسـتاندا چـۆن دەقنووسـکراوە؟ ئایـا جیـاوازیی واقیعـی پەیڕەوکـراوی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خـۆجێیی لە هەرێمـی کوردسـتان، لەگەڵ بنەمـا یاسـاییە دەقنووسکراوەکاندا چییە؟ گرنگی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی بۆ هەرێمی کوردستان چییە و لایەنە ئەرێنیـی ونەرێنییەکـانی کامـانەن؟ گەڕان بەدوای دۆزیـنەوەی وەڵامـی پێویسـت بـۆ ئەم پرسیارانە، دەبێتە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە.

### گریمانەی توێژینەوەکە

بۆ وەڵامـدانەوەی پرسـیاری سـەرەکی تـوێژینەوەکە گریمـانەی ئەوە دەکەیـن، کە شـێوازی بەڕێـوەبردنی هەرێمـی کوردسـتان لە ڕووی سیاسـی و دارایـی لەلایەک، هەروەهـا لاوازی دەقنووسـکردنی بنەماکـانی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی لە یاسـا و ڕێسـا کارپێکراوەکـان، ئاڵنگـاریی سەرەکین لەبەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا.

### ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١- ئامـانجی سـەرەکی تـوێژینەوەکە ئەوەیە، کە گرنگتـرین ئاڵنگـارییە سیاسـی، یاسـایی و داراییەکـانی بەردەم پەیڕەوکردنـی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خـۆجێیی لە هەرێمـی کوردسـتاندا دەستنیشان بکات.

٢- ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکە ئەوەیە، بە شێوەیەکی زانستی لە واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا بکۆڵێتەوە، ئەوەش لە ڕێگەی خستنە ڕووی جیاوازیی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە نێوان ئەوەی لە یاسادا دەقنووسکراوە، لەگەڵ ئەوەی بەکرداری لە واقیعدا جێبەجێکراوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە**

ئەم تـوێژینەوەیە بـۆ گەیشـتن بە ئامانجەکـان و وەڵامـدانەوەی پرسـیاری سـەرەکی، پشـت دەبەسـتێت بە بەکارهێنـانی میتـۆدی وەسـفی (مـنهج الوصـفي) لەبەرئەوەی ئەم میتـۆدە گونجـاوە لەگەڵ هەمـوو ئەو تـوێژینەوانەی، کە تـوێژینەوە لەسـەر دیـاردە و ڕووداوەکـانی ئێسـتا دەکەن، ئەمەش لەگەڵ نـاوەڕۆکی ئەم تـوێژینەوەیەدا یەک دەگـرێتەوە، کە دەیەوێـت واقیعـی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خـۆجێیی لە ئیسـتای هەرێمـی کوردسـتاندا بخـاتەڕوو، پاشـان ئاڵنگارییەکـانی بەردەم پەیڕەوکردنی دەستنیشان بکات. لەهەمانکاتیشدا میتۆدی مێژوویی (منهج التاریخي) بەکارهێنراوە بۆ ختسنەڕووی پێشینەیەک دەربارەی دروستبوونی هەرێمی کوردستان و مێژووی ڕێکخستنی کـارگێڕی خـۆجێیەتی تێیـدا، هەروەهـا سـودمان لە شـێوازی شـیکاری نـاوەڕۆک (مـنهج تحلیـل المضمون) وەرگرتووە، کە یەکێکە لە مێتۆدە بەکارهێنراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی بابەتە نوسـراو بیسـتراو بینراوەکـان، بەتـایبەت بـۆ شـکارکردنی نـاوەڕۆکی ئەو زانیـاری و لێدوانانەی کە لەسەرچاوە جیاوازەکانی توێژینەوەکەوە بەدەستهاتوون.

بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بنەما یاساییە دەقنووسکراوەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، سودمان لە میتۆدی شیکاری یاسـایی (منهج التحلیل القانوني) وەرگرتـووە. تـوێژینەوەکە هەرێمـی کوردسـتانی وەک خوێنـدنەوەی بـار (دراسـة الحالـة- Case Study) وەرگرتـووە، ئەمەش دەتوانێـت یـارمەتی تـوێژەر بـدات بـۆ ئەوەی بە پشـت بەسـتن بە ئامـار و زانیارییە بەدەستهاتووەکان، بە وردی خوێندنەوە بۆ کێشەی توێژینەوەکە لە هەرێمی کوردستاندا بکات و ئەنجامی کرداری بەدەست بهێنێت.

بۆ کۆکردنەوەی ئامار و زانیارییەکان لە توێژینەوەکەدا، شێوازی کتێبخانەی بەکار هـاتووە، کە تیایدا جگە لە دەقی یاسا و ڕێساکان، سود لە سەرچاوە زانسـتییەکانی وەک: کتێب، تـوێژینەوە، گۆڤارە زانستیی و ئەکادیمیەکان و سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان وەرگیراوە، لەهەمان کاتیشدا بەهۆی ئەوەی کێشـەی تـوێژینەوەکە کێشـەیەکی نـوێیە، بـۆ بەدەسـتهێنانی بەشـێک لە زانیارییەکـان، پشـت بەستراوە بە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ، وەک ئامرازو کەرەستەیەکی زانستی بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە بەرپرسـانی کـارگێڕی و سـەرکردایەتی پـارتە سیاسـییەکان، کە ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیـدارن بە کێشەی توێژینەوەکەوە.

## سنوری توێژینەوەکە

**لەڕووی بابەتەوە:** بابەتی توێژینەوەکە تایبەتە بە دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی، بەمەش باسکردن لە ناناوەندێتیی کارگێڕی بەرژەوەندی، وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، لە دەرەوەی چوارچێوەی بابەتی ئەم توێژینەوەیە دەبێت، چونکە لەم توێژینەوەیەدا باس لە ناناوەندێتیی کارگێڕی بەرژەوەندیی بە شێوەیەکی تایبەت نەکراوە، تەنها لەو شوێنانەدا نەبێت کە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە پێویست بوو بێت. لەبەرئەوە لە هەرکوێیی ئەم توێژینەوەیەدا دەستەواژەی (ناناوەندێتیی کارگێڕی) بە تەنها هاتبێت، ئەوا مەبەست لێی ناناوەندێتیی کاگێڕی خۆجێییە.

**لە ڕووی ڕەهەندی کات و شوێنەوە:** توێژینەوەکە (هەرێمی کوردستان- عێراق)ی، لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٢٢)، وەک نمونەی توێژینەوە وەرگرتووە، ئەوەش لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە لە ساڵی ١٩٩٢، لە ڕووی سیستمی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارگێڕییەوە خاوەنی جۆرێک لە تایبەتمەندی و سەربەخۆیی خۆی بووە، چەند هەوڵ و هەنگاوێکی بە ئامانجی پەیڕەوکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی ناوە، ئەوەش پاڵنەری سەرەکی بووە بۆ ئەوەی سنوری ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی کات و شوێنەوە، هەرێمی کوردستان- عێراق، لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠٢٢)، وەک نمونەی توێژینەوەکە وەربگرێت.

## توێژینەوەکانی پێشوو

لە دوای گەڕان و وردبوونەوە بۆ ئەو توێژینەوانەی دەربارەی بابەتی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراون، توانیمان چەند توێژینەوەیەکی نزیک لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە دەستبخەین، کە جگە لەوەی لە نوسینی توێژینەوەکەماندا بەکارهێنراون و سودمان لێ وەرگرتوون، لە هەمانکاتیشدا یارمەتی دەربوون بۆ دەست گەیشتن بە چەندین سەرچاوەی بەسودی دیکە. گرنگترین ئەو توێژینەوانەش بریتین لە:-

١- **سروشتی دیموکراتی ناناوەندێتیی کارگێڕی** : لەلایەن توێژەر (هۆگر ئیبراهیم حەکیم)، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بەشی زانستە ڕامیارییەکان لە ساڵی ٢٠١٦ دا، پێشکەشی زانکۆی سەلاح الدین کراوە، ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەخۆجێییەکان لە هەرێمی کوردستان، بە پێی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەکات.

توێژەر پشت بەست بە بەکارهێنانی هەردوو میتۆدی (وەسفی و شیکاری سیستمی) گەیشتووە بەو ئەنجامەی، کە ئەو پەیوەندییەی حکومەتی هەرێم بە کارگێڕییە خۆجێییەکان دەبەستێتەوە پاڵپشت بە دەقە یاساییەکان، لە سروشتی دیموکراتیانەی ناناوەندێتیی کارگێڕی

لایداوە، هەروەها ڕێکخستنی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا لە ناوەندێتیی کارگێڕی ناچڕ (عدم التمرکز)ەوە نزیکترە، وەک لە ناناوەندێتیی کارگێڕی.

ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمەدا لە چەند ڕوویەکەوە جیاوازن لەوانە:

لە ڕووی ئامانجەوە، ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێییە لە هەرێمی کوردستاندا، لە کاتێکدا توێژینەوەی ناوبراو ئامانجی خستنە ڕووی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و کارگێڕییە خۆجێییەکانە، بە پێی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، ئەوەش وادەکات هەردوو توێژینەوەکە لە ڕووی پلانیشەوە جیاوازبن.

لە ڕووی کاتەوە، توێژینەوەی ناوبراو لە کاتێکدا ئەنجامدراوە، کە تەنها سێ ساڵ بە سەر خستنە بواری جێبەجێکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، کە بە ئامانجی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەرکراوە تێپەڕ بووە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە لە کاتێکدایە کە نزیکەی (٩) ساڵ بە سەر بەرکاربوونی هەمان یاسادا تێپەڕبووە، ئەوەش لە ڕووی زانستییەوە ماوەیەکی گونجاوە بۆ هەڵسەنگاندن و ئەنجامدانی توێژینەوە، دەربارەی جێبەجێکردنی یاساکە و دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەمی، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی هەردوو توێژینەوەکە هەرێمی کوردستانیان، وەک نمونەی توێژینەوە وەرگرتووە، ئەوەش وادەکات هەندێک خاڵی هاوبەش و لێکچوو لە نێوان هەردوو توێژینەوەکەدا هەبێت.

**٢- التنظيم القانوني لمجالس المحافظات في اقليم كوردستان العراق :** لەلایەن توێژەر (صالح توفیق حمە رشید) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە یاسای گشتیدا، لە ساڵی ٢٠١٧، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی کراوە. ئامانجی توێژینەوەکە خستنەڕووی شێوازی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و تایبەتمەندییەکانیانە، لە ژێر ڕۆشنای هەردوو یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق، یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، پشت بەست بە بەکارهێنانی میتۆدی (شیکاریی بەراوردکاری)، توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە سەرباری پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و دیاریکردنی دەسەڵات و تایبەتمەندییان بە یاسا، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە نەتوانراوە بە شێوەیەکی کارا، سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکرێت.

جیاوازیی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا لەوەدایە، کە ئامانجی توێژینەوەکەی ئێمە باسکردن نییە لە شێوازی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەڵکو

دەستنیشانکردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێییە لە هەرێمی کوردستاندا، واتە توێژینەوەکەی ئێمە لەو ئەنجامەوە کە توێژینەوەی ناوبراو پێیگەشتووە دەستپێدەکات، واتە ئامانجییەتی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێت، کە بۆچی لە ڕووی کردارییەوە نەتوانراوە بە شێوەیەکی کارا، سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکرێت.

هەروەها توێژینەوەی ناوبراو توێژینەوەیەکی شیکاریی یاسایی بەراوردکاریانەیە، هەوڵی بەراوردکردنی شێوازی پێکهێنان، دەسەڵات و تایبەتمەندیی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە نێوان هەردوو یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ و، یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە چوارچێوەی هەرێمێکدا لە عێراق دەدات. لە کاتێکدا توێژینەوەکەی ئێمە توێژینەوەیەکی شیکاریی ڕەخنەییە، نەک بەراوردکاری، ئەوەش وادەکات هەردوو توێژینەوەکە جگە لە ئامانج، هەروەها لە ڕووی پلان و بەکارهێنانی میتۆدی توێژینەوەشەوە جیاوازبن.

**٣- سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی تەنگژەکانی (١٩٩٢- ٢٠٢١):** لەلایەن توێژەر (هێمن عارف فتاح) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە ڕامیارییەکاندا، لە ساڵی ٢٠٢٢، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە شیکردنەوە بۆ سیستمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا بکات و تەنگژەکانی دەستنیشان بکات، لە هەمانکاتیشدا چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی تەنگژەکان بخاتەڕوو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی (شیکاری سیستمی، فەرمانگەرای و دامەزراوەیی)ەوە، توێژەر گەشتووە بەو دەرئەنجامەی، کە چەندین فاکتەر هەن بوونەتە هۆکاری لاوازی بوونی سیستمی بەڕێوەبردن و گەشەنەکردنی لە هەرێمی کوردستاندا، لەوانە: خراپی پەیوەندی نێوان پارتە ڕامیارییەکان، سەروەر نەبوونی یاسا، گەندەڵی و...، هەروەها بۆ دەرباز بوونی سیستمەکەش لەو تەنگژانە، توێژەر جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتی و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕیی و داراییەکان بۆ یەکە خۆجێییەکان بەشێوەیەکی کرداری بە پێویست دەزانێت.

جیاوازی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە دەیەوێت لەو خاڵەوە دەست پێبکات، کە توێژەری ناوبراو وەک چارەسەر دەیخاتەڕوو، واتە توێژینەوەکەی ئێمە ئامانجی ئەوەیە کە بزانێت بۆچی تاکو ئێستا نەتوانراوە بەشێوەیەکی کرداری ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو بکرێت، ئایا گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەمی چین، ئەوەش وادەکات هەردوو توێژینەوەکە لەڕووی میتۆد و پەیکەربەندیشەوە جیاوازبن.

**٤- پەیوەندیی نێوان حکومڕانی باش و سیستمی لامەرکەزی (خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان):** لەلایەن توێژەر (د. هیوا مجید خلیل) لە گۆڤاری توێژەر: کە گۆڤارێکی زانستی و ئەکادیمییە و زانکۆی سۆران دەریدەکات، لە ژمارە (١)ی بەرگی (٤) لە ساڵی ٢٠٢١دا، بڵاوکراوەتەوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە دەیەوێت بزانێت تا چ ڕادەیەک ناناوەندێتیی کارگێڕی دەتوانێت حکومڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستاندا بهێنێتە دی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی (وەصفی- شیکاری)، توێژەر گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە باروودۆخی هەرێمی کوردستان و ئەزمونی حکومڕانی؛ یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی ناناوەندێتیی کارگێڕی بتوانێت حکومڕانییەکی باش لە هەرێمی کوردستاندا بهێنێتەدی.

توێژینەوەکەی ئێمە لە ڕووی ئامانج و پلانەوە لەم توێژینەوەیە جیاوازە، چونکە توێژینەوەی ناوبراو توێژینەوەیەکی کورتی شیکارییە، کە ئەوەش وایکردووە توێژەر ئەو بوارەی نەبێت بە فراوانی و بە درێژی هەموو ڕەهەندەکانی بابەتەکە بخاتەڕوو و ڕاڤەیان بکات، بەڵام لەبەرئەوەی توێژینەوەکەی ئێمە پرۆژەی توێژینەوەی ماستەرنامەیە، هەوڵمانداوە لە ڕێگەی پلانێکی تایبەتەوە، کە گونجاو بێت لەگەڵ بنەما زانستییەکانی نوسینی ماستەر نامە بگەین بە ئامانجی توێژینەوەکەمان. بۆ ئەو مەبەستەش شیکاری بۆ هەموو ئەو دەقە یاساییانە کراوە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئاماژەن بۆ هەنگاونان بەرەو پەیڕەوکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها گرنگترین ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنیان دەخاتە ڕوو. لە ڕووی کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشەوە جیاوازن، لەبەرئەوەی توێژینەوەی ناوبراو تەنها پشتی بە ڕێبازی کتێبخانەیی بەستووە، لە کاتێکدا لە توێژینەوەکەی ئێمەدا جگە لە شێوازی کتێبخانەیی، لە کۆکردنەوەی زانیاریەکاندا پشت بە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ بەستراوە.

### ئاڵنگارییەکانی بەردەم توێژینەوەکە

بێگومان ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە هەر بوارێکدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاریی دەبێتەوە، گرنگترین ئەو ئاڵنگارییانەی، کە لەم توێژینەوەیەدا ڕووبەڕووی توێژەر بووەتەوە بریتییە لە:-

١- ئاڵنگاریی سەرەکی بریتییە لە دەست نەگەیشتن بە بەرپرسانی باڵای کارگێڕی لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هەوڵدان بە چەندین ڕێگەی جیاواز، بەڵام لەبەرئەوەی پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا کراوە بە پرسێکی حزبی و بووە بە بەشێک لە ململانێکانی نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، ئەوەش وایکردووە هێندەی وەک پرسێکی سیاسی خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەوەندە وەک بابەتێکی کارگێڕیی و بەڕێوەبردن سەیر نەکرێت. ئەمەش وایکردووە بەشێک لە بەرپرسانی باڵای کارگێڕی

ئامادە نەبن هیچ زانیارییەک لەسەر ئەو بابەتە بخەنە ڕوو، یاخود خۆیان لە درکاندنی هەندێک زانیاری لادەدا، کە ئەوەش لە ڕووی بەدەستهێنانی زانیارییەکان ئاستەنگی بۆ توێژەر دروستکرد، بەڵام بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی ئەو ئاڵنگارییە و بە دەستهێنانی زانیارییەکان، توێژەر توانی لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەی پێویست لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان، زانیاری گرنگ بۆ توێژینەوەکە بەدەستبهێنێت.

٢- یەکێکی دیکە لەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی توێژەر بوویەوە، بوونی ڕەهەندی جیاوازیی بابەتی توێژینەوەکە بوو، کە ئەمەش بیرو ڕای جیاوازو فرە مانایی لە چەمک و زاراوەکانی ناو توێژینەوەکە هێنابوویە کایەوە، ئەوەش وایکرد توێژەر بۆ کۆکردنەوەی ڕا جیاوازەکان و پاشان جیاکردنەوە و شیکردنەوەیان، پێویستی بە وردبوونەوە و بە دواداچوون و کاتی زیاتر هەبێت.

٣- لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە هەرێمی کوردستانی وەک نمونەی توێژینەوە وەرگرتووە، کەمی ئامار و زانیاری فەرمی بەردەست، هەروەها وەک پێویست هاوکاریی نەکردنی توێژەران لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانەوە، لەو ئاڵنگارییانەی دیکە بوون کە ڕوو بەڕووی توێژەر بوویەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە پێناو ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زانستی، توێژەر هەوڵی تەواوی خۆیداوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە سەر ئەو ئاڵنگارییانەدا سەربکەوێت و ئامار و زانیاری پێویست بۆ توێژینەوەکە بەدەست بهێنێت.

**پەیکەری توێژینەوە:**

توێژینەوەکە لە ڕووی پەیکەری ڕێکخستنەوە، جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و پێشنیازەکان، لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی ناناوەندێتی و ناناوەندێتیی کارگێڕی، کە دوو توێژراوە لەخۆ دەگرێت، لە توێژراوەی یەکەمدا بە چوار توێژینچە پێناسەی ناناوەندێتی و جۆرەکانی دەکرێت، هەروەها پاڵنەرەکانی جێبەجێکردنی ناناوەندێتی و هۆکارە کارتێکەرەکانی ڕووندەکەینەوە. توێژراوەی دووەمی ئەم بەشە تایبەتکراوە بە ناساندنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی و بەهەمان شێوە چوار توێژینچە لە خۆدەگرێت، لە توێژینچەی یەکەمدا پێناسەی ناناوەندێتیی کارگێڕی و لە توێژینچەی دووەمدا ڕەگەز و جۆرەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی ڕووندەکرێتەوە، لە توێژینچەی سێیەمیشدا جیاوازییەکانی لەگەڵ ناوەندێتی کارگێڕی ناچڕ و ناناوەندێتیی سیاسی دەخەینەڕوو، هەروەها لە توێژینچەی چوارەمدا هەڵسەنگاندن بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی کراوە و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەخەینەڕوو.

بەشــی دووەمــی تــوێژینەوەکە تــایبەتە بە ناناوەنــدێتیی کــارگێڕی خــۆجێیی لە هەرێمــی کوردســتاندا، دابەشــی ســەر دوو تــوێژراوە کــراوە و هەر تــوێژراوەیەک دوو تــوێژینچە لە خــۆ دەگرێت، بە جۆرێک لە توێژراوەی یەکەمدا جگە لە پێشینەیەک دەربارەی دروستبوونی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئاخاوتن لە پاشخانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی و شێوازی بەڕێوەبردنی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەین. لە توێژراوەی دووەمیشدا واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی و گرنگی پەیڕەوکردنی لە هەرێمی کوردستاندا ڕووندەکەینەوە.

بەشــی ســێیەمی تــوێژینەوەکەش تــایبەتە بە ئاڵنگــارییە سیاســی و یاســایی و داراییەکــانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا، دابەشی سەر سێ تــوێژراوە کــراوە، هەر تــوێژراوەیەکیش چەنــد تــوێژینچەیەک لەخۆدەگرێــت، بە شــێوەیەک لە تــوێژراوەی یەکەمــدا ئاڵنگــارییە سیاســییەکان خــراوەتە ڕوو، لە تــوێژراوەی دووەمــدا ئاڵنگــارییە یاساییەکان ڕوونکراوەتەوە. لە توێژراوەی سێیەمیشدا ئاڵنگارییە داراییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەنــدێتیی کــارگێڕی خــۆجێیی لە هەرێمــی کوردســتاندا ئاخــاوتنی لەســەر کــراوە. لە کۆتایشــدا گرنگتــرین ئەو ئەنجامــانەی لە تــوێژینەوەکەدا پێــی گەیشــتووین دەخەیــنەڕوو، لەگەڵ خســتنەڕووی کۆمەڵێک پێشــنیاز بــۆ لایەنە پەیوەندیــدارەکان، بە ئامــانجی چارەســەرکردن و ســەرکەوتن بەســەر ئاڵنگارییەکاندا.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی ناناوەندێتی و ناناوەندێتیی کارگێڕی

گرنگە هەموو توێژینەوەیەکی زانستی لە بەشی یەکەمیدا بە چوارچێوەیەکی تیۆری دەستپێبکات، تیایدا پێناسەی چەمکەکان بکرێن و ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی بخرێتەڕوو، پاشان هەوڵبدرێت لەسەر بنەمای ئەو چوارچێوە تیۆرییە بەشەکانی دیکەی توێژینەوەکە دابڕێژرێنەوە. لەبەرئەوە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتکراوە بە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ناساندنی ناناوەندێتیی (اللامركزية– Decentralization) بەگشتی و ناناوەندێتیی کارگێڕی (اللامركزية الإدارية– Administrative decentralization) بە تایبەتی، ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردنی بەسەر دوو توێژراوەی سەرەکیدا، بە جۆرێک لە توێژراوەی یەکەمدا، هەوڵدەدەین ناناوەندێتی بە شێوەیەکی گشتی بناسێنین، خوێنەران بە جۆر و پاڵنەرەکانی پەیڕەوکردنی و هۆکارە کارتێکەرەکانی ئاشنا بکەین، پاشان توێژراوەی دووەمیش تایبەت دەکەین بە ناساندنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی ورد و تایبەتی جۆر و ڕەگەزەکانی بخەینە ڕوو، پاشان لایەنە ئەرێنی ونەرێنیەکانی ڕوونبکەینەوە.

### توێژراوەی یەکەم: ناساندنی ناناوەندێتی[١] (اللامركزية - Decentralization)

ناناوەندێتیی وەک شێوازێکی گرنگی بەڕێوەبردن، بە شێوە و ئاستی جیاواز، لەلایەن بە شێکی زۆر لە دەوڵەتانەوە پەیڕەودەکرێت، لەبەرئەوە لەم توێژراوەدا هەوڵدەدەین ناناوەندێتی بە شێوەیەکی گشتی بناسێنین، بۆ ئەو مەبەستە باسەکەمان دابەشی سەر چوار توێژینچە دەکەین، لە توێژینچەی یەکەمدا چەمک و پێناسەی ناناوەندێتیی دەخەینەڕوو، لە توێژینچەی دووەمدا باس لە جۆرەکانی ناناوەندێتی دەکەین، هەروەها لە توێژینچەی سێیەمدا پاڵنەرەکانی پشت جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی و لە توێژینچەی چوارەمیشدا فاکتەرە کارتێکەرەکانی سەر جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی ڕووندەکەینەوە.

---

[١]– لە هەندێک توێژینەوە و نوسینی کوردیدا لەجیاتی وشەی ناناوەندێتی، وشەی لامەرکەزی، یاخود نامەرکەزی و هەندێکجاریش وشەی ناسەنتەری، نامەڵبەندی، یاخود ناسێنترالی بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا وشەی ناناوەندێتی بەکاردەهێنین، لەبەر ئەوەی پێمان وایە نزیکترین مانای وەرگێڕانی وشەی (اللامركزية)ی عەرەبی و (Decentralization)ی ئینگلیزی بۆ کوردی دەبەخشێت.

## تویژینچەی یەکەم: پێناسەی ناناوەندێتی

ناناوەندێتی وەک یەکێک لەو چەمکانەی کە پەیوەندیدارە بە سیستمی سیاسی و کارگێڕی دەوڵەتەوە، بە زۆر مانا بە کارهاتووە و پێناسەی جیاوازیشی بۆ کراوە، ئەمەش وایکردووە دیاریکردنی یەک واتا و یەک پێناسە بۆ چەمکی ناناوەندێتیی ئاسان نەبێت. لە فەرهەنگە زمانەوانییە عەرەبییەکاندا چەمکی ناناوەندێتی ( اللامركزية)، لە ڕێگەی شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ چەمکی ناوەندێتی (المركزية) پێناسەکراوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی لە زمانی عەرەبیدا، مانای (اللامركزية)، پێچەوانەی واتای (المركزية) دەگەیەنێت، کەواتە بۆ ئەوەی لە ڕووی زمانەوانییەوە بنەڕەتی وشەی ناناوەندێتی بزانین، دەبێت سەرەتا لە چەمکی ناوەندێتی تێبگەین[١].

چەمکی ناوەندێتی (المركزية- Centralization) لە کرداری (تمركز- Centraliser) داتاشراوە، کە ئەویش لە وشەی (مركز- central) ناوەندەوە وەرگیراوە، بنەڕەتەکەی لە وشەی (مركزيا- centralis)ی لاتینییەوە هاتووە، کە داتاشراوی کرداری (مركزي- Centrum)ەو، بە واتای (ناوەندێتی- المركزية) دێت، لە ڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە بە سیستمێک دەگوترێت کە هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابوری و کارگێڕی لە دەستی حکومەتی ناوەندیدا کۆبووەتەوە، لە بەرامبەردا وشەی (Decentralization) ی ئینگلیزی هەیە، کە بەواتای ناناوەندێتی (اللامركزية) دێت و پێچەوانەی چەمکی ناوەندێتییە (المركزية- Centralization)، ئەویش بە واتای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەسەر زیاتر لەیەک ناوەنددا دێت[٢]. هەر لەبەرئەوەشە زۆرجار چەمکی ناناوەندێتی لە ڕووی دەسەڵات پێدان (التفويض[٣]) ەوە، لەگەڵ چەمکی ناوەندێتی، وەک دوو

---

[١]- وليد غالب، الواقع اللامركزية السياسية في العراق و اثرها المستقبلية، دار انكي للنشر و التوزيع، بغداد، ٢٠٢١، ص١٦.

[٢]- بڕوانە: احمد العايد وآخرون، المعجم العربي الأساسي، المنظمة العربية للتربية و الثقافة والعلوم، ناشر لاروس، ١٩٨٩، ص٥٤٦-٥٤٧؛ هەروەها بڕوانە: ئەحمەد شەبانی، فەرهەنگی زاراوە و قوتابخانە سیاسییەکان، لە بڵاو کراوەکانی زانکۆی کوردستان، سنە- ئێران، ٢٠١٠، ل٣٢٥.

[٣]- ڕێگەپێدان (التفويض): مەبەست لە بەخشینی هەندێک لە تایبەتکارییە کارگێڕییەکانە، لەلایەن دەسەڵاتێکی باڵای کارگێڕییەوە بۆ دەسەڵاتێکی کارگێڕی خوارتر، پشت بەست بە دەقی یاسا. لە سیستمی ناوەندێتی کارگێڕیدا بە دوو شێوە دەبێت، کە ئەوانیش: یەکەم/ ڕێگەپێدانی پسپۆڕێتییەکان (تفويض الاختصاص)، تیایدا خاوەن پسپۆڕێتییەکە کەسێک ڕادەسپێرێت بە ئەنجامدانی کارێکی تایبەت. دووەم/ ڕێگەپێدانی واژۆکردن (تفويض التوقيع)، تیایدا سەرۆک، یاخود وەزیر ڕێگە دەدات بە کەسانێک لە هەندێک حاڵەتدا واژۆ لە سەر هەندێک لە کارەکان بکەن. ئەم دەسەڵات پێدانەش پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک مەرجی یاسایی، لەوانە: ١- بوونی دەقێکی یاسایی. ٢- بەشێک لە دەسەڵات دەبەخشرێت، نەک هەموو دەسەڵاتەکە، ٣- دەبێت دەسەڵاتپێدانەکە کاتی بێت، ٤- دەسەڵاتپێدان بۆ دەسەڵاتە، نەک بەرپرسیارێتی ... بڕوانە: د. محمد فتوح، التفويض في الاختصاصات الإدارية (دراسة مقارنة)، دار

سیستمی دژ، یاخود پێچەوانەی یەکتر دەناسرێن[١]. چونکە ئەگەر مەبەست لە سیستمی ناوەندێتی بە مانا فراوانە گشتییەکەی، بریتی بێت لە چڕکردنەوە و کۆکردنەوەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکان، لە دەستی حکومەتی ناوەندیدا لە پایتەخت، بەبێ بەشداری پێکردنی هیچ دەستەیەکی دیکە[٢]. ئەوا بە پێچەوانەی ناوەندێتییەوە، بیرۆکەی ناناوەندێتی، لە سادەترین واتایدا بریتییە لە "گواستنەوەی پرۆسەی بڕیاردان و جێبەجێکردن لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە بۆ یەکە کارگێڕی و سیاسی و جوگرافییەکانی دیکەی خوار ناوەند"[٣]. واتە لە ناناوەندێتییدا بە پێچەوانەی ناوەندێتیەوە، دەسەڵات و بەر پرسیارێتی دابەشدەکرێت بەسەر زیاتر لەیەک ئاستی کارگێڕی لە ناوخۆی دەوڵەتان یاخود هەرێمەکاندا.

هەروەها ناناوەندێتی پێناسەکراوە بەوەی "گواستنەوەی دەسەڵات و بەر پرسیارێتی ئەرکە گشتییەکانە، لە حکومەتی ناوەندەوە بۆ ئاستەکانی خوارتر، لە دامەزراوە نیمچە سەربەخۆکان و کەرتی تایبەت"[٤]. لەم پێناسەیەوە ڕووندەبێتەوە کە لە ناناوەندێتییدا، دەکرێت بەشێک لە دەسەڵات و بەرپرسیارێتیە گشتییەکان بگوازرێنەوە بۆ یەکە و دامەزراوە خۆجێییەکان، کە خاوەنی ئاستێک لە سەربەخۆیین، هەروەها دەکرێت گواستنەوەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی بەشێک لە ئەرکە گشتییەکان لە ناوەندەوە بۆ کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت بێت. بە واتایەکی دیکە دەکرێت بگوترێت ناناوەندێتی دادەنرێت بە "هەر کارێک کە ببێتە هۆی دابەشکردن، یاخود گواستنەوەی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان، لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و دەستە خۆجێییەکاندا، کە بە پێی

---

المنار للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٨٦ص ١١ و بعده؛ د. عصام عبدالوهاب البرزنجي و آخرون، مباديء وأحكام القانون الإداري، العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة، ٢٠١٣، ص ٤٢٢.

[١]- فريجة محمد هشام، اللامركزية، أسلوب للتنمية، مجلة الاستاذ الباحث للدراسات القانونية و السياسية: مجلة فصلية دولية علمية محكمة تصدرها كلية الحقوق و العلوم السياسية- جامعة محمد بوضياف- الجزائر، العدد السابع، المجلد الثاني، سبتمبر٢٠١٧، ص٥٢٩. هەروەها بۆ زانینی جیاوازی نێوان سیستمی ناوەندێتی و ناناوەندێتیی بڕوانە: د. مصطفى كامل، شرح القانون الإداري، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٤٩، ص٣٣٨.

[٢]- د. احسان حميد المفرجي و ئەوانی دیکە، تیۆری گشتی یاسای دەستووری و سیستمی دەستووری لە عێراق، وەرگێڕانی: عبدالصمد محمد، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢١، ل٨٢-٨٣ . و د. خامۆش عومەر، تیۆری گشتی یاسای دەستووری و سیستمی دەستووری لە عێراق، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١، ل٤١.

[٣]- د. یوسف گۆران و ئەوانی دیکە، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ڕانانی ئایندەیی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لە سلێمانی دەریدەکات، ژمارە (٣)، نیسانی٢٠٢٠ ، ل٧.

[٤]- Dennis Rondinelli, What is Decentralization? In: Decentralization Briefing Notes, Edited by: Jennie Litvack and Jessica Seddon, World Bank Institite, No year, p ٢.

تایبەتمەندیەکانیان مومارەسەی دەسەڵاتەکانیان دەکەن لە چوارچێوەیەکی جوگرافی دیاریکراودا "[١].
ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر چڕ نەکردنەوەی دەسەڵات لەسەر یەک ئاستی کارگێڕی و دابەشکردنی بەسەر چەند ئاستێکی کارگێڕیدا دەکاتەوە، لەبەرئەوە چەمکی ناناوەندێتی پێناسەکراوە بەوەی کە بریتییە لە "دابەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی لە ئاستە باڵاکانیدا و گواستنەوەی بۆ یەکە کارگێڕییە بچوک و جیاوازەکان"[٢]. بەڵام (هێنری مایک) پێی وایە "زاراوەی ناناوەندێتی دوو مانا لە خۆ دەگرێت، کە یەکەمیان بەشکردنی (تفکیک-Deconstration)ی دەسەڵات و شۆڕکردنەوەیەتی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ یەکە جوگرافییە دوورەکان، لە پێناو جێبەجێکردنی هەندێک ئەرکی دیاریکراو. دووەمیش بریتییە لە ڕێپێدان (تخویل- Devolution)، واتە سپاردنی بەشێک لە دەسەڵات و تایبەتکارییە دەستورییەکان، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، بە دەسەڵاتە دەستوریە خۆجێییەکان، بۆ ئەوەی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییەی کە پێیان سپێردراوە جێبەجێی بکەن"[٣].

لەو پێناسەیەوە دەردەکەوێت کە یەکە ناناوەندییەکان دەکرێت یەکەی کارگێڕی بن و دەسەڵات و تایبەتکارییەکانیان بە یاسای ئاسایی ڕێکخرابێت، هەروەها دەکرێت یەکەی دەستوریی بن و دەسەڵات و تایبەتکارییەکانیان بە دەستوور دیاریبکرێت. هەروەها سیستمی ناناوەندێتیی پێناسەکراوە بەوەی "ئەو شێوازە ڕێکخستنەیە کە بونیادنراوە لە سەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و یەکە کارگێڕییەکانی خوارتر، کە ئەویش یان ناناوەندێتیی سیاسی، یاخود کارگێڕی یان دارایی دەبێت"[٤].

بە پشت بەستن بەو پێناسانەی کە لەسەرەوە بۆ ناناوەندێتی خرایە ڕوو، دەتوانین بڵێین کە سیستمی ناناوەندێتیی ئەو شێوازە ڕێکخستنەیە کە لەسەر بنەمای چڕ نەکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر یەک ئاستی کارگێڕی و دابەشکردنی بەسەر چەند ئاستێکی کارگێڕی لە ناوخۆی دەوڵەت یاخود هەرێمەکاندا دامەزراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کرۆکی ناناوەندێتیی بریتییە لە پێدانی

---

[١]- د. كامل كاظم الكناني و امنه حسين صبري، اللامركزية و إدارة المجتمعات المحلية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، جامعة بغداد، العراق، ٢٠٠٦، ص٣٤.

[٢]- د. احمد فايز، اللامركزية في الاردن (الدليل التدريبي المسبط)، مركز العالم العربي للتنمية و الديموقراطية، عمان، ٢٠١٦، ص٩.


[٣]- نقلا عن: فريجة محمد هشام، اللامركزية، أسلوب للتنمية، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢٩.

[٤]- د. ادريس حسن و فواز خلف ظاهر، الرقابة على الهيئات الإدارية اللامركزية الإقليمية في العراق (دراسة تحليلية في ضوء نصوص دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥ و قانون المحافظات غير المنتظمة في اقليم رقم (٢١) لسنة ٢٠٠٨ المعدل، دراسة منشورة في مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية و السياسية، مجلد (٤)، العدد (١٤)، العراق،٢٠١٢، ص١٨٣.

دەسـەڵات و گواسـتنەوەی بەر پرسـیاریێتی (تفـويض الصـلاحيات و نقـل المسـؤولية) لە نێـوان دەسـەڵاتی ناوەنـد و دەسـتە خـۆجێییە سـەربەخۆکان یـاخود نـیمچە سـەربەخۆکان لە ئاسـتەکانی خوارتر. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ناناوەندێتیی، هەر کارێکە کە ببێتە هۆی دەرهێنـانی دەسـەڵات لە دەسـتی ناوەنـد و دابەزانـدنی بـۆ ئاسـتەکانی دیـکەی خـوار ناوەنـد. لێـرەوە دەردەکەوێـت کە ناناوەنـدێتیی چەمکێکـی ڕێـژەییە، واتە هـیچ دەوڵەتێـک یـان هەرێمێـک بە ڕەهـایی ناوەنـدی یـان ناناوەنـدی نییە[١]، بەڵکـو بەپێـی بـڕو ئاسـتی چڕکـردنەوە، یـاخود دابەشـکردن و شـۆڕ کـردنەوەی دەسەڵاتەکان، پلە و ئاستی ناوەندێتی و ناناوەندێتی دەگۆرێت. بڕوانە هێڵکاری ژمـارە (١) ئاسـت و ڕێژەیی بوونی ناوەندێتی و ناناوەندێتی ڕووندەکاتەوە.

هێڵکاری ژمارە (١)

ئاست و ڕێژەی ناوەندێتی و ناناوەندێتی




المصدر: حيدر الفريجي، تطبيق النظام اللامركزي في إدارة الحكومات المحلية – العراق انموذجا، مجلة الملتقي، العدد (١١)، مؤسسة أفاق للدراسات و الأبحاث العراقية، النجف الاشرف، ٢٠١١، ص٩٨.

ئەگەر لەو ئەو هێڵکاریەی سـەرەوە بـڕوانین ئەوا دەردەکەوێت، کە پیتـی (X) گوزارشـتە لە سیستمی ناوەندێتیی، کە خۆی لە کۆکردنەوەی گشت دەسەڵاتەکان دەبینێتەوە لە دەستی حکومەتی ناوەندیدا، بەڵام پیتی (Y) گوزارشتە لە سیستمی ناناوەندێتیی، کە خۆی لە گواسـتنەوەی دەسـەڵات و بەرپرسیارێتی لە حکومەتی ناوەندەوە بۆ ئاسـتەکانی خـوارەوە دەبینێتەوە. پیتەکانی ( A ,B ,C ,D) گوزارشتە لە ئاست و ڕێژەی جیاوازیی هەریەکە لە ناوەندێتی و ناناوەندێتی، واتە تـاکو زیـاتر لە پیتی (Y) نزیک بین، ئاستی ناناوەندێتی زیاتر دەبێت، بەپێچەوانەشـەوە، تـاکو زیـاتر بەرەو پیتـی (X) برۆین ئاستی ناناوەندێتی کەمتر دەبێتەوە، زیاتربەرەو ناوەندێتی دەچین[٢].

[١]- د. جەلال حەسەن مستەفا، لامەرکەزیەتی پارێزگاکان: هاندەر و ترسـەکان، مـاڵپەری میللەت پرێس، ٢٠١٦/٦/٦، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٣/١٣)https://bit.ly/٣liIFBH

[٢]- حیدر الفريجي، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

به شێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت، لەم سەردەمەدا ئەستەمە هیچ حکومەتێک هەبێت کە بتوانێت بە ڕەهایی ناوەندێتیی تەواو، یاخود ناناوەندێتیی تەواو لە شێوازی بەڕێوەبردندا پەیڕەوبکات، چونکە زۆربوونی ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەت وایکردووە جێبەجێکردنی ناوەندێتیی تەواو، لە توانای هیچ حکومەتێکدا نەبێت، هەروەها جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی تەواویش، ئەگەری ئەوەی هەیە و جۆرێک لە پشێوی (فەوزا) دروست بکات و ببێتە مەترسی لەسەر سەروەریی و یەکپارچەیی دەوڵەت و هەرێمەکان، لەبەرئەوە جێبەجێکردنی هەر یەکەیان بە (ڕەهایی) لە ڕووی کردارییەوە کارێکی ئەستەمە[١].

لەلایەکی دیکەوە گرنگی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە سیستمی ناناوەندیدا، بە تەنها پەیوەست نییە بە جۆری ئەو دەسەڵاتانەی کە دابەشدەکرێن (Kind of Authority)، بەڵکو پەیوەستە بە بڕ و ئاستی ئەو دەسەلاتانەشی (Quantity of Authority) کە دابەشدەکرێن، یاخود دەگوازرێنەوە، لە ڕووی ژمارە و گرنگی دەسەڵاتەکان و ئاستی چاودێریکردنی دەسەڵاتی ناوەند لەسەر یەکەکانی خوارەوە. بە جۆرێک تاکو بڕ و ئاستی دەسەڵاتەکان و گرنگیان زیاتر بێت و ئاستی چاودێریکردنیان کەمتر بێت، ئاست و پلەی ناناوەندێتییەکە زیاتر دەبێت[٢]. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی ناناوەندێتی لەهەر دەوڵەتێک یان هەرێمکدا، بە تەنها پشت نابەستێت بە ئاست و شێوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، بەڵکو پشت دەبەستێت بە کۆمەڵێک بنەمای دیکە، کە ئەوانیش بریتین لە[٣]:

**١- خواستی حکومەتی ناوەندی**: بوونی خواستی ڕاستەقینە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە بنەمایەکی گرنگە بۆ جێبەجێکردن و سەرکەوتنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، لەبەرئەوەی وەزارەتەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارن لە داڕشتنی سیاسەتی نیشتیمانی و گرتنە بەری ڕێ وشوێنی پێویست بۆ گەشەپێدانی ناناوەندێتیی.

**٢- توانای حکومەتە خۆجێییەکان**: بە بێ بوونی توانای دامەزراوەیی، تەکنیکی، کارگێڕی و مرۆیی پێویست، ئەستەمە حکومەتە خۆجێییەکان سەرکەوتوو بن لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکاندا، لەبەرئەوەی سەرکەوتنی ناناوەندێتی پێویستی بە بونیادنان و پەرەپێدانی تواناکان هەیە لەسەر ئاستی خۆجێیەتی.

---

[١]- خالد بن فيحان، المركزية و اللامركزية في اتخاذ القرار وعلاقتها بالاداء الوظيفي، رسالة ماجستير، كلية دراسات العليا- قسم العلوم الادارية، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، رياض- السعودية، ٢٠٠٤، ص١٢.

[٢]- حيدر عبداللطيف، تجربة مجالس المحافظات غير المنتظمة في إقليم في العراق بعد عام ٢٠٠٣ (مجلس محافظة النجف الأشرف - إنموذجاً)، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية، جامعة نهرين، بغداد، ٢٠١٣، ص١١- ١٢.

[٣]- Katharina mewes, Decentralization on the Example, Springer fachmedien Wiesbaden GmbH, ٢٠١١, p.٧٨-٧٩.

**٣- بـوونی هەمـاهەنگی لە نێـوان حکـومەتی ناوەنـدی و دامەزراوە خۆجێییەکانـدا**: ناناوەنـدێتیی سـەرکەوتوو پێویستی بە دابەشـکردنێکی ڕوونـی دەسـەڵات و بەرپرسـیارێتی و پێناسـەکردنی ڕوونـی ئەرکەکـان هەیە، لەبەرئەوەی لە ناناوەندێتیدا ئەرک و دەسەڵات و بەرپرسیارێتی دەگوازرێتەوە یاخود دابەش دەکرێت، کە زۆرجـار تێکهەڵچـوون و نـاڕوونی لە ئەرک و بەرپرسـیارێتییەکان لە نێـوان ناوەنـدو یەکەکانی دیکە دروستدەکات، ئەمەش پێویستی بە بوونی هەماهەنگی هەردوولا دەبێت.

**٤- بەشـداریکردن**: بەشـداری کـردن بە یەکێـک لە ئامانجەکـانی ناناوەنـدێتی دادەنرێـت، لە ڕێـگەی ناناوەندێتییەوە دەسـەڵاتی دروسـتکردنی بڕیـار دەگوازرێتەوە بـۆ حکومەتە خۆجێییەکـان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەو حکومەتانە زیاتر نزیکن لە هاوڵاتیانەوە، وا لێکدەدرێتەوە کە لە دەرئەنجامدا؛ کاریگەری هاوڵاتیان لە پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیـار زیـاتر دەکـات... لەبەرئەوە بەشداریکردن بە بنەمایەکی گرنگی سەرکەوتنی ناناوەندێتیی دادەنرێت.

**٥- بەرپرسـیارێتی**: بەرپرسـیارێتی بنەمـایەکی دیـکەی گرنگـی سـەرکەوتنی ناناوەنـدێتییە، هەنـدێک کـاریگەری ناناوەنـدێتی بە بەرپرسـیارێتیەکەیەوە هەڵدەسـەنگێنن، لەبەرئەوەی ئەگەر دەسـەڵات گواسـترایەوە بـۆ کەسـانێک کە بەر پرسـیار نەبـن لە بەردەم هاوڵاتیانـدا (مەبەسـتی ئەوەیە ئەگەر هاوڵاتیانی خۆجێیی هەڵیان نەبژاردبێت)، یاخود تەنها بەر پرسیار بن لە ئاست دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی، نەک خۆجێیی، ئەوکاتە ڕەنگە لەبەردەم هاوڵاتیـان و دامەزراوە خۆجێییەکاندا هەسـت بە بەرپرسـیارێتی نەکەن، بەمەش  بنەمـای بەرپرسـیارێتی و چـاودێریکردن لاواز دەبێـت، لەبەرئەوە هەڵبژاردنـی بەرپرسـانی خـۆجێیی لە ڕێـگەی هەڵبژاردنـی ڕاسـتەوخۆی هاوڵاتیـانی خـۆجێییەوە؛ هەستی بەرپرسیارێتی و توانای چاودێریکردن زیاد دەکات، کە دوو بنەمای گرنگن بۆ سەرکەوتنی ناناوەندێتی.

لە کۆتاییـدا دەکرێـت بگوترێـت بە شـێوەیەکی گشـتیی ناناوەنـدێتی بـریتییە لە دابەشـکردن یاخود گواستنەوەی یـاخود شـۆڕکردنەوەی دەسـەڵات، لە ئاسـتی ناوەندەوە بـۆ ئاسـتەکانی دیکەی خوار ناوەند. ئەم دابەشکردن و گواستنەوەو شۆرکردنەوەیە، لە هەموو دەوڵەتێکدا بەیەک ئاست و شێوە نابێت، بەڵکو لەهەر دەوڵەتێکدا بە ئاسـت و ڕێژەی جیـاواز دەبێت. لەبەرئەوە جگە لە بڕ و ئاسـتی ئەو دەسـەڵاتانەی کە لە سیسـتمی ناناوەندێتییدا دابەشـدەکرێت یـاخود دەگوازرێتەوە، یـان شۆڕدەکرێتەوە، هەروەها بوونی ویستی ڕاستەقینەی حکومەتی ناوەندی بۆ بەڕوونی دابەشـکردنی ئەرک و بەرپرسـیارێتییەکان و هەمـاهەنگیکردن لەگەڵ دامەزراوە خۆجێییەکانـدا، ڕۆڵـی گرنـگ دەبینێت لە سەرخستن و پێشخستنی ئاستی ناناوەندێتی.

## توێژینچەی دووەم: جۆرەکانی ناناوەندێتیی[1]

بە پێی شێوازی دابەشکردن و چۆنیەتی گواستنەوەی دەسەڵاتەکان، هەروەها ئەو بوارانەی کە دەسەڵاتەکانی تێدا دابەشدەکرێت چەند جۆرێک دابەشکاری بۆ ناناوەندێتی کراوە[2]، بەڵام لێرەدا ئێمە پشت دەبەستین بەو پۆلێنەی کە بانکی نێودەوڵەتی، وەک دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو، بۆ جۆرەکانی ناناوەندێتیی کردوویەتی و دابەشیکردووە بە سەر چوار جۆردا، کە ئەوانیش بریتین لە، ناناوەندێتیی سیاسی، ناناوەندێتیی کارگێڕی، ناناوەندێتیی دارایی و ناناوەندێتیی ئابوری یان بازاڕ[3]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جۆرێک لەم جۆرانەی ناناوەندێتیی بە تەواوی سەربەخۆ و جیا نین لە یەکتر، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە پەیوەستن و یەکتر تەواو دەکەن. لەبەرئەوە جیاجێکردنی هەریەکەیان بەبێ جیاجێکردنی ئاستێک لەوی دیکەیان، لە واقیعدا ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە. لەم توێژینچەیەدا هەریەک لەو جۆرانە دەناسێنین.

---

[1]- ناناوەندێتی وەک شێوازێک لە شێوازەکانی بە ڕێوەبردن، ڕەهەندی سیاسی، کارگێڕی، دارایی و ئابوری لە خۆی دەگرێت، بەڵام زۆربەی توێژەران بە مەبەستی توێژینەوە و شیکاری، هەر ڕەهەندێک لەو ڕەهەندانەی ناناوەندێتیی بە شێوازێکی جیاو سەربەخۆ دەخەنە ڕوو، بە جۆرێک لە زۆربەی توێژینەوەکاندا، وەک چوار جۆری جیاوازی ناناوەندێتی ناسێنراون. لەبەرئەوە ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لە بری ڕەهەندەکانی ناناوەندێتی، وەک جۆرەکانی ناناوەندێتی ئاماژەمان پێکردووە.

[2]- بە پێی ئاستی سەربەخۆیی یەکەکان لە ناناوەندێتییدا، جۆرێکی دیکە لە پۆلێنکردن بۆ ناناوەندێتی دەکرێت، بۆ نمونە ڕێکخراوی (UNDP) سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، بە پێی ئاستی سەربەخۆیی، سیستمی ناناوەندێتیی بۆ چوار جۆر دابەشکردووە کە ئەوانیش: ١- ناناوەندێتیی سەربەخۆ (اللامركزية المستقلة- autonomous type): لەم جۆرەدا حکومەتی ناوەندی هەندێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی دادەبەزێنێت بۆ یەکە خۆجێییەکانی وەک پارێزگا و شارەوانییەکان، ئەو یەکانە کەسایەتی مەعنەویی سەربەخۆیان هەیەو پابەندی چاودێری ڕاستەوخۆ نابن. ٢- ناناوەندێتیی نیمچە سەربەخۆ (اللامركزية شبه المستقلة- semi-autonomous type): لەم شێوازەدا یەکە نێوخۆییەکان نیمچە سەربەخۆییەکیان هەیە، لە ژێر چاودێری ناڕاستەوخۆدان، زۆربەی بەرپرسیارێتیەکانی حکومەتی ناوەندی تەرخان دەکرێت بۆ یەکە ناوخۆییەکان. ٣- ناناوەندێتیی وابەستە (اللامركزية التبعية- subordinat): لەم شێوازەدا کەمترین ئاستی سەربەخۆیی دەدرێت بە یەکە خۆجێییەکان، بە شێوەیەک کە وابەستەی حکومەتی ناوەندی دەبن. ٤- جۆری ناناوەندێتیی جیا (اللامركزية المنفصلة- divestment): ئەم جۆرە ئاماژەیەکە بۆ ئەو یەکانەی لە دەرەوەی پێگەی حکومەتن، وەک کەرتی تایبەت، ژووری بازرگانی، کۆمەڵە و سەندیکا پیشەییەکان و پارتەسیاسەکان... وەرگیراوە لە: هۆگر ئیبراهیم، سروشتی دیموکراتی لامەرکەزیەتی کارگێری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ل٢٠.

[3]- World Bank, Decentralization Briefing Notes, Edited by: Jennie Litvack and Jessica Seddon, No year, p ٢-٤.

**یەکەم: ناناوەندێتیی سیاسی** (**اللامركزية السياسية** - Political Decentralization)

لەم جۆرە لە ناناوەندێتییدا دەسەڵاتە سیاسییەکان لە نێوان ناوەند و دەسەڵاتە خۆجێییەکان دابەشدەکرێت. لەبەرئەوە هەندێک پێیان وایە ناناوەندێتیی سیاسی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ فیدراڵیدا[١] و پێناسەی دەکەن بەوەی ڕێکخستنێکی دەستوورییە، تێیدا ئەرکە جیاجیاکانی حکومڕانی لە ئاستی یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی، لە نێوان حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتە خۆجێییەکانی سەر بە هەمان دەوڵەت دابەشدەکرێت، دەرئەنجامی ئەم شێوە دابەشکردنەش، شێوازێکی حکومڕانی دێنێتە کایەوە کە بە یەکێتی فیدراڵی (الإتحاد الفدرالي) ناودەبرێت[٢].

هەندێکی دیکە وای دەبینن کە ناناوەندێتیی سیاسی شێوازێکە لە شێوازەکانی سیستمی فیدراڵی[٣]، بە هۆی بوونی دوو ئاست لە حکومەت، کە هەریەکەیان خاوەنی دەستور و ئاستێک لە سەربەخۆیی خۆیانن، هەردوو بنەمای حکومڕانی هاوبەش و خۆبەڕێوەبەری بەرجەستە دەکەن، بەڵام مەرج نییە ناناوەندێتیی سیاسی یەکسان بێت بە دەوڵەتی فیدراڵی، لەبەرئەوەی هەموو تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی[٤]، لە ناناوەندێتیی سیاسیدا بەرجەستە نابێت. بەڵام "هەرکاتێک

---

[١]- مەبەست لە یەکێتی فیدراڵی بریتییە لە "یەکگرتنی چەند هەرێمێک، یاخود ویلایەتێک کە هەریەکەیان خاوەنی ئاستێک لە خۆ فەرمانڕەواییین، لە چوارچێوەی حکومەتێکی ناوەندیدا یەکدەگرن"... وليد كاصد، الفدرالية (دراسة في المصطلح و المفهوم و النظرية)، دار المخطوطات، نجف- العراق، ٢٠١٩، ص٦٦.

[٢]- بڕوانە: د. شۆرش حسن، خصائص، النظام الفدرالي في العراق (دراسة تحليلية مقارنة)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٩، ص٣٥. و د. فريجة حسين، الدولة الاقليمية: اللامركزية و الحكم المحلي، تجربة الدول المغاربية ، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة المسيلة، فعاليات الملتقي يومي (٢٨،٢٧/ آذار/٢٠١٥ )، الجزائر، ص٦ ؛ د. عبدالجبار احمد، الفيدرالية و اللامركزية في العراق، ورقة سياسات، مؤسسة فردريش ايبرت، مكتب الاردن و العراق، بغداد، ٢٠١٣، ص٧ ؛ د. سمير محمد، اللامركزية و الحكم المحلي بين النظرية والتطبيق، مركز دراسات واستشارات الإدارة العامة، جامعة القاهرة، كلية الإقتصاد والعلوم السياسية، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٥.

[٣]- هەندێک پێیان وایە سیستمی فیدراڵی هەموو ئەو دەوڵەت و ڕێکخستنە سیاسییانە لە خۆی دەگرێت، کە هەموو یان هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵییان تێدایە، لەبەرئەوەی بوونی ئەم تایبەتمەندییانە بیرۆکەی یەکخستنی هەردوو ڕەگەزی حوکمڕانیی هاوبەش و خۆبەڕێوەبردن بەرجەستە دەکەن، بەمەش چەمکی دەوڵەتی فیدراڵی، سنوورێکی زۆر بەرتەسکتری لە چەمکی سیستمی فیدراڵی هەیە، چونکە سیستمی فیدراڵی، کۆی ئەو دەوڵەتە یونیتارییانەش (Unitary State) دەگرێتەوە کە جۆرێک لە ناناوەندێتیی پێشکەوتوویان هەیە، وەک فەرەنسا و ئیتاڵیا و بەریتانیا... کەواتە دەوڵەتی فیدراڵی شێوازێکە لە شێوازەکانی سیستمی فیدراڵی... د. عابد خالد، المجلس التشريعي الثاني في الدولة الفيدرالية، منشورات مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٣، ص٢٢.

[٤]- تایبەتمەندییە باوەکانی سیستمی فیدراڵی بریتییە لە (لانی کەم بوونی دوو ئاست لە حکومەت، بوونی دەستوورێکی نوسراو بە ڕەزامەندیی هەردوو ئاستەکەی حکومەت، دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان هەردوو

ڕەگەزی حکومڕانیی هاوبەش زاڵبوو بەسەر ڕەگەزی خۆبەڕێوەبەری، ئەوە سیستمە فیدراڵییەکە جۆری دەوڵەتی یونیتاریی لامەرکەزی وەردەگرێت. خۆ ئەگەر هاوسەنگی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا هەبوو، ئەوا سیستمە فیدراڵییەکە جۆری دەوڵەتی فیدراڵی وەردەگرێت"[١].

هەندێکی دیکە پێیان وایە سەرەڕای هەبوونی چەند بنەمایەکی هاوبەش لە نێوان سیستمی ناناوەندێتیی سیاسی و دەوڵەتی فیدراڵی، بەڵام یەک شت نین، بەڵکو لە چەند ڕوویەکی سەرەکییەوە جیاوازن لەوانە، لە ڕووی پەیکەری ڕێکخستنەوە: لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا دەسەڵات و بەر پرسیارێتی بەتەواوی بۆ ناوچەو هەرێمەکان دەگوازرێتەوە، واتە یەکە فیدڕاڵییەکان هاوشێوەی ناوەند، هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی خۆیان دەبێت. واتە لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا بەلانی کەمەوە، دوو ئاست لە حکومەت بوونی هەیە، کە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانیان بە دەستور دیاریدەکرێت. هەروەها هەرێمەکان لە دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵیدا (السلطة التشريعية) نوێنەرایەتیان دەبێت، بەڵام لە ناناوەندێتیی سیاسیدا حکومەتە خۆجێییەکان لە ئاستەکانی خوار ناوەند، مەرج نییە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانیان لە دەستوردا دەقنووسبکرێت، هەروەها مەرج نییە هەمیشە لە دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەندی، یاخود نیشتیمانیدا نوێنەری یەکە خۆجێییەکان بوونیان هەبێت[٢].

ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەو ڕایەیی کە ناناوەندێتیی سیاسی هاو واتا و یەکسان نییە بە دەوڵەتی فیدراڵی، ئەوەش بە هۆی بەرجەستە نەبوونی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، لە ناناوەندێتیی سیاسیدا، بە تایبەت بوونی دوو ئاست لە دەستور و بوونی نوێنەرایەتی

---

ئاستەکەدا، بوونی نوێنەرایەتی یەکە پێکهێنەرەکان لە ئەنجومەنە باڵاکاندا، بوونی لایەنێکی باڵادەست بە تایبەت دادگا بۆ یەکلا کردنەوەی ناکۆکیەکان لە نێوان حکومەتەکانی هەردوو ئاستەکە، بوونی هەندێک ڕێو شوێن و دامەزراوە بۆ پەیوەندی و هاوکاری نێوان هەردوو ئاستەکەی حکومەت)... بڕوانە: جۆرج ئەندرسن، فیدراڵیزم: پێشەکییەک، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: سەلاح ئەحمەد، یانەی فیدراسیۆنەکان (CIDA)، کەنەدا، ٢٠٠٧، ل٢-٣. و د. شۆرش حسن، سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٩ و بعده. هەروەها بڕوانە: پێشەوا حەمید، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە دەوڵەتی فیدڕاڵیدا (توێژینەوەیەکی یاسایی بەراوردکارییە)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٧١-٧٦.

[١]- د. عابد خالد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[٢]- كريستوفر بشارة وآخرون، اللامركزية فى الدول الموحدة: أطر دستورية لمنطقة الشرق الاوسط و شمال أفريقيا، منشورات المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات: هي منظمة دولية حكومية مهمتها دعم الديمقراطية المستدامة حول العالم، ويقع مقرها الرئيسى فى مدينة ستوكهولم بالسويد و برنامج الامم المتحدة الإنمائى (UNDP)، ٢٠١٤. ص٢٤-٢٥ ؛ د. بكرا ادريس، المباديء العامة للقانون الدستوري والنظم السياسية، ديوان مطبوعات الجامعية، الجزائر، ٢٠١٦. ص٧٦.

یەکە سیاسییەکان لە ئەنجومەنەکانی ناوەندا. لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین بە تەنها جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی سیاسی شێوازی پێکهاتەی دەوڵەت لە دەوڵەتێکی سادەوە (الدولة الموحد)، ناکاتە دەوڵەتێکی فیدراڵی (الدولة الفدرالية[1])، چونکە مەرج نییە لە ناناوەندێتیی سیاسیدا، هاوشێوەی فیدراڵی یەکە سیاسییەکان دەستوری تایبەت بە خۆیان هەبێت، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی. کەواتە ناناوەندێتیی سیاسی ڕێکخستنێکی یاساییە (نەک دەستوری) تێیدا دەسەڵاتی سیاسی (جێبەجێکردن و یاسادانان، بەبێ دادوەریی)، لە نێوان ناوەند و یەکە ناناوەندییەکاندا دابەشدەکرێت. بە مانایەکی دیکە دەکرێت بڵێین ناناوەندێتیی سیاسی ئاستێکی پێشکەوتووی ناناوەندێتییە، بەڵام ناگاتە ئاستی فیدراڵی، دەکرێت وەک سەرەتای قۆناغی گواستنەوە لە دەوڵەتی سادەوە بۆ دەوڵەتی فیدراڵی دابنرێت.

**دووەم: ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێی[2] (اللامركزية الادارية - local Administrative Decentralization)**

ئەم جۆرەیان کە هەندێکجار بە ناناوەندێتیی جوگرافی ناودەبرێت، لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و ئەرکە کارگێڕییەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و دەستە خۆجێییەکان، کە خاوەن کەسایەتی مەعنەوین و دەکەونە ژێر چاودێری دەسەڵاتی ناوەندییەوە دادەمەزرێت[3]. بەمانایەکی دیکە، لەم جۆرەی ناناوەندێتییدا، بە تەنها دەسەڵاتە کارگێڕییەکان لە نێوان دەوڵەت، یاخود هەرێم و ئاستەکانی خوارتر دابەشدەکرێت. واتە لەم جۆرەی ناناوەندێتییدا دەوڵەت و هەرێمەکان پارێزگاری لە (ی. ن. ک) سیاسیی خۆیان دەکەن و یەک دەسەڵاتی یاسایی و

---

[1]- لە ڕووی شێوەوە (شكل) جۆرەکانی دەوڵەت دابەشدەکرێت بەسەر دوو جۆردا، یەکەم: دەوڵەتی سادە یان یەکگرتوو (الدولة الموحدة) مەبەست لەو دەوڵەتەیە کە خاوەنی یەک دەستوورو یەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەریە، هەموو کاروبارە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەتەکە لەلایەن دەسەڵاتە یەکگرتووەکەوە لەسەر بنەمای ناوەندێتی، یاخود ناناوەندێتیی کارگێڕی بەڕێوەدەبرێت. دووەم: دەوڵەتی ئاوێتە (الدولة المركبة) لە یەکگرتنی دوو دەوڵەت یان دوو هەرێم، یاخود زیاتر پێکدێت، تیایدا دەسەڵاتەکان بە پێی سروشتی یەکگرتنەکە لە نێوان دەوڵەت و یەکە پێکهێنەرەکاندا دابەشدەکرێت، چەند شێوەیەک لە خۆ دەگرێت کە بریتین لە یەکێتی کەسی (الاتحاد الشخصي)، یەکێتی ڕاستەقینە (الإتحاد الحقيقي او الفعلي)، فیدراڵی (الفيدرالية)، کۆنفیدراڵی (الكونفيدرالية)... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي، اللامركزية و الفيدرالية، الطبعة الثالثة، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠٠٧، ص ١١-١٢ ؛ د. نعمان احمد خطيب، الوجيز في النظم السياسية، الطبعة الثانية، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ص٧٤.

[2]- ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێی بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە و لە باسی دووەمی ئەم بەشەدا بەوردی دەیناسێنین.

[3]- د. محمد الصغير بعلي، القانون الإداري، دار العلوم للنشر و التوزيع، عنابة- الجزائر، ٢٠٠٢، ص٤٧-٤٨.

دادوەریی بوونی دەبێت، بەڵام دەسەڵاتی کارگێڕی لە نێوان حکومەتی ناوەند، یاخود حکومەتی هەرێمەکان و یەکە خۆجێییەکان، یان خاوەن بەرژەوەندییەکان دابەشدەکرێت[١].

**سێیەم: ناناوەندێتیی دارایی (اللامركزية المالية- Fiscal decentralization)**

لە دوایین پۆلێنکردنی ناناوەندێتییدا، کە لەلایەن بانکی جیهانییەوە پێشکەش کراوە، ناناوەندێتیی دارایی، وەک جۆرێک لە جۆرەکانی سیستمی ناناوەندێتی هاوشێوەی ناناوەندێتیی سیاسی و ناناوەندێتیی کارگێڕی ناسێنراوە، کە بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی دارایی و خۆی لە دابەشکردنی دەسەڵاتی کۆکردنەوەی داهاتی گشتی و خەرجکردنی دەبینێتەوە، لە نێوان حکومەتی ناوەند و کارگێڕیی خۆجێیی[٢] (الادارة المحلية)[٣]. لەم شێوازەدا توانای ئیدارە خۆجێییەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی، ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ هاوڵاتیان، کە ئەوەش یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ئەو پارەیەوە دەبێت، کە لە ئەنجامی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانەوە بۆ هاوڵاتیان بەدەستهێنراوە، یاخود ناڕاستەوخۆ لە

---

[١]- د. بورهان زريق، السلطة الإدارية، بدون مطبعة، سوريا، ٢٠١٦، ص٤١.

[٢]- هەندێکجار دەستەواژەی ئیدارەی خۆجێیی لە جیاتی ناناوەنێتی کارگێڕی بەکاردەهێنرێت. بەڵام گفتوگۆیەکی زۆر هەیە لە نێوان توێژەران و نوسەران سەبارەت بە چەمکی ئیدارەی خۆجێی (الإدارة المحلية- Local administration)، لەگەڵ چەمکی حکومڕانی خۆجێی (الحكم المحلي- Local government). بە شێوەیەکی گشتی سێ ئاراستە هەیە، ئاراستەی یەکەم: پێیان وایە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو چەمکەکەدا، چونکە ئیدارەی خۆجێیی پەیوەستە بە ناناوەندێتیی کارگێڕییەوە، بەڵام حکومڕانی خۆجێیی پەیوەستە بە ناناوەندێتیی سیاسی لە دەوڵەتانی فیدراڵدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو چەمکی (ئیدارە) لە یەکەمیاندا و (حوکم) لە دووەمیاندا، وای دەبینن کە وشەی (ئیدارە) پەیوەستە بە جێبەجێکردنی بڕیاری کارگێڕی، وشەی (حوکم) پەیوەستە بە کاروباری سیاسی. ئاراستەی دووەم: پێی وایە ئیدارەی خۆجێیی هەنگاوی سەرەتا، یاخود بنەڕەتیە بۆ جێبەجێکردنی حکومڕانی خۆجێیی، چونکە لە زۆرێک لە دەوڵەتاندا، دوای جێبەجێکردن و سەرکەوتنی ئیدارەی خۆجێیی، سیستمی حکومڕانی خۆجێی پەیڕەو دەکەن. ئاراستەی سێیەم: پێیان وایە هیچ جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان ئیدارەی خۆجێی و حکومڕانی خۆجێی نییە، بەڵکو جیاوازیەکە تەنها لە دەربڕینداییە، نەک لە ناوەڕۆکدا، لە ڕووی واتاوە یەک واتا دەبەخشن... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. عبد الرزاق ابراهيم، اتجاهات مقارنة في تنظيم الإدارة المحلية (دراسة تحليلية)، مجلة العلوم الاقتصادية والادارية، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة بغداد، المجلد (١٤)، العدد (٥٢)، ٢٠٠٨، ص ٢٥-٢٦ ؛ صفاء عثمان، دور اللامركزية الادارية في التنمية المحلية (دراسة مقارنة بين بلدية بسكرة و بلدية عناية)، رسالة الماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة محمد خيضر بسكرة، ٢٠١٣، ص١٠؛ غربي عزوز و زريق نفيسة، نظام الحكم المحلي : نحو إدارة أفضل للشأن المحلي، مجلة الاستاذ الباحث للدراسات القانونية والسياسية، العدد (الثامن)، المجلد (الثاني)، ديسمبر (٢٠١٧) ، ص٥٢٧- ٥٢٨.

[٣]- د. علي هادي و د. إسماعيل صعصاع ، التنظيم القانوني للامركزية المالية في الدولة الفيدرالية (دراسة مقارنة مع القانون العراقي)، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسة، جامعة بابل – كلية القانون، العدد (٢)، المجلد (٥)، ٢٠١٣، ص١٤٦.

ڕێــگەی حکــومەتی ناوەنــدییەوە بۆیــان دابینــدەکرێت، لەبەرئەوە بەبــێ ســـەربەخۆیی دارایــی، سەربەخۆیی کارگێڕی گرنگیەکی ئەوتۆی نابێت[١].

**چوارەم: ناناوەندێتیی ئابوری** (**اللامركزية الاقتصادية**- Economic Decentralization)

ئەم جۆرەیان کە هەندێکجار بە ناناوەندێتیی فەرمانگەری (اللامركزية الوظيفية) ناودەبرێت، بریتییە لە گواستنەوەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکان لە کەرتی گشتییەوە (حکومەت) بۆ کەرتی تایبەت (کۆمپانیاکان)، بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، واتە کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان لە جیاتی حکومەت پرۆژەکان ئەنجامدەدەن، ئەم جۆرەش ڕەنگدانەوەی بنەماکانی ئابوریی ئازادە (الإقتصاد الليبرالي[٢])، کە پشت بە کەرتی تایبەت و بازاڕی ئازاد دەبەستێت[٣].

لە کۆتایی ئەم توێژینچەیەدا دەکرێت ئەوە بڵێین لەبەرئەوەی ئەرک و دەسەڵاتی سیاسی، کارگێڕی، دارایی و ئابوری، لە ڕووی حکومڕانی و بەڕێوەبردنەوە چوار بواری پێکەوە پەیوەستن و بەجۆرێـک بەیەکـدا چـوون، کە ناکرێـت بە تەواوی لێـک جیـا بکـرێنەوە. لەبەرئەوە لە بـواری جێبەجێکردندا هەریەکەیان پێویستی بە بوونی ئەوی دیکەیان دەبێت. ئەوەش وایکردووە جۆرێک لە تیکەڵبوون لە نێوان جۆرەکانی ناناوەندێتییدا دروست ببێت، هەر لەبەرئەوەیەشـە هەندێکجار ئەم جـۆرانەی ناناوەنـدێتیی، وەک ڕەهەنـدەکانی ناناوەنـدێتیی نـاو دەهێنـرێن، نەک وەک جۆرەکـانی ناناوەندێتیی. بڕوانە هێڵکاری ژمـارە (٢) جۆرەکـانی ناناوەندێتیی و پەیوەست بوونیـان بەیەکەوە ڕووندەکاتەوە.

---


[١]- طارق طوقان، حول اللامركزية و الحكم المحلي في فلسطين، الهيئة الفلسطينية المستقلة لحقوق المواطن، سلسلة التقارير القانونية (٢٢)، رام الله، ٢٠٠١، ص١٤.

[٢]- ئابوری لیبراڵیزم: بە واتای ئابوری ئازاد و بازاڕی ئازاد دێت، لیبراڵەکان لایەنگری کەمکردنەوەی دەستوەردانی دەوڵەتن لە کاروباری ئابوری و بازاڕدا، بۆ کەمترین ئاست... هیوا عەزیز سەعید، ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشوری کوردستان (١٩٠٠-١٩٥٨)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٣٩.

[٣]- طارق طوقان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

هێڵکاری ژمارە (٢)

جۆرەکانی ناناوەندێتی




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر

## توێژینچەی سێیەم: پاڵنەرەکانی پەیڕەوکردنی ناناوەندێتی

دەوڵەت لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە دەوڵەتێکی ناوەندی بوو، ئەمەش واتای ئەوەیە هەموو بڕیارەکان لەلایەن ناوەندەوە لە پایتەخت دەرکراوە، بە بێ بەشداری پێکردنی ئاستەکانی دیکە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا[١]. بەڵام لە دوای فراوان بوونی ڕووبەری دەوڵەتان و زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان، ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەتیش زیادیکردوە، بەمەش کێشە و ئاڵۆزی لە شێوازی حکومڕانی و بەڕێوەبردنی ناوەندێتیدا سەریهەڵداوە[٢]، تاکو گەیشت بەوەی کاروبارەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی ناوەند کە خۆیان لە ویلایەت، هەرێم، پارێزگاکان،... دەبینیەوە، وەک پێویست بەڕێوە نەدەچوو[٣].

---

[١]- بڕوانە: علي محسن عاصي التميمي، اللامركزية الإدارية في العراق بعد عام ٢٠٠٣ الواقع... و المستقبل مجلس محافظة بغداد نموذجآ، دار الكتب و الوثائق ببغداد، ٢٠١٩، ص١١.

[٢]- ڕایمۆند گارفیل، زانستە سیاسییەکان، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: ڕێبین ڕەسوڵ و موحسین ئەدیب، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٢٦٤.

[٣]- علي محسن عاصي التميمي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١

ئەوەش بوو بە هۆکاری ئەوەی کە سیستمی بەڕێوەبردنی ناوەندێتی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنە ببێتەوە، گرنگترین ئەو ڕەخنانەش بریتی بوون لە[١]:

یەکەم: گرنگیدانی زۆر بە ناوەند و پشتگوێ خستنی ناوچەکانی دیکە لە دەرەوەی ناوەند.

دووەم: خراپی ئاستی پلاندانان و نەبوونی هەماهەنگی پێویست لە نێوان ناوەند و ئاستەکانی خوارەوە.

سێیەم: کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لە ناوەند و ئەگەری سەرهەڵدانی ستەمکاری.

چوارەم: بەشداری پێنەکردنی خەڵکانی ناوچەکانی دیکە لە بڕیار و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا.

دەرئەنجامی ئەو ڕەخنانە، بوو بە دەرچەیەک بۆ بیرکردنەوە لە سیستمی ناناوەندێتیی، وەک جێگرەوەی سیستمی ناوەندێتی[٢]. لەبەرئەوەی ترس هەبوو کە بە تێپەڕ بوونی کات، بە هۆی دابەشنەکردنی دەسەڵات و کۆبوونەوەی لە یەک ناوەندا؛ سیستمە ناوەندییەکان بەرەو ستەمکاری بڕۆن[٣]. ئەمەش بوو بە هۆکاری ئەوەی پەنابردن بۆ جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی، وەک جێگرەوەی سیستمی ناوەندێتی لەلایەن شارەزایانەوە، بە بژاردەیەکی گونجاو دابنرێت[٤]. چونکە لە شیوازی ناناوەندێتیدا دەتوانرێت بەشێک لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەر ناوچەیەک بە دانیشتوانی ناوچەکە بسپێردرێت، ئەمەش دەکرێت تاڕادەیەک ببێتە هۆی باشتر بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی هاوڵاتیان، لە هەمانکاتیشدا ئاستی بەشداری کردنی هاوڵاتیان لە کاروباری بەڕێوەبردندا زیاد دەکات[٥]. لەسەر بنەمای ئەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو، دەکرێت گرنگترین پاڵنەرەکانی پەیڕەوکردنی سیستمی ناناوەندێتیی، لە چەند خاڵێکدا بخرێنەڕوو[٦]:-

---

[١]- علي محسن عاصي التميمي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

[٢]- د. زانا ڕەئوف و د. دانا عەبدولکەریم، بنەما گشتییەکان لە یاسای کارگێڕیدا، وەرگێڕانی: عەبدولقادر صالح، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٧٣.

[٣]- د. رفيق سليمان، الفيدرالية و مشكلاتها التطبيقية في العالم المعاصر، اصدارات المركز العربي الديموقراطي للدراسات الستراتيجية و السياسية و الاقتصادية، برلين- المانيا، ٢٠٢١، ص٢٩-٣٠.

[٤]- احمد عبد الزهرة الفتلاوي، النظام اللامركزي و تطبيقاته، منشورات زين الحقوقية، بيروت- لبنان، ٢٠١٣، ص٢٩.

[٥]- رایمۆند گارفیل، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

[٦]- فەیسەڵ عەلی، ڕۆڵی ناسەنتراڵی لە گەشە پێدانی ناوچەییدا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی بیر و هۆشیاری کادیران، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١١ ؛ د. زانا ڕەئوف و د. دانا عەبدولکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧- ٧٨ ؛ بسمه عولمي، تشخيص نظام الإدارة المحلية و المالية المحلية في الجزائر، مجلة اقتصاديات شمال افرقيا: مجلة علمية دورية متخصصة محكمة تصدر عن جامعة حسيبة بن بوعلي بالشلف- الجزائر، المجلد (٣)، العدد (٤)، حوزيران ٢٠٠٦، ص٢٥٨-٢٥٩.

**یەکەم: زیادبوونی ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەت**

لە دەرئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، پێداویستی و داواکارییەکانیش زیادی کرد، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانی دەوڵەتیش زیاد بکات، بە شێوەیەک ئەستەم بوو چی دیکە دەوڵەتان بتوانن خزمەتگوزاری پێویست بگەیەنن بە هەموو ناوچەکان، ئەمەش کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی لە ئاستی ناوەندیدا کردە کارێکی ئەستەم و دژوار، لەبەرئەوە دەوڵەتان ناچاربوون دامەزراوەی خۆجێیی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچە جیاوازەکان دروستبکەن.

**دووەم: بوونی جیاوازیی لە نێوان ناوچەکانی دەوڵەتدا**

فراوان بوونی ڕووبەری دەوڵەت و جیاوازیی ئاستی پێشکەوتنی ئابوری، کۆمەڵایەتی، کلتوری و...، لە نێوان دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا، وادەکات کێشە و گرفتەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان جیاواز بێت، لەبەرئەوەی لە زۆربەی دەوڵەتاندا، چەند ناوچەیەک هەن، کە دانیشتوانەکەیان پەیوەندی تایبەت لە نێوانیاندا هەیە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش، پێکەوە بەستراونەتەوە، ئەمەش پێویستی جێبەجێکردنی سیستەمی ناناوەندێتیی دەسەپێنێت، بۆ ئەوەی هەر ناوچەیەو بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی لە ڕێگەی دامەزراوە خۆجێییەکانیەوە پلان بۆ چارەسەرکردنی کێشە وگرفتەکانی خۆی دابنێت.

**سێیەم: دیموکراتیزەکردنی سیستمی حکومڕانی**

بڵاو بوونەوەی دیموکراسی و بیرۆکەی خۆبەڕێوەبەری هاوڵاتیان لە ڕێگەی نوێنەرە خۆجێییەکانەوە، یەکێکی دیکە بوو لە پاڵنەرەکانی پشت جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتی، لەبەرئەوەی چەندە سیستمی حکومڕانی، ڕێگە بە دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکان بدات لە کاروباری حکومڕانی و بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆیاندا بە شداربن، هێندە زیاتر پرۆسەی دیموکراسیەت گەشەدەکا[١].

کەواتە فراوان بوونی ڕووبەری دەوڵەت و هەرێمەکان، لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان و زۆر بوونی ئەرکەکانی سەر شانی دەوڵەت، کە هاوکاتبوو لەگەڵ بڵاو بوونەوەی دیموکراسی و گرنگی بەشداری پێکردنی هاوڵاتیان لە کاروباری بەڕێوەبردندا، لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی پشت پەنابردنی دەوڵەتان بوون بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی ناناوەندێتی.

---

[١]- حسن عباس مهنا، تجربة الحكم المحلي في العراق من الدولة البسيطة الى الدولة المركبة (دراسة تحليلية)، رسالة ماجستير، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠١٧، ص٢٢.

## تویژینچەی چوارەم: هۆکارە کارتێکەرەکانی سەر پەیڕەوکردنی ناناوەندێتی

چەندین فاکتەری جوگرافی، مێژوویی، سیاسی، ئابوریی و کۆمەڵایەتی هەن، کاریگەری لەسەر ئاست و جۆری ئەو ناناوەندێتییە دروستدەکەن، کە لە دەوڵەت یاخود هەرێمەکاندا جێبەجێدەکرێت. هەر لەبەرئەوەیە کە دەبینین سیستمی ناناوەندێتی لە هەموو دەوڵەتاندا وەک یەک و هاوشیوە نین، بەڵکو ئاست و شیواز و چۆنیەتی جێبەجێکردنی، لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازە، لەبەرئەوە لەم تویژینچەیەدا ئەو هۆکارانە دەخرێنەڕوو، کە کاریگەرییان لەسەر جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی هەیە. گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

**یەکەم: هۆکاری جوگرافی**

فراوانی ڕووبەری جوگرافیی دەوڵەت و دووری ناوچەکان لە یەکەوە، هەروەها کەمی هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیاندن، کاریگەرییان لەسەر جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتی هەیە. تاوەکو ڕووبەری دەوڵەت فراوانتر بێت و پانتایی نێوان هەرێمەکان زیاتر بێت، جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتی لە دەوڵەتدا زیاتر پێویست دەبێت[1]. واتە دووری ناوچەکانی دەوڵەت لە ڕووی جوگرافییەوە وا دەکات پەیوەندیکردن بە ناوەندەوە، یاخود بە پێچەوانەوە چاودێریکردنی ناوەند لە سەریان، ئاسان نەبێت و ئاستەنگ و کاتی زۆری بوێت، لەبەرئەوە حکومەتی ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، بەشێک لە ئەرک و دەسەڵاتەکان دەدات بە ناوچە دوورە دەستەکان، بۆ ئەوەی خۆیان کاروبارە پێویستییەکانی خۆیان، بەبێ گەڕانەوە بۆ ناوەند بەڕێوەبەرن.

**دووەم: هۆکاری مێژوویی**

بارودۆخی مێژوویی دەوڵەت لە ڕووی شێوازی دروستبوونی دەوڵەت و سەرهەڵدانی دیموکراسی و سیستمی ناناوەندێتیی و گەشەکردنی و...هتد، کاریگەرییان لەسەر ئاست و شێوازی جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی دەبێت. بۆ نمونە لە شێوازی دروستبوونی دەوڵەت لە ڕێگەی چەند هەرێم و ناوچەیەکی جیاوازەوە، کە خاوەن تایبەتمەندی جیاوازبن، جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی زیاتر پێویست دەبێت، هەروەها تاکو بنەماکانی دیموکراسی لە دەوڵەتدا جێگیرو گەشەکردوو بێت، دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیش زیاتر دەبێت[2]. کەواتە دەکرێت بڵێین ئەو دەوڵەتانەی کە زیاتر فرە پێکهاتەن و بنەماکانی دیموکراسی تێیدا گەشەی کردووە، ئاستی

---

[1]- د. قاسم علوان و د. عيسى تركي خلف، اللامركزية و الحكم المحلي، مجلة جامعة تكريت للعلوم، المجلد (٢٠)، العدد (١٢)، كانون الاول ٢٠١٣، ص٢١٩.

[2]- كواشي عتيقة، اللامركزية الادارية في الدول المغاربية (دراسة تحليلية مقارنة)، مذكرة مقدمة لنيل شهادة ماجستر في العلوم السياسية، جامعة قاصدى مرباح- ورقلة، كلية الحقوق و العلوم السياسية، ٢٠١١، ص ٧٦- ٧٧.

جێبەجێکردنی ناناوەندێتی بە هێزو فراوانترە، بە پێچەوانەی ئەو دەوڵەتانەی کە دەوڵەتی تازە گەشەکردوون و سیستمە سیاسییەکەیان، وەک پێویست گەشەینەکردووە، بنەماکانی دیموکراسی تێیاندا لاوازە.

**سێیەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری**

فاکتەری ڕۆشنبیری و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی لەو فاکتەرانەن کە کاریگەری دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتی، چونکە زۆرجار کۆچکردن لە دەرەوەی شارە گەورەکانەوە بۆ ناو شارە گەورەکان؛ دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارانە، ئەوەش کاریگەریی لە سەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستییەکان دروستدەکات، لە هەمانکاتیشدا دیاردەی تاوان و کێشەی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات، لەبەرئەوە دەوڵەت هەندێکجار بۆ ڕێگەگرتن لەو دۆخە، ناچارە لەو ناوچانەی کە لە ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە لێکنزیکن و خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشن، جۆرێک لە ناناوەندێتی جێبەجێبکات[1].

**چوارەم: هۆکاری سیاسی**

سیستمی سیاسی دەوڵەت کاریگەری لەسەر سیستمی ناناوەندێتی دەبێت، بەو پێیەی سیستمی ناناوەندێتی بەشێکە لە سیستمی حکومڕانی گشتی دەوڵەت، بەوەش جۆری سیستمی سیاسی دەوڵەت لە ڕووی دیموکراسی و نادیموکراسیەوە، یاخود سەقامگیری و ناسەقامگیرییەوە، کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتی دەبێت[2]. واتە تاوەکو سیستمە سیاسیە کە سەقامگیرترو دیموکراسی تربێت، ئاستی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیش زیاتر دەبێت.

**پێنجەم: هۆکاری ئابوریی**

ئابوری دادەنرێت بە جوڵێنەری سەرەکی سیستمی ناناوەندێتی و ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دەوڵەت لە ناوچە جیاوازەکاندا، بەوەش توانای ئابوری دەوڵەت و سروشتی سیستمە ئابوریەکەی، کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی دەبێت[3]. واتە ئەگەر سیستمی ئابوری دەوڵەت سیستمێکی لیبراڵ و کراوە بێت، هەروەها سەرچاوەکانی داهات بە سەر ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەت و هەرێمەکاندا، بە جۆرێک دابەشبووبێت کە توانای پشت بەخۆبەستن لە ڕووی ئابوریی و داراییەوە دەستە بەربکات، ئەوا ئەگەری جێبەجێکردنی ناناوەندێتی و ئاست و پلەکەی زیاتر و فراوانتر دەکات. بە پێچەوانەوەشەوە، نە بوونی سیستمی

---

[1]- د. قاسم علوان و د. عیسی ترکي خلف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٩.

[2]- بشير شايب، الإدارة المحلية و الحكم المحلي و الفرق بينهما، المجلة الافريقية للعلوم السياسية، مجلد (٤)، العدد (١)، الجزائر، ٢٠١٥، ص١٦.

[3]- د. قاسم علوان و د. عیسی ترکي خلف، هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

ئـابوری ئـازاد، کەمـی سـەرچاوەکانی داهـات و نایەکسـانی لە دابەشـبوونیدا، کـاریگەری لە سـەر جێبەجێکردنی ناناوەندێتی و ئاست و شێوازەکەشی دەبێت.

لە کۆتاییدا پشـت بەسـت بەو زانیاریـانەی لەم تـوێژراوەیەدا خـرایەڕوو، دەکرێت بگوترێت ناناوەندێتی بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە  دابەشکردنی دەسـەڵات و بەرپرسـیارێتی لە حکومەتی ناوەنـدەوە لە پایتەخـت، بـۆ دەسـتە خـۆجێییە سـەربەخۆکان لە ئاسـتەکانی خـوارەوە، کە بە پێـی تایبەتکارییەکانیان و لە چوارچێوەیەکی جوگرافی دیاریکراودا پیادەی دەسـەڵاتەکانیان دەکەن. ئەم دابەشکردنەش یەک ئاستی نییە، بەڵکو بەگوێرەی بڕو ئاسـتی دەسـەڵاتەکان، هەروەهـا جۆری ئەو یەکە کارگێڕییەی کە دەسـەڵاتەکانی بـۆ دەگوێزرێتەوە ئاسـتی و جۆری ناناوەنـدێتییەکەش جیـاواز دەبێت.

لەبەرئەوە ناناوەنـدێتیی یەک جـۆری نیـیە، بەڵکـو چەنـد جـۆرێکی هەیە، کە بـریتین لە: ناناوەندێتیی سیاسـی، کە خـۆی لە دابەشـکردنی دەسـەڵاتی سیاسـی لە نێوان حکومەتی ناوەنـد و یەکە خۆجێییەکاندا، کە خاوەنی ئاستێک لەسەربەخۆین دەبینێتەوە. هەروەها ناناوەندێتیی کارگێڕی، کە بریتییە لە دابەشکردنی دەسـەڵاتی کارگێڕی (نەک سیاسـی و یاسـایی)، لە حکومەتی ناوەنـدەوە بـۆ ئەنجـومەن و دەسـتە خۆجێییەکـان. هەروەهـا ناناوەنـدێتیی دارایـی، کە جـۆرێکی دیـکە یـاخود ڕەهەندێکی دیکەی ناناوەندێتییە و مەبەست لێی دابەشکردنی دەسەڵاتە داراییەکانە لە ناوەندەوە بۆ ئاسـتەکانی خـوارەوە. بەڵام ناناوەنـدێتیی ئـابوری، خـۆی لە گواسـتنەوەی بەشـێک لە دەسـەڵاتی تـایبەت بە کاروبـارە خزمەتگوزارییەکـان، لە کەرتـی گشـتیەوە (حکـومەت)، بـۆ کەرتـی تـایبەت (کۆمپانیاکان) دەبینێتەوە. هەر یەکە لەم جۆرانەی ناناوەندێتیی بە تەواوی سەربەخۆ و جیا نین لە یەکتر، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان پێکەوە بەستراون، ئەوەش بە هۆی ئەوەی بواری سیاسـی، کارگێڕی، دارایی و ئابوری چوار بواری پێکەوە پەیوەست و بەیەکدا چوون، کە ناکرێت بەتەواوی لە یەکتر جیابکرێنەوە.

هەروەهـا چەنـد پاڵنەرێـک ڕۆڵ دەبیـنن لە پەیڕەوکردنـی سیسـتمی ناناوەندێتیـدا، کە لە گرنگترینیـان، زۆربـوونی ژمـارەی دانیشـتوان، زیـاد بـوونی ئەرکەکـانی سەرشـانی دەوڵەت و بڵاوبـوونەوەی دیموکراسـیە، لەگەڵ ئەوەشـدا چەنـدین هۆکـاری جـوگرافی، مێژوویـی، سیاسـی، ئـابوریی، ڕۆشـنبیری و کـۆمەڵایەتی هەن، کە کاریگەرییـان لەسـەر جێبەجێکردنـی سیسـتمی ناناوەندێتی دەبێت، لەبەرئەوە دەبینین ناناوەندێتیی یەک شێواز و یەک ئاستی نییە، بەڵکو شێواز و ئاستی جێبەجێکردنی ناناوەندێتی، لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازە.

## تویژراوەی دووەم: ناساندنی ناناوەندێتیی کارگێڕی[1]

## (Administrative Decentralization - اللامركزية الإدارية)

ڕێکخستنی کارگێڕی لە هەر دەوڵەتێک یان هەرێمێکدا بە پێی بارودۆخی سیاسی و مێژوویی و جوگرافی دەوڵەتەکە یاخود هەرێمەکە جیاوازە. بە شێوەیەکی سەرەکی دەوڵەتان بۆ ڕێکخستنی سیستمی کارگێڕیان پشت بە بنەمای ناوەندێتیی کارگێڕی یان ناناوەندێتیی کارگێڕی، یاخود بە جێبەجێکردنی ڕێژەیەک لە هەردووکیان دەبەستن[2]. بەڵام لە ئەمڕۆدا بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەلایەن زۆرێک لە دەوڵەتانەوە پەیڕەودەکرێت، ئەوەش بە هۆی ئەو ڕۆڵەی کە ئەم سیستمە لە بواری پێشخستنی سیستمی کارگێڕی و گەشەپێدانی دیموکراسی لە ئاستی خۆجێیدا دەیبینێت، بە شێوەیەک کە وەک پێویستییەکی سەرەکی دەبینرێت بۆ باشترکردنی توانای حکومەت لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتیان[3].

لەم تویژراوەیەدا هەوڵدەدەین سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی بناسێنین، بۆ ئەو مەبەستەش تویژراوەکە دابەشی سەر چوار تویژینچە دەکەین، لە تویژینچەی یەکەمدا پێناسەی ناناوەندێتیی کارگێڕی و لە دووەمدا جیاوازییەکانی لەگەڵ ناوەندێتی کارگێڕی ناچڕ و ناناوەندێتیی سیاسی دەخەینەڕوو، لە تویژینچەی سێیەمدا باس لە جۆرو ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەکەین، هەروەها لە تویژینچەی چوارەمدا هەڵسەنگاندن بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی دەکەین و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕووندەکەینەوە.

### تویژینچەی یەکەم: پێناسەی ناناوەندێتیی کارگێڕی

ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ناناوەندێتیی، لەلایەن هزرمەندانەوە چەندین پێناسەی جیاوازیی بۆ کراوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین یەک پێناسەی یەکگرتوو نییە بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی کە هەموو هزرمەندان و تویژەران لە سەری کۆکبن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بیرۆکەی ناناوەندێتیی بە شێوەیەکی گشتی، لە سەرەتایی سەرهەڵدانییەوە تاکو ئێستا،

---

[1]- لێرەدا چەمکی کارگێڕی بە مانای (Administration) بە کارهێنراوە، کە بە واتای ڕێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردن و دانانی سیاسەتی گشتی ئیدارە و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی یەکە کارگێڕیەکانی دەوڵەت دێت... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نعمت عبدالله، ئیدارەی گشتی چەمک و ڕیفۆرم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨.

[2]- محمد طالب عبد، اللامركزية الإدارية في التطبيق على المجالس المحلية (دراسة المقارنة)، رسالة ماجستير، كلية الحقوق، جامعة النهرين، العراق، ٢٠١٠، ص٢٤.

[3]- د. مصطفى نمر، اللامركزية في الحكم المفاهيم و الانماط (تقارير سياسية)، المعهد المصري للدراسات السياسية و الستراتيجية، ٢٠١٧، ص١.

بەردەوام لە گۆڕان و فراوانبووندایە[١]. لەم تویژینچەیەدا هەوڵدەدەین هەندێک لەو پێناسانەی کە هزرمەندانی بوارەکە بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی کردوویانە بخەینە ڕوو.

بۆ نمونە (د. سليمان محمد طماوي) پێناسەی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەکات بەوەی کە " دابەشکردنی ئەرکە کارگێڕییەکانە لە نێوان حکومەتی ناوەندیی لە پایتەخت و دەستە خۆجێییەکان، یاخود خاوەن بەرژەوەندییە سەربەخۆکان، بە شێوەیەک، کە ئەو دەستانە لە مومارەسەکردنی ئەرکە کارگێڕیەکاندا لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتیی حکومەتی ناوەندیدا دەبن"[٢]. لەو پێناسەیەوە دەردەکەوێت کە ناناوەندێتیی کارگێڕی دابەشکردنی ئەرکە کارگێڕیەکانە (نەک سیاسی و یاساییەکان)، لە نێوان ناوەند و دامەزراوە خۆجێییەکان، یاخود خاوەن بەرژەوەندییە سەربەخۆکاندا.

بە هەمان شێوە (د. طعيمة الجرف) وا پێناسەی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەکات، کە بریتییە لە "دابەشکردنی ئەرکە کارگێڕییەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و دەستە و دامەزراوە سەربەخۆ و تایبەتمەندەکانی دیکە، لەسەر بنەمای هەرێمی (اقليمي)، یاخود بەرژەوەندی (مصلحي)، ئەم دەستە سەربەخۆیانە لە چوارچێوەی یاسادا و لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی حکومەتی ناوەندیدا، پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆیان دەکەن، بەبێ ئەوەی ملکەچی شێوازی سەرۆکایەتی بن"[٣]. بەپێی ئەم پێناسەیەش دابەشکردنی دەسەڵات لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، یان لەسەر بنەمای ناوچەیی دەبێت، کە خۆی لە (پارێزگا، قەزا، ناحیە...)دەبینێتەوە، یاخود لە سەر بنەمای بەرژەوەندی دەبێت، کە کۆمپانیا گشتییەکان، زانکۆکان، سەندیکا و یەکێتییەکان و... ، دەگرێتەوە. هەرچەندە ئەو دەزگا و دەستە سەربەخۆیانە، دەکەونە ژێر چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندەوە، بەڵام ئەم چاودێریکردنە، جیاوازە لەوشێوازە پلە بەندییە هەرەمییەی کە لە ناوەندێتی کارگێڕیدا بوونی هەیە.

هەروەها (د. ماجد راغب الحلو) پێناسەی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەکات بەوەی کە بریتییە لە "بوونی چەند دەسەڵاتێکی کارگێڕی خۆجێی، یاخود خاوەن بەرژەوەندی هەرێمی (اقليمي او

[١]- د. محمد الهماوندي، تطبيق نظام اللامركزية الإدارية و المالية في الإقليم الفيدرالي لكوردستان- العراق، في الكتاب: دراسات في الحكومة في اقليم كوردستان التحديات و الحلول، اعداد: د. عثمان علي، من منشورات مركز تاسک (٣)، اربيل، ٢٠٢١، ص٢٣٨.

[٢]- د. سليمان محمد الطماوي، الوجيز في القانون الإداري (دراسة مقارنة)، مطبعة جامعة عين الشمس، القاهرة، ١٩٨٦، ص٦٥.

[٣]- د. طعيمة الجرف، القانون الإداري (دراسة مقارنة في التنظيم و نشاط الإدارة العامة)، دار الحمامى للطباعة، قاهرة، ١٩٧٠، ص١١٢.

المرفقي)، كه خاوەن كەسايەتى گشتى مەعنەوين[١] و لە ژێر جۆرێک لە چاودێریی دەسەڵاتى كارگێڕیی ناوەندیدان، كە بە سەرپەرشتى كارگێڕی (الوصاية الادارية[٢]) دەناسرێت"[٣]. لەو پێناسەیەوە دەردەكەوێت، كە ناناوەندێتیی كارگێڕی پێویستى بە دروستكردنى چەند یەكەیەكى جوگرافى كارگێڕیە هەیە لە ناوخۆدا، هەروەها دەبێت ئەو یەكانە خاوەن كەسایەتى مەعنەویی بن و لەلایەن دەستەیەكى خۆجێییەوە، لە ژێر چاودێریی دەسەڵاتى ناوەندیدا، كاروبارە خۆجێییەكان بەڕێوەببەن.

(د. مازن راضي ليلو) پێناسەی ناناوەندێتی كارگێڕی دەكات بەوەی كە " ئەو سیستمەیە لە سەر بنەمای جیاكردنەوە و دابەشكردنى ئەركە كارگێڕییەكان، لە نێوان دەسەڵاتە خۆجێییە كارگێڕیەكان و دەسەڵاتى بەڕێوەبردن لە ناوەندا دامەزراوە، بە جۆرێک دەسەڵاتە خۆجێییەكان لەژێر سەرپەرشتى و چاودێری حكومەتى ناوەندیدا، كاروبارەكانى خۆیان ڕادەپەڕێنن"[٤]. بەپێی ئەم پێناسەیە لە ناناوەندێتیی كارگێڕیدا، تەنها دەسەڵاتى كارگێڕی (جێبەجێكردن) لە نێوان حكومەتى

---

[١]- كەسایەتى مەعنەویی یەكێكە لە گرنگترین ڕەگەزەكانى دروستبوونى یەكە كارگێڕییەكان، كە دەسەڵاتێكى یاسایی پێ دەبەخشێت و بە هۆیەوە دەبێتە خاوەن ماف و بەرپرسیارێتى، بریتییە لە بەخشینى كەسایەتى یاسایی پێویست بە كۆمەڵە كەسانێک یاخود كۆمەڵە ئەموالێک، بۆ بەدیهێنانى مەبەستێكى دیاریكراو. كەسایەتییە مەعنەوییە گشتیەكانیش دابەشدەبن بە سەر كەسێتى مەعنەوی گشتى هەرێمی (خۆجێیی)، كە ناوچەی جوگرافى دیاریكراو دەگرێتەوە، وەک ( دەوڵەت، هەرێم، پارێزگا...هتد). كەسێتى مەعنەویی گشتى بەرژەوەندی (مرفقي او مصلحي). هەموو ئەو دەزگاو دامەزراوانە دەگرێتەوە، كە كارەكانیان لە سەر بنەمای بەرژەوەندی گشتیی و، سەربەخۆ لە دەوڵەت ئەنجامدەدەن، وەک كۆمپانیا گشتییەكان، زانكۆكان و سەندیكاو یەكێتییەكان...هتد... بڕوانە: د. غني زغير و د. ميسون طه، مبادىء القانون الإداري والتنظيم الإداري في العراق، كلية الامام الكاظم، ٢٠١٩، العراق، ل٤٣-٥٠؛ عبدالباقي البكري و زهير البشير، المدخل لدراسة القانون، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة، ٢٠١١، ص٢٩٩. هەروەها، بڕوانە: د. زانا رەئوف و د. دانا عەبدولكەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠- ٦١.

[٢]- (الوصاية الإدارية او الرقابة الإدارية): بریتییە لە كۆمەڵێک دەسەڵات، كە بە پێی یاسا دەدرێت بە دەسەڵاتى ناوەند، بۆ چاودێریكردنى كار و ئەركەكانى دەستە خۆجێییەكان، لە پێناو پارێزگاریكردن لە بەرژەوەندی گشتى، ئەمەش جیاوازە لەو (وصاية)ی كە لە یاسای تایبەتدا هاتووە و ئامانجى پارێزگارییە لە بەرژەوەندییەكانى ناكامەكان (القاصرين)، چونكە حكومەتە خۆجێییەكان لە سیستمى ناناوەندێتیی كارگێڕیدا، مافى واژۆكردنى گرێ بەست و بەڕێوەبردنى كاروبارى خۆیانیان هەیە، بەڵام هەندێک لە دەوڵەتان بۆ نمونە فەرەنسا، لە بری دەستەواژەی چاودێریی كارگێڕی (الرقابة الإدارية)، دەستەواژەی سەرپەرشتى كارگێڕی (الوصايه الإدارية) بەكاردێنن، كە لە ناوەڕۆكدا هەمان مانا دەگەیەنێت...بڕوانە: د. عثمان خليل، القانون الإداري، دار الفكر العربي، الطبعة الثانية، ١٩٥٤، ص٥٧.

[٣]- د. ماجد راغب الحلو، القانون الإداري، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية- مصر، ٢٠٠٠، ص٩٣.

[٤]- د. مازن راضي ليلو، القانون الإداري، منشورات الاكاديمية العربية فى الدانيمارك، ٢٠٠٨، ص٣٩.

ناوەنـدی لە دەوڵەت، یـاخود هەرێـم لەگەڵ دەسـتە خۆجێییەکـان دابەشـدەکرێت، ئەم دەسـتە و دامەزراوە خۆجێیانەش بە تەواوی سەربەخۆ نین، بەڵکو لە ژێر چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندیدا دەبن.

کەواتە دەتـوانین بڵێـین سـەرەڕای نەبـوونی یەک پێناسـەی گشـتگیر و یەکگرتـوو بـۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی کە ڕای هەموو شارەزایان و توێژەرانی لەسەر بێت، بەڵام بە وردبوونەوە لە هەمـوو ئەو پێناسـانەی لەسـەرەوە بـۆ ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خـراوەتە ڕوو، دەتـوانین ئەوە بەدیبکەین کە لە هەموو پێناسەکاندا جەخت لەسەر چەند بنەمایەک کراوەتەوە ئەوانیش بریتین لە:-

یەکەم: ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی شـێوازێکە لە شـێوازەکانی ڕێکخسـتنی کـارگێڕی، نەک شـێوازی دەوڵەت و سیستمی سیاسی.

دووەم: لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا تەنها ئەرکە کارگێڕیەکان، نەک سیاسی و یاساییەکان لە نێوان، حکومەتی ناوەند و دەستە خۆجێییە کارگێرییەکان، یاخود خاوەن بەرژەوەندییە سەربەخۆکان، کە خاوەن کەسایەتی یاسایین دابەشدەکرێت.

سێیەم: دەستە خۆجێییەکان و دامەزراوە خاوەن بەرژەوەندییەکان، لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا بە تەواوی سەربەخۆ نابن، بەڵکو لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی ناوەندیدا دەبن.

لە کۆتاییـدا بە کـۆکردنەوەی ئەو بنەمایـانە، لە چوارچێـوەی یەک پێناسـەی یەکگرتـوودا، دەتوانرێت پێناسەیەکی تاڕادەیەک گشتگیری ناناوەندێتیی کارگێڕی بکرێت، بەوەی کە ناناوەندێتیی کارگێڕی شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی، لە سەر بنەمای دابەشکردنی ئەرک و ئەدەسەڵاتە کارگێڕییەکان لە نێوان حکومەتی ناوەند و دەستە خۆجێییەکان، یاخود دامەزراوە خاوەن بەرژەوەندییە سەربەخۆکان، کە خاوەن کەسایەتی یاسایین دامەزراوە، بە جۆرێک ئەو دەستەو دامەزراوانە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا لە ژێر چاودێریی دەسەڵاتەکانی ناوەندا دەبن.

## توێژینچەی دووەم: جۆر و ڕەگەزەکانی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی

سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە بواری جێبەجێکردندا، لە سەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان، بۆ دوو شێواز دابەش دەکرێت، کە ئەوانیش، ناناوەندێتیی کارگێڕیی خۆجێیی (اللامركزية الاقليمية او المحلية)، لەگەڵ ناناوەندێتیی کارگێڕیی بەرژەوەندیی (اللامركزية المرفقية او المصلحية). هەریەکە لەم شێوازانەش چەند ڕەگەز و تایبەتمەندییەک لەخۆدەگرن. لەم توێژینچەیەدا هەوڵدەدەین بە دوو لق بیانخەینەڕوو، لە لقی یەکەمدا جۆرەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی و لە لقی دووەمیشدا ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی ڕوونده‌کەینەوە.

### لقی یەکەم: جۆرەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی

ناناوەندێتیی کارگێڕی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییە کارگێڕییەکان، دابەشدەبێت بەسەر دوو شێوازی سەرەکیدا، کە ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم: ناناوەندێتیی خۆجێیی یاخود هەرێمی[1] (اللامركزية المحلية او الاقليمية- Territoria Decentralization)**

ئەم شێوازە لە ناناوەندێتیی کارگێڕی کاتێک دروستدەبێت، کە دەوڵەتەکە یاخود هەرێمەکە لە ڕووی جوگرافییەوە دابەشبکرێت بەسەر چەند یەکەیەکی کارگێڕیدا، بە جۆرێک هەریەکە لەو یەکانە خاوەن کەسایەتی مەعنەویی و سەربەخۆبن، بەوەش مافی ئەوەیان دەبێت، کە لەڕێگەی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوەوە و لە ژێر چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندیدا کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو یەکانە خاوەن بەرژەوەندیی خۆجێیی جیاوازن[2]. بە واتایەکی دیکە "ئەم شێوازە لە ناناوەندێتیی کارگێڕی لەسەر بنەمای دابەشکردنی ئەرکە کارگێڕییەکان لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندو ئەنجومەنە خۆجێییەکاندا دامەزراوە، ئەم ئەنجومەنانەش خاوەن کەسایەتی مەعنەوین و ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێریی دەسەڵاتی ناوەندیدان"[3].

واتە ئەم شێوازەی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەسەر بنەمای جوگرافی دروستدەبێت و پشتدەبەستێت بە دابەشکردنی دەوڵەت بۆ چەند ناوچەیەکی جوگرافی خاوەن بەرژەوەندیی

---

[1]- ئەم جۆرەی ناناوەندێتیی کارگێڕی، بە چەند ناوێکی جیاواز ناودەبرێت لەوانە، ناناوەندێتیی کارگێڕی (ناوچەیی، هەرێمی، خۆجێی...هتد)، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا چەمکی (ناناوەندێتیی خۆجێیی) بەکاردەهێنین، لەبەرئەوەی شێوازی باوە لە بەکارهێناندا.

[2]- بڕوانە: د. عمار بوضياف، الوجيز في القانون الإداري، الطبعة الرابعة، جسور للنشر والتوزيع، الجزائر، ٢٠١٧، ص١٧٣؛ د. ناصر لباد، الاساسي في القانون الإداري، دار المجدد، الجزائر، بدون سنة، ص٥٧.

[3]- د. اسماعيل صعصاع و د. رفاه كريم، الإدارة اللامركزية الإقليمية في القانون العراقي، بحث منشور فى المجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، جامعة القادسية، المجلد الاول، العدد (١)، ٢٠٠٨ ،ص٦٦.

خـۆجێیی[١]. کەواتە هەنگـاوی یەکەم بـۆ جێبەجێکردنـی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خـۆجێی لەهەر دەوڵەتێـک یـاخود هەرێمێکـدا، پێوسـتی بەوە هەیە ئەو دەوڵەتە یـاخود ئەو هەرێـمە لەڕووی کارگێڕییەوە دابەشبکرێت بەسەر چەند یەکەیەکی کارگێڕی خاوەن کەسایەتی یاسایی، تاکو بتوانن لە ڕێگەی ئەنجومەنێکی خۆجێییەوە بەشێک لە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن.

**دووەم: ناناوەندێتیی کارگێڕی بەرژەوەندیی (المصلحية او المرفقية-Utility Decentralization)**

ئەم شێوازەی ناناوەندێتیی کارگێڕی زیاتر بەوە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە دابەشکردنی ئەرکە کارگێڕییەکان لەسەر بنەمای بابەتی (موضوعی)، تێیدا دامەزراوە گشتییەکان پسپۆڕیەکانیان لەسـەر بنەمـای بـابەتی دیاریدەکرێت، لە پێنـاو بەرژەوەندی گشـتی ئاسـتێک لە سـەربەخۆییان پـێ دەبەخشـرێت[٢]. واتە لەلایەن یاسـادانەرەوە، وەک کەسـایەتییەکی خـاوەن مەعنەویـی دانیـان پێـدا دەنرێـت و بە پێـی تایبەتمەنـدیەکانیان، لە ژێـر چـاودێری و سەرپەرشـتیاریی دەوڵەتـدا، پیـادەی ئەرکەکانی خۆیان دەکەن، وەکو کۆمپانیا گشتییەکان، زانکۆکان، سـەندیکا و یەکێتییەکـان و...، کە لە بەڕێوەبردنی کارو چالاکییەکانیاندا، ئاسانکارییان بۆکراوە و جۆرێک لە سەربەخۆییان پێدراوە[٣].

بە واتایەکی دیکە ئەم جۆرەی ناناوەندێتیی کارگێڕی "پرۆژەیەکی ئابوریيە و خاوەنەکەی دەوڵەتە، بەڵام کـارەکە دەدرێـت بە خـاوەن کەسـایەتییەکی مەعنەویـی بـۆ ئەوەی ئەرکەکە بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوە ببات. ئامانجیش لێی بەرژەوەندی گشـتی و دابینکردنـی پێداویستییەکانە، زۆرجـاریش پێیدەگوترێت ناناوەنـدێتیی تەکنیکی یـاخود ئیدارەی تایبەتمەنـد، ئامـانجی سـەرەکی لە دروستکردنی ئەو دەستە تایبەتانە، بۆ ڕزگـاربوونی دامەزراوە کارگێڕییەکـانی دەوڵەتە لە ڕۆتـین و ڕێوشوێنە ئاڵۆزەکان، کە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم جێبەجێکردنی کاروبارە کارگێڕییەکان"[٤].

کەواتە جیـاوازیی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خـۆجێیی، لەگەڵ ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی بەرژەوەنـدیی لەوەدایە، کە دامەزراوە ناناوەنـدییە کـارگێڕییە خـاوەن بەرژەوەنـدییەکان، کـار و چالاکییەکانیـان لە بـوارێکی دیـاریکراودا ئەنجامـدەدەن، سـنوری کارکردنیـان زۆرجـار لە تەواوی سنوری دەوڵەتەکە یاخود هەرێمەکە دەبێت، هەندێکجاریش دەکرێت تەنها چوارچێوەیەکی جوگرافی دیـاریکراو بگـرێتەوە، لەبەرئەوە لەم شـێوازەدا دەسـەڵاتەکان لەسـەر بنەمـای بـابەتی (موضـوعي)

---

[١]- د. سـامی حسـن، الإدارة المحليـة و تطبيقاتهـا و الرقابـة عليهـا، مركـز القومـي للإصـدارات القانونيـة، قـاهيرة،٢٠١٤، ص٧٦.

[٢]- أحمد علی، التنظيم الإداري في الدول الإتحادية، منشورات حلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠١٨، ص ٤٥.

[٣]- د. نجيـب خلـف، القـانون الإداري، الطبعـة الثانيـة، مكتبـة يادگـار للبيـع و النشـر كتـاب القانونيـة، السـليمانية، ٢٠١٥، ص١١٠.


[٤]- کواشی عتیقة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

دابەشدەکرێت. هەروەها لە ڕووی سیستمی یاساییەوە ملکەچی یەک یاسای دیاریکراو نابن، بەڵکو بە پێی جۆری چالاکییەکانیان یاسای جیاوازییان بە سەردا جێبەجێدەکرێت. بەڵام دەستە ناناوەندییە خۆجێییەکان (ئەنجومەنەکان) کارو تایبەتمەندییەکانیان لەیەک بواری دیاریکراودا کورت نابێتەوە، بەڵکو چەندین ئەرک و تایبەتمەندیی جیاواز لە سنوری یەکە جوگرافییەکەدا جێبەجێدەکەن، واتە دەسەڵاتەکان لەسەر بنەمای خۆجێیی، نەک (بابەتی) دابەشدەکرێت. هەروەها ملکەچی یەک یاسای دیاریکراو دەبن لە سنوری یەکە کارگێڕییەکەدا[١].

لە کۆتایی ئەم لقەی توێژینەوەکەدا، کە تایبەت بوو بە جۆرەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، دەتوانین بڵێین لە سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، هەرکاتێک دەسەڵاتە کارگێڕییەکان لەسەر بنەمای خۆجێیی یاخود هەرێمی (محلي او اقليمي) دابەشکرا، ئەوە بە ناناوەندێتیی کارگێڕی هەرێمی یان خۆجێی ناودەبرێت. بەڵام ئەگەر لەسەر بنەمای بابەتی (موضوعي) دابەشکرا، ئەوا بە ناناوەندێتیی کارگێڕی بەرژەوەندی (مرفقي او مصلحي) دەناسرێت. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٣) شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕی ڕووندەکاتەوە.

هێڵکاری ژمارە (٣)

شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕی




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر

---

[١]- کواشی عتيقة، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

**لقی دووەم:ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی**

دەربارەی دیاریکردنی ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی، شارەزایان لە ڕووی ئەژمارکردنەوە جیاوازییی لە نێوانیاندا هەیە[١]، بەڵام دەتوانین هەموویان لە سێ ڕەگەزی سەرەکیدا کۆبکەینەوە، کە زۆرینەی تویژەران کۆکن لە سەری و ئاماژەیان پێکردووە، ئەوانیش بریتین لە بوونی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆجێیی جیاواز لە بەرژەوەندیی گشتی نیشتیمانی، بوونی دەستەی خۆجێیی سەربەخۆ، چاودێرییکردنی دەستە خۆجێییەکان لەڕێگەی دەسەڵاتی ناوەندەوە[٢]. هەوڵدەدەین لە خوارەوە ئەو ڕەگەزانە ڕوونبکەینەوە.

**ڕەگەزی یەکەم: بوونی بەرژەوەندیی خۆجێیی تایبەت، کە جیاوازە لە بەرژەوەندی گشتی نیشتیمانی**

مەبەست لە بوونی بەرژەوەندیی خۆجێیی تایبەت، کە جیاوازە لە بەرژەوەندی گشتی نیشتیمانی، ئەوەیە کە یاسادانەر هەستدەکات واباشتر و گونجاترە هەندێک کاروباری کارگێڕی وەک (کاروباری گواستنەوە، تەندروستی، پەروەردە، ئاو وئاوەڕۆ و...)، کە تایبەتمەندێتی ناوچەییان هەیە جێبهێڵرێت بۆ دەستە خۆجێییەکان، چونکە دانیشتوانی ئەو ناوچانە باشتر ئاگاداری کاروبارو پێداویستییەکانی ناوچەکانی خۆیانن، جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتەکانی ناوەند زیاتر گرنگی بە کاروبارە ستراتیژییەکانی وەک (کاروباری دەرەوە، بەرگری، ئاسایشی ناوخۆ و هەموو ئەو کاروبارانەی دیکە کە تایبەتمەندی گشتی

---

[١]- شارەزایان ڕای جیاوازییان هەیە دەربارەی ئەژمارکردنی ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی ناوچەیی، بۆ نمونە لای (د. فوزت فرحان) بریتییە لە داننان بە کەسایەتی مەعنەویی یەکە جوگرافیەکە، لەگەڵ سەربەخۆیی لە بەڕێوەبردندا. بەڵام بەلای (د. ظريف بطرس) بریتین لە دابەشکردنی هەرێمی دەوڵەت بۆ چەند ناوچەیەکی جوگرافی جیاواز، بوونی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو، پاڵپشتی دارایی ناوچەیی، پەیوەندی ناوچەکان بەحکومەتی ناوەندییەوە لەسەر بنەمای یاسا. هەروەها (علاء سليم العامري) وای دەبینێت کە ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی بریتین لە بوونی یەکەیەکی جوگرافی، پێدانی کەسایەتی مەعنەویی، سەربەخۆیی ئابوری و دارایی، ئەنجومەنێکی خۆجێیی هەڵبژێردراو، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەرهەم هێنانی ناوخۆیی، پلان و چاودێری ناوەندێتی... بڕوانە: نوار كاظم جابر، اختصاص الحكومة المحلية بتنظيم الضرائب و الرسوم فی العراق (دراسة مقارنة)، رسالة الماجستير، كلية القانون، جامعة القادسية، العراق، ٢٠١٦، ص ٨؛ د. محمد هماوندي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩.

[٢]- بڕوانە: د. عمار بوضياف، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٥-١٦٧؛ د. سعيد نحيلي، القانون الإداري المبادىء العامة، الجزء الاول، منشورات جامعة البعث، ديمشق، ٢٠١٢، ص١٣٨-١٣٩؛ د. غني زغير و ميسون طه، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦-٥٧.

نیشتیمانیان هەیە[١]. هەروەها دەگونجێت پاڵنەری سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی خۆجێیی بریتی بێت لە هەبوونی بەرژەوەندی تایبەت لەسەر ئاستی خۆجێیی، کە پەیوەندیدارە بە دانیشتوانی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، جیاوازە لەو بەرژەوەندییانەی کە لەسەر ئاستی گشتی نیشتیمانین و پەیوەندیدارە بەکۆی دانیشتوانی دەوڵەتەکەوە[٢]. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بیر لەوەبکرێتەوە لە چوارچێوەی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، هەندێک لە خزمەتگوزارییەکان بدرێت بە یەکە کارگێڕییەکان یان فەرمانگە و دەستە سەربەخۆکان لە ئاستی خۆجێیەتی، بە ئامانجی باشتر ڕاپەڕاندن و کار ئاسانیکردنی زیاتر بۆ هاوڵاتیانی ناوچەکە، دابەشکردنی ئەو ئەرکانەش لە نێوان حکومەتی ناوەند و دەسەڵاتی خۆجێیدا بە یاسا دیاریدەکرێت، بەڵام سەبارەت بە دیاریکردن و جیاکردنەوەی بەرژەوەندی گشتی نیشتیمانی، لە بەرژەوەندی خۆجێیی بەزۆریی دەوڵەتان پەیڕەویی لە دوو شێوازی سەرەکی دەکەن کە ئەوانیش بریتین لە:-

**یەکەم: شێوازی دابڕ (الاسلوب الحصري):** لەم شێوازەدا یاسادانەر تایبەتکارییەکانی (الاختصاصات) دەستە خۆجێییەکان بەشێوەی دابڕ (على سبيل الحصر) دیاریدەکات، بەمەش ئەو دەستانە ناتوانن لە دەرەوەی ئەو تایبەتکارییانەی یاسادانەر بۆی دیاریکردوون، پیادەی هیچ دەسەڵاتێکی دیکە بکەن[٣]. ئەم شیوازە لە شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا) و چەند دەوڵەتێکی دیکەدا پەیڕەودەکرێت، کە زۆرجار بە شێوازی ئینگلیزی ناودەبرێت، دەستە خۆجێییەکان لەو چوارچێوە یاساییەدا، کە یاسادانەر بە پێی بارودۆخی تایبەتی هەریەکەیەک بۆی دیاریکردوون، ئازادییەکی تەواویان هەیە[٤]. واتە مەرج نییە هەموو یەکە کارگێڕییەکان هەمان دەسەڵات و تایبەتکارییان هەبێت، بەڵکو بە گوێرەی بارودۆخی سیاسی، مێژوویی، ئابوریی هەر یەکەیەک، دەسەڵاتەکانی ئەو یەکەیە بە شێوەی دابڕ (حصر) دیاریدەکرێت[٥].

**دووەم: شێوازی گشتیانە (الاسلوب العام):** لەم شێوازەدا یاسادانەر دەسەڵات و تایبەتکاریی یەکە کارگێڕییەکان بە شێوەیەکی گشتی، نەک بەشێوەیەکی دابڕ (حصری) ئاماژە پێدەکات، کە زۆرجار بە دەقێک ئاماژە بەوە دەکات، یەکە خۆجێییەکان پەیڕەوی هەموو ئەو تایبەتکارییانە

---

[١]- د. إسماعيل نجم الدين، الإختصاص الرقابي لمجالس المحافظات في إقليم كوردستان (دراسة تحليلية في ضوء قانون المحافظات اقليم كوردستان- العراق رقم ٣ لسنة ٢٠٠٩)، مجلة جامعة جيهان/ السليمانية، مجلد (٢)، العدد (١)، حزيران ٢٠١٨، ص١٤٢.

[٢]- محمد برهان علي، اثر الرقابة المالية في موازنات التنمية الوحدات اللامركزية، رسالة ماجستير، كلية حقوق- قسم القانون، جامعة الاسلامية في لبنان، ٢٠٢٠، ص١٤.

[٣]- د. سعيد نحيلي، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨.

[٤]- د. عثمان خليل، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

[٥]- علي محمد بدير و آخرون، مبادىء و احكام القانون الإداري، دار السنهوري، بغداد، ٢٠١٥، ص١٦.

دەکەن کە سروشتێکی خۆجێیی هەیە[١]. یان یاسادانەر دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەند بە شێوەی دابڕ دیاریدەکات، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە تایبەتکاریی دەستە خۆجێییەکان. ئەم شێوازە لە کۆماری فەرەنسا و چەند دەوڵەتێکی دیکە پەیڕەو دەکرێت، زۆر جار بە شێوازی فەرەنسی ناودەبرێت، تێیدا ڕۆڵی دەسەڵاتەکانی ناوەند بە سەر دەسەڵاتە خۆجێییەکاندا بەهێز و فروانە. هەروەها لەم شێوازەدا دەسەڵات و تایبەتکاریی هەموو یەکە کارگێڕیەکان، بە یەک ئاست دیاریدەکرێن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و مێژوویی و ئابوریی یەکە کارگێڕییەکان[٢].

**ڕەگەزی دووەم: بوونی دەستەی خۆجێیی سەربەخۆ:**

بە تەنها دانانی بەبوونی بەرژەوەندیی خۆجێیی جیاواز لە بەرژەوەندیی گشتی نیشتیمانی بەس نییە بۆ جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی، بەڵکو ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی پێویستی بە بوونی دەستەیەکی خۆجێیی خاوەن کەسایەتی مەعنەویی[٣] هەیە، کە نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی ناوچەکە بکات، هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتیانیش پێویستی بە ئاستێک لە سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی هەیە، شێوازی دیاریکردنی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنانەش زۆرجار بە هەڵبژاردنە، هەندێک جاریش بە دامەزراندن، یاخود بە هەردوو ڕێگاکە دیاریدەکرێن[٤].

ئەگەر هەموو ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریبکرێن، ئەوا بە ناناوەندێتیی کارگێڕی تەواو یان ڕەها (اللامركزية الإدارية المطلقة) دەناسرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر شێوازی دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکە بە شێوازیی تێکەڵ بوو، ئەوا بە ناناوەندێتیی کارگێڕی ڕێژەی (اللامركزية الإدارية النسبي) دەناسرێت[٥].

---

[١]- د. سعيد نحيلي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

[٢]- د. عثمان خليل، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

[٣]- بە خشینی کەسایەتی یاسایی بە یەکە خۆجێییەکان چەند دەرئەنجامێکی یاسایی لێدەکەوێتەوە، لەوانە: بوونی ئەستۆیەکی دارایی سەربەخۆ، هەروەها وەک کەسایەتیەکی مەعنەوی ئەهلیەیی یاسایی دەبێت بۆ هەموو کاروبارێکی یاسایی، مافی ئەوەی دەبێت وەک کەسایەتیەکی مەعنەویی ببێتە لایەن لە داوا یاساییەکاندا،... بڕوانە: د. مازن راضي ليلو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩-٣٠؛ د. زانا ڕەئوف و د. دانا عەبدولکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

[٤]- د. ماهر صالح علاوي الجبوري، مبادئ القانون الإداري (دراسة مقارنة)، جامعة بغداد- كلية القانون، بغداد، ٢٠٠٩، ص٣٩.

[٥]- بڕوانە: د. طعيمة الجرف، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣-١١٤؛ د. اشرف حسين عطوة، نظام الإدارة المحلية بين أسلوبي التنظيم الإداري في ضوء المادة (٦٧١) من دستور مصر (دراسة مقارنة)، المجلة القانونية: مجلة متخصصة في الدراسات و البحوث القانونية، مجلد (٢)، العدد (٢)، ٢٠١٧، كلية الحقوق، جامعة القاهرة- فرع الخرطوم، ص ٢٩٧-٢٩٨.

بەشـيوەيەكى گشـتى سـەبارەت بە ديـاريكردنى ئەنـدامى ئەنجومەنەكـانى يەكە ناناوەنـدييە كارگێڕييە خۆجێييەكان سێ ئاراستە هەن[١]:-

**ئاراسـتەى يەكەم:** واى دەبينێـت ديـاريكردنى هەمـوو ئەنـدامانى ئەنجومەنەكـان لەلايەن دانيشتوانى يەكە كارگێڕييەكەوە، لە ڕێگەى هەڵبژاردنى ڕاستەوخۆوە بنەماى سەرەكى پێكهێنانى ناناوەنديێتيى كارگێڕى خۆجێييە و دەتوانێت ببێتە گەرەنتيەك بۆ سەربەخۆيى ئەندامانى ئەنجومەنى يەكە كارگێڕييەكان، هەروەها گونجاوە لەگەڵ بنەماكانى ديموكراسى.

**ئاراستەى دووەم:** پێيانوايە هەڵبژاردن نابێتە گەرەنتى بۆ بە دەستهێنانى سەربەخۆيى يەكە كارگێڕيەكان، بەڵكو ئەوەى گەرەنتييە بريتييە لە بڕ و جۆرى ئەو دەسەڵات و تايبەتكارييانەى كە بە ياسا دەدرێت بە ئەنجومەنى يەكە كارگێڕييەكان، بە تايبەت لە ڕووى ئاستى چاودێرييكردن و مافى لادانى ئەندامانيان لەلايەن دەسەڵاتى ناوەندەوە.

**ئاراستەى سێيەم:** لايەنگرانى ئەم ئاراستەيە لەگەڵ ئەوەن كە دياريكردنى ئەنجومەنەكان بە هەردوو ڕێـگەى هەڵبـژاردن و دامەزرانـدن بێـت، بە مەرجێـك زۆريـنەى ئەنـدامان لە ڕێـگەى هەڵبژاردنەوە دياريبكرێن، ئەمەش لەبەرئەوەى ڕەنگە لەڕێگەى هەڵبژاردنەوە نەتوانرێت خەڵكانى شارەزاو خاوەن لێهاتوويى پێويست بۆ ئەنجومەنەكان دياريبكرێت، بە دامەزراندن دەتوانرێت ئەو گرفتە چارەسەربكرێت.

ئێمەش پێمان وايە ڕاى ئاراسـتەى سـێيەم ڕايەكى گونجـاوە، لەبەرئەوەى لەلايەك ڕەچاوى بنەماكـانى ديموكراسـى كـراوە، بەوەى زۆريـنەى ئەنـدامانى ئەنجومەنەكـان بە هەڵبـژاردن دياريدەكرێن، لەلايەكى ديكەوە، بە دامەزراندن دەتوانرێت گرفتى نەبوونى پسپۆڕێتى و كەسانى خاوەن ئەزموون و شارەزا لە نێو ئەنجومەنەكان نەهێڵێت.

**ڕەگەزى سێيەم: چاودێريكردنى دەستە خۆجێييەكان لە ڕێگەى دەسەڵاتى ناوەندييەوە:**

سـەربەخۆيى دەسـتە خۆجێييەكـان بە واتـاى ئەوە نـايەت كە نـاكەونە ژێـر چـاودێريى دەسـەڵاتى ناوەنـدەوە، بەڵكـو يەكێـك لە ڕەگەزە سـەرەكييەكانى سيسـتمى ناناوەنـديێتيى كـارگێڕى بـريتييە لە چـاودێريكردنى دەسـتە خۆجێييەكـان لەلايەن دەسـەڵاتى ناوەنـدەوە، ئەوەش لە پێنـاو پاراسـتى يەكێتيـى سياسـى دەوڵەت و هەرێمەكـان، چـونكە نەبـوونى چاودێريكردنى ئەو دەسـتانە لەلايەن ناوەندەوە هەڕەشە دەبێت لەسەر يەكگرتوويى دەوڵەت و هەرێمەكان[٢].

---

[١]- محمد برهان علي، سەرچاوەى پێشوو، ل١٨-١٩.

[٢]- د. ساجد احميد، اشكالية الوصاية و الرقابة في نظام اللامركزية في العراق، كلية القانون و السياسة، جامعة البصرة، العراق، ٢٠١٢، ص١٣. بحث منشور على الموقع الآتية:

https://bit.ly/٣Qkwwdm تاريخ الزيارة (٢٠٢٢/٨/٧)

هەروەها لە ڕێگەی چاودێریکردنی دەسەڵاتی ناوەندییەوە، دەستە خۆجێییەکان دەتوانن باشتر ئەرکەکانیان جێبەجێبکەن، واتە سەربەخۆیی یەکە کارگێرییەکان سەربەخۆییەکی ڕێژەییە، نەک سەربەخۆیی ڕەها[١]. دوو شێوازی سەرەکی هەیە لە چاودێریکردنی یەکە کارگێڕیەکان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، کە ئەوانیش بریتین لە[٢]:

**یەکەم: شێوازی ئینگلیزی**

چاودێریی کارگێڕیی حکومەتی ناوەند، لەسەر دەستە خۆجێییەکان لە شێوازی ئینگلیزیدا لاوازە، دەستە خۆجێییەکان پیادەی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی خۆیان دەکەن، بە شێوەیەکی ئازادانە و لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی (پەرلەمان و دادگا)دا، لەگەڵ چاودێرییەکی کەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەڵام حکومەت لە دەوڵەتی بەریتانیادا، ناتوانێت ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێییەکان بە دامەزراندن دابنێت، تەنانەت توانای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان و هەمووارکردنی بڕیارەکانیانیشی نیە. ئەمەش مانای وایە ئاستی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە دەوڵەتی بەریتانیا بەهێزە.

**دووەم: شێوازی فەرەنسی**

چاودێریی حکومەتی ناوەندی لە کۆماری فەرەنسا لەسەر ئەنجومەنە خۆجێییەکان، بە پێچەوانەی شێوازی ئینگلیزی، چاودێرییەکی بەهێز و توندە، چونکە جگە لە چاودێری بەهێزی دەسەڵاتی (یاسادانان و دادوەری) لەسەر یەکە خۆجێییەکان، هەروەها خودی ئەندامان و کارەکانی دەستە خۆجێییەکان لە کۆماری فەرەنسا، دەکەونە ژێر چاودێری توندی حکومەتەوە، ئەمەش مانای وایە ئاستی سەربەخۆیی یەکە خۆجێییەکان لە کۆماری فەرەنسا، بەراورد بە بەریتانیا، ئاستێکی کەمترە.

بە شێوەیەکی گشتی پەیرەوکردنی سیستمی ناناوەدێتیی کارگێڕی خۆجێیی پێویستی بە بوونی چەند بنەمایەک هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە[٣]:

١- بوونی ناوچە، یاخود دابەشبوونێکی جوگرافی دیاریکراو، بە پشت بەستن بە پێوەرە بابەتی و یاساییەکان کە بتوانێت ئامانجەکانی ناناوەدێتیی بەدیبهێنێت.

---

[١]- محمد برهان علي، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

[٢]- بڕوانە: د. طعيمة الجرف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦-١٢٧. و د. غني زغير و د. ميسون طه، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧-٥٨.

[٣]- ذكرى عبد الستار حميد، معوقات التحول إلى اللامركزية في الإدارة الحضرية / حالة العراق، بحث مقدم إلى المنتدى الوزاري العربي الاول للإسكان والتنمية الحضرية، القاهرة، ٢٠-٢٢ كانون الاول ،٢٠١٥، ص٤.

٢- بوونی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆجێیی، جیاواز لە بەرژەوەندی گشتی نیشتیمانی، لە مەودایەکی جوگرافی دیاریکراودا.

٣- بەشداری دانیشتوان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لە ڕێگەی دەستە هەڵبژێردراوەکانیان، وەک ئەنجومەنی پارێزگاکان یان شارەوانی و....

٤- دەسەڵاتی ناوەندی مافی چاودێریکردنی دەستە خۆجێییەکانی دەبێت، لە پێناو باش بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی.

## تــوێژینچەی سـێیەم: جیاوازیەکـانی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی لەگەڵ ناوەنـدێتی کـارگێڕی نـاچڕ و ناناوەندێتی سیاسی

چەند چەمکێکی نزیک لە چەمکی ناناوەندێتیی کارگێڕی هەن، وەک ناوەندێتیی کارگێڕی ناچڕ (عدم التركيز الإداري)، ناناوەندێتیی سیاسی (اللامركزية السياسية)، بەڵام هەر یەکە لەم شێوازانە تایبەتمەندێتیی خۆیان هەیە، جیاوازن لەو تایبەتمەندییانەی کە لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا هەیە، هەروەها شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتیش تیایاندا جیاوازە، لەبەرئەوە لەم توێژینچەیەدا جیاوازی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەگەڵ ئەم چەمکەکانەدا ڕوون دەکەینەوە.

**یەکەم: جیاوازیی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەگەڵ ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕ[١](عدم التركيز الإداري):-**

١- ناوەندێتی کارگێڕیی ناچڕ شێوەیەکە لە شێوەکانی ناوەندێتیی کارگێڕی، تێیدا هەندێک لە دەسەڵات و ئەرکە کارگێڕییەکان دەدرێت بە فەرمانبەرانی سەر بە حکومەتی ناوەند لە ناوچە جیاوازەکانی دیکەدا. بەڵام ناناوەندێتیی کارگێڕی جۆرێکە لە جۆرەکانی ناناوەندێتیی و دەسەڵاتی کارگێڕی لە نێوان ناوەندو دەستە خۆجێییەکاندا، کە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆن دابەشدەکرێت[٢]. واتە لە ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕدا، یەک حکومەت و یەک کەسایەتی یاسایی گشتی بوونی هەیە، کە ئەویش دەوڵەت یان هەرێمە، بەڵام لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، لە پاڵ حکومەتی ناوەندی ئەنجومەن و حکومەتی خۆجێی بوونی هەیە، کە خاوەن کەسایەتی یاسایین.

---

[١]- جێبەجێکردنی ناوەندێتیی کارگێڕی خۆی لە دوو شێوازدا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش: ناوەندێتیی کارگێڕی چڕ (التركيز الإداري) کاتێک سەرجەم دەسەڵات و ئەرگە کارگێڕییەکان لە دەستی حکومەتی ناوەندی لە پایتەخت کۆدەکرێنەوە، لەگەڵ ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕ (عدم التركيز الإداري). کاتێک هەندێک لە دەسەڵات و ئەرکە کارگێڕییەکان شۆڕدەکرێنەوە بۆ فەرمانبەرانی سەر بە حکومەتی ناوەند لە ناوچە جیاوازەکانی دیکەدا...بڕوانە: د. عمار بوضياف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٨.

[٢]- حسين رحال و عبدالمجيد كمونة، الإدارة المركزية و الإدارة المحلية في العراق، طبع بمطبعة عبدالكريم زاهد، بغداد، ١٩٥٣، ص٦٨-٦٩.

٢- له سیستمی ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕ، بڕیارەکان و گرێبەستەکان، بەناوی حکومەتی ناوەندییەوە دەردەکرێن و مۆر دەکرێن، بەڵام لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، بڕیارەکان و واژۆکردنی ئەو گرێبەستانەی کە لەلایەن دەستەخۆجێییەکانەوە ئەنجامدەدرێن، بەناوی دەستەی خۆجێییەتییەوە دەردەکرێن[1].

٣- ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕ، لە ڕووی بەهای دیموکراسیەوە گرنگییەکی کەمتری هەیە، چونکە دەسەڵات بە دەست ناوەند و فەرمانبەرەکانییەوە دەمێنێتەوە، بەڵام لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، بڕیاردان لە بەشێک لە کاروبارەکان لەدەست هاوڵاتیان خۆیان، یاخود نوێنەراکانیاندا دەبێت، بەوەش بەهایەکی دیموکراسی گرنگی هەیە[2].

٤- لە ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕدا، بنەمای دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ڕەچاو دەکرێت (التبعية الرئاسية[3])، بەڵام لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، بنەمای چاودێریکردنی کارگێڕی (الرقابة الإدارية او الوصاية الإدارية) جێبەجێدەکرێت[4].

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی جیاوازییەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی و ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕ، بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

---

[1]- علي حاتم عبد الحميد العاني، اللامركزية الإدارية و تطبيقاتها في الاردن و العراق، رسالة الماجستير، كلية الحقوق، جامعة الشرق الاوسط، ٢٠١٦، ص ٣٤.

[2]- د. ناصر لباد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

[3]- (التبعية الرئاسية): لە ناوەندێتیی کارگێڕیدا، بەپێی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەموو فەرمانبەرێک ملکەچی سەرۆکە کارگێڕییەکەیەتی بەپێی پلەبەندی و پەیژەی کارگێڕی. ئەمەش بە یەکێک لە بنەماکانی جیاکردنەوەی سیستمی ناوەندێتیی کارگێڕی، لە ناناوەندێتیی کارگێڕی دادەنرێت... بڕوانە: عادل ابراهيم ادهم، التنظيم الإداري في الدولة الاتحادية (العراق نموذجآ)، اطروحة دكتوراه، جامعة سانت كليمێنتس- مكتب كركوك، العراق، ٢٠١٤، ص١٥.

[4]- كمال خيري، آفاق و تحديات اللامركزية الإدراية (دراسة مقارنة)، اطروحة دكتوراه، كلية الحقوق- قسم القانون العام، جامعة الاسلامية في لبنان، ٢٠٢٠، ص٢٢.

خشتەی ژمارە (١)

جیاوازیی نێوان ناناوەندێتیی کارگێڕی، لەگەڵ ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕ

| ڕووە جیاوازەکانیان | ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕ (عدم التركيز الإداري) | ناناوەندێتیی کارگێڕی اللامركزية الإدارية |
|---|---|---|
| لە ڕووی جۆرەوە | شێوەیەکە لە شێوەکانی ناوەندێتی، تێیدا بەشێک لە دەسەڵاتە کارگێڕیەکان دەدرێت بە فەرمانبەرانی سەربە حکومەتی ناوەندی لە ئاستەکانی خوارەوە. | جۆرێکە لە جۆرەکانی ناناوەندێتیی، تێیدا دەسەڵاتە کارگێڕیەکان دابەشدەکرێت لە نێوان حکومەتی ناوەند و دەستە سەربەخۆکان. |
| لە ڕووی بەهای دیموکراسییەوە | لە ڕووی دیموکراسییەوە بەهایەکی کەمتری هەیە، چونکە دەسەڵات بە دەست ناوەندو فەرمانبەرەکانیەوەیە دەمێنێتەوە. | بەهایەکی گرنگی دیموکراسی هەیەو لە ڕووی بەشداری پێکردن و پێگەیاندنەوە، هەروەها بڕیاردان لە بەشێک لە کارەکان دەدات بە هاوڵاتیان خۆیان، یاخود نوێنەرەکانیان. |
| لەڕووی فەرمانبەرانەوە | فەرمانبەران فەرمانبەری ناوەندن | فەرمانبەران فەرمانبەری خۆجێیین. |
| لەڕووی چاودێری و سەربەخۆییەوە | بنەمای دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ڕەچاو دەکرێت (التبعية الرئاسية) ملکەچن بۆ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی. | چاودێرییەکە تەنها بەو جۆرە دەبێت کە یاسا دیاریدەکات، چونکە دەستە خۆجێییەکان خاوەن کەسایەتی مەعنەوین و سەربەخۆن. |
| لەڕووی دەرکردنی بڕیارەوە | بڕیارەکان و گرێبەستەکان بەناوی ناوەندەوە دەردەچن و واژۆدەکرێن. | بڕیارەکان و گرێبەستەکان بەناوی دەستەی خۆجێییەوە دەردەکرێت و واژۆدەکرێن. |
| لەڕووی جێگریی دەسەڵاتەکان | ناجێگیرن و هەرکات حکومەتی ناوەند بیەوێت وەریاندەگرێتەوە، یاخود زیاد و کەمی دەکات. چونکە بە زۆری لە ڕێگەی بڕیارەوە دەسەڵاتەکان شۆڕ دەکرێنەوە و وەردەگیرێنەوە. | تاڕادەیەک جێگیرن، لەبەرئەوەی دەسەڵاتە کارگێڕیەکان بە یاسا دابەشدەکرێت. |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر، بە سود وەرگرتن لە : علي حاتم عبد الحميد العاني، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣-٣٤.

**دووەم: جیاوازیەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەگەڵ ناناوەندێتیی سیاسی (اللامرکزیة السیاسیة):-**

ناناوەندێتی سیاسی ڕێکخستنێکی کارگێڕی و سیاسییە و لەسەربنەمای دەستور دامەزراوە، کە دەبەخشرێت بە ناوچەیەکی دەوڵەت؛ بە هۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی و جیاوازییی، لە ڕووی نەتەوەیی یان جوگرافی یاخود مێژوویی، واتە زیاتر بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە وادەکات حکومەتی ناوەند بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی دان بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی ناوچەیەکی دیاریکراودا بنێت و ئاستێک لە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی سیاسییان پێ ببەخشێت[1].

گرنگترین خاڵە جیاوازەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەگەڵ ناناوەندێتی سیاسی بریتین لە[2]:

١- ناناوەندێتیی کارگێڕی شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی، کە لە سەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتە کارگێڕیەکان ( دەسەڵاتی جێبەجێکردن) لە نێوان ناوەندو دەستەخۆجێییەکاندا دامەزراوە، بەڵام ناناوەندێتیی سیاسی، شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکخستنی سیاسی و لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی (جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری مەرج نییە) لە نێوان ناوەند و یەکە سیاسییەکاندا دامەزراوە.

٢- ناناوەندێتیی کارگێڕی دەکرێت لە دەوڵەتی سادە و یەکگرتوو(الدولة الإتحادیة) پەیڕەو بکرێت، بەڵام ناناوەندێتیی سیاسی زیاتر لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا جێبەجێدەکرێت.

٣- لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا یەکە خۆجێییەکان ملکەچی ئەو یاسایانە دەبن کە لە دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەندەوە دەردەچێت، لەبەر ئەوەی خۆیان دەسەڵاتی دەرکردنی یاسایان نییە. بەڵام لە ناناوەندێتیی سیاسیدا یەکە سیاسییەکان (هەرێم، ویلایەت...)، مافی دەرکردنی یاسایان هەیە لە چوارچێوەی هەرێمەکەدا[3]. واتە خاوەنی دەسەڵاتی یاسادانانی خۆیان و لەپاڵ پابەند بوونیان بە هەندێک لەو یاسایانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەندەوە پەسەند دەکرێت و لەسەرجەم ناوچەکانی دەوڵەتدا جێبەجێدەکرێت، پابەندی هەموو ئەو یاسایانە دەبن کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمەکەوە دەردەکرێت.

بڕوانە خشتەی ژمارە (٢) جیاوازییەکانی نێوان ناناوەندێتیی کارگێڕی و ناناوەندێتیی سیاسی ڕووندەکاتەوە.

---

[1]- د. ناظم عبدالواحد، موسوعة علم السیاسة، دار مجدلاوي للنشر والتوزیع، عمان- الاردن، ٢٠٠٤، ص١٧٥.

[2]- بڕوانە: د. سعید نحیلي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧؛ د. مسعود احمد مصطفی، اقالیم الدولة الاسلامیة بین اللامرکزیة السیاسیة و اللامرکزیة الإداریة، الهیئة العامة المکتبة الاسکندریة، القاهرة، ١٩٩٠، ص٧٠-٧٤؛ د. شۆرش حسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

[3]- د. ساجد احمید، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

خشتەی ژمارە (٢)

جیاوازیی نێوان ناناوەندێتیی کارگێڕی، لەگەڵ ناناوەندێتیی سیاسی

| ناناوەندێتیی سیاسی- اللامركزية السياسية | ناناوەندێتیی کارگێڕی- اللامركزية الإدارية |
|---|---|
| ڕێکخستنێکی کارگێڕی و سیاسییە، کە لە سەر بنەمای دەستوور دامەزراوە. | شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکخستنی کارگێڕی و بەیاسای ئاسایی ڕێکدەخرێت |
| دەسەڵاتی سیاسی دابەشدەکرێت (جێبەجێکردن و یاسادانان) | تەنها بەشێک لە دەسەڵاتی کارگێڕی کە دەسەڵاتی (جێبەجێکردن) دەگرێتەوە، لەنێوان ناوەندو یەکە خۆجێییەکاندا دابەش دەکرێت. |
| بە گوێرەی دەستوری حکومەتی ناوەندی پێکدەهێنرێن و دەسەڵاتەکان دابەشدەکرێن، هەریەکەیەک حکومەت و پەرلەمانی خۆی دەبێت. | بە یاسایەکی تایبەتمەند پێکدەهێنرێن و ئەرک و دەسەڵاتەکانیان دیاریدەکرێت، کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی ناوەندەوە دەردەچێت، بەڵام ئەنجومەنی یەکە کارگێرییەکان دەسەڵاتی یاسادانانیان نابێت. |
| پاڵنەری سەرەکی بۆ جێبەجێکردنی، بە زۆری چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانە، واتە زیاتر لە دەوڵەتی فرە نەتەوە و فرە ئایندا جێبەجێ دەکرێت. | زیاتر لە پێناو باشترکردنی ئەرکە کارگێڕی و خزمەتگوزارییەکان و گەشەپێدانی دیموکراسی جێبەجێدەکرێت. |

سەرچاوە: ئامادەکردنی خشتەی ژمارە (٢) لەلایەن توێژەرەوە بەسود وەرگرتن لە: د. ازهار هاشم احمد، تنظيم العلاقة بين السلطة المركزية و سلطات الاقاليم فى النظام الفدرالي، المركز القومي للإصدار القانونية، القاهرة، ٢٠١٤، ص٥٥-٥٦؛ د. عمار بوضياف، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣-١٦٤.

## توێژینچەی چوارەم: هەڵسەنگاندنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی

جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەهەر دەوڵەتێک یاخود هەرێمێکدا، دەکرێت لە ڕووی سیاسی، کارگێڕی، ئابوریی و کۆمەڵایەتیەوە، چەند لایەنێکی ئەرێنی و گرنگی هەبێت، لەبەرامبەریشدا دەکرێت چەند لایەنێکی نەرێنی هەبێت و جێگەی ڕەخنە بێت، لەبەرئەوە لەم توێژینچەیەدا هەڵسەنگاندنێک بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی دەکەین و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی دەخەینە ڕوو، بۆ ئەو مەبەستەش تەوەرەکە دابەشی سەر دوو لق دەکەین، لە لقی یەکەمدا لایەنە ئەرێنیەکان و لە لقی دووەمیشدا ئەو ڕەخنانەی لە سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەگیرێت دەخەینە ڕوو.

### لقی یەکەم: لایەنە ئەرێنیەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی

جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی، لە ڕووی سیاسی، ئابوری، کارگێڕی وکۆمەڵایەتییەوە، دەتوانێت چەند کاریگەرییەکی ئەرێنی هەبێت، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

**یەکەم: لەڕووی سیاسیەوە[١]:-**

١- دەبێتە هۆی پەرەپێدانی دیموکراسی و بەشداری پێکردنی هاوڵاتییان لە پرۆسەی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکانیان، چونکە لەم سیستمەدا هاوڵاتیان دەتوانن چەند ساڵ جارێک بەشداری لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکان بکەن و مافی دیموکراسی خۆیان پیادە بکەن، لەبەرئەوە زۆرجار ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی، وەک قوتابخانەیەک دەبینرێت بۆ پێگەیاندنی سیاسی. لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی نزیک کردنەوەی هاوڵاتی لە حکومەت، بەمەش متمانەی هاووڵاتیان بە دەنگدان و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی زیاد دەکات، هەروەها ئاستی وشیاریی سیاسی هاوڵاتیانیش بەرزدەکاتەوە.

٢- گرنگی پێدانی هاوڵاتییان بە پرسە گشتییەکان لەسەر ئاستی خۆجێیەتی زیاد دەکات، ئەمەش هەستی بەر پرسیارییەت لای هاوڵاتیان دروستدەکات و دەبێتە هۆی زیادکردنی لێپرسینەوە و شەفافیەت، لەبەرئەوەی لە ناناوەندێتییدا هاوڵاتیان نوێنەرەکانیان باشتر دەناسن و ئاگاداری ئیش و کارەکانیان دەبن، بەمەش باشتر دەتوانن لێیان بپرسنەوە و چاودێرییان بکەن.

٣- دەبێتە هۆکاری دابەشکردنی دەسەڵات و ڕێگری دەکات لە کۆکردنەوەی لە دەستی کەسێک یان چەند کەسێکدا، بەوەش مەترسی سەرهەڵدانی ستەمکاریی ناوەند کەمدەکاتەوە.

---

[١]- بڕوانە: محمد محمود الطعامنة، نظم الإدارة المحلية (المفهوم والفلسفة و الأهداف)، ورقة بحث مقدمة في المتلقي العربي الاول: ( تنظيم الإدارة المحلية في الوطن العربي)، سلطنة عمان ( ١٨-٢٠٠٣/٨/٢٠)، ص١٤؛ كريستوفر بشارة وآخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦-٢٧

**دووەم: لەڕووی ئابوورییەوە[١]:-**

١- لە سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا دەتوانرێت داهات و خەرجییەکان بە باشی ئاراستە بکرێت و سودیان لێ وەربگیرێت، چونکە دەسەڵاتە خۆجێییەکان باشتر دەزانن کە خواست و پێداویستەکانی هاوڵاتیان چییە، بۆ ئەوەش ڕەچاوی بارودۆخ و پێداویستییە لە پێشینەکان دەکرێت.

٢- دەبێتە هۆی زیادبوونی کێبرکێ لە نێوان یەکە کارگێڕییەکان، لە ڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی باشتر.

٣- کۆمەڵگە خۆجێییەکان زیاتر دەتوانن چاودێری خەرجکردنی داهاتەکانی باج بن، دەرئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرپرساریێتی و بەشداریکردن لە بەرهەمهێنان و پارێزگاریکردن لە پەرەپێدان.

٤- ناناوەندێتیی کارگێڕی دەبێتە هۆی بونیادنان و گەشەپێدانی ئابوری لە ئاستی خۆجێیەتی، لەبەرئەوەی لە سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا هاوڵاتییان دڵنیان لەوەی ئەو باج و ڕسوماتانەی کە لێیان وەردەگیرێت، لەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە خۆیان پێویستیانە لە ناوچەکەیاندا خەرجدەکرێت، ئەمەش لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندی گەشەکردنی ئابوریی نیشتیمانی دەشکێتەوە[٢].

**سێیەم: لەڕووی کارگێڕییەوە:-**

١- دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی فشار لەسەر حکومەتی ناوەندی، لەبەرئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتە کارگێڕییەکاندا ئەرکەکانیش دابەشدەکرێت، ئەوەش وادەکات بە شێک لە کاروباری هاوڵاتیانی خۆجێیی لە ناوچەکەی خۆیان جێبەجێ بکرێت و پێویستی بە سەردانی پایتەخت نەبێت[٣].

٢- هۆکارە بۆ بەرزکردنەوەی توانا کارگێڕییەکانی حکومەت و باشتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان[٤]. لەبەرئەوەی دابەشکردنی ئەرکەکان فشار و ئاستەنگەکان کەم دەکاتەوە، بەوەش کاروبارەکان باشتر جێبەجێدەکرێن.

---

[١]- فاروق عەبدول، چوار سودی گرنگی لامەرکەزی، ماڵپەڕی میللەت پرێس، ٢٠٢٠/٥/١، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن:(٢٠٢٢/٣/١٨)https://bit.ly/3AcJeof

[٢]- بروانە: الاهداف الاقتصادية و السياسية والاجتماعية للامركزية ، منشور على مدونة: UNIVERSITYLIFESTYLE.NET، متاح على الرابط الاتية:

تاريخ الزيارة (٢٠٢٢/٣/١٧)https://bit.ly/3troeFB

[٣]- ميلودي فتيحة، التقسيمات الإدارية و أثرها على الجماعات الإقليمية البلدية في الجزائر، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة الدكتور موالي الطاهر" سعيدة"، ٢٠١٧- ٢٠١٨، الجزائر، ص ٢٥.

[٤]- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٣- بە هۆی نزیکی ئیدارەی خۆجێیەتی لە هاوڵاتییان، توانای بە خێرایی وەڵامدانەوەی پێداویستی و داواکاری هاوڵاتیانی ئەو ناوچەیەی دەبێت[١] .

٤- ڕێکارە کارگێڕیەکان ئاسان دەکات و ڕۆتین لە دامەزراوەکاندا کەم دەکاتەوە[٢].

**چوارەم: لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە**

سیستمی ناناوەندی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی جۆرێک لە هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان ئەندامانی هەمان ناوچەو کۆمەڵگە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانیان، هەروەها ئەنجومەنە هەڵبژێردراوە ناوخۆییەکان لە کەسانی نیشتەجێی هەمان شوێن پێکدەهێنرێن کە خاوەن لێهاتوویی جیاوازن، لە هەمانکاتیشدا سەر بە چین و توێژە جیاوازەکانی ناوچەکەن و نوێنەرایەتیی سیاسی هەمووان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەیەکەوە هەوڵدەدەن بۆ گەشەپێدانی ناوچەکەی خۆیان[٣]. کەواتە دەکرێت گرنگی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕوو[٤]:-

١- دەبێتە هۆی خستنەکاری هێزی تاک، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان لەسەر ئاستی حکومەتە خۆجێییەکان.

٢- دەتوانێت پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دانیشتوان و حکومەتە خۆجێییەکاندا دروستبکات.

٣- دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دانیشتوان، بەهۆی ئاگاداری حکومەتە خۆجێییەکان لە پێداویستی هاوڵاتیان و جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانیان.

٤- ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و ڕێگرتن لە کۆچکردن بۆ شارەگەورەکان، لە ڕێگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی ڕۆشنبیرییەوە[٥].

لەکۆتاییدا دەبێت ئەوە ڕوون بێت، کە مەرج نییە بە جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە چوارچێوەی هەر دەوڵەتێک، یاخود هەرێمێکدا، هەموو ئەو لایەنە ئەرێنییانەی کە لە سەرەوە خرایەڕوو جێبەجێ ببێت و بە دیبێت، بەڵام دەکرێت بڵێین ئەو خاڵانە ئەو لایەنە ئەرێنییانەن کە چاوەڕوان دەکرێت بە جێبەجێکردنی ئاستێکی پێشکەوتووی ناناوەندێتیی کارگێڕی، بتوانرێت بەدەست بهێنرێن و مەحاڵ نەبن.

---

[١]- محمد صغير بعلي، دروس في المؤسسات الادارية، منشورات جامعية، جامعة باجي مختار، عنابة- الجزائر،٢٠٠٠ ص٦.

[٢]- د. احمد فايز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

[٣]- د. عمار بوضياف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

[٤]- نوار كاظم جابر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦- ١٧.

[٥]- ميلودي فتيحة، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

### لقی دووەم: ئەو ڕەخنانەی کە لە سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەگیرێت

سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی سەرەڕای ئەو لایەنە ئەرێنیانەی کە لە سەرەوە خرایە ڕوو، بەڵام ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەک دەبێتەوە، بە تایبەت لەو دەوڵەت و هەرێمانەی زەمینەی جێبەجێکردنی وەک پێویست بۆ نەڕەخساوە، گرنگترین ئەو ڕەخنانەش بریتین لە:-

### یەکەم: لە ڕووی سیاسیەوە

هەندێک پێیان وایە سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەبێتە هۆکارێک بۆ لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەند و کەمبوونەوەی توانای چاودێریکردن و لێپرسینەوە[1]. ئەمەش وەک مەترسیەک دەبینن بۆ سەر یەکپارچەیی دەوڵەت، وای دەبینن کە دابەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی و پێدانی سەربەخۆیی و دانان بە کەسایەتی مەعنەویی ئەو ناوچانە، دەبێتە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بن[2]. بەڵام لەبەرئەوەی لە ناوەندێتی کارگێڕیدا، تەنها دەسەڵاتە کارگێڕییەکان دابەشدەکرێت، نەک سیاسی و یاساییەکان، هەروەها دەستە خۆجێییەکان دەکەونە ژێر چاودێری دەسەڵاتەکانی ناوەندەوە، نەک بەتەواوی سەربەخۆ بن، ئەم دوو هۆکارەش دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەو جۆرە مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی دەوڵەت دروستنەکات.

### دووەم: لەڕووی ئابورییەوە

سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەندێک کاتدا دەبێتە هۆی بەهەدەردان و زیادبوونی خەرجییەکانی دەوڵەت، ئەوەش بەهۆی زیادبوونی خەرجییەکانی بەکارهێنان و نەبوونی شارەزای پێویست لە ئاستی حکومەتی خۆجێی[3]. ئەم مەترسییەش دەکرێت لە ڕێگەی ڕاوێژ و ڕاهێنان پێویست بە بەرپرسانی کارگێڕی لە ئاستی خۆجێی، لە ڕووی هونەریی و کارگێریی و یاساییەوە ئاستی تواناو شارەزاییان باشبکرێت، هەروەها لەبەرئەوەی یەکە کارگێڕیەکان داهاتی خۆجێیی خۆیانیان هەیە، ئەوا دەتوانرێت لە ڕێگەی چاودێریکردنیان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندی و دانانی پلان و بەرنامەی گونجاو، ئاستی بە هەدەردان و خەرجی زیادە کەمبکرێتەوە.

---

[1]- د. اقبال ناجي سعيد، اللامركزية الإدارية في دستور جمهورية العراق ٢٠٠٥، مجلة العلوم القانونية، كلية القانون- جامعة بغداد، العدد الاول، ٢٠٢٠، ص٢٥١.

[2]- بڕوانە: د. مازن راضي ليلو، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣؛ د. سعيد نحيلي، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣؛ و د. غني زغير و د. ميسون طه، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

[3]- ولاء موختار عثمان، اللامركزية كمدخل لتطبيق اسلوب الإدارة بالاهداف، مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات و البحوث الاجتماعية: هي المجلة العلمية لكلية الخدمة الاجتماعية- جامعة الفيوم، المجلد (١١)، العدد (١١)، الربيع ٢٠١٨، القاهرة، ص ٢١٦.

**سێیەم: لەڕووی کارگێڕییەوە**

هەندێک ڕەخنەی ئەوە لە ناناوەندێتیی کارگێڕی دەگرن، کە دەبێتە هۆکارێک بۆ نەگونجان (عدم التجانس)، یاخود تێکهەڵچوون و بەریەککەوتن لە دەسەڵات و تایبەتکارییەکان، لە نێوان حکومەتی ناوەند و دەستە خۆجێییەکان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا، هەروەها دەبێتە پاڵنەرێک بۆ زاڵبوونی بەرژەوەندیی خۆجێیی بەسەر بەرژەوەندی نیشتیمانیدا[١].

بەڕای ئێمە ئەم ڕەخنەیە دەکرێت لە ڕێگەی دیاریکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان بە شێوەی دابڕیان گیرخوازی (حصري) لە ڕێگەی دوو شێوازە سەرەکییەکەوە، کە شێوازی ئینگلیزی و شێوازی فەرەنسییە، هەروەها بە دیاریکردنی دەستەی دادوەری تایبەتمەند بۆ یەکلاییکردنەوەی بڕیارەکان، دیاردەی نەگونجان یان تێکهەڵچوون، لە نێوان تایبەتکارییەکانی ناوەند و یەکە خۆجێییەکاندا، تاکو ئاستێکی زۆر کەمبکرێتەوە، لە هەمانکاتیشدا لەبەرئەوەی لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا حکومەتی ناوەند دەتوانێت لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە لە ناوچە خۆجێییەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یاخود لە ڕێگەی چاودێریکردنی دەستە خۆجێییەکانەوە، هەموو ئەو یاساو ڕێسایانە جێبەجێبکات کە خۆی دەیەوێت و یاسا ڕێگەیپێداوە، بەمەش دەتوانێت مەترسی زاڵبوونی بەرژەوەندیی خۆجێیی بە سەر بەرژەوەندی نیشتیمانیی کەمبکرێتەوە.

**چوارەم: لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە**

هەندێکجار بە هۆکاری ئاینی یاخود نەتەوەیی، جیاوازیی دەکرێت لە نێوان دانیشتوانی ناوچەکاندا، هەروەها زۆرجاریش لەسەر ئاستی خۆجێیی چینێکی دەستەبژێر دروستدەبێت، کە ئەوان ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕن لە پلاندانان و بڕیارەکاندا لەسەر ئاستی خۆجێیی[٢]. بەڵام بە هۆی ئەوەی ناناوەندێتیی کارگێڕی ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی دیموکراسی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی هاوڵاتیان، بە تایبەت لە ڕێگەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە خۆجێییەکان و دامەزراوە خۆجێییەکاندا، کە وەک قوتابخانەیەک وایە بۆ ڕاهێنانی هاوڵاتییان، ئەمەش وادەکات لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئەم لایەنە نەرێنیانە کەمبکرێنەوە و نەمێنن.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتوانین بڵێین کە ڕێکخستنی سیستەمی کارگێڕی لە هەر کۆمەڵگایەکدا لەسەر بنەمای ناوەندێتیی کارگێڕی یان ناناوەندێتیی کارگێڕی دەبێت، یاخود تێکەڵەیەک دەبێت لە هەردووکیان، ناوەندێتیی کارگێڕی یان بە شێوازی ناوەندێتیی کارگێڕیی چڕ دەبێت و سەرجەم دەسەڵاتەکان لە دەستی حکومەتی ناوەند لە پایتەختدا چڕ دەکرێتەوە، یاخود بە شێوەی ناوەندێتیی کارگێڕیی ناچڕ دەبێت، کە تێیدا هەندێک دەسەڵاتی کارگێڕی دەدرێت بە

---

[١]- د. عمار بوضیاف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

[٢]- سمير محمد عبدالوهاب، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

فەرمـــانبەرانی پـلـە بـالا لە ئاســتی خـــوارەوە، بەڵام جیــاوازیی ئەم شــێوازە لەگەڵ ناناوەنــدێتیی کارگێڕیدا، ئەوەیە کە ئەو فەرمانبەرانە، یاخود ئەو دامەزراوانە خاوەن کەسایەتی مەعنەویی نین و ملکەچن بۆ دەسـەڵاتی سـەرۆکایەتی. ناناوەندێتیی کە بە شـێوەیەکی گشـتی خـۆی لە دابەشـکردنی دەسەڵات و بەر پرسیارێتی بەسەر زیاد لە یەک ناوەندا دەبینێتەوە، دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە لەوانە ناناوەنـدێتیی سیاسـی، ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی، ناوەنـدێتی ئـابوریی و دارایـی، هەریەکە لەم جۆرانەش تایبەتمەندی سیاسی و کارگێڕیی و یاسایی خۆیانیان هەیە، هەروەها لە ڕووی ئاسـت و شێوازی پەیڕەوکردنیشەوە بەهۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی مێژوویی، سیاسی، کلتوری ورۆشـنبیری و...، لە دەوڵەتـێکەوە بـۆ دەوڵەتێکـی دیـکە جیـاوازن. هەرچـی ناناوەنـدێتیی کـاگێڕی خـۆجێییە، کە بـریتییە لە دابەشـکردنی دەسـەڵاتە کارگێڕییەکـان لە نێـوان حکـومەتی ناوەنـد یـاخود حکـومەتی هەرێمێکـی فیـدراڵ، لەگەڵ دەسـتە خـۆجێییە سـەربەخۆکان لە ئاسـتەکانی خـوارەوە. ئەوەش یـان لەسـەر بنەمای جوگرافی دەبێت و پێی دەڵێن ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی یاخود هەرێمـی، یـان لەسەر بنەمای بابەتی (موضوعي) دەبێت کە پێیدەگوترێت ناناوەندێتیی کارگێڕی بەرژەوەندیی.

جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی پێویستی بە چەند ڕەگەزێک هەیە، کە ئەوانیش بـریتین لە: بـوونی بەرژەوەنـدی خـۆجێیی جیـاواز لە بەرژەوەنـدیی گشـتی نیشـتیمانی، بـوونی دەسـتەی سـەربەخۆی هەڵبژێـردراو لە ئاسـتی خـۆجێیەتی، چـاودێری دەسـەڵاتی ناوەنـد بە سەر دەستە خۆجێییەکانەوە.

هەروەهـا جێبەجێکردنـی سیسـتمی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی لە ڕووی سیاسـی، کـارگێڕی، ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە، چەندین لایەنی ئەرێنی و گرنگی هەیە، چونکە جگە لەوەی کە دەکرێت ببێت بە هۆکاری سەقامگیری سیاسـی و چەسـپاندنی بنەماکانی دیموکراسـی، هەروەهـا ڕاییکردنـی کاروبـاری هاوڵاتییـان ئاسـان دەکـات و گەشـەپێدانی ئـابوری لە ئاسـتی خـۆجێیەتی باشـتر دەکـات، بەمەش متمـانەی نێـوان هـاوڵاتیی و دەسـەڵات بەهێـز دەکـات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەک دەبێتەوە لەوانە، هەندێک بە مەترسی لەسەر یەک پارچەیی دەوڵەت و زیادبوونی خەرجییەکـانی سەرشـانی دەوڵەتـی دەزانـن، هەروەهـا ئەگەری ئەوە هەیە جۆرێـک لە نایەکسـانی خۆجێیی بهێنێتەکایەوە، ئەمە جگە لە ئەگەری تێکهەڵچوونی دەسـەڵات و تایبەتکارییەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندیی و ئەنجومەنەکان و دەستە خۆجێییەکاندا.

## بەشی دووەم

## ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان- عێراق

لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، دەرفەتی ئەوە هاتە پێش کە هەرێمی کوردستان- عێراق[١]، وەک ناوچەیەکی کاری کردە (ئەمری واقیع- دیفاکتۆ[٢]) لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراق دروست ببێت. ئەمەش وایکرد لە ڕووی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کارگێڕییەوە جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی عێراق خاوەن تایبەتمەندیی خۆیبێت. لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە چەند هەوڵ و هەنگاوێکی ناوە کە ئاماژەن بۆ ڕێکخستنی سیستمی کارگێڕی لەسەر بنەمای ناناوەندێتیی کارگێڕی. ئامانجی ئەم بەشەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە پێشینەیەک دەربارەی دروستبوونی هەرێمی کوردستان و پاشخانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی تێیدا بخاتە ڕوو، پاشان واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی و گرنگی جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردستاندا ڕوونبکاتەوە.

---

[١]- لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومڕانی هەرێمی کوردستانە، کە لە ماددەی (٥٣/ برگەی ا) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە ئاماژەی پێکراوە، هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە تاکو بەر لە ٢٠٠٣/٣/١٩، لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوون. لەبەرئەوە هەندێکجار لەم توێژینەوەیەدا لە جیاتی دەستەواژەی (هەرێمی کوردستان- عێراق)، تەنها (دەستەواژەی هەرێمی کوردستان) بەکارهاتووە، کە هەر مەبەست پێی (هەرێمی کوردستان- عێراق)ە. جێگەی ئاماژە پێدانە لە ئێستادا یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، جگە لە ماددەی (٥٣ برگەی ا، ماددەی ٥٨) بە پێی ماددەی (١٤٨) لە دەستووری کۆماری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥، هەڵوەشاوەتەوە.

[٢]- دەسەڵاتی کاریکردە (دیفاکتۆ- ئەمری واقیع): بریتییە لە قەوارەیەکی جوداخواز کە لەلایەن خەڵکانێکەوە لە هەناوی سنوری دەوڵەتێکدا دروستدەکرێت و بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن ئەندامانیەوە پشتگیری لێدەکرێت، لە ئەنجامدا جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردن دێتە ئاراوە. زاراوەی دیفاکتۆ لە نەریتی ڕامیاریدا بۆ قەوارەیەکی ڕامیاریی بەکاردێت کە ئاستێک لە سەربەخۆی بەدەست هێنابێت و بە سەر کاروباری ناوخۆییدا زاڵبێت، بەڵام ناتوانێت یان نایەوێت یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان لە ئەستۆ بگرێت، لەبەرئەوە لەلایەن دەوڵەتانی دیکەوە بە فەرمی دان پێدانراو نییە... بڕوانە: د. سەردار عەزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی الدار العربیة للعلوم- ناشرون،٢٠١٣، ل ٢٣. هەروەها بڕوانە: فەرهەنگی زاراوەکان (یاسایی، ئابوری، ڕامیاری)، ئامادەکردنی: سەروەت تۆفیق، لە بڵاوکراوەکانی تۆڕی ئەکادیمیا و دیالۆگی میدیا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٣٩١.

## تویێژراوەی یەکەم: دروستبوونی هەرێمی کوردستان و پاشخانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی تێیدا

هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دروستبوونیەوە، تاکو گەیشتووە بە ئەمڕۆی بە چەند باورودۆخێکی سیاسی و کارگێڕیی جیاوازدا تێپەڕبووە، ئەوەش کاریگەری جیاجیای لە سەر شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕی[1] و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕیەکان هەبووە. بۆ زانینی چۆنیەتی دروستبوونی هەرێمی کوردستان و پاشخانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی تێیدا، ئەم تویژراوەیە دابەشی سەر دوو تویێژینچە دەکەین. لە تویێژینچەی یەکەمدا پێشینەیەک دەربارەی دروستبوونی هەرێمی کوردستان دەخەینە ڕوو، لە تویێژینچەی دووەمدا پاشخانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا ڕووندەکەینەوە.

### تویێژینچەی یەکەم: پێشینەیەک دەربارەی دروستبوونی هەرێمی کوردستان

دەوڵەتی عێراق لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە ساڵی ١٩٢١ دامەزرا. پاشان بە پێی بەرژەوەندی دەوڵەتانی زلهێز ویلایەتی موصڵ[2] (کە ناوچەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بەشی سەرەکی ویلایەتەکەی پێکهێنابوو)، بە بڕیارێکی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم[3]) لە ڕێکەوتی ١٩٢٥/١٢/٢٥ لکێنرا بە عێراقەوە[4].

---

[1]- مەبەست لە ڕێکخستنی کارگێڕی (التنظيم الإداري) ڕوونکردنەوەی ئەو بنەمایانەیە کە دامەزراوە حکومییەکانی لەسەر دامەزراون و مومارەسەی وەزیفەی کارگێڕی دەکەن لە دەوڵەت یاخود هەرێمێکدا، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی شێوازی هەماهەنگی نێوانیان و ئەو ئامرازانەی کە بۆ پەیڕەوکردنی تایبەتکارییەکانیان (الإختصاصات) بەکاریدەهێنن... د. زانا ڕەئوف و د. دانا عەبدولکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

[2]- لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئەم ناوچەیە (عێراقی ئێستا) لە ڕووی کارگێڕیەوە بە پێی یاسای ویلایەتەکان کە لە ساڵی ١٨٦٤ دەرکرابوو، دابەشی سەر سێ ویلایەت کرابوو، کە ئەوانیش ویلایەتی بەغداد ، ویلایەتی بەصرە، ویلایەتی موصڵ بوو...بڕوانە: بدرية صالح عبدالله، اللامركزية في العراق بعد (٢٠٠٥)، دراسات الدولية، المجلد (٢٠١٨)، العدد (٧٤)، ٣٠/ايلول/٢٠١٨، ص ١٦٣؛ د. ماهر صالح علاوي الجبوري، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

[3]- کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) بەیەکەم ڕێکخراوی جیهانی دادەنرێت کە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی ١٩٢٠، بە ئامانجی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان دامەزرا، بە دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٣٩ و دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٦، ڕێکخراوەکە بە تەواوی لێک هەڵوەشایەوە... د. صادق حسن السوداني، صفحات من تاريخ عصبة الامم، دار الجواهري، بغداد، ٢٠١٣، ص٥.

[4]- د. هاوڕێ یاسین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی سێیەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٨.

له ١٩٣٢/١٠/٣ عێــراق بــوو به ئەنــدامی کــۆمەڵەی گەلان، مەرجــی ئەم ئەنــدامیەتییەش ڕازیبوونی عێراق بوو؛ بەو مەرجانەی کۆمەڵەکە ئاراستەی کردبوو، کە لە نێویاندا پابەندبوونی عێراق بوو، بە ڕێزگرتن لە مافە ڕۆشنبیری و کارگێڕییەکانی کوردەکان و نەتەوەکانی دیکە کە لە لیواکانی موسڵ و هەولێر و کەرکوکدا دەژین[١]. بەڵام بە درێژایی سەردەمی حوکمی پاشایەتی لە عێراقدا، لە نێوان ساڵانی (١٩٢١-١٩٥٨)، هەر بەڵێن و پەیمانێک سەبارەت بە مافەکانی کورد دەدرا[٢]، لەگەڵ جێگیربوونی حکومەتەکانیان لە جیاتی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە، لە هەوڵی سەپاندنی زیاتری دەسەڵاتی ناوەندیدا دەبوون[٣].

هەرچەندە لە یەکەم دەستووری کاتی پاش گۆڕانکاریەکانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨[٤]، بەدەق هـاتووە کە " دەوڵەتـی عێـراق لەسـەر بنەمـای هاوکـاری تەواوی هاوڵاتییەکـانی دادەمەزرێت، بە ڕێزگرتن لە مافەکانیان و ڕێکخستنی ئازادییەکانیان، عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتیمانەداو ئەم دەستورە دان بە مـافە ناتەوەییەکانیانـدا دەنێت لە چوارچێوەی یەکێتـی عێراقـدا"[٥]، بەڵام ئەم ماددەیە بە کرداریی کارپێنەکرا و لە واقیعدا بەرجەستە نەبوو[٦].

دواتر لە ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠[٧]، حکومەتی عێراق بە ئاشکرا ڕازیبوو بە پێدانی (حکم الذاتی- Selfgoverenment) بۆ ناوچە کوردییەکان (سنورەکانی نزیک بوون لە هەرێمی

---

[١]- بڕوانە: ادمون غريب، الحركة القومية الكردية، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣، ص٢٥- ٢٦؛ سۆران عزەدین، دوو قۆناغی مێژوویی لە ڕوانگەیەکی یاساییەوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٣.

[٢]- بۆ زانیاری دەربارەی مافەکانی گەلی کورد لە دەستوورەکانی عێراقدا بڕوانە: د. شـۆرش حسـن ، حقوق الشعب الكردي في الدساتير العراقية (دراسة تحليلية مقارنة)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.

[٣]- إناس احمد، الدول الاقليمية واقليم كردستان العراق بعد ٢٠٠٣(دراسة في تطور المواقف والعوامل المؤثرة)، دار الابداع، صلاح الدين- العراق، ٢٠٢١، ص٢٦- ٢٧.

[٤]- لە ١٤ی تەمـوزی سـاڵی ١٩٥٨ لە ڕێـگەی کودەتـایەکی سـەربازییەوە، کە بزاوتـی ئەفسـەرانی ئـازادیخواز بە سەرۆکایەتی (عەبدولکەریم قاسم) ئەنجامیاندا، دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراقدا کۆتایی پێهێنرا، سیستمی سیاسی لە پاشایەتیەوە بۆ کۆماری گۆڕدرا...بڕوانە: وسيم رفعت، العراق الانقلابي (١٩٢١-٢٠٠٣)، دار الجواهري، بغداد، ٢٠١٥، ص ٧٨ وبعدها.

[٥]- دەقی ماددەی (٣) لە دەستووری کاتی عێراق بۆ ساڵی ١٩٥٨، کە لە ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی لە ڕێکەوتی (١٩٥٨/٧/٢٨) بڵاوکراوەتەوە.

[٦]- محمد ڕەسوڵ، سیستمی کارگێڕی هەرێم چۆن بە ناناوەندی بکرێت؟ چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٣٢. ل١٣٢.

[٧]- ئەم ڕێکەوتننامەیە لە نێوان بزوتنەوەی ڕامیاریی کورد، بە سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی) و حکومەتی ئەوکاتی عێـراق، لە ١١ ئـازاری سـاڵی١٩٧٠ واژۆکـرا. لەم ڕێکەوتننـامەیەدا کە لە (١٥) بەنـد پێکهـاتبوو، بـۆ یەکەمجـار بەشێوەیەکی یاسایی دان بە مافەکانی گەلی کورد لە عێراقدا نراوە، هەروەها کوردو عەرەب وەک دوو نەتەوەی

کوردستانی ئێستا)، لە ئەنجامی ئەم ڕاگەیاندنەدا، بڕگەیەک بۆ ماددەی (٨)ی دەستوری کاتی ساڵی ١٩٧٠[١] زیادکرا، کە بڕگەی (ج) بوو، تێیدا هاتووە "ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن حوکمی خۆبەڕێوەبردنیان پێدەدرێت، بەو جۆرەی کە یاسا دیاریدەکات"[٢]. دواتر یاسای ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٧٤[٣] بە ناوی (قانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان)، کە تایبەت بوو بە حوکمی زاتی بۆ ناوچە کوردییەکان دەرکرا. بەڵام لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی یاساکە، وەک ئەوە نەبوو کە لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو، بەڵکو تەنها بە پێیی ویستی حکومەتی عێراق داڕێژرابوو، سەرکردایەتی بزوتنەوەی ڕامیاریی کورد، بە ناوەڕۆکی یاساکە ڕازینەبوون و ڕەتیانکردەوە[٤].

لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو[٥] خەڵکی باشوری کوردستان دژی زوڵم و ستەمی ڕژێمی بەعس لە عێراق ڕاپەڕین، ئەو ڕاپەڕینەش دەنگدانەوەی گەورەی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە، تاکو گەیشت بەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، بڕیاری ژمارە (٦٨٨[٦]) و

---

هاوبەش لە عێراقدا دەناسێنرا...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مایکل ام غینتر، کورد العراق (آلام وآمال)، ترجمة: عبدالسلام النقشبندي، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل- اقليم كردستان، ٢٠١٢، ص ٣١-٣٤؛ هەروەها فەرهەنگی ڕامیاریی نیگا، ئامادەکردن و وەرگێڕانی، ئازاد وەڵەدبەگی، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٣٨-٢٣٩.

[١]- دەستووری کاتی ساڵی ١٩٧٠ی کۆماری عێراق، بە بڕیاری ژمارە (٧٩٢)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوێندراوە، لە (٧٠ ماددە) پێکهاتبوو، لە ژمارە (١٩٠٠)ی ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی عێراقی بڵاوکراوەتەوە.

[٢]- بڕوانە: المادة (٨ فقرة ج) من دستور الجمهورية العراق المؤقت لسنة ١٩٧٠.

[٣]- ئەم یاسایە لە (٢١) مادە پێکهاتبوو. لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی عێراقی ژمارە (٢٣٢٧) لە ١٩٧٤/٣/١١ بڵاوکراوەتەوە.

[٤]- سۆران عزەدین فەیزی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[٥]- شەڕی دووەمی کەنداو لە نێوان دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی کوەیت بە پشتگیریکردنی دەوڵەتانی هاوپەیمان ڕوویدا. بە هۆی ئەوەی هێزەکانی عێراق دەوڵەتی کوێتیان داگیرکردبوو. ئەم شەڕە لە ١٩٩١/٢/١٧ دەستی پێکردو لە ماوەی مانگێکدا عێراق توشی شکستێکی گەورەی سەربازی، سیاسی و ئابوری بوویەوە. بڕیاری دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین (ناوچەی ئارام) بۆ ناوچەکوردیەکان درا، ئەمەش دەرفەتی بۆ دروست بوونی هەرێمی کوردستان ڕەخساند...بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: د. السيد عبد المنعم المراكبي، حرب خليج الثانية و التكامل الوطني في العراق (الاكراد-دراسة حالة)، معهد البحوث و الدراسات العربية، القاهرة، ٢٠٠١، ص٨٧ وبعدها.

[٦]- بڕیاری ژمارە (٦٨٨): بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە لە ڕۆژی (٥ی ئەپریلی/ نیسان ١٩٩١) دەرکراوە و لە (٨ بڕگە) پێکهاتووە، بڕیارەکە تایبەتە بە پاراستنی هاوڵاتییانی مەدەنی لە عێراق لە هەر دەست درێژییەکی حکومەتی ئەوکاتی عێراق. لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەدا ئەو ناوچانەی کە دەکەوتنە ناو هێڵی (٣٦) وەکو ناوچەی ئارام و دژە فڕین دەستنیشانکران، هەروەها هێزەکانی حکومەتی عێراقیان ناچارکرد ئەو ناوچانە بەجێبهێڵن و بکشێنەوە... بۆ خوێندنەوەی دەقی بڕیارەکە بڕوانە: ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان:

دروستكردنی ناوچەی ئارامی دەركرد[1]. دروستكردنی ناوچەی ئارام ڕێگا خۆشكەر بوو لە بەردەم دروستبوونی دەسەڵاتی دیفاكتۆ لە ناوچە كوردنشینەكان، بە تایبەت دوای كشانەوەی دام و دەزگاكانی حكومەتی عێراق لە سنوری پارێزگاكانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی، ئەمەش هانی هێزە كوردییەكانیدا هەوڵبدەن ئەو بۆشاییە كارگێڕی و یاساییەی، كە بەهۆی كشانەوەی دام و دەزگاكانی حكومەتی عێراق دروستبووە پڕبكەنەوە، لە هەمانكاتیشدا كاربكەن بۆ دروستكردنی حكومەتێک كە بەرئەنجامی هەڵبژاردنێكی ئازادبێت و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گەل بێت[2].

ئەوە بوو بەرەی كوردستانی[3] یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی دەركرد[4]، كە بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانی عێراق[5] ناسێنراوە، لە ڕێكەوتی ١٩٩٢/٥/١٩ هەڵبژاردنەكە ئەنجامدرا، ئەم پرۆسەیەش دامەزراندنی یەكەمین پەرلەمانی لە هەرێمی كوردستان لێكەوتەوە، كە دواتر لە ١٩٩٢/٧/٤دا، یەكەمین كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێكهات. هەروەها ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستانی عێراق بۆ ڕێكخستنی پەیوەندی یاسایی نێوان هەرێمی

---

ڕێكەوتی سەردانیكردن (٢٠٢٢/٦/١٥)https://bit.ly/٣Q٧FfzA

[1] - گەراس ئارۆ. ڤی. ستانسفیلد، كوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پشكوتنی دیموكراسی، وەرگێڕانی: د. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیڤا، سلێمانی، ساڵ (نەنوسراوە)، ل ٢٥- ٢٨.

[2] - یوسف محمد صادق، ئاستەنگەكانی بەردەم پرۆسەی دیموكراسی و سیستمی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەبەز كەمال، لە كتێبی: كوردستان و عێراق ململانێی ناوخۆیی و ئایندەی سیاسی، كۆمەڵێک نوسەر، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ١١.

[3] - بەرەی كوردستانی: بەرەیەک بوو بۆ هەماهەنگی لە نێوان پارت و هێزە كوردییەكانی باشوری كوردستان، لە مانگی ئایاری ١٩٨٨ بڕیاری دامەزراندنی درا، كە پێكهاتبوون لە (پارتی سۆسیالیستی كورد (پاسۆک)، پارتی دیموكراتی كوردستان/ عێراق، یەكێتی نیشتیمانی كوردستان، حزبی شیوعی عێراق/ هەرێمی كوردستان، پارتی دیموكراتی گەلی كوردستان، پارتی سۆسیالیستی كوردستانی عێراق)، كە ئەم بەرەیە ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری كوردستانی كرد. تاكو پێكهێنانی یەكەمین حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤، ئەو ناوچانەی بەڕێوەدەبرد، كە لە ژێر دەستی حكومەتی عێراق ڕزگاركرابوون... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەیانی دامەزراندنی بەرەی كوردستانی عێراق، لە ٢ ی ئایاری ١٩٨٨؛ هەروەها بڕوانە: محمد صابر كريم، التعددية السياسية و اثرها على السلطة التشريعية في اقليم كوردستا/ العراق، منشورات اكاديمية التوعية و تاهيل الكوادر، السليمانية، ٢٠١٢، ص ١٨١-١٨٢.

[4] - بۆ خوێندنەوەی دەقی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢، بڕوانە: پێگەی فەرمی پەرلەمانی كوردستان- عێراق: ڕێكەوتی سەردانیكردن (٢٠٢٢/٦/١٢)https://bit.ly/٣mNliSM

[5] - بە پێی ماددەی (١)ی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەمواركردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان- عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو، پەرلەمانی كوردستان- عێراق، شوێنی ناوی ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان- عێراق، لە هەموو یاسا كارپێكراوەكان لە هەرێمدا دەگرێتەوە.

کوردســتان و حکــومەتی ناوەنــدی عێــراق بــۆ ئەو قۆنــاغە، لە ڕێکەوتــی ٤/١٠/١٩٩٢دا، بڕیــاڕی ڕاگەیانــدنی فیــدراڵی[١] بــۆ هەرێمــی کوردســتان لە چوارچێــوەی عێراقێکــی دیمــوکراتی پەڕلەمانیـدا دەرکـرد[٢]. بەڵام لە نێـوان سـاڵانی (١٩٩٤- ١٩٩٧) شــەڕی نـاخۆ لە نێـوان هەردوو پـارتی سیاسـی ســـەرەکی هەرێمـــی کوردســـتان، (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) هەڵگیرســـا[٣]، کە ئەم شـــەڕە چەنـــد لێکەوتەیەکی خراپی لێکەوتەوە لەوانە[٤]:

١- دابەشـبوونی هەرێمـی کوردسـتان بەسـەر دوو ئیـدارە و دوو نـاوچەدا، (ی. ن. ک) لە سنوری کارگێڕی پارێزگای سلێمانی و بە شێک لە پارێزگای هەولێر، (پ. د. ک)یش لە پارێزگای دهۆک و بەشێک لە پارێزگای هەولێر باڵادەستبوون. ئەم دابەشبوونە تاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، کە زۆرجار بە زۆنی زەرد و زۆنی سەوز ناودەبرێت.

٢- دابەشبوونی هێزی پێشمەرگە بەسەر هەردوو پارتە سیاسییە سەرەکییەکەدا.

٣- شکسـت هێنـانی پرۆسـەی حکـومڕانی و بونیادنـانی دامەزراوە فەرمییەکـان، بە جۆرێک دامەزراوە فەرمییەکان دەسەڵاتی گرنگ و ڕاستەقینەیان بۆ نەمایەوە.

---

[١]- لە ڕووی یاسـاییەوە هەنـدێک لە یاساناسـان تێبینیـان لەسـەر ئەم ڕاگەیانـدنە هەیە، پێیـان وایە بە پـێچەوانەی زۆرینەی سیسـتمە فیدراڵییەکانەوەیە، بەوەی کە تاک لایەنە هەرێمـی کوردسـتان بڕیـارەکەی پەسـەندکردووە، بەبێ هیچ پاڵ پشتییەکی دەستووری، چونکە ئەگەر فیدراڵیەت بە مانـای یەکگرتن (الاتحـاد) بێت، ئەوا ناکرێت یەکگرتن تاک لایەنە ڕابگەیەنرێت، بەبێ ویستی لایەنەکەی دیکە، هەرلەبەرئەوەش ئەم ڕاگەیاندنە هیچ لێکەوتەیەکی یاسـایی بـۆ بەرجەسـتە کردنـی سیسـتمی فیـدراڵی و گۆرانکـاریی لە شـێوەی دەوڵەتـی عێـراق لە ئاسـتی نـاوخۆ و دەرەوە لێنەکەوتەوە... بڕوانە: سـۆران علـی حسـین، دامەزراوە دەسـتوورییەکان بـۆ گەرەنتـی کردنـی مـافی هەرێمەکـان لە دەوڵەتی فیدراڵدا (عێراق بە نمونە)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠١٩، ل٢٤.

[٢]- جەوهەر نامیق سالم، ئایا فیدراڵیەت وەک (خیار)ێکی سیاسـی لە عێراق پەیڕەو دەکرێت؟، چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٢.

[٣]- پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان (پ. د. ک. PDK) و یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان (ی. ن. ک. YNK) دوو پـارتی سیاسی گەورەی باشوری کوردستانن، (پ. د. ک) لە سـاڵی ١٩٤٦ لە سـەر دەسـتی (مسـتەفا بـارزانی) و هاوڕێکـانی دامەزراوە، لە ئێستادا شوێنگەی سـەرەکی دەکەوێتە ناوچەکانی بادینـان و پارێزگای دهـۆک تـاڕادەیەکیش هەولێر. (ی. ن. ک) لە سـاڵی ١٩٧٥ لەسـەر دەسـتی (جەلال تاڵەبـانی) و هاوڕێکـانی دامەزراوەو، لە ئێسـتادا شـوێنگەی سـەرەکی لە ناوچەکـانی پارێزگـای سـلێمانی و دەوروبەریەتـی لەگەڵ بەشـێک لە سـنوری کـارگێڕی هەولێر...بـۆ زانیـاری زیـاتربڕوانە : مەسـعود عبـدالخالق، ناسـنامەی حیـزبە کوردسـتانییەکان، چـاپی دووەم، چاپخـانەی هێڤـی، هەولێر،٢٠١٤، ل١٠٢- ٢٠١٧.

[٤]- فرهـاد ابـراهیم، الکـرد العراقیـون: الخلفیـة التاریخیـة ونقـاط التحـول، فـي الکتـاب: بـین الدولـة واللادولـة (السیاسـة والمجتمع في کردستان العراق و فلسطین)، تحریر: گلسـتان گربـي و آخـران، ترجـمة: علـي حـارس، مرکـز الرافیـدین، بیروت/ نجف، ٢٠٢٢، ص٥٦.

هەرچەندە لە ساڵی ١٩٩٨دا، بە نێوەندگیری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەردوو لایەنەکە (پ. د. ک) و(ی. ن. ک) ڕێکەوتنێکیان واژۆکرد، کە بە ڕێکەوتننامەی (واشینتۆن) ناسراوە، بەڵام شوێنەوارەکانی ئەو شەڕ و دابەشکارییە بە سەر هەرێمی کوردستانەوە هەر ماوە[١].

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، لە یاسای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە[٢]، پاشان لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراقدا[٣] هەرێمی کوردستان، وەک هەرێمێکی فیدراڵی خاوەن شەرعیەتی دەستوری ناسێنرا[٤]. هەر بە پێی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی٢٠٠٥، هەرێمی کوردستان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری و، هەروەها بوونی دەستورێکی تایبەت بەخۆی هەیە[٥].

کەواتە دەکرێت بڵێین لە دوای دەیان ساڵ کێشە و ململانێی و شەڕی چەکداری، لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی ئەمری واقیع، لە دەرئەنجامی کۆڕەو و ڕاپەڕینی هاوڵاتیانی کورد لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢دا، لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراق دروستبووە. ئەمەش وای کردووە کە لە ڕووی بەڕێوەبردن و حکومڕانییەوە خاوەنی ئاستێک لە سەربەخۆیی و تایبەتمەندێتی سیاسی و کارگێڕی خۆیبێت، تاکو لە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، وەک هەرێمێکی فیدراڵ بەفەرمی ناسێنراو دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی دیاریکرا. لە ئێستادا (٢٠٢٢) لە ڕووی کارگێڕیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لە چەند پارێزگایەک[٦] و چەند ئیدارەیەکی سەربەخۆ، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی پارێزگا مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و دەسەڵاتی پارێزگاری بە خشیوە بە سەرپەرشتیاری

---

[١]- فرهاد ابراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

[٢]- ئەم یاسایە کە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی عێراقی ژمارە (٣٩٨١) ی ساڵی ٢٠٠٤دا بڵاوکراوەتەوە، لە دیباجەیەک و (٦٢ مادە) و پاشکۆیەک پێکهاتووە، وەک دەستوورێکی کاتی وابوو بۆ عێراق، تاکو پەسەندکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق کاری پێکرا.

[٣]- دەستووری کۆماری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوەش دوای ئەوەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا لە ٢٠٠٥/١٠/١٥، بەڕێژەی (٧٨٪) ی عێراقییەکان پەسەندیانکردوو بە (بەڵێ) دەنگیان لەسەردا...بۆ خوێندنەوەی دەقی عەرەبی و کوردی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق بڕوانە: دەستووری عێراق ٢٠٠٥، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: مافپەروەر عەبدولقادر ساڵح، چاپی سێیەم، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٩.

[٤]- سوران علی، التنظيم القانوني للوحدات الفدرالية في العراق، مركز ژير للطبع والنشر، اربيل، ٢٠١٧. ص ٧٦-٧٧.

[٥]- بڕوانە: ماددەی (١٢٠) لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

[٦]- پارێزگا: یەکەیەکی کارگێڕیە لە ناو سنورە جوگرافییەکەیداو لە قەزا و ناحیە و گوند پێکدێت... بڕوانە: ماددەی (یەکەم بڕگەی شەشەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

ئیدارە سـەربەخۆکان، بەڵام لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی سنوری ئیـدارەکان دەکرێـت، هەروەهـا هەر پارێزگـا و ئیـدارەیەکی سـەربەخۆ، ژمـارەیەک قەزا و نـاحیە لەخـۆدەگرن. کە پاریزگاکـان بـریتین لە (هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک، هەڵەبـجە)، هەروەهـا ئیـدارە سەربەخۆکانیش بریتین لە (ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەڕین، ئیدارەی سۆران، ئیدارەی زاخۆ[١]). پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە و سـەرجەم دام و دەزگا سـەرەکیەکانی هەرێمـی کوردسـتان لەخۆدەگرێـت. بـڕوانە نەخشـەی ژمـارە (١) نەخشـەی کـارگێڕی هەرێمـی کوردسـتان ڕووندەکاتەوە.

---

[١]- ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێمی کوردسـتان بـە بڕیارێـک لـە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ ئیدارەی گـەرمیانی پێکهێنـا کـە ناوەندەکەی لە قەزای کەلار دانراوە. لە ئێستادا ئیدارەی گەرمیان پێکهاتووە لە هەریەکە لە قـەزاکانی (کـەلار، کفری، بەشێک لە ناحیەکانی قەزای خانەقین)... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پێگەی فەرمی ئیدارەی گەرمیان:

https://bit.ly/٣wSq٨TQ(٢٠٢٢/٧/٦) ڕێکەوتی سەردانیکردن

هەروەها لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ٢٠١١/٥/٢ بڕیاری دروستکردنی هەرسێ ئیدارەی سەربەخۆی (ڕاپەڕین، سۆران، زاخۆ)دا، لە ٢٠١٢/٣/١ سەرپەرشتیاری ئیدارەی ڕاپەڕین بە فەرمانی هەرێمـی ژمـارە (٥٧) لە ٢٠١٢/٣/٥ دەسـتبەکاربوو. ئیدارەی ڕاپەڕیـن لە ڕووی جـوگرافییەوە دەکەوێتە بەشـی بـاکوری خـۆرهەڵاتی پارێزگـای سـلێمانی، کە لە قەزای ڕانـیە و قەزای پشـدەر و نـۆ نـاحیە پێکدێت، شـاری ڕانـیە ناوەنـدی ئیـدارەکەیە... بڕوانە: پێگەی فەرمی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین:

https://bit.ly/٣CVv٨Lm(٢٠٢٢/٧/٦) ڕیککەوتی سەردانیکردن

هەروەهـا بە بڕیـاری ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (١٠٧) لە ٢٠٢١/٧/٢٨ بڕیـاری (اسـتحداث) هێنانەکـایەیی ئیدارەی سـەربەخۆی سـۆران و زاخـۆ واژۆکـرا، لە ڕێکەوتـی ٢٠٢١/٩/١٤ ئیدارەی سـەربەخۆی سـۆران و، لە ٢٠/٩/ ٢٠٢١ ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ڕاگەیەندرا. بڕوانە: پێگەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

https://bit.ly/٣Bavix٩(٢٠٢٢/٧/٦) ڕێکەوتی سەردانیکردن

ئیدارەی سـۆران لە ڕووی کـارگێڕییەوە سـەر بە پارێزگـای هەولێرە، لە قەزاکـانی (سـۆران، چۆمـان، مێرگەسـور و ڕەواندز) پێکدێت. ئیدارەی زاخۆ سەر بە پارێزگای دهۆکە، لە سێ ناحیە و ١٨٧ گوند پێکدێت.

نەخشەی ژمارە (١)

نەخشەی کارگێڕی هەرێمی کوردستان- عێراق




(سەرچاوە: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان: https://krso.gov.krd/ku/map )

## توێژینچەی دووەم: پاشخانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی لە هەرێمی کوردستاندا

بەو پێیەی پاریزگاکانی ئێستای هەرێمی کوردستان، لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە بە شێک بوون لە خاکی عێراق، لەبەرئەوە پاشخانی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەر لە ساڵی ١٩٩٢، هەمان ئەو پاشخانە مێژووییە بووە کە لە عێراقدا هەبووە[١]، واتە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە، تاکو ساڵی ١٩٩٢ شێوازی کارگێڕی کارپێکراو لە ناوچە کوردنشینەکان (هەرێمی کوردستانی ئێستا) هیچ جیاوازییەکی نەبووە لەگەڵ ئەو سیستمە کارگێڕیەی، کە لە سەرجەم ناوچەکانی دیکەی عێراق کاری پێکراوە[٢].

هەرچەندە لە ساڵی ١٩٧٤ یاسای حوکمی زاتی بۆ ناوچە کوردنیشینەکانی عێراق دەرچوو، بەڵام بە تێڕوانین لەو تایبەتکارییانەی کە لە مادده (١٢)دا، لە یاسای حوکمی زاتی بۆ ئەنجومەنی جێبەجێکار لە ناوچەی حوکمی زاتی دیاریکراوە، دەردەکەوێت کە ئەو ناناوەندێتییەی لە یاساکەدا هاتووە، ئەوەندەی لە ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی دەچێت، ئەوەندە لە ناناوەندێتی سیاسی ناچێت[٣]. هەروەها لە یاساکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە ناوچەی حوکمی زاتی، یەکەیەکی کارگێڕی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییە لە چوارچێوەی یەکەی یاسایی و سیاسی و ئابوریی کۆماری عێراق. هەروەها دابەشکردنی کارگێڕی لە ناوچەی حوکمی زاتی، وەک تێکڕای بەشەکانی دیکەی عێراق دەبێت و کار بە یاسای پارێزگاکانی عێراق دەکرێت[٤]. ئەوەش واتای ئەوەیە کە ناوچەی حوکمی

---

[١]- دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٢١ لە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانیدا بەشێوەی جۆراوجۆر لە ڕووی تیۆریەوە ئاماژەی بە بنەماکانی ناناوەندیتی کارگێڕی کردووە ، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە، نە لە سەردەمی مەلەکی (١٩٢١-١٩٥٨) و، نە لە سەردەمی کۆماری (١٩٥٨-٢٠٠٣) نەتوانراوە بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە عێراقدا جێگیربکرێت. لەبەرئەوەی لە سەرجەم دەستوورە یەک لە دوای یەکەکان و ئەو یاسایانەشی بە مەبەستی ڕێکخستنی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕیەکان لە عێراقدا دەردەکران، دەسەڵاتی ناوەند زۆر بەهێز بووە و یەکە کارگێڕییەکان لە ژێر چاودێرییەکی توندی ناوەندا بوون. هەروەها زۆربەی جاریش سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان لەلایەن ناوەندەوە دانراون، کە ئەمانەش پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕیە. بەڵام لە دوای گۆڕانکاریەکانی ساڵی ٢٠٠٣، عێراق بوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی و لە دەستوورو یاسا کارپێکراوەکاندا زیاتر گرنگی بە ناناوەندێتیی سیاسی و کارگێڕی دراو لە واقیعدا جێبەجێکراوە. بۆ ئاشنا بوون بە مێژووی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە عێراقدا... بڕوانە: د. ماهر صالح علاوي الجبوري، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣-٧٣؛ د. غني زغير و د. ميسون طه، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠-٨٣؛ علی محسن التميمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧-٥٠.

[٢]- هۆگر ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥.

[٣]- هەمان سەرچاوە. ل٧٦.

[٤]- بڕوانە: المادة (١ فقرة ج) من القانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان رقم (٣٣) لسنة ١٩٧٤.

زاتی پابەندکراوە بەوەی، کە دەبێت لە ڕووی شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕییەوە پابەند بن بە یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە ١٥٩ی ساڵی ١٩٦٩[١].

لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، هەرێمی کوردستان لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە؛ بە هۆی بەدەستهێنانی ئاستێک لەسەر بەخۆیی، بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەسەر ئاستی گشتی و خۆجێیەتی کەوتۆتە دەستی خۆی، بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی زیاتر لە شێوازی بەڕێوەبردنی خۆجێی لە هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٢ەوە، ئەو ماوەیە بە سەر دوو قۆناغدا دابەشدەکەین کە ئەوانیش: قۆناغی یەکەم لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠٠٣)، هەروەها قۆناغی دووەم لە ساڵی (٢٠٠٣- ٢٠٢٢)، ئەوەش لەبەرئەوەی لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، شێوازی ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیی گۆڕانی بەسەردا هات و ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک بنەمایەکی سەرەکی بەڕێوەبردن لە دەستور و یاسا کارپێکراوەکاندا جێگیرکرا.

**قۆناغی یەکەم: بەڕێوەبردنی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠٠٣)دا**

لە ڕێکەوتی (١٩٩٢/٨/٣١) ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق بڕیاریدا چاو بە هەموو ئەو یاساو بڕیارو پەیڕەو ڕێنماییانەدا بخشێنێتەوە، کە پێشتر لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوون و ئەوانەیان لێ بژاردە بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستاندا ناگونجێت، تاکو بڕیار لەسەر ئەوانەیان بدات کە کاریانپێدەکرێت، هەروەها لە خاڵی دووەمی هەمان بڕیاردا هاتووە، کار بە فەرمانەکانی (ئەحکام) ئەو یاساو بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییانە ناکرێت، کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەرچوون یان لەمەودوا دەردەچن، بەتایبەتیش پاش کشانەوەی ئیدارە حکومییەکان لە (١٩٩١/١٠/٢٢) لە هەرێمی کوردستاندا، مەگەر ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق بڕیار لەسەر ڕەوایی کارپێکردنی لەناو هەرێمەکەدا بدات[٢].

بەو شێوەیە لە پێناو بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕیەکان، لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک، سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی، یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ بە کارپێکراوی مایەوە، کە بە پێی یاساکە کاروباری یەکە کارگێڕیەکان لە ڕێگای ئەو بەرپرسانەوە بەڕێوەدەچوون، کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دادەنران[٣]. واتە تاکو ڕاگرتنی کارکردن بە یاساکە لە هەرێمی کوردستاندا، سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە

[١]- ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی ژمارە (١٧٨٩) لە ١٩٦٩/١٠/١٣دا بڵاوکراوەتەوە.
[٢]- بڕوانە: بڕیاری ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق، ژمارە (١١) لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٨/٣١.
[٣]- محمد ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

دادەمەزران[١]. پاشان بە ئامانجی باشتر بەڕێوەبردن و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە هاوڵاتییان لە ساڵی ١٩٩٣دا، ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی دەرکرد[٢]. بە پێی ئەم یاسایە شارەوانییەکان خاوەن کەسایەتی مەعنەویین و هەر شارەوانییەک ئەنجومەنێکی دەبێت کە ئەندامەکانی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاریدەکرێن[٣]. بەڵام بە هۆی دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ئیدارە لە نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)دا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان نەکرا، تاکو سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠، کە بەجیا و لە دووکاتی جیاوازدا ئەنجام درا؛ لە سنوری پارێزگای سلێمانی کە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (ی. ن. ک)یە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٢/٣، بەبێ بەشداریکردنی (پ. د. ک)، یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بەڕێوە چوو، هەروەها لە سنوری ئیدارەی هەولێر کە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی (پ. د. ک)یە لە ڕێکەوتی ٢٠٠١/٥/٢١، بە بێ بەشداریکردنی (ی. ن. ک)، هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجامدرا[٤].

**قۆناغی دووەم: بەڕێوەبردنی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣- ٢٠٢٢)**

لە دوای ڕوخاندنی حکومەتی ناوەندی عێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩، سیستمی سیاسی لە عێراق گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هات[٥]. بە جۆرێک عێراق لە دەوڵەتێکی سادەوە بوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی و ناناوەندێتیی کارگێڕی و سیاسی بایەخی زیاتری پێدرا. لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١/٣٠، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ یەکەمجار لە عێراق هەڵبژاردن بۆ

---

[١]- لە هەرێمی کوردستاندا کار بەم یاسایە کراوە، تاکو کەوتنە بواری جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق لە ساڵی ٢٠١٤، بەڵام بە پێی ماددەی (٣٧) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەرکاربوونی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ لەکارخراوە.

[٢]- ئەم یاسایە لە (٥٩) مادە پێکهاتووە، بە بڕیاری ژمارە (١٦)ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عێراق لە ١٩٩٣/٣/٨ دەرکراوە.

[٣]- بڕوانە: ماددەی (١ بڕگەکانی ٥، ١٧، ٥٣) لە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦) ی ساڵی ١٩٩٣.

[٤]- محمد ڕەئوف، هەڵبژاردن لە کوردستان، چاپی دووەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١١٠.

[٥]- لە ڕێکەتی ٢٠٠٣/٤/٩ لەلایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە عێراق بە سەرۆکایەتی (سەدام حسێن) هێنرا، پاشان (پۆڵ بریمەر) وەک حاکمی مەدەنی لە عێراق دانرا، دواتر لە مانگی (٧) ی ساڵی (٢٠٠٣) ئەنجومەنی حوکم پێکهێنرا، ئەنجومەنەکە لە (٢٥) کەسایەتی عێراقی پێکهاتبوو، یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بۆ قۆناغی گواستنەوە دەرکرد، کە تاکو پەسەند کردنی دەستووری ساڵی٢٠٠٥، کاری پێدەکرا... محمد خالد سرحان، الاوضاع السياسية لاكراد العراق فى ضوء الاحتلال الامريكي (٢٠٠٣-٢٠١١م)، رسالة ماجستير، كلية الآداب و العلوم الانسانية، جامعة الآزهر، غزة، ٢٠١٣، ص٢.

ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا، ئەم هەڵبژاردنەش پاڵپشت بوو بە فەرمانی ژمارە (٧١)ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان[١]، کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/٤/٦ دەرکرابوو، لە ژێر ناونیشانی دەسەڵاتەکانی حکومەتە خۆجێییەکان[٢].

لە هەرێمی کوردستانیشدا هاوشێوەی عێراق، هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بە پێی فەرمانی ژمارە (٧١) ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان ئەنجام درا[٣]، بەڵام بە هۆی تایبەتمەندێتیی هەرێمی کوردستان و هەبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و، هەروەها بوونی ئاماژەیەک لە دیباجەی بڕیارەکەدا، سەبارەت بەوەی کە هەرێمی کوردستان دەتوانێ شێوازێکی دیکە پەیڕەوبکات[٤]، ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان نەیانتوانی هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بەپێی ناوەڕۆکی بڕیاری ژمارە (٧١)، کارەکانی خۆیان بەڕێوەبەرن[٥]. لەبەرئەوەی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق، هیچ دەقێکی تێدانییە باس لە ڕێکخستنی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بکات[٦]، بەڵکو دەستەواژەی ئەو

---

[١]- ئەم بڕیارە تایبەتە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و لە (٩) مادە پێکهاتووە، لە ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی بە ژمارە (٣٩٨٣) لە ٢٠٠٤/٦/١ بڵاکراوەتەوە.

[٢]- صالح توفيق، التنظيم القانوني لمجالس المحافظات فی اقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير، كلية القانون و السياسة- قسم القانون، جامعة سليمانية، سنة (٢٠١٧)، ص٥٣.

[٣]- بە پێی ئەم بڕیارە هەر پارێزگایەک ئە نجومەنێکی بۆ دانرا، کە ژمارەی ئەندامەکانی لە (٤١) ئەندام پێکهاتبوو، جگە لە بەغدادی پایتەخت کە ژمارەی ئەندامەکانی (٥١) ئەندامبوو، بەم شێوەیە خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان هاو شێوەی عێراق دەست بەکاربوون و بۆ هەریەکە لە سێ پاریزگاکە (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) ئەنجومەنێکی ٤١ کەسی هەڵبژێردرا.

[٤]- لە بڕیارەکەدا هاتووە "دان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت، و هیچ کاریگەرییەکی نابێت لەسەر ئیدارەی ئەو ناوچانەی کە لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٣ەوە، لە ژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتەدا بوون لە پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکوک، دیالە و نەینەوا... بڕوانە: القسم (١) امر سلطة الائتلاف المؤقتة في العراق رقم (٧١) لسنة ٢٠٠٤.

[٥]- بڕوانە: ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، هەندێک زانیاری لەسەر خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەردەستە لە ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/١٧)https://bit.ly/٣CMJIV٩

[٦]- دەستووری کۆماری عێراق ساڵی٢٠٠٥، لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکاندا، هەرێمەکاندا، لە مادده (١١٠)دا، تایبەتکارییەکانی (الاختصاصات) دەسەڵاتی فیدراڵی بە شێوەی دابڕ (حصري) دیاریکردووە، هەروەها لە مادده (١١٤)دا، تایبەتکارییە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکانی دیاریکردووە، لە مادده (١١٥) دا هاتووە کە هەموو ئەوەی کە دەقی لە بارەوە نەهاتووە لە تایبەتکارییە دابڕەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی، ئەوا لە تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمدایە...بڕوانە: ماددەکانی (١١٠ تاکو ١١٥) لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق.

پارێزگایانەی کە لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون لە دەستورەکەدا هاتووە، ئەوەش واتای وایە ڕێکخستنی کارگێڕی بۆ هەرێمی کوردستان خۆی جێهێشتووە[١]. لە سەر ئەو بنەمایە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٤/٢٠، یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی پەسەندکرد[٢]، کە بە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ناسراوە. بەڵام لە ماددە (٤١) ی یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەم یاسایە لە دەستپێکی خولی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنەکان جێبەجێدەکرێت[٣]. ئەو هەڵبژاردنەش کە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوو، بە پێی یاسایی ژمارە (٤)ی ساڵی٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە بەرواری ٢٠١٤/٤/٣٠ ئەنجامدرا[٤]. بەو شێوەیە لەسەر بنەمای یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و بە پێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژرادنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەندامانی خولی

---

[١]- بڕوانە: مادەی (١٢٢)ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق .

[٢]- ئەم یاسایە لە (٤١) ماددەپێکهاتووە، لە سەرداوای ئەنجومەنی وەزیران، لە دانیشتی ئاسایی ژمارە (٨)ی پەرلەمانی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٤/٢٠، دەرچوێندرا، لە ژمارە (١٠٠)ی ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان لە ٢٠٠٩/٦/١ بڵاوکراوەتەوە. لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٨ یاساکە هەمواركراوەتەوە. هەموارەکە لە (٥ ماددە) پێکهاتووە، بەڵام زیاتر جەخت لەسەر دوو ماددەکراوەتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە پارێزگار جگە لە ناو ئەندامانی ئەنجوومەن دەتوانرێت لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەنیش هەڵبژێردرێت. ماددەکەی دیکە تایبەتە بە درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. بۆ خوێندنەوەی دەقی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و هەمواری یەکەمی یاساکە بڕوانە: ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی کوردستان:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/١٧)https://www.parliament.kr

[٣]- بڕوانە: ماددە (٤١) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٤]- ئەم یاسایە لە (سی و پێنج) ماددە پێکهاتووە، لە ژمارە (١٠٢)ی وەقائیعی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/١٣ بڵاوکراوەتەوە. لە یاساکەدا باس لەوە کراوە هەر پارێزگایەک بە پێی سنوری کارگێڕی خۆی دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، هەر قەزاو ناحیەیەکیش بە پێیی سنوری کارگێڕی فەرمی خۆی دەبێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی قەزاو ناحیەکان. وەک لە هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئاماژەی پێکراوە، ئەم یاسایە لە پێناو بە هێزکردنی بنەماکانی دیموکراسی و دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلات و بە مەبەستی ڕێگە گرتن لە چڕکردنەوەی دەسەلاتەکان و دابەشکردنیان لەسەر بنەمای ناناوەندێتیی کارگێڕی دەرچوێنراوە. جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم یاسایە بەرلەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دوو جار هەموار کراوەتەوە، کە هەمواری یەکەمی یاساکە لە ڕێکەوتی ٢٠١١/١١/١ بە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١١، هەمواری دووەمی یاساکە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٦/١٩ بە یاسای ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠١٣ بووە.

دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژێردران و دەست بەکاربوون[١]. تاکو ئێستا (٢٠٢٢) بەردەوامن لە کارکردن[٢]، بەڵام هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامنەدرا، وەک لە هەردوو یاسای ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا هاتووە، کە دەبوو لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ئەنجام بدرایە.

هەر لەم قۆناغەدا بە مەبەستی جێبەجێکردن و پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە[٣] و لابردنی ڕێگری یاسایی بۆ پێکهێنانی پارێزگاکە[٤]، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەی دەرکرد[٥]. یاساکە بە تەواوی یاسایەکی بەدەرە (استثناء) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە ڕوونی لەماددەی (٩)ی یاساکەدا دیارە، کە ئاماژە بەوە کراوە ماددەکانی دیکەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێن و بە بەرکاری دەمێننەوە، ئەگەر لەگەڵ هەمووی، یاخود بەشێکی حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک نەبێت[٦]. هەر بە پێی یاساکە پارێزگای هەڵەبجە ئەنجومەنێکی تایبەتی دەبێت کە

---

[١]- بڕوانە: ڕێبەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (خولی دووەم)، ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان، کتێبی یەکەم، چاپخانە (نەنوسراو)، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٤.

[٢]- لە ٢٠١٨/٩/٢٤ ماوەی یاسایی ئەم خولەی ئەنجومەنی پارێزگاکان (خولی دووەم) کۆتاییهات، بەڵام لە دانیشتنی ژمارە (١٢) لە ٢٠١٩/٧/٨ دا، پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکانی درێژکردەوە تاکو هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجومەن...بڕوانە: ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق. کە لە ڕۆژنامەی واقائیعی کوردستان ژمارە (٢٣٩ لە ٢٠١٩/٧/٣١) بڵاوکراوەتەوە.

[٣]- لەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵی ژمارە (٥٦٨) لە ٢٠١٣/١٢/٣١ تایبەت بە پەسەندکردنی پرۆژەی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە. لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٣/١٣ بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە دەرچوو، دوای ئەوەش لە ٢٠١٤/٣/١٦ مەرسومی هەرێمی بۆ بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە دەرکرا. شایەنی ئاماژە پێدانە کە لە ١٩٩٩/٩/٢٢ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، بڕیاری تەشریعیی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٩ تایبەت بە هێنانەکایەی (إستحداث) پارێزگای هەڵەبجەی دەرکردبوو...بۆ بینینی دەقی بڕیارەکە بڕوانە پێگەی فەرمی پەرلەمانی کوردستان:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/١٨)https://bit.ly/٣qNunfy

[٤]- بڕوانە : هۆیەکانی دەرچواندنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٥]- ئەم یاسایە لە (١٢) مادە پێکهاتووە، لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بە ژمارە (١٨٣) لە ٢٠١٥/٢/٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

[٦]- سۆران علی حسن، پێکهێنان و تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی ناناوەندی کارگێڕی، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری: گۆڤارێکی نیو ساڵانەی ئەکادیمی تۆکمەیە لەلایەن کۆلێژی یاسا و

ژمارەی ئەندامەکانی لە (٢٥) ئەندام زیاتر نەبێت و بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان دەکرێن[١]. هەروەها لە ماددەی (٣) یاساکەدا هاتووە کە "لە نێو ئەندامانی ئەنجومەن سەرۆک و جێگرەکەی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن"[٢]. لە ماددەی (٧/ یەکەم)ی یاساکەدا هاتووە "پارێزگار بە مەرسومێکی هەرێمی دادەمەزرێت کە لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت"[٣].

هەر تایبەت بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارو ڕێنماییەکی دەرکردووە لەوانە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١٧دا، دوو بڕیاری بە ژمارەکانی (١١٢٣١، ١١٢٣٢) دەرکردووە، کە تایبەت بوون بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان[٤].

هەروەها لە ساڵی ٢٠١٣ لە ژێر ڕۆشنای یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سێ بڕیاری دیکە دەردەکات، بڕیاری ژمارە (٤٠) لە ٢٠١٣/١/١٦، هەردوو بڕیاری ژمارە (٤٤، ٤٥) لە ٢٠١٣/٦/١٩، کە هەرسێ بڕیارەکە تایبەتن بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەی دارایی و کارگێڕییەکان بۆ پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان و، ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لە دیوانی وەزارەت بەڕێوەبەرایەتی گشتیان هەیە[٥].

لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی[٦] حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستی کارگێڕیدا هاتووە " کار دەکەین بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لە گەڵ سیستمی

---

زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدینەوە دەردەکرێت، ساڵی سێزدەهەم، ژمارە (١٨)، کانونی یەکەمی ٢٠١٥، هەولێر، ل ٣٧٨.

[١]- بڕوانە: ماددەی (٢/ یەکەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- ماددەی (٣) لە هەمان یاسای سەرەوە.

[٣]- بڕوانە: مادده (٧/ یەکەم). هەمان یاسای ئاماژە بۆکراوی سەرەوە.

[٤]- بڕوانە: بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١١٢٣١، ١١٢٣٢) لە ٢٠١٢/١٠/١٢.

[٥]- بڕوانە: بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٤٠ لە ٢٠١٣/١/١٦، هەردوو بڕیاری ژمارە ٤٤ و ٤٥ لە ٢٠١٣/٦/١٩.

[٦]- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٠ لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێ بەخشراوە. کابینەکە لە ئەنجامی ڕێکەوتنی هەرسێ پارتی سیاسی (پ. د. ک، ی. ن. ک، بزوتنەوەی گۆڕان) و چەند لایەنێکی دیکە پێکهاتووە، کە لەلایەن مەسروور بارزانی کاندیدی (پ. د. ک) وەک سەرۆکی حکومەت، قوباد تاڵەبانی لە (ی. ن. ک)، وەک جێگری سەرۆکی حکومەت و چەند وەزیرێک بەڕێوەدەبرێت.

یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت"[١]. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم کارنامەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بەرجەستەکردنی شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و بنەمای ناناوەندێتیی لە بەڕێوەبردندا، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢ بڕیاری ژمارە (١٩٢٢)ی دەرکردووە، کە چواردە دەسەڵاتی تایبەت بە کاروباری کارگێڕی دیاریکردووە، تێیدا داوا لە وەزیرو سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت دەکات، کە لانی کەمی ئەو دەسەڵاتانە دابەزێنن بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە سنوری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکاندا. لە برگەی دووەمی هەمان بڕیاری سەرەوەدا، سێ دەسەڵاتی تایبەت بە گواستنەوەی ڕاژەو تەنسیبکردنی فەرمانبەرانی داوە بە وەزیرو ئەوانەی لە پلەی وەزیردان (سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان)[٢].

ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە لەو بڕیارانە ئەوەیە، ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ئەو دەسەڵاتانە بکەین، کە کابینە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری شۆڕکردنەوەی داون، دەبینین کە زۆربەیان دەسەڵاتی تایبەت بە هەندێ کاروباری کارگێڕی لاوەکی بوون بەبێ پێدانی دەسەڵاتی دارایی و کارگێڕی گرنگ[٣]. پێدانی دەسەڵاتی کارگێڕی بە تەنها بەبێ دەسەڵاتی دارایی، ناتوانێت ئامانجەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەدی بهێنێت. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەو شێوازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکات، زیاتر هەوڵدانە بۆ جێبەجێکردنی شێوازی ناوەندێتیی کارگێڕی ناچڕ، نەک جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، چونکە هەر دەسەڵات پێدانێک کە بە بڕیار بوو، ئەوا بە ئاسانی دەتوانرێت بە بڕیارێکی کارگێڕی دیکە وەربگیرێتەوە، هەر لەبەرئەوە بەم شێوازە دەگوترێت شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕییەکان، نەک دابەشکردنی دەسەڵاتی کارگێڕی، وەک ئەوەی لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا پێویست دەکات بە یاسا ئەنجامبدرێت.

لە کۆتایی ئەم توێژراوەیەدا دەکرێت بڵێین هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، وەک ناوچەیەکی ئەمری واقیع، لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراق دروستبووە، لە ڕووی بەڕێوەبردن و حکومڕانییەوە خاوەنی جۆرێک لە سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی سیاسی، یاسایی و کارگێڕی خۆی بووە، تاکو سەرئەنجام لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقدا، وەک هەرێمێکی فیدراڵ

---

[١]- هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەستە لە ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٣/٢٤) https://gov.krd/government/agenda/

[٢]- بڕوانە : فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ، ژمارە (١٩٢٢)، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢.

[٣]- دلاوەر عەبدولعەزیز، دەوڵەتسازیی (نەخشە ڕێگایەک بۆ سەروەرکردنی یاساو بەدامەزراوەییکردنی هەرێمی کوردستان)، ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە، هەولێر، ٢٠١٨، ل٧٦.

دانـی پێـدانراوه. هەر لە سـەرەتادا هەرێمـی کوردسـتان بە مەبەسـتی پڕکـردنەوەی ئەو بۆشـاییە یاسـایی و کـارگێڕییەی، کە بەهـۆی کشـانەوەی دام و دەزگاکـانی حکـومەتی ناوەنـدی عێـراقەوە دروسـتبوون، دەسـەڵاتە گشـتییەکانی یاسـادانان، جێبەجێکـردن و دادوەریـی پێکهێنـا. دواتـر بـۆ ڕێکخسـتنەوەی کاروبـاری کـارگێڕی خـۆجێیەتیی و بەڕێـوەبردنی یەکە کارگێڕیەکـان، سـەرەڕای کارکردن بە یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ یاسای پارێزگاکانی عێراق، چەند یاسایەکی تایبەت بەخـۆی پەسـەند کـردووە، وەک یاسـای ژمـارە (٦)ی سـاڵی ١٩٩٣ یاسـای بەڕێـوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە.

واتە هەرێمی کوردستان لە سەرەتایی دروستبوونیەوە پەیڕەوی لە چەندین یاسای جیاواز کـردووە لە پێنـاو بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕیەکانی، لەگەڵ ئەوەی هەنـدێک لەو یاسـایانە کەمترین ئاماژەی تێدایە بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، لە هەندێکی دیکەیان، وەک یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتان، توانراوە بە شـێوەیەکی ڕوون باس لە پەیڕەوکردنی بنەماکانی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی بکرێت. بەڵام ئایا تـاکو چەنـد ئەو بنەمایـانە لە واقیعـدا کاریـان پێکـراوە و بەکرداری جێبەجێکراون؟ هەوڵدەدەین لە توێژراوەی دووەمی ئەم بەشـەی تـوێژینەوەکەدا، وەڵامـی ئەو پرسیارە بدەینەوە.

## تویژراوەی دووەم: واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان و گرنگی پەیڕەوکردنی

یەکێک لە بنەما هاوچەرخەکانی حکومڕانێتی لە ئەمڕۆدا بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی لە نێوان دەسەڵاتی ناوەند و یەکە کارگێڕیە خۆجێییەکاندا لەسەر بنەمای ناناوەندێتیی. هەروەک لە تویژراوەی یەکەمی ئەم بەشەدا خرایەڕوو لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیی و باشتر بەڕێوەبردنی کاروباری یەکە کارگێڕیەکان، چەند یاسا و ڕێسایەک خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەر دەوڵەتێک یاخود هەرێمێکدا، بە تەنها بەس نییە کە لە ڕێگەی یاسا و ڕێساکانەوە لێی بڕوانین، بەڵکو گرنگە بزانین تا چەند لە ڕووی کردارییەوە کار بەو یاساو بڕیارو ڕێنماییانە کراوە، کە بە ئامانجی پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەرکراون. لەبەرئەوە ئەم تویژراوەیە دابەشی سەر دوو تویژینچە دەکەین، لە تویژینچەی یەکەمدا واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا دەخەینە ڕوو، لە تویژینچەی دووەمیشدا گرنگیی پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی بۆ هەرێمی کوردستان ڕوونده‌کەینەوە.

### تویژینچەی یەکەم: واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا

لەم تویژینچەیەدا هەوڵدەدەین لە واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بکۆڵینەوە، ئەویش لە ڕێگەی خستنەڕووی جیاوازیی نێوان ئەو بنەمایانەی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی کە لە یاسا تایبەتمەندەکاندا دەقنوسکراون، لەگەڵ ئەوەی بە کرداری لە واقیعدا جێبەجێکراوە.

**یەکەم: یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ یاسای پارێزگاکانی عێراق (لەکارخراو)**

لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی (١٩٩٢- ٢٠١٤) یاسای پارێزگاکانی عێراق کاری پێکراوە[١]. کە بە پێی ئەم یاسایە عێراق دابەشکرابوو بەسەر چەند پارێزگایەکدا، هەر پارێزگایەکیش بەسەر

---

[١]- هەڵبژاردنی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پێی بڕیاری ژمارە (٧١) ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ئەنجامدرا، بەڵام دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بەم بڕیارە نەکرد، ئەمەش مشت و مڕێکی زۆری دروستکرد، چونکە بڕیاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠٠٤، یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ یاسای پارێزگاکانی عێراقی هەڵوەشاندبوویەوە. بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا لە دانانی سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکاندا حکومەت پشتی بەم یاسایە دەبەست... بڕوانە: کاوە عبدالله، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (خولی یەکەم)، چاوپێکەوتن لەگەڵ گوڵان میدیا، ٢٠١١/١١/١٤، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

https://bit.ly/٣q٣٩sFt(٢٠٢٢/٧/٦) ڕێکەوتی سەردانیکردن

چەند قەزاو، هەرقەزایەکیش بەسەر چەند ناحیەیەکدا. بە جۆرێک هەریەکە لەو یەکە کارگێڕیانە خاوەن کەسایەتی مەعنەویی دەبن و ئەنجومەنێکیان دەبێت کە نوێنەرایەتیان دەکات، بەڵام سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان، کە لە هەمانکاتیشدا سەرۆکایەتی ئەو ئەنجومەنانە دەکەن، لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندەوە دادەنرێت[١].

کەواتە لە یاساکەدا توانراوە دوو ڕەگەزی گرنگی ناناوەندێتی کارگێڕی جێگیربکرێت، کە ئەوانیش داننانە بە بوونی بەرژەوەندی خۆجێی، لەڕێگەی بەخشینی کەسایەتی مەعنەویی بەیەکە کارگێڕییەکان، هەروەها بوونی ئەنجومەنی خۆجێیی بۆ یەکە کارگێڕییەکان، بەڵام لە ڕووی سەربەخۆیی ئەنجومەنەکان و ئاستی چاودێرییکردنیانەوە، دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بە تەواوی بەسەر یاساکەدا زاڵە، چونکە لە یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە ئەو ئەنجومەنانە لەلایەن سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانەوە، کە حکومەتی ناوەندی دایاندەمەزرێنێت سەرپەرشتی دەکرێن. تەنانەت دەسەڵاتی ئەوەش بە وەزیر و پارێزگارەکان درابوو، کە بتوانن بۆماوەی (١٥ تاکو ٦٠ ڕۆژ) دانیشتنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕابگرن[٢]. ئەوەش بە پێچەوانەی ناناوەندێتی کارگێڕییەوە، واتای بوونی چاودێرییەکی توندی حکومەتی ناوەندییە لەسەر یەکە کارگێڕییەکان، کە ئاستی سەربەخۆیی ئەنجومەنەکان کەمدەکاتەوە، بەتایبەت لە ڕووی چاودێریکردن و لێپرسینەوەوە. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین یاساکە لەڕووی بەخشینی سەربەخۆیی بە ئەنجومەنی یەکە کارگێڕییەکان و ئاستی چاودێریکردنی حکومەتی ناوەندەوە، لە سروشتی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی لایداوە.

سەرەڕای لاوازی دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی لە یاساکەدا، نەتوانراوە ئەو ئاستە کەمەش وەک خۆی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکرێت، چونکە بەپێی مادده (٥٤)ی ئەم یاسایە، دەبوو هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک، وەکو سێ یەکەی کارگێڕی[٣]، هەریەکەیان ئەنجومەنێکیان هەبوایە، کە نیوە زیاتری ئەندامانیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دیاری بکرانایە[٤]. بەڵام لە واقیعدا هیچ هەڵبژاردنێک بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر بنەمای یاسای پارێزگاکانی عێراق ئەنجامنەدراوە. بەڵکو یەکەمین هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا، بە پێی بڕیاری ژمارە (٧١)ی دەسەڵاتی کاتی

---

[١]- بڕوانە: المواد (٢، ٨، ٩، ١٣) من القانون المحافظات العراقي رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩.

[٢]- المادة (١٣٠) من القانون المحافظات العراقي رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩.

[٣]- یەکەی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان پێکدێت لە (پارێزگا، قەزا، ناحیە)... بڕوانە ماددەی (یەکەم بڕگەی حەوت) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

[٤]- بڕوانە: المادة (٥٤) من القانون المحافظات العراقي رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩.

هاوپەیمانان، لە ساڵی ٢٠٠٥دا ئەنجامدرا، نەک بە پێی یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩، کە بەرکاربووە لەهەرێمی کوردستاندا[1]. ئەوەش واتای ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، وەک یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی جێبەجێنەکراوە. بە مانایەکی دیکە ئەو تایبەتکارییانەی کە یاساکە دابووی بەئەنجومەنی یەکە کارگێڕییەکان[2]، تەنها لەلایەن ئەندامانی دامەزراوە خۆجێییەکانەوە کە بە پێی پلەی کارگێڕییان نوێنەرایەتی وەزارەتەکانیان کردووە پیادەکراون، چونکە بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەوە نوێنەری هەڵبژێردراوی دانیشتیوانی یەکە کارگێڕییەکان بوونیان نەبووە.

کەواتە پشت بەست بەو زانیاریانەی لەم توێژینچەیەدا خرایەڕوو دەکرێت ئەوە بڵێین، هەرچەندە ئاستی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە ماددەو بڕگەکانی یاسای پارێزگاکانی عێراق، کە لە هەرێمی کوردستان بەرکار بووە زۆر لاواز بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە بواری کرداریدا ئەو ئاستە لاوازەش کە لە یاساکەدا هەبووە، وەک خۆی جێبەجێنەکراوە، بە تایبەت هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیڕەکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە واقیعدا، جیاواز بووە لەوەی کە لە یاسادا دەقنووسکراوە.

لەبەرئەوەی لەگەڵ بەرکارکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، یاسای پارێزگاکانی عێراق لەکارخراوە، لێرەدا بە پێویستی نازانین بە وردی لەسەر هەموو بڕگەو ماددەکانی ئەم یاسایە بوەستین. بەڵام ئەوەی گرنگە بزانرێت ئەوەیە کە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی کە لەم یاسایەدا دەقنوسکرابوو، هەڵبژاردن بوو بۆ زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کەچی لە هەرێمی کوردستاندا هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق کاری پێنەکراوە، بەڵام دامەزراندنی سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان[3]، کە بە پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕیەوە، لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە (حکومەتی هەرێم) دادەنران، وەک خۆی جێبەجێکراوە.

**دووەم: یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان**

ئەم یاسایە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان- عێراق لە ١٩٩٣/٣/٣ پەسەندکراوە، بە مەبەستی ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێییەتی و بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان. لە یاساکەدا هاتووە کە شارەوانی

---

[1]- د. ئەمین فەرەج، حکومڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکە لە پایەو ئاستەنگەکانی (١٩٩٢-٢٠١٣)، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: لوقمان حاجی خدر، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٩٤.

[2]- بۆ زانینی تایبەتکارییەکان... بڕوانە: مواد (٨٦، ٨٧، ٨٨، ٩١- ١٠٠) من القانون المحافظات العراقي رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩.

[3]- بڕوانە: المادة (١٣) من قانون المحافظات العراقي رقم (١٥٩) لسنة ١٩٦٩.

خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەویی دەبێت[١]، لە مەڵبەندی پارێزگاو قەزاو ناحیە ژمارەی دانیشتوانی هەرچەند بێ، هەروەها لەو گوندانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە سێ هەزار کەس کەمتر نین دادەمەزرێ[٢]. شارەوانی ئەنجومەنێکی دەبێت کە ژمارەی ئەندامانی لە (٥) کەس کەمتر نەبێت و لە (٢١) کەس زیاتر نەبێت بە سەرۆکی شارەوانیشەوە[٣].

هەروەها شارەوانی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا دوو دەسەڵاتی پێبەخشراوە، دەسەڵاتی بڕیاردان و چاودێریکردن، کە ئەنجومەنی شارەوانی لە ئەستۆی دەگرێت، هەروەها دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە سەرۆکی شارەوانی پیادەی دەکات[٤]. بەڵام لە یاساکەدا دەسەڵاتێکی زۆر دراوە بە وەزیری شارەوانییەکان، بە جۆرێک دەتوانێت لەسەر پێشنیاری بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکان، شارەوانییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، لە حاڵەتی نەمانی مەرجی پێکهێنان، یاخود یەکگرتنی لەگەڵ شارەوانییەکی دیکەدا[٥].

کەواتە بە پێی ئەم یاسایە دەبوو هەر شارەوانیەک ئەنجومەنێکی هەبێت، کە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکە هەر (٤ ساڵ) جارێک بە هەڵبژاردن دیاری بکرانایە[٦]. بەڵام لە واقیعدا جگە لە یەک هەڵبژاردن کە لە دووکاتی جیاوازدا لە ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٠ و لە ئیدارەی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠١دا، بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان کراوە، تاکو ئێستا (٢٠٢٢)، هیچ هەڵبژاردنێکی دیکە بۆ ئەنجومەنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جگە لەوەی یاساکە لەکاتی خۆیدا بە هۆی دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ئیدارە جێبەجێنەکراوە، لەهەمان کاتیشدا نەتوانراوە هەر(٤ ساڵ) جارێک هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی شارەوانییەکان ئەنجامبدرێت. بەم پێیەش ماوەی یاسایی ئەو ئەنجومەنانە لە سنوری ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە، هەروەها لە سنوری ئیدارەی هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە، بە سەرچوون. بەڵام ناو بە ناو لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە بڕیار تەمەنیان درێژدەکرێتەوە، هەرچەندە لەو ماوەیەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنەکان خانەنشین بوون، یاخود کۆچی دواییان کردووە.

---

[١]- ماددەی (سێیەم) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

[٢]- ماددەی (پێنجەم/ بڕگەی ١ و ٢) هەمان یاسا.

[٣]- ماددەی (چوارەم بڕگەی ١) هەمان یاسای سەرەوە.

[٤]- ماددەی (شازدەیەم) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

[٥]- بڕوانە: ماددەی (دوازدەیەم) لە هەمان یاسای سەرەوە.

[٦]- بڕوانە: ماددەکانی (١٧ و ١٩) هەمان یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە.

له دوای تێپەڕ بوونی زیاتر له هەژده ساڵ به سەر ماوەی یاسایی ئەو ئەنجومەنانه، کەچی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان له ٢٠١٩/١٠/٣٠دا، به پەسەند کردنی پەیڕەوێک بڕیاری کاراکردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی دەرکرد[١]. به پێی پەیڕەوەکه پێکهاتەی ئەنجومەن پێچەوانەی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، گۆڕدراوه بۆ سەرۆکی شارەوانی و جێگرەکەی، لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگه حکومییەکان بەڕێژەی (٧٥٪)، نوێنەری رێکخراوه پشەیی و ناحکومیەکان (٢٥٪) زیاتر نەبێ[٢].

هەر به پێی پەیڕەوەکه، سەرۆکی شارەوانی دەبێته سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی، ئەنجومەنەکەش هەمان ئەو دەسەڵاتانەی دەبێت، که له یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣دا هاتووه[٣]. هەروەها سەرۆکی شارەوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکه دەکات و جێگری سەرۆک و ئەندامان لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوه پێشنیار دەکرێن و له ئەنجومەنی پارێزگاکان دەنگیان پێدەدرێت[٤].

واته پەیڕەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران، له ڕووی پێکهاتەی ئەنجومەن و ماف و ئیمتیازاتی ئەندامانەوه، پێچەوانەی دەقەکانی تایبەت به ئەنجومەنی شارەوانیەکانن که له یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە(٦)ی ساڵی ١٩٩٣ ئاماژەی پێکراوه، چونکه ناکرێت ئەنجومەنێک به یاسای پەرلەمانی و به هەڵبژاردن پێکهێنرابێت، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت و به پەیڕەوێک دەستکاری بکات و بیگۆڕێت[٥]. هەروەها پێکهاتەی نوێی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بەپێی پەیڕەوەکه بەڕێژەی (٧٥٪) سەرۆکی فەرمانگه حکومییەکانن، بەوەش سەرۆکی فەرمانگه حکومییەکان، هەم ئەندامی دەستەی جێبەجێکاری یەکه کارگێڕییەکان دەبن، هەم ئەندام دەبن له ئەنجومەنێکی بڕیاردەر و چاودێریکار که ئەنجومەنی شارەوانییه.

---

[١]- ئەنجوومەنی وەزیران له ٢٠١٩/١٠/٣٠ به بڕیاری ژمارە (٣٢)، پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ی تایبەت به پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی له هەرێمی کوردستان پەسەندکرد... بۆ خوێندنەوەی دەقی پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی له هەرێمی کوردستان، بڕوانه: ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ژمارە (٢٤٦) که له ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٧ بڵاوکراوەتەوه. جێگەی ئاماژه پێدانه که پێشتر پەیڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧ کاروباری پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی دیاریکردبوو.

[٢]- بڕوانه: ماددەی (٤) له پەیڕەوی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١٩ پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی له هەرێمی کوردستان

[٣]- بڕوانه: ماددەی (٢ بڕگەی دووەم) له هەمان پەیڕەوی ئاماژه بۆکراوی سەرەوه.

[٤]- ماددەی (٢ بڕگەی یەکەم) هەمان پەیڕەو.

[٥]- کاروان کازم و چۆمان محمد، سەرنجی یاسایی لەسەر ئەنجومەنی شارەوانییەکان له نێوان مانەوەو هەڵوەشاندنەوەیاندا، ماڵپەڕی زەمەن پرێس،٢٠٢٠/٧/٢١، بەردەسته لەم پێگه ئەلکترۆنیەی خوارەوه:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/٢٠)https://bit.ly/٣B٧ddQf

هەروەها دانانی سەرۆکی شارەوانییەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، لە دەرەوەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی هاوڵاتیان، نەگونجاوە لەگەڵ یەکێک لە ئامانجەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆجێیی لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکانی خۆیانەوە.

کەواتە سەرەڕای هەر تێبینیەک لەسەر ناوەڕۆکی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم یاسایە کە بە ئامانجی بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان و ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیەتی دەرکرابوو، لە واقیعدا وەک خۆی جێبەجێنەکراوە. لە پێش هەموویانەوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنێک هەر (٤) ساڵ جارێک لە سنوری شارەوانییەکاندا. بەمەش یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی، کە بریتییە لە بوونی ئەنجومەنێکی خۆجێیی هەڵبژێردراو پشتگوێ خراوە.

**سێیەم: یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق**

هەروەک هەندێک لە توێژەران ئاماژەیان پێکردووە، تاکو کەوتنە بواری جێبەجێکردنی ئەم یاسایە (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠٠٩)، چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوون بۆ ڕێکخستنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نەبووە، بەڵام ئەم یاساییە توانی بەشێوەیەکی ڕوون سیستمی کارگێڕی هەرێمی کوردستان بە سیستمی ناناوەندێتیی جێگیربکات[١]. هەروەک لە هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایەدا هاتووە کە "بە مەبەستی ڕێکخستنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کارگێڕیان لە هەرێمداو پەرەپێدانیان و لە پێناو بەدیهێنانی پرەنسیپی ناسەنتەری لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەمەبەستی ئاسانکاری و چاککردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بە هاوڵاتیان و پاراستنی ماف و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا ئەم یاسایە دەرچوێنرا"[٢].

دەکرێت بڵێین لە ساڵی ٢٠١٤وە، کە ئەم یاسایە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، تاکو ئێستا (٢٠٢٢)، یاسای تایبەتمەندە بە ڕێکخستنی کارگێڕی خۆجێیەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕیەکان لە هەرێمی کوردستاندا. لەبەرئەوە گرنگە بنکۆڵکاری و شیکاری زیاتر بۆ بڕگەو ماددەکانی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین تاکو چەند یاسادانەری هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە، لە دەقنووسکردنی ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە یاساکەدا، کە خۆی لە دانانی بە بەرژەوەندی خۆجێیی، سەربەخۆی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، چاودێریکردنی یەکە

---

[١]- د. ئیسماعیل نەجمەدین، لامەرکەزیەتی کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێم: پایە و ئاڵنگارییەکانی، گۆڤاری جۆرناڵ: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینە وە لە ململانێ و قە یرانە کان دەریدەکات، ژمارە (٤٨)، سلێمانی، ئایاری٢٠٢٠، ل ١٥-١٦.

[٢]- هۆیە پێویستیەکانی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

کارگێڕییەکـان لەلایەن دەسـەڵاتی ناوەنـدەوە دەبینێـتەوە، لەخـوارەوە هەوڵـدەدەین لە ڕێـگەی ڕاڤەکردنی بڕگەو ماددەکانی یاساکە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە:-

**١- داننان بە بەرژەوەندی خۆجێیی جیاواز لە بەرژەوەندیی گشتی**

یاسادانەری هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی باش توانیویەتی ئەم ڕەگەزەی ناناوەندێتیی کارگێڕی بە ڕوونی لە یاساکەدا دەقنووسبکات، هەروەک لە یاساکەدا هاتووە "هەرێم لە ڕووی کارگێڕییەوە دابەشدەکرێت بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزاو ناحییە..."[١]. هەروەها لە ماددەی (شەشەم)ی یاساکەدا دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاریکراوە[٢]. ئەمەش بە واتای داننانە بە هەبوونی بەرژەوەندی خۆجێیی لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان، کە جیاوازە لە بەرژەوەندی گشتی لەسەر ئاستی گشتی هەرێمی کودستان.

هەرچەندە لە دیاریکردنی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، یاسادانەری هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە پەیڕەوی لە شێوازی ئینگلیزی بکات، کە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنەکانی دیاریکردووە[٣]. بەڵام هەندێک ڕەخنە لەو شێوە دیاریکردنە دەگرن و پێیان وایە یاسادانەر زیاتر بەرەو شێوازی فەرەنسی چووە، لەبەر ئەوەی سەرکەوتوو نەبووە بەوەی بە شێوەی دابڕ (حصري) تایبەتکاری ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاری بکات[٤]. هەروەها لەوەدا، کە دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی یەکە کارگێڕییەکانی بە شێوەی یەکسان و بەیەک ئاست دیاریکردووە، بە بێ لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی تایبەتی هەر یەکەیەکی کارگێڕی، پەیڕەویی لە شێوازی فەرەنسی کردووە. بێگومان هەر یەک لە شێوازی ئینگلیزی و فەرەنسی لایەنی ئەرێنی ونەرێنی خۆی هەیە، کە بە پێی بارودۆخی تایبەتی هەر دەوڵەتێک دەگۆڕێت.

**٢- لە ڕووی دەستەبەرکردنی سەربەخۆییەوە بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی یەکە کارگێڕیەکان**

لە یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەریەک لە یەکە کارگێڕیەکان ئەنجومەنی خۆی دەبێت، سەرجەم ئەندامانی ئەو ئەنجومەنانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە دیاریدەکرێن[٥]. هەروەها هەریەک لە یەکە کارگێڕییەکان، کەسایەتی مەعنەویی و سەرچاوەی دارایی سەربەخۆی لە ناو

---

[١]- ماددەی (سێیەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- بڕوانە: ماددەی (شەشەم) لە هەمان یاسای ئاماژە بۆ کراوی سەرەوە.

[٣]- صالح توفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠

[٤]- د. اسماعیل نجم الدین، الإختصاص الرقابي لمجالس المحافظات في إقليم كوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

[٥]- بڕوانە: ماددەکانی (چوارەم، هەشتەم، یازدەیەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

بـودجەی پارێزگـادا دەبێـت[١]. کەواتە لە یاسـاکەدا ئەوە دەقنووسـکراوە، کە تەواوی ئەنـدامانی ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕییەکان لە ڕێگەی هەڵبـژاردنەوە دیاریدەکرێن، بەڵام یاسـادانەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبووە، کە لە ڕووی داراییەوە دەستەبەری سـەربەخۆیی دارایی بۆ ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕیەکان بکات، لەبەرئەوەی بودجەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لە ناو بودجەی پارێزگا دیاریکردووە، نەک بەشـێوەی سـەربەخۆ. هەروەهـا ئەگەر چـی لە یاسـاکەدا سـەرچاوەی دارایـی پارێزگا دیاریکراوە[٢]. بەڵام دەسـەڵاتی خەرجکردنی ئەو داهاتانە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەستەی جێبەجێکارەوە[٣] ڕوونەکراوەتەوە.

کەواتە دەکرێـت بڵێـین یاسـادانەری هەرێمـی کوردسـتان لەوەدا سـەرکەوتوو نەبـووە، کە بتوانێت بە ڕوونی گەرەنتی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دارایی بۆ ئەنجومەنی یەکە کارگێڕیەکان بکات. ئەمەش بە شێوەیەک لە شێوەکان بە لادان لە یەکێک لە ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دادەنرێت، کە سەربەخۆیی کارگێڕی و داراییە بۆ ئەنجومەنەکان لەڕووی داهات و خەرجکردنەوە.

**٣- لە ڕووی چاودێریکردنی ئەنجومەنەکان و فەرمانگەکانی یەکە کارگێڕییەکان لەلایەن ناوەندەوە**

یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەونە ژێر چەند جۆرێک لە چاودێرییکردنەوە، بۆ نمونە لە یاساکەدا هـاتووە کە "فەرمانگەکانی یەکە کارگێڕیەکان و ئەنجومەنەکان دەکەونە بەر چاودێریکردنی دیوانی چاودێریی دارایی[٤] لە هەرێمدا"[٥].

---

[١]- ماددەی (سێیەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- بڕوانە: ماددەی (بیست و حەوتەم) لە هەمان یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە.

[٣]- بەپێی یاسـای پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان، هەر یەکەیەکـی کـارگێڕی دەسـتەیەکی جێبەجێکردنـی دەبێـت، سـەرۆکی یەکە کـارگێڕیەکە سـەرۆکایەتی دەکـات و سـەرۆکی فەرمـانگە خۆجێییەتییەکـان تێیـدا ئەنـدام دەبـن... بـۆ زانیـاری دەربـارەی تایبەتکارییەکـانی دەسـتەی جێبەجێکـار... بـڕوانە: مـاددەی (حەڤدەیەم) لە یاسـای پارێزگاکـانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

[٤]- دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان، دەستەیەکی خـاوەن دەسـەڵاتی چاودێرییە و بەپێی یاسـای ژمـارە (٢) ی سـاڵی ٢٠٠٨ یاسـای دیـوانی چـاودێریی دارایـی هەرێمـی کوردسـتان- عێراق دامەزراوە. یەکێکە لەو دەسـتە سـەربەخۆیانەی کە پەیوەسـتە بە پەرلەمـانی کوردسـتانەوە. کە سـایەتییەکی مەعنەویـی و سـەربەخۆیی دارایـی و کارگێڕی هەیە. ئامانجی سەرەکی دیوان بریتیە لە پارێزگاریکردن لە موڵک و مـاڵی گشـتی، لە ڕێگای پەیڕەوکردنی چـاودێریکردنێکی کـاریگەرانە بە پێـی ئەو پسـپۆڕایەتی و دەسـتەڵاتانەی کە یاسـا پێـی بەخشـیوە... بـڕوانە: یاسـای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردسـتان- عێراق، بەردەسـتە لە پێگەی فەرمـی پەرلەمانی کوردستان:

https://www.parliament.krd/(٢٠٢٢/٦/٢٣) ڕێکەوتی سەردانیکردن

[٥]- مـاددەی (بیسـت و هەشـتەم) لە یاسـای ژمـارە (٢)ی سـاڵی ٢٠٠٨ یاسـای دیـوانی چـاودێریی دارایـی هەرێمـی کوردستان- عێراق.

هەر بە پێی یاساکە، جگە لە دیوانی چاودێریی دارایی "ئەنجومەنەکان دەکەونە بەر چاودێریی پەرلەمان"[١]. لە هەمانکاتیشدا دەکەونە ژێر چاودێریی دادگاکانیشەوە، چونکە دادگاکان لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتیان بەسەر هەموو کەسایەتیەکی سروشتی و مەعنەوییدا هەیە[٢]. هەروەها بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کارەکانی پارێزگار ملکەچی دادگای کارگێڕی دەبن.

سەبارەت بە چاودێرییکردنی حکومەت (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) لەسەر ئەنجومەنەکان دەکرێت بڵێین یاسادانەر لە یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەڕوونی ئەوەی دەقنووس نەکردووە، کە ئەنجومەنەکان دەکەونە ژێر چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە یاخود نا. بەمەش ڕایەڵەکانی پەیوەندی و چاودێرییکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پچڕیوە لەگەڵ ئەنجومەنەکان. کە ئەوەش لادانە لە ڕەگەزێکی گرنگی ناناوەندێتیی کارگێڕی[٣]. بەڵام بەوورد بوونەوە لە بڕگەو ماددەکانی یاساکە دەردەکەوێت، بە هۆی بەستنەوەی پارێزگار بە وەزارەتی ناوخۆوە، هەروەها پێویستبوونی پەسەندکردنی پاڵێوراوان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و سوێند خواردنی پارێزگارەکان لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا، لە زۆر بواردا بە ناراستەوخۆ ڕۆڵی چاودێری بەخشیوە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش[٤].

سەبارەت بە جێبەجێکردنی بنەما دەقنوسکراوەکانی دیکەی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە واقعی هەرێمی کوردستاندا، هەرچەندە لە بەشی (دووەم و سێیەم)ی یاساکە باس لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاو ناحییەکان دەکات[٥]. بەڵام تاکو ئێستا ئەو ئەنجومەنانە هەڵنەبژێردراون، لەکاتێکدا بە پێی یاساکە دەبوو هەر (٤) ساڵ جارێک هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕییەکان ئەنجام بدرایە[٦].

---

[١]- ماددەی (سی و شەشەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- بڕوانە: ماددەی (٥) لە یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسایی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٣]- د. مستەفا ڕەسوڵ، نامەڵبەندێتی کارگێڕی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ماڵپەڕی ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان، ٢٠١٧/٣/٢٣، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا: https://bit.ly/٣Rblf٠f (٢٠٢٢/٦/٢٦ ڕێکەوتی سەردانیکردن)

[٤]- صالح توفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[٥]- بڕوانە: ماددەکانی (هەشت، یازدە) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق

[٦]- بڕوانە : ماددەی (چواردەیەم/ یەکەم) لە هەمان یاسای سەرەوە.

هەر بە پێی یاساکە دەبێت قائیمقام لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی قەزا، بەڕێوەبەری ناحیە لە نێو ئەندامانی ئەنجومەنی ناحییە هەڵبژێردرێن[١]. بەڵام بەهۆی هەڵنەبژاردنی ئەو ئەنجومەنانەوە، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی تایبەت بە پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکانی دەرکرد، کە بە پێی بڕیارەکە هەریەکە لە قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان، لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاو لە دوای پیشکەشکردنی ناویان لەلایەن پارێزگارەوە پەسەند دەکرێن[٢]. هەروەها لەسەر کار لادانیان لەسەر داوای پارێزگار یان وەزیری ناوخۆ، بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت[٣]، بەڵام لە واقیعدا زۆرجار بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بڕیاری دانان و لادانی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان دەدرێت[٤]. ئەگەرچی لە یاساکەدا بەڕوونی ئاماژە بەوە کراوە، کە هەرێمی کوردستان لەڕووی کارگێڕییەوە دابەشدەکرێت بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزا و ناحیە[٥]، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆی لە چوارچێوەی سنوری پارێزگاکاندا پێکهێناوە کە بە ئیدارەی سەربەخۆ ناسراون، وەک (ئیدارەی گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەڕین، ئیدارەی سۆران، ئیدارەی زاخۆ) بەبێ ئەوەی ئەو یەکە کارگێڕیانە هیچ پاڵپشتیەکی یاساییان هەبێت، یان لە یاسادا ئاماژەیان پێکرابێت[٦].

لەلایەکی دیکەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/٢٤ەوە، ماوەی یاسایی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتایی هاتووە، کە بە پێی یاساکە دەبوایە هەڵبژاردنێکی نوێ بۆ ئەنجومەنی

---

[١]- بڕوانە: ماددەکانی (نۆیەم برگەی سێیەم، دوازدەیەم برگەی یەکەم) لە یاسای ئاماژە پێکراوی سەرەوە.

[٢]- بڕوانە: ماددەی (دووەم) لە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ بڕیاری پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە لە کوردستانی- عێراق.

[٣]- ماددەی (سێیەم/ ٢) هەمان بڕیاری سەرەوە.

[٤]- بۆ نمونە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بڕیاری ژمارە (١٠١٢٦)ی لە ٢٠١٧/٦/١٢ دەرکرد، کە تایبەتە بوو بە لادانی (ئامانج محمد ئەحمەد) قائمقامی قەزای چەمچەماڵ و گواستنەوەی بۆ دیوانی پارێزگای سلێمانی، هەورەها گواستنەوەی (رمک ڕەمەزان قادر) بەڕێوەبەری ناحیەی تەق تەق- قەزای کۆیە/ پارێزگای هەولێر، بۆ پارێزگای سلێمانی و دانانی بە قائمقامی قەزای چەمچەماڵ بە وەکالەت، ئەوەش پێچەوانەی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستانە. لەبەرئەوەی ناکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، لادان و دانان بۆ قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان بکرێت... بڕوانە: بڕیاری وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٠١٢٦)ی لە ٢٠١٧/٦/١٢، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/٦)https://bit.ly/٣B٨lkMF

[٥]- ماددەی (سێیەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٦]- د. ئەمین فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٥.

پارێزگاکان بکرایە، بەڵام پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی درێژ کردەوە، تاکو هەڵبژاردنی خولێکی نوێی ئەنجومەن[١]. ئەم درێژکردنەوەیەش بەڕای (ئیسماعیل نامیق) شارەزای یاسایی، پێچەوانەی ماددەی (سی و یەک/ بڕگەی چوارەم) ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە، چونکە "ڕاستە پەرلەمان مافی چاودێرییکردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەیە، بەڵام ئەم چاودێرییکردنە چاودێرییکردنێکی جیا بەندییە (استثنائیە) و لەوەدا کورتکراوەتەوە کە پەرلەمان دەتوانێت ئەنجوومەنەکە هەڵبوەشێنێتەوە[٢]، جگە لەوە پەرلەمان هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی نیە، بە تایبەتی درێژکردنەوەی شەرعیەت، چونکە ئەنجوومەنی پارێزگا شەرعیەتی لە پەرلەمانەوە وەرنەگرتووە، تاکو پەرلەمان بتوانێت بۆ کاتێکی نادیار ماوەی مانەوەی درێژبکاتەوە"[٣]. بەڵام بە ڕای (لەتیف مستەفا) شارەزای یاسای دەستوریی "لەڕووی یاساییەوە درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن پەرلەمانەوە یاساییە، بەڵام دژ بە بنەماکانی دیموکراسییە، چونکە لە هیچ بارودۆخێکدا، درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەت، لەگەڵ دیموکراسییەتدا یەک ناگرێتەوە"[٤].

کەواتە هەرچەندە لەڕووی تیۆرییەوە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، تاڕادەیەک توانیویەتی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەقنووس بکات، بەڵام دەتوانین بڵێین بەهۆی دەقنووس نەکردنی هەندێک لە بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی لە یاساکەدا، هەروەها لاوازی و ناڕوونی لە هەندێکیان و، وەک پێویست جێبەجێنەکردنیان، یاخود خراپ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایەش کە دەقنوسکراون، دەبینین لەو ماوەیەدا پایەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا جێگیر نەبوون

---

[١]- بڕوانە: ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- یاساکە ڕێگەی بە پەرلەماننداوە، تەنها ئەم ئەنجوومەنانە هەڵبوەشێنێتەوە، لە سەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران، یان سێیەکی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەش لە چوار حاڵەتدا: یەکەم/ زیان گەیاندنی مەزن بەو کار و ئەرکەی کە بە ئەنجوومەن سپێردراوە. دووەم/ ئەگەر مانەوەی زیان بەخش بوو بۆ بەرژەوەندی گشتی. سێیەم/ ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات. چوارەم/ لە بارێکدا کە لە دەستوور لایدا یان سەرپێچی یاسای کرد...بڕوانە: ماددەی (سی و یەکەم بڕگەی چوارەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان عێراق.

[٣]- د. ئیسماعیل نامیق، لە پێش چاکسازی و لامەرکەزیەتدا، پێگەی درەو میدیا، بەرواری بڵاوکردنەوە ٢٠٢٠/٧/٩، بەردەستە لە پێگەی ئەلکترۆنی:

بەرواری سەردانیکردن: (٢٠٢٢/١/١٢) https://bit.ly/٣nl٦Bq٦

[٤]- لەتیف مستەفا، درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان دژی دیموکراسیەتە، چاوپێکەوتن لەگەڵ سایتی خەندان، ٢٠١٩/٧/٦، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەیی خوارەوە:

ڕێککەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/١/١٢)https://bit.ly/٣Jh٣hby

**چوارەم: یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

لە هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایەدا هاتووە "بە مەبەستی جێبەجێکردن و پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بە تایبەتمەندیی خۆی و لابردنی ڕێگری یاسایی بۆ پێکهێنانی پارێزگاکە بە شێوەیەک، کە ببێتە هاندەر بۆ خزمەتکردنی زیاتری دانیشتووانی پارێزگاکە و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی تاوانەکانی جینۆساید، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەم یاسایەی دەرکرد"[١]. بەپێی ئەم یاسایە دەبوو پارێزگای هەڵەبجە ئەنجومەنێکی هەبوایە، کە ژمارەی ئەندامانی لە (٢٥) ئەندام زیاتر نەبوایە و لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەستنیشان بکرانایە[٢]. بەڵام تاکو ئێستا(٢٠٢٢)، ئەم ئەنجومەنە پێکنەهێنراوە. لە کاتێکدا لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/١٢دا، لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای هەڵەبجە لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەن و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی ئەو پارێزگایە ڕێکەوتوون[٣]. دواتر وەزارەتی ناوخۆ لە ٢٠١٧/٤/١٢ ناوی کاندیدانی پێشنیازکراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەی بەرزکردەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لەو ڕێکەوتەوە ناوی کاندیدان لە ئەنجومەنی وەزیران ڕاگیراوە و واژۆیان لەسەر نەکراوە[٤].

---

[١]- بڕوانە: هۆیەکانی دەرچوواندنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- ماددەی(٢/ یەکەم) هەمان یاسای سەرەوە.

[٣]- بە پێی دەقی ڕێکەوتنی لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای هەڵەبجە، کە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٣/١٢، دابەشکردنی کورسیەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو چواردە پۆستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەنجامیانداوە بەم شێوەیە دابەشکراوە: (ی. ن. ک) (٦) کورسی ئەنجومەنی پارێزگا و (٤) بەڕێوەبەرایەتی گشتی. بزوتنەوەی گۆڕان (٥) کورسی ئەنجومەنی پارێزگا و (٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتی. لسیتی خزمەت کە لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی پێکدێت (٧) کورسی ئەنجومەنی پارێزگا و (٤) بەڕێوەبەرایەتی گشتی. (پ. د. ک)یش (٣) کورسی ئەنجومەنی پارێزگا و (٣) بەڕێوەبەرایەتی گشتی. بزوتنەوەی ئیسلامی (٢) کورسی ئەنجومەنی پارێزگا. لیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی کە لە حیزبی شیوعی و حیزبی سۆسیالیست پێکهاتووە (١) کورسی ئەنجومەنی پارێزگا. هەروەها کورسیەکی کۆتاش لە ئەنجومەنی پارێزگا دانراوە بۆ کاکەییەکان... بڕوانە: دەقی ڕێکەوتنی لایەنە سیاسییەکانی پارێزگای هەڵەبجە لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگا، کە لە ٢٠١٧/٣/١٢دا، بڵاوکراوەتەوە، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن: (٢٠٢٢/٣/٢٤)https://bit.ly/٣JHREla

[٤]- بڕوانە: دەقی یاداشت نامەی کاندیدانی پێشنیازکراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٨/٢، ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

بەرواری سەردانیکردن (٢٠٢٢/١/١٣)https://bit.ly/٣Fq٨rfP

کەواتە سەرەڕای هەر تێبینییەک لەسەر ناوەڕۆکی یاساکەو یەک نەگرتنەوەی لەگەڵ بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، بەتایبەت دروستکردنی ئەنجومەنێک بەبێ هەڵبژاردن و لە دەرەوەی ویستی هاوڵاتیانی خۆجێی و لەڕێگەی دامەزراندنەوە، کە پێچەوانەی سروشت و ئامانجەکانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێییە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوا هێشتا ئەو بەشەی یاساکە، کە خۆی لە پێکهێنانی ئەنجومەنێکی تایبەت بە پارێزگاکە دەبینێتەوە، جێبەجێنەکراوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەگەر چی لەو ماوەیەدا لە هەرێمی کوردستان چەند یاسایەک لە پێناو بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان لەسەر بنەمای ناناوەندێتیی کارگێڕی دەرکراون، بەڵام تاکو ئێستا ئیرادەیەکی سیاسی ڕاستەقینە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەما یاساییانەی ناناوەندێتی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی نییە، هەروەها سەرەڕای هەر تێبینییەک لەسەر ئەو یاسایانە، نەشتوانراوە وەک خۆیان جێبەجێ بکرێن، هەر لە بەرئەوەشە کە دەبینین واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، جیاوازە لەوەی کە لە یاسا و ڕێساکاندا دەقنووسکراوە.

## **توێژینچەی دووەم: گرنگی پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی بۆ هەرێمی کوردستان**

پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەهەر کۆمەڵگایەکدا کۆمەڵێک پاڵنەری سیاسی، ئابوری، کارگێڕی و کۆمەڵایەتی جیاوازیی هەیە[1]. بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی پەنابردن بۆ پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی بریتییە لە چارەسەرکردنی ململانێی ناوخۆیی لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندو ناوچەیەکانی دیکەی دەرەوەی ناوەند، یان لەگەڵ هەرێمێکی دیاریکراو لە دەوڵەتدا، ئەوەش لە ڕێگەی بەخشینی ئاستێک لە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە بواری کارگێڕی و داراییدا[2]. لەم توێژینچەیەدا هەوڵدەدەین گرنگی پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی بۆ هەرێمی کوردستان ڕوونبکەینەوە.

لە دەرئەنجامی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لە نێوان ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٨) هەرێمی کوردستان دابەشی سەر دوو زۆنی زەرد و سەوز بوو، کە دوو ئیدارە و دوو دەسەڵاتی جیاوازیی تیادا دروستبوو. ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٥ یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندرا، بەڵام هێشتا نەتوانراوە بە تەواوی شوێنەوارەکانی ئەو دوو ئیدارەییە

---

[1]- د. فرح ضياء حسين ، الحكومات المحلية، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، ٢٠١٣، ص١٢.

[2]- د. سۆران علی حسن و د. ئارام نجم الدين، چوارچێوەی یاسایی ئیدارە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی سیستمی ناناوەندی کارگێڕی، گۆڤاری توێژەر: گۆڤارێکی ئەکادیمیی وەرزیی تایبەت بە زانستە مرۆڤایەتییەکانە، فاکەڵتیی ئاداب لە زانکۆی سۆران دەریدەکات، بەرگی (٤)، ژمارە (٢)، پایزی ٢٠٢١، ل٣٨٢.

کۆتـایی پێبهێنرێـت. کە ئەمەش دەرئەنجـامی ململانێـی سیاسـی و نەبـوونی متمـانەیە لە نێـوان (پ.د.ک)و (ی. ن. ک)دا، وەک دوو پارتی سیاسی سەرەکی و باڵادەست لەو زۆن و ئیدارانەدا، بە شێوەیەک تاکو ئێستا ئیرادەیەکی ڕاستەقینە بۆ نەهێشتنی شوێنەواری دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا بەدی ناکرێت[١]. هەروەک لە واقیعدا دەبینرێت هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافی و سیاسی و داراییەوە دابەشبووە، هەریەکە لە دوو پارتە سیاسیە سەرەکییەکە (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لە زۆنی خۆیاندا دەسەڵاتێکی سیاسی و سەربازیی و ئابوریی زۆریان هەیە[٢]. ئەوەش وای کردووە کە واقیعی هەرێمی کوردستان زیاتر لە دوو ناوەندی سەربەخۆ بچێت[٣]. بەبێ ئەوەی ئەم دوو ناوەندییە، یاخود دوو ئیدارەییە هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی هەبێت، بەڵکو تەنها دەرئەنجامی هەژموون و باڵادەستی دوو پارتی سیاسی سەرەکییە[٤].

جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەتوانرێت ئەو دابەشبوونە جوگرافیەیی کە لە هەرێمی کوردستاندا لە دەرەوەی یاسا بوونی هەیە کۆتایی پێبهێنرێت و بە شێوەیەکی یاسایی ڕێکبخرێت، لەبەرئەوەی لە ناناوەندێتی کارگێڕیدا دەتوانرێت دەسەڵات بسپێردرێت بە چەند ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو و سەرچاوەی دارایی و داهاتەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوانەدا بێت[٥]. کە ئەوەش ئەرک و بەرپرسیارێتی هەر ناوچەیەک ڕوون و دیار دەبێت، کە لە ئێستادا لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پایتەخت و ئەنجومەن و دەستە خۆجێیەکان لە ئاستی پارێزگاکاندا، جۆرێک لە خۆ لادان لە هەڵگرتنی بەر پرسیارێتی هەیە، هەریەکەیان هەوڵدەدات ئەوی دیکە بە کەمتەرخەم و بەرپرسیار بزانێت لە ئاست جێبەجێنەکردنی ئەرکەکاندا.

---

[١]- دلاوەر عەبدولعزیز، نیشتیمان سازیی و سیستەمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٣٥.

[٢]- مراد حەکیم و لەیلا ئەمیر، کۆمەڵگەی کوردستانی باشور لە نێوان یەکگرتوویی و پەرتەوازەییدا، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، ئامادەکردنی: ئیحسان وەلزی و موسلح ئیروانی، ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، ٢٠٢٠، ل ٢٠١٢.

[٣]- شاهۆ عەبدولا، ئایا سیستەمی ناناوەندی چارەسەری کیشەکانی سلێمانی دەکات؟، ماڵپەڕی مەودا میدیا، ٢٠٢٠/٥/٧، بەردەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٣/٢١)https://bit.ly/٣ImadA٤

[٤]- د. هیوا مەجید، پەیوەندی نێوان حکومڕانی باش و سیستەمی لامەرکەزی: خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٤)، ژمارە (١)، بەهاری ٢٠٢١، ل ٣٨٧.

[٥]- د. یوسف گۆران و ئەوانی دیکە، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

لەسەر بنەمای ئەوەی خرایە ڕوو، دەکرێت گرنگی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی بۆ هەرێمی کوردستان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخرێتەڕوو:-

**یەکەم: لەڕووی کارگێڕییەوە**

ئاشکرایە کە لە ئێستادا هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی دهۆک یان سلێمانی، یاخود هەڵەبجە بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان، یاخود بۆ واژۆکردنی بەڵگەنامە گرنگەکانیان دەبێت ڕێگایەکی دوور ببڕن، تاکو بگەن بە پایتەختی هەرێمی کوردستان، کە پارێزگای هەولێرە، چونکە سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پایتەختدان؛ ئەمەش ئاستەنگ و بارگرانییەکی زۆر لەسەر شانی هاوڵاتیان دروستدەکات، سەرەڕای زۆری خەرجی و خراپی ڕێگاوبان و هۆیەکانی گواستنەوە[1]. لەهەمان کاتیشدا فشارێکی زۆر لەسەر وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پایتەخت دروستدەکات.

جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی بەشێک لە دەسەڵاتە کارگێڕییەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم و پارێزگاکاندا، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆتیناتی ناو فەرمانگە حکومیەکان و باشتر کردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان، چونکە ئەو دەسەڵاتانەی لە وەزارتەکانەوە دەگوازرێنەوە بۆ پارێزگاکان وا دەکات هاوڵاتیان و فەرمانبەران پێویست نەکات ڕێگایەکی دوور ببڕن و ئەرک و زەحمەتی چوونە وەزارەت بکێشن بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان، بەڵکو دەتوانن لە شارەکەی خۆیاندا کاروبارەکانیان بۆ ڕاییکرێت. ئەمەش جگەلەوەی خەرجیی سەر هاوڵاتیان کەمدەکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا دەبێتە هۆکارێک بۆ دروست نەبوونی گوشار لەسەر ڕێگاکانی هاتوو چۆی نێوان پایتەخت و ناوچەکانی دەرەوەی پایتەخت، بەمەش ژمارەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کەمتر دەبێتەوە، کە ڕۆژانە بەهۆی خراپی ڕێگاوبانەکان و پابەند نەبوون بە یاساکانی هاتوو چۆوە، چەندین ڕووداوی گیان لەدەستدان و بریندار بوونی هاوڵاتیانی لێدەکەوێتەوە.

لە ڕووی کرداریشەوە بەهۆی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ پارێزگاکان، ژمارەی ئەو فەرمانگە و بەرپرسانە کەم دەبێتەوە کە هاوڵاتی یان فەرمانبەر پێویستە بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان سەردانیان بکات[2]. جگە لەوەش ناناوەندێتیی کارگێڕی فشارەکانی سەر وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی دیکە لە پایتەخت کەم دەکاتەوە. هەروەها بە هۆی تایبەتمەندیی و جیاوازیی لە نێوان ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، پێویستی و داواکاری هاوڵاتییانیش بۆ خزمەتگوزارییە

---

[1]- کارزان عومەر، گرنگی سیستمی لامەرکەزییەتی کارگێڕی و دارایی بۆ هەرێمی کوردستان، گۆڤاری جۆرناڵ: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ژمارە (٤٨)، سلێمانی ئایاری٢٠٢٠، ل٥٦.

[2]- د. جەلال حەسەن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو.

گشتییەکان جیاوازن، بەم هۆیەوە ئەنجومەنەکان لەبەر پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ هاوڵاتیان، زیاتر شارەزایی خواست و پێداویستی ناوچەکانیانن، ئەم نزیکیەش دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی باشتر و خێراتر، ئەوەش کاری هاوڵاتیان ئاسان دەکات و ڕۆتین کەمدەکاتەوە[١].

**دووەم: لەڕووی سیاسییەوە**

لە دوای (٣٠) ساڵ لە حکومڕانی دەبینین سیستمی بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێکە؛ گرفتی بەڕێوەبردن و دارایی و زیادبوونی ڕۆتین و گەندەڵی لێکەوتۆتەوە، ئەگەر ئەم شێوازە لە بەڕێوەبردن بەردەوام بێت؛ ئەوا متمانەی نێوان خەڵک و حکومەت لاوازتر دەبێت[٢] و هاوڵاتیان زیاتر توشی بێهیوای دەبن[٣]. لەبەرئەوەی یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بریتییە لە لاوازی متمانەی هاوڵاتیان بە سیستمی سیاسی و دەسەڵاتە گشتیەکان[٤].

جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، دەرفەت دەدات بە هاوڵاتیان لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە نوێنەرانی خۆیان لە ئەنجومەنە خۆجێیەکان هەڵبژێرن ، هەروەها لە ڕێگەی نوێنەراکانیشەوە دەتوانن بەرپرسی یەکە کارگێڕیەکانی هەڵبژێردرێن، بەمەش متمانەی هاوڵاتیان بە پرۆسەی سیاسی و دەنگدان زیاد دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسانکاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و ئەرکی سەرشانی کەم دەکاتەوە، ئەوەش لە ڕووی سیاسییەوە وادەکات حکومەت باشتر ئەرکە نیشتیمانی و ستراتیژییەکانی سەرشانی ڕاپەڕێنێت، لە هەمانکاتیشدا ئەنجومەنەکان لە ئاستی یەکە کارگێرییەکاندا، بەرپرسیارێتی پلان و دروستکردنی بڕیارەکانیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئەگەر نەنگیەک لە بڕیارێک هەبێت، تەنها لە ناوچەیەک یان بوارێکی

---

[١]- بڕوانە: دەقی پرۆژەی سیستمی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی،٢٠٢٠، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

ڕێکەوتی سەردانی کردن (٢٠٢٢/٣/٢٥)https://bit.ly/٣٦saapq

[٢]- دەرئەنجامی ڕاپرسییەکی مەیدانی کە لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆ تێزێکی دکتۆرا بە ناونیشانی (متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان- عێراق) لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە کە تەنها (٣٠.٢٥٪) ی خەڵک متمانەی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان هەیە، لە بەرامبەردا نزیکەی (٧٠٪) متمانەیان پێی نییە...بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بارزان جوهر، متمانەی سیاسی بە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان- عێراق، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٢٠، ل٢٣٢

[٣]- دلاوەر عەبدولعزیز عەلائەدین، نیشتیمان سازیی و سیستمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

[٤]- بارزان جوهر صادق، هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.

دياريكراو دەبێت و بەرپرسانی کەمتەرخەمیش ئاسانترو خێراتر لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت[١]. لەبەرئەوەی یەکێک لە کێشەکانی حکومڕانی و بەڕێوەبردن لە هەرێمی کوردستاندا، بریتییە لە لاوازی دامەزراوەکانی چاودێریکردن و لێپرسینەوە، دەتوانرێت لە ڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەوە، سیستمی چاودێریکردن و لێپرسینەوە لە ئاستی یەکە کارگێڕیەکاندا کارا بکرێت، چونکە ئاشکرایە کە ئەگەر بویسترێت کاری چاودێریکردن و لێپرسینەوە لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەوا ئەم کارە لە ئاستی حکومەتی خۆجێیدا ئاسانترە، وەک لە ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ڕەنگە زۆربەیان پۆستی باڵای حزبیان هەبێت و لێپرسینەوە و سزادانیان ئاسان نەبێت[٢].

هەروەها جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، کێبڕکێی پارتە سیاسییەکان بۆ ئەنجومەنی پارێزگا زیاتر دەکات، ئەمەش وا دەکات کە پارتە سیاسییەکان زیاتر خۆیان لە خەڵک نزیک بکەنەوە و هەوڵی ئەوە بدەن هەر یەک لەلای خۆیەوە، نمونەیەکی باشتری حکومڕانی پێشکەش بکات، بە واتایەکی دیکە جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانێت پاڵنەرێکی گرنگ بێت بۆ دروستکردنی ململانێی سیاسی تەندروست، بە ئامانجی خزمەتکردنی هاوڵاتیان و گەشەپێدانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان[٣].

**سێیەم: لەرووی ئابورییەوە**

پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان جگە لە سامانی سروشتی وەک نەوت وغاز، خاوەنی ناوچەی بە پیت و بەرفراوانی کشتوکاڵی، سەرچاوەی گرنگی گەشتوگوزاری، دەروازەی سنوری نێودەوڵەتی، فرۆکەخانە و خاڵی گومرگی، هەروەها بوونی داهاتە ناوخۆییەکان و بنەماکانی گەشەپێدانی وەک کار، زەوی، سەرمایە، ڕێکخستن و چەندین بەنداوی گرنگ و ستراتیژیین[٤]. کە لە ئێستادا و لەژێر سایەی دوو ئیدارەیی و دوو ناوەندێتی لە حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا، نەتوانراوە وەک پێویست ئەو کەرتانە وەگەڕبخرێن، کە لەم قەیرانە داراییەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا وەگەڕخستنیان گرنگ و پێویستە. بە جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی، دەکرێت کەرتە گشتیەکانی وەک گەشتوگوازر و نیشتەجێکردن و پەرەپێدانی خاڵە سنوریەکان و...، گەشەیان پێبدرێت، لەبەرئەوەی کاتێک کە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی دەدرێتە یەکە کارگێڕیەکان، ئەوا ناچار دەبن بە ئامانجی پەیداکردنی داهاتی زیاتر و پشت بەخۆبەستن، ئەو

---

[١]- د. جەلال حەسەن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- دلاوەر عەبدولعەزیز، دەوڵەتسازیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

[٣]- د. جەلال حەسەن مستەفا، سەرچاوەی پێشوو.

[٤]- دەقی پرۆژەی سیستمی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی،٢٠٢٠.

کەرتانە وەگەڕبخەن و پەرەیان پێبدەن[1]. هەروەها یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هاوڵاتیان بە هۆی لاوازی متمانەیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زۆر نەبێت باج نادەن، لەبەرئەوەی پێیان وایە ئەو باجەی کە دەیدەن ناکرێتە خزمەتگوزاری و ناخرێتە خزمەت هاوڵاتیان و گەشە پێدانی ناوچەکانەوە[2].

بۆ نمونە سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی) لە وتەیەکیدا لە کاتی سەردانیکردنی بۆ وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: "هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان هەموو مانگێک ئامادەن پارەی کارەبای مۆلیدە لەکاتی خۆیدا بدات، بەڵام ئامادە نییە پارەی کارەبای حکومی بدات"[3]. کە بە گوتەی (ئومێد ئەحمەد) وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتەکەیان زیاتر لە (ترلیۆنێک و دووسەد و شەست و یەک ملیار) دینار، قەرزیان لای هەوبەشەکانی کارەبایە[4]. ئەوەش واتای ئەوەیە کە دامەزراوەخۆجێییەکان، وەک پێوست بەئەرکی خۆیان هەڵناسن و هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن و ڕێکاری پێویست بۆ کۆکردنەوەی باج ناگرنە بەر، لەکاتێکدا دەسەڵاتی گرتنەبەری چەند ڕێکارێکیان هەیە لەوانە، بۆنمونە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا لە ئاستی پارێزگاکاندا دەتوانێت، هەستێت بە پچڕانی کارەبای ئەو شوێنانەی کە ئامادەنین پارەی کارەبای حکومی بدات، بەڵام ئەگەر ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێبکرێت، ئەوا ئەوکات هەر پارێزگایەک بەرپرس دەبێت لەو داهاتە ئابوریانەی، کە لە سەرچاوەکان دەستی دەکەوێت، لە هەمانکاتدا هاوڵاتیانیش باشتر لێی سودمەند دەبن، بەوەش هەست بە بەرپرسیاریەتی زیاتر دەکەن[5].

---

[1]- د. جەلال حەسەن مستەفا سەرچاوەی پێشوو.

[2]- بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.

[3]- بۆ گوێگرتن لە گوتەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕوانە هەژماری فەرمی فەرمانگەی میدیاو زانیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک، ٢٠٢٢/٨/٢١، بەردەستە لەم پێگە یەلیکترۆنیەیی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٢٨)https://bit.ly/٣CCSJQB

[4]- ئومێد ئەحمەد، وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەژماری فەرمی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ٢٠٢٢/١٠/٣١، بەردەستە لەم بەستەرەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/١١/١٤)https://bit.ly/٣ObRHyY

[5]- د. خالید حەیدەر، چاوپیکەوتن لەگەڵ کەناڵی گەلی کوردستان، ٢٠٢٠/٥/١، بەردەستە لەم ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن: (٢٠٢٢/٣/٢٥)https://bit.ly/٣LalCEI

سـەرەڕای ئەو گرنگییـانەی کە چـاوەڕێ دەکرێـت بەهـۆی جێبەجێکردنـی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕییەوە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان دەسـتە بەربکرێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، بەدەرنابێت لە ڕەخنەو مەترسـی، بە تـایبەت کە هەندێک پێیـان وایە هێشـتا زەمینـەی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کـارگێڕی لە هەرێمـی کوردسـتاندا، لە ڕووی سیاسـی و ئـابوورییەوە، وەک پێویسـت نەڕەخسـیوە. لەبەرئەوە باس لە چەند مەترسیەک دەکرێت، کە بە جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان ببێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم: ترس لە دابەشبوونی هەرێمی کوردستان**

ترسێک هەیە لەوەی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی ببێتە هۆکارێک بۆ دابەشبوونی قەوارەی فیدراڵی هەرێمـی کوردسـتان بەسـەر دوو هەرێمـی هەولێر و سـلێمانیدا[١]. تاڕادەیەک ئەم مەترسییە دەکرێت بنەمایەکی واقیعی هەبێت، لەبەرئەوەی تاکو ئێستاش جۆرێک لە دابەشبوون لە ڕووی سیاسـی، کـارگێڕیی و جـوگرافییەوە لە هەرێمـی کوردسـتاندا بـوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین ئەوەی ئەم مەترسییە دروست دەکات پەیڕەوکردنی ناناوەندێتی کارگێڕیی نییە، بەڵکو نەبوونی حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز و، هەروەها بەردەوامی ئەو ناکۆکی و ململانێ حزبییەیە، کە ئێستا پارتە سیاسییە سەرەکییەکان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لە هەرێمی کوردستاندا پەیـڕەوی دەکەن و جۆرێـک لە نـادادپەروەری جـوگرافی هێنـاوەتە کـایەوە؛ بە شـێوەیەک کە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی هەستدەکەن بەراورد بە هەولێر و دهۆک لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاریەوە پشـتگوێ خـراون، هەروەهـا هاوڵاتیـانی دەرەوەی پایتەخـت (هەولێـر) بێـزارن لەوەی هەندێکجار دەبێت لە پارێزگاکانی دهۆک، سلێمانی و هەڵەبجەوە بۆ ئیمزایەکی وەزیر، یان فەرمـانگەی پەیوەندیـدار، چەنـد جارێـک سـەردانی هەولێـر بکەن و خەرجیەکـی زۆربکەن. کەواتە دەکرێـت بڵێـین ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی، نەک نـابێتە هـۆی جیـاکردنەوە و دابڕینـی پارێزگاکـانی هەرێمی کوردستان لە یەکتر، بەڵکو دەتوانێت پەیوەندی نێوانیان باشتر دەکات و لە چوارچێوەیەکی یاساییدا ڕێکیانبخات، کە ئەوەش مەترسی بە دوو هەرێم بوون کەمدەکاتەوە[٢].

---

[١]- د. هیوا مەجید، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤.

[٢]- لە سـاڵی ٢٠٢٠ پـرۆژەیەک بە ناونیشـانی (پـرۆژەی بە هەرێمکردنـی پارێزگـای سـلێمانی) ڕاگەیەنـدرا، دواتـر دەسـتەیەک لە هاوڵاتیـانی سنوری پارێزگاکە بۆ پێکهێنرا و دەسـتیانکرد بە بانگەشـەکردن بۆ پرۆژەکەیـان، پاشـان واژۆی (١٠٪)ی دەنگـدەرانی سـنوری پارێزگـای سـلێمانی و هەڵەبـجە، کە (١٥٠ هەزار) واژۆ بـوو، کـۆکرایەوە و ڕادەستی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کرا، بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی و دەستووری، بۆ بە هەرێمبـوونی پارێزگـای سـلێمانی و هەڵەبـجە بگیـرێتەبەر، کە بەگـوتەی (بەیـار عـومەر) ڕێکـخەری هەڵمەتـی بەهەرێمبوونی پارێزگای سلێمانی، ئەم شێوازە لە حکومڕانی هەرێمی کوردستان و بوونی نایەکسانی و ناعەدالەتی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەت لەڕووی گەشەپێدان و وەبەرهێنانەوە، یەکێک بووە لە پاڵنەرە=

### دووەم: زیادبوونی گەندەڵی

بە هۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا، تاکو ئێستا دامەزراوەکانی چاودێریکردن و لێپرسینەوە کارا نین، ترسی ئەوە هەیە کە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان گەندەڵی و بە هەدەردان لە ئاستی یەکە کارگێڕیەکان زیاتر بکات. بەڵام بەوپێیەی یەکێک لە ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بریتییە لە بوونی چاودێریی حکومەتی ناوەند بەسەر ئەنجومەنی پارێزگاکان و حکومەتە خۆجێییەکانەوە، لەبەرئەوە ئەگەر ناناوەندێتیی کارگێڕی لە ناوچەیەک جێبەجێکرا، ئەوە مانای ئەوە نییە بە تەواوی سەربەخۆ دەبێت لە وەرگرتنی بودجە و دارایی و ئازادانە دابەشیدەکات بەبێ بوونی هیچ چاودێری و بەدواداچوونێک، چونکە بەبێ گرتنە بەری ڕێوشوێنی چاودێری و هەڵسەنگاندن، ئامانجەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەدینایەت، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی ناناوەندێتیی کارگێڕی و چاودێری و لێپرسینەوە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و تەواوکەری یەکترن. زۆرجار بۆ بەهێز کردنی بنەماکانی لێپرسینەوە و شەفافیەت پەنا بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەبرێت[١]. کەواتە لەکاتی جێبەجێکردنی ناناوەندێتی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، دەکرێت لەڕێگەی چاودێریکردن و لێپرسینەوەوە، مەترسی زیادبوونی گەندەڵی تاڕادەیەک بڕەوێنرێتەوە.

### سێیەم: دوو ناوەندێتی

یەکێکی دیکە لە مەترسیەکان ئەوەیە کە جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا ببێتە هۆی هێنانە ئارای دوو ناوەندێتی، واتە لە بری ناوەندێک لە هەولێر، ناوەندێکی دیکە لە سلێمانی دروستبکرێت، وەک هەندێک کەس و لایەن لە هەرێمی کوردستاندا باسی دەکەن و ترسیان لێی هەیە، واتە ئەوەی دێتە ئارا جەمسەرگیریی دەبێت، کە دەرئەنجامی ململانێی هێز دەبێت، نەک سیستمی ناناوەندێتیی، بەڵام دەبێت ئەوەمان لاڕوون بێت، ناناوەندێتیی کارگێڕی بریتییە لە دابەشکردن و ڕێکخستنی دەسەڵاتە کارگێڕیەکان (نەک سیاسی و یاساییەکان) لە نێوان ناوەند و حکومەتە خۆجێییەکاندا، لەبەرئەوە پارێزگای سلێمانی، یاخود هەرپارێزگایەکی

---

سەرەکییەکان، کە وایکردووە ئەوان داوای بە هەرێمبوونی پارێزگای سلێمانی بکەن. بەڵام تاکو ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، پرۆژەکە لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕاگیراوە و کاری لەسەر نەکراوە. کە بە گوتەی (بەیار عومەر) ڕێکخەری هەڵمەتەکە، هیچ پارتێکی سیاسی هەرێمی کوردستان پشتگیری پرۆژەکەیانی نەکردووە...چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەیار عومەر) ڕێکخەری هەڵمەتی بە هەرێمکردنی پارێزگای سلێمانی، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٦/١٩، سلێمانی.

[١]- لاوک سەلاح، لامەرکەزیەت نەخشە ڕێگایەکی نیشتیمانی بۆ هەرێمی کوردستان- عێراق، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٣٧-٣٨.

دیکەی هەرێم، کاتێک دەتوانێت پەیڕەوی لە سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی بکات، کە هەموو هەرێمی کوردستان ناناوەندێتیی کارگێڕی بێت[١].

کەواتە دەتوانین بڵێین جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی بۆ هەرێمی کوردستان چەندین گرنگی سیاسی، کارگێڕی، ئابوریی دەبێت، بە شێوەیەک دەتوانرێت ئەو دابەشبوونەی هەرێمی کوردستاندا، کە چەندین ساڵە لە دەرەوەی یاسا بوونی هەیە، بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکبخرێت، لە هەمان کاتیشدا پاڵنەرێکی گرنگ دەبێت بۆ دروستکردنی ململانێی سیاسی تەندروست بە ئامانجی زیاتر خزمەتکردنی هاوڵاتیان و گەشەپێدانی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی کۆکردنەوەو ڕێکخستنەوەی داهاتی خۆجێیی و کەمکردنەوەی ڕۆتیناتی کارگێڕی و پیشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێویست بە هاوڵاتیانی یەکە کارگێڕییەکان، لە ڕێگەی حکومەت و ئەنجومەنە خۆجێییەکانەوە، بەو پێیەی ئەوان شارەزاترن لە پێداویستی و کێشەی ناوچەکانی خۆیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ بەهێزکردنی دەسەڵاتی چاودێری و لێپرسینەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە پایتەخت، جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەکرێت مەترسی ئەوەی لێبکرێت دابەشبوون  و گەندەڵی زیاتر لە هەرێمی کوردستاندا بهێنێتەکایەوە.

لە کۆتایی ئەم بەشەی توێژینەوەکەدا دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لە دوای دروست بوونیەوە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، لە ڕووی سیاسی،  یاسایی و کارگێڕییەوە توانیویەتی ئاستێک لە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت. دواتر وەک هەرێمی فیدراڵ لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراقدا، دانپێدا نراوە. بۆ بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کار بە چەند یاسا و ڕێسایەک کراوە. لەگەڵ ئەوەی کە دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەو یاسا و ڕیسایانەدا لاوازن و نەتوانراوە گەرەنتی جێبەجێکردنی سیستمێکی ناناوەندێتیی کارگیری کارا لە هەرێمی کوردستاندا بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە ئەو بنەما لاوازانەش، وەک خۆیان جێبەجێبکرێت. هەر لەبەرئەوەشە کە دەبینین واقیعی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا جیاوازە لەوەی لە یاساکاندا باسکراوە.

جێبەجێکردنی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی دەتوانێت چەندین گرنگی سیاسی، کارگێڕی وئابوری بۆ هەرێمی کوردستان هەبێت، هەروەها هەنگاوێکی گرنگیش دەبێت بۆ کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی دوو ئیدارەی و ڕێکخستنەوەی ئەو واقیعە دابەشبووەی لە هەرێمی کوردستاندا چەندین ساڵە لەدەرەوەی یاسا بوونی هەیە، چونکە لەڕێگەی جێبەجێکردنی ناناوەندێتی کارگێڕییەوە دەسەڵاتەکارگێڕییەکان دابەشدەکرێت، لەهەمانکاتدا ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانی هەر

---

[١]- د. سەردارعەزیز، ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بە لامەرکەزیەتە، گۆڤاری جۆرناڵ: ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ژمارە (٤٨)، سلێمانی، ئایاری٢٠٢٠، ل٤٠-٤١.

لایەک ڕوون دەبێتەوە، بەوەش دەتوانرێت کاروبارەکان باشتر جێبەجێبکرێن و پەیوەندی نێوان هاولاتیان و بڕیاربەدەستان بەهێز بکرێت، هەروەها ئاستی بەشداری و متمانەی هاولاتیان بە پرۆسەی حکومڕانی زیاتر دەبێت، هەموو ئەوانەش پێویستی بە ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار و کاراکردنی پرۆسەی چاودێریکردن و لیپرسینەوە هەیە، تاکو بتوانرێت ئامانجەکانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی لەواقیعی هەرێمی کوردستاندا بەدیبهێنرێت.

# بەشی سێیەم

## ئاڵنگارییە سیاسی و یاسایی و داراییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا

جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی و سەرکەوتنی، پشت بە بارودۆخی سیاسی و ئاستی پێشکەوتنی ئابوری، کۆمەڵایەتی و یاسایی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەبەستێت، لەهەمانکاتیشدا، دەوەستێتە سەر ئەوەی، کە تاکو چەند هێز و لایەنە سیاسییەکان لە واقیعدا باوەڕیان بە پرۆسەی دیموکراسی و دابەشکردنی دەسەڵات هەیە لە کۆمەڵگادا. لە ژێر کاریگەری ئەو گۆرانکاریانەی کە لە دەوڵەتی عێراقدا، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ڕوویاندا، بە تایبەت جێگیرکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥دا؛ لە هەرێمی کوردستانیشدا چەند هەوڵێک بۆ پەیڕەوکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی درا، ئەوەبوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠٠٥دا، هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستانیش کرا. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یاسایی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان پەسەندکرا و لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام تاکو ئێستا نەتوانراوە پایەکانی سیستمەکە لەسەر ئەرزی واقیع جێگیر بکرێت. لەبەرئەوە ئامانجی ئەم بەشەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە گرنگترین ئاڵنگارییە سیاسی، یاسایی و داراییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا بخاتە ڕوو.

### توێژراوەی یەکەم: ئاڵنگارییە سیاسییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا


بارودۆخی سیاسی لە هەر کۆمەڵگایەکدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی و جێبەجێکردنی یاساو ڕێساکانی ئەو کۆمەڵگایە هەیە، لە هەرێمی کوردستانیشدا لە چەندین یاساو ڕێسادا ئاماژە بە پەیرەوکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی کراوە، بەڵام ئایا تاکو چەند بارودۆخە سیاسییەکە ڕێگر بووە لەوەی ئەو بنەمایانە بەکرداری لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێبکرێت؟ لەم توێژراوەدا و لە ڕێگەی چەند توێژینچەیەکەوە هەوڵدەدەین وەڵامی ئەوپرسیارە بدەینەوە و ئاڵنگارییە سیاسییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بخەینەڕوو.

**توێژینچەی یەکەم: نەبوونی حکومەتێکی ناوەندیی یەکگرتووی بەهێز لە هەرێمی کوردستاندا**

ئەگەر ناناوەندێتیی کارگێڕی لە سادەترین واتایدا بریتی بێت لە دابەشکردنی بە شێک لە دەسەڵاتە کارگێڕیەکان لە نێوان حکومەتی ناوەندی و دەسەڵاتە خۆجێییەکان، یاخود خاوەن بەرژەوەندییەکانی دیکە، لە ژێر چاودێری و سەرپەرشتی دەسەڵاتی ناوەندداا[١]؛ ئەوا مانای وایە بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی پێویستە لە بنەڕەتدا حکومەتێکی (دەسەڵاتێکی کارگێڕی ناوەندی یەکگرتووی بەهێز بوونی هەبێت، بە جۆرێک ئەو ناوەندە، یاخود ئەو حکومەتە هەموو دەسەڵاتە کارگێڕیی وداراییەکانی تێدا کۆکرابێتەوە، دواتر لە پێناو جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، بەشێک لەو دەسەڵاتەنەی کە لە دەستی ئەو ناوەندە، یاخود ئەو حکومەتەدا کۆبووەتەوە بگوازرێتەوە بۆ یەکە کارگێڕیەکان. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٤) شێوازی ناوەندێتی و ناناوەندێتی ڕوون دەکاتەوە.

هێڵکاری ژمارە (٤)

شێوازی ناوەندێتی و ناناوەندێتیی




(شێوازی ناوەندێتی) (شێوازی ناناوەندێتی)

(سەرچاوە: jesus Rodriguez: https://bit.ly/٣AUXbZY)

ئەگەر سەیری واقیعی هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین تاکو ئێستا حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز دروستنەبووە، کە توانای کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی هەبێت و بتوانێت نوێنەرایەتی هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان. بە واتایەکی دیکە دەکرێت بڵێین تاکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووەتە ئەو ناوەندە یەکگرتووە بەهێزەی هەموو دەسەڵاتە کارگێڕیی، دارایی و سەربازییەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردبێتەوە، بەڵکو لە دوای شەڕی ناخۆی

---

[١]- د. ماهر صالح علاوي الجبوري، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

نێـوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لە سـاڵی ١٩٩٤ەوە، تـاکو ئێسـتا بەکـرداری ئیـدارەی هەولێـر و ئیدارەی سلێمانی بوونیان هەیە[١]. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە، چەندین جار هەوڵی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە و دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتوو دراوە، بەڵام ئەوەی لە واقیعدا دەبینرێت، بریتییە لە دوو دەسەڵاتی جیاواز، کە لەلایەن هەردوو پارتی سیاسی سەرەکییەوە لە دوو ناوچەی جیاوازدا پەیڕەودەکرێت[٢]. هەروەک پارێزگاری سلێمانی (د. هەڤاڵ ئەبوبەکر[٣]) ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: " تاکو ئێستا لەسەر ئاستەکانی کارگێڕی، دارایی، سیاسی و سەربازیی، هەروەها سنورو دەروازەکـانیش، بە شـێوەیەکی سـارد و شـاراوە دوو ئیـدارەیی لە هەرێمـی کوردسـتاندا بـوونی هەیە"[٤].

کەواتە ئاڵنگـاریی بنەڕەتـی لە بەردەم جێبەجێکردنـی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی لە هەرێمـی کوردستاندا، لەوەدایە کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە لای حکومەت نییە، تاکو دابەشیبکات، بەڵکو لای دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەیە (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) ، کە هەریەکەیان ناوچەی دەسـەڵات و هەژمـوونی خۆیان هەیە. لەبەرئەوە پێویستە لە هەرێمی کوردستان دوو زاراوەی گرنگی تێکەڵ بەیەک لێکجیا بکەینـەوە، ئـەوانیش حکومـەتی هـەرێم و دەسـەڵاتدارانی هەرێمـە، چـونکە لـە دەسـتور و یاسـای دەوڵـەتان سـێ دەسـەڵاتی سـەرەکی دەوڵـەت هەیـە و هـەر یەکـەیان دامـەزراوەی سـەربەخۆن و کارەکـانی خۆیـان بـەبێ دەسـتوەردانی ئـەوانی دیکە ڕادەپـەڕێنن، ئـەوانیش دەسـەڵاتی یاسـادانان (پەرلـەمان) ودادوەری (قـەزا) و جێبەجێکردنـە (حکومـەت)، کە یەکێـک لە کـارە سـەرەکییەکانی حکومـەت بریتییـە لـە جێبـەجێکردنی یاسـاکان لە ڕێگەی پیـادەکردنی دەسـەڵاتەکانییەوە، بـەڵام لـە هـەرێمی کوردسـتاندا لەڕووی کردارییەوە، نەک تیـۆری و یاسـاییەوە، بەشـێکی زۆری دەسـەڵاتە گرنگەکان لەلای حکومەت نیە، بەڵکو لەلای هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستانە، کە

---

[١]- د. هیوا مەجید، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧٥.

[٢]- د. دانا عەلی بەرزنجی، دیوە تاریکەکەی ئەزمونی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری خاڵ: گۆڤارێکی هزریی ڕۆشنبیری وەرزییە، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری دەریدەکات، ژمارە (٣٦)، نیسانی ٢٠٢٢، ل٧.

[٣]- د. هەڤاڵ ئەبوبەکر لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٢/٥ وەک پارێزگاری سلێمانی سوێندی یاسایی خواردوو دەستبەکاربوو، هەرچەنـدە لە ڕێکەوتـی ٢٠١٦/٨/٢٥، وەک کاندیـدی بـزوتنەوەی گـۆڕان، لە ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی بە پارێزگـاری هەڵبژێـردراوی سـلێمانی دەسـت نیشـانکرا، بەڵام بە هـۆی داننەنـان بە شـەرعیەتی سـەرۆکی هەرێمـی ئەوکات لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕانەوە، تاکو دەستبەکاربوونی (هەڤاڵ ئەبوبەکر)، پۆستەکە لەلایەن (سەردار قادر) بە وەکالەت بەڕێوەدەبرا.

[٤]- د. هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی ڕووداو، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢١/١/١٨، چاوپێکەوتنەکە بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانی کردن (٢٠٢٢/٦/١٩)https://bit.ly/٣cl٥Vt٥

(پ. د. ک) و (ی. ن. ک) یە[1]. لەبەرئەوە دەکرێــت بگوترێــت ئەوەی لە هەرێمــی کوردســـتاندا بە کرداری حکومڕانی دەکات (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)ن، نەک حکومەت. ڕاستە لە ڕواڵەتدا حکومەتێکی یەکگرتوو هەیە، بەڵام لە جیاتی یەک دەسەڵاتی سیاسی[2] دوو دەسەڵاتی سیاسی لە واقیعدا بوونی هەیە. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە، کە تاکو ئێستاش لە پێکهێنانی کابینەی وزاریدا، سەرۆکی حکومەت لە هەر لایەکیـان (پ. د. ک) یـان (ی. ن. ک) بێـت، دەبێـت جێگـرەکەی لە لایەنەکەی دیـکە بێـت، هەروەها بۆ هەر وەزیرێکی لایەنێکیان، جێگرێک لەلایەنەکەی دیکە دادەنرێت، کە زۆر جار هەمان دەسـەڵاتی وەزیـر بە جێگرەکەشـی دەبەخشـرا[3]، خۆ ئەگەر لایەنـی سیاسـی دیـکە بەشـدار بێت لە حکومەت، ئەوا کار بە دانانی دووجێگر دەکەن، کە دەبێت جێگرێکیان لەو لایەنە بێت کە وەزیرەکە لەو نییە[4].

ئەم دابەشـکارییە لەبەرئەوەیە هەر لایەنێکیـان سەرپەرشـتی بەڕێـوەبردنی کاروبارەکـانی ناوچەی ژێر دەسـەڵاتی حیزبەکەی خۆی بکات. ئەمەش ئەو گومـانە پشتڕاسـت دەکاتەوە کە هـیچ یەکێک لە تیمی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک پێویست دەسەڵاتی لە نـاوچەی لایەنەکەی دیـکە نیـیە. هەروەک جێگـری سـەرۆکی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە کـابینەی نـۆیەم (قوبـاد تاڵەبـانی) لە ڕێکەوتـی (٢٠٢٢/١١/١)، لە میـانەی بەشـداریکردنی لە دیـداری

---

[1]- د. ڕەعد ڕەفعەت، هەڵسەنگانی بەشداری ئیسلامییەکان لە حکومەتەکانی هەرێم، بۆردی توێژینەوەی ستاندەر، توێژینەوەی ژمارە (٥٠)، ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی، ٢٠٢٢/٩/١٦، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا: ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٩/١٩)https://bit.ly/٣QYQTgq

[2]- بە بۆ چوونی (ڕیمۆن ئارۆن ١٩٠٥-١٩٨٣) دەسەڵات بریتییە لە توانا و هێزی سەپاندن و ناچارکردنی ئەوانی دیکە، بۆ ئەوەی بە بڕیارەکان ڕازیبن، چ ئەو بڕیارانەی کە لە خزمەتی گشتیدایە، یاخود خزمەت بە دەسەڵاتداران و مانەوەیـان دەکـات...وەرگیراوە لە: فوئـاد صـدیق، قەیرانـی کۆمەڵگـاو حیـزبە سیاسـییەکانی هەرێـم (١٩٩١-٢٠١١)، چاپخانە (نەنوسراوە)، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢٧٢. بەڵام دەسەڵاتی سیاسی بە ڕای (مۆریس دۆڤێرچیە) دوو واتای هەیە، واتایەکی مەعنەویی کە بریتییە لە هێزو توانای فەرمانڕەوا بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر کەسانی دیکە، ئەم شێوە سەپاندنەی دەسەڵاتیش، دەکرێت لە ڕێگەی یاسا و ڕێنماییەکانەوە بێت، دووەم واتایەکی مادییە کە بریتییە لە دەزگا جیاجیاکانی دەوڵەت...بڕوانە: موریس دوفرجیە، علم اجتماع السیاسیة، ترجمة: د. سلیم حداد، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع، لبنان، ١٩٩١، ص١٣٣.

[3]- هـێمن عـارف، سیسـتەمی بەڕێـوەبردن لە هەرێمـی کوردسـتان- عێـراق و میکانیزمەکـانی چارەسـەرکردنی تەنگژەکانی (١٩٩٢-٢٠٢١)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢، ل١٠١.

[4]- بۆ نمونە لە کابینەی نۆیەم، کە بزوتنەوەی گۆڕان بەشداری حکومەتی کردووە، سەرۆکی هەرێم کە لە (پ. د. ک)یە، دوو جێگـری هەیە، جێگرێکیـان (ی. ن. ک)یە، ئەوی دیـکە گـۆڕانە، وەزیـری نـاوخۆ کە لە (پ. د. ک)یە دووجێگـری هەیە، جێگرێکیـان (ی. ن. ک)یە، وەزیـری پێشـمەرگە کە لە (ی. ن. ک)یە، جێگـرەکەی (پ. د. ک)یە، بە بەردەوامیش لە ٢٠٠٦ەوە، سەرۆکی حکومەت لای هەر لایەکیان بووبێت جێگرەکەی لەلاکەی دیکە بووە.

میری[١] ڕایگەیاند: "وەک چۆن لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ناوچەی جێناکۆک و ماددەی (١٤٠) هەیە، قەزای کۆیەش ناوچەی (١٤٠)ە، لە نێوان زۆنی زەرد و زۆنی سەوز، چونکە ئیدارییەن سەربە پارێزگای هەولێرە، سیاسی و جەماوەرییەن سەر بە پارێزگای سلێمانییە، بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی- کوردستان، جۆرێک لە سیستمی دوو ئیدارەیی پەیڕەودەکرێت، لەو نێوانەدا کۆیە خنکاوە"[٢].

ئەو قسانەی جێگری سەرۆکی حکومەت، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، دوو ئیدارەیی پەیڕەو دەکرێت، هەریەکە لە تیمی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لە حکومەت خۆی بە بەرپرسیار لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی لایەنەکەی دیکە نازانێت. ئەوەش واتای ئەوەیە کە حکومەتێکی یەکگرتووی خاوەن دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا دروستنەکراوە، تاکو دەسەڵاتی لە سەروو هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەوە بێت، بە دەسەڵاتی حزبیشەوە. لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت تێگەیشتنێکی هەڵەیە لە جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەی پارتە سیاسییەکان لە حکومەتدا، ئەمەش بە ڕوونی لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاری هێزە ئەمنییەکان دەبینرێت، چونکە بەشێکی زۆری ئەو هێزانە فەرمانیان لە حیزبەوە بۆ دەچێت، نەک دامەزراوە حکومییەکان[٣].

ئەوەش لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری هێزە چەکدارەکان دابەشبوون بەسەر پارتە سیاسییەکاندا، بەتایبەت بەسەر (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، ئەمەش پێشێلکارییەکی بنەڕەتی و ئاشکرای هەبوونی حکومەتێکی یەکگرتووی خاوەن دەسەڵاتێکی سەروەرە[٤]. چونکە دەسەڵاتی سیاسی سەروەر بەوە لە دەسەڵاتەکانی دیکەی کۆمەڵگا جیا دەکرێتەوە، کە لە سەروو هەموویانەوە بێت و بە سەریاندا پیادە بکرێت[٥].

---

[١]- ئەم دیدارە لەلایەن ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (MERI)، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی ١-٢/ ١١ /٢٠٢٢ ئەنجامدرا.

[٢]- وتاری قوباد تاڵەبانی لە دیداری میری لە پارێزگای هەولێر، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/١١/١٤)https://bit.ly/٣DZ٦iZO

[٣]- د. ئومێد ڕەفیق، سیاسەتی ئەمنی هەرێمی کوردستان (تەگەرە و دەرفەتەکان)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی: گۆڤارێکی وەرزییە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان لە سلێمانی دەریدەکات، ژمارە (٢)، تشرینی دووەمی ٢٠١٧، ل٨٤-٨٥

[٤]- مەریوان وریا قانع، سیاسەت و دونیا، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٢٧.

[٥]- بڕوانە: د. عصام سليمان، مدخل الى علم السياسة، دار النضال، بيروت، ١٩٨٩، ص١٥٤.

کەواتە دەکرێت بگوترێت، ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا دەگوزەرێت نەبوونی دامەزراوەی بەهێزە لە چوارچێوە حکومیەکەیدا. واتە سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک دامەزراوەی فەرمی، بەڵام ئەم دامەزراوانە نەیانتوانیوە، وەک یەک پێکهاتەی سەر بە حکومەتێکی یەکگرتوو؛ کە دەربڕی سیاسەت و سروشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن، بوونی خۆیان سەلماندبێت[١]. لەبەرئەوە لە دوای تێپەڕینی زیاتر لە (٣٠) ساڵ بەسەر دروستبوونی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام نەتوانراوە پرۆسەی حکومڕانی بەدامەزراوەیی بکرێت و حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز دروستبکرێت، ئەوەش لەبەرئەوەی کە هێشتا لە زۆنی زەرد (پ. د. ک) و لە زۆنی سەوزیش (ی. ن. ک) بەکرداری لەجیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەن بڕیار و (دەسەڵاتی ڕەهان[٢])[٣]. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێک لەو بوارانەی کە دەبێت ناوەندی بن، لەوانە بواری سەربازیی و ئاسایش، دابەشبووە لەنێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)دا[٤]. ئەوەش ئاڵنگارییەکی گەورەیە لەبەردەم

---

[١]- د. سەردار عەزیز، حکومەت و سامانی سروشتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥-١٦

[٢]- مەبەست لە دەسەڵاتی ڕەها ئەو دەسەڵاتەیە کە لە دەرەوەی هەر جۆرە چاودێرییەک و لێپرسینەوەیەکی یاسایی و دەزگایی و لە دەرەوەی هەر جۆرە کۆنترۆڵکردنێک ئامادە دەبێت... مەریوان وریا قانع، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٧.


[٣]- د. ئیبراهیم محەمەد، چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسی هەرێم و ئایندەیەکی نادیار، گۆڤاری خاڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

[٤]- لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢، چەندین جار هەوڵدراوە بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، لە یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمدا هەوڵدرا لە ڕێگەی دروستکردنی وەزارەتی کاروباری پیشمەرگە هێزەکانی پێشمەرگە، کە بە هیزەکانی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) ناسێنرا بوون، یەک بخرێن، بەڵام بە هۆی ناکۆکی و ململانێی هەردوو حیزب و، دواتر هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ ئەم هەوڵە سەری نەگرت، هەروەها دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٦دا، هەردوو ئیدارەکە یەکیگرتەوەو حکومەتێکی یەکگرتوو دروستکرا، جارێکی دیکە هەوڵی یەگرتنەوەی ئەم هێزانە درا لە چوار چێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا، ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٢ یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان دەرکرا، بەڵام بە هۆی نەبوونی متمانە لە نیوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، هەروەها نەبوونی ئیرادەیەکی ڕاستەقینە بۆ بە دامەزراوەیکردنی ئەم هێزانە، ئەم هەوڵەش سەرکەوتوو نەبوو بێ ئەنجام مایەوە. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٠دا و لە ژێر ناوی یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵی دروستکردنی (١٤لیوا)ی هاوبەشدرا، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەم هێزانە هەر یەکیان نەگرتۆتەوە؛ چونکە یەکگرتنەوە و دابەشکاریەکە هەر لەسەر بنەمای حیزبی بووە، نەک لەسەر بنەمای توانا و لێهاتووی سەربازی. واتە دابەشکارییەکە هاوشێوەی پۆستەکانی دیکەی حکومەت بۆ هەر ئامر لیوایەکی (پ. د. ک) جێگرێکی (ی. ن. ک) دانراوە و بە پێچەوانەشەوە. ئەم دابەشکارییە تا بچوکترین یەکە لە نێو لیوا هاوبەشەکاندا ڕەچاوکراوە، کە ئەوەش بەڵگەی نەبوونی متمانەیە بەیەکتر لە نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)دا، چونکە سەرەڕای دەرکردنی چەندین یاسا و بڕیار و هەروەها هەوڵەکانی هاوپەیمانان بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی سەر بە هەردوولا، بەڵام تاکو ئێستا هێزەکانی (٨٠) ی سەر بە (پ. د. ک) و هێزەکانی (٧٠)ی سەر بە

پەیڕەوکردنی سیستەمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا[1]. چونکە لە هەموو سیستمێکی ناناوەندێتیدا دامەزراوە ئاسایشی و سەربازییەکان دابەشنابن و بە یەکگرتووی، وەک دامەزراوەی سەربە حکومەتی ناوەند دەمێننەوە، کەچی لە هەرێمی کوردستاندا ئەو هێزانە دابەشبوون بەسەر حیزبە سیاسییەکاندا، بە تایبەت بەسەر (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)دا[2]. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٥) دابەشبوونی هێزی سەربازی لە نێوان (پ. د. ک) و یەکیتیدا ڕوون دەکاتەوە.

هێڵکاری ژمارە (٥)

دابەشبوونی هێزی سەربازیی لە نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)دا




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەسود وەرگرتن لە: هەڵمەت محەمەد، دەسەڵاتی قوڵ نمونەی دۆخی هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەی بزوتنەوەی گۆڕان، کانونی دووەمی ٢٠٢١، سلێمانی، ل١٥.

---

(ی. ن. ک)، وەک دوو هێزی سەربازی خاوەن دوو ناوەندی بڕیاری جیاواز کار دەکەن، ئەوەش کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر کایەی حکومڕانی و پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە و هەیە... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: چەتۆ سالح، ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە جەنگی دژ بە تیرۆر لە عێراق (٢٠٠٣-٢٠١٤)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٨، ل٥٠-٥٢. جێگەی ئاماژە پێکردنە لە ئێستادا لە ژێر گوشاری هێزەکانی هاوپەیمانان، (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لە هەوڵی دروستکردن و یەکخستنی چەند لیوایەکی هاوبەشدان، لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا، بەڵام هەنگاوەکان زۆر بەخاوی دەڕوات، ئەوەش واتای ئەوەیە، کە هێشتا هەردوولا ویستی ڕاستەقینەیان نییە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە.

[1]- د. سەردار عەزیز، ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بە لامەرکەزیەتە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[2]- ئیبراهیم مەلا زادە، لامەرکەزیەت لە نێوان کێشە و چارەسەردا، گۆڤاری جۆرناڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥.

لەو هێڵکارییەوە دەرکەوێت کە هێزەکانی (٧٠)ی سەر بە (ی. ن. ک) و هێزەکانی (٨٠)ی سەر بە (پ. د. ک)، لەگەڵ بوونی چەندین جۆر هێزی سەربازی و ئاسایشی جیاوازیی دیکە، کە زۆربەیان هێزی حزبین و بەزۆری فەرمان لە حیزبەکانیانەوە وەردەگرن، نەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەوەش ئەوە پشت ڕاست دەکاتەوە، کە هێزە سەربازیی و ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان، دابەشبوون بەسەر هەردوو پارتی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک). هەرچەندە ئەو هێزانە لە ڕووی وەرگرتنی مووچەوە خراونەتە سەر هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ و لە بودجەی گشتی سودمەندن، بەڵام لە ڕووی گۆرانکاری سەربازیی و وەرگرتنی فەرمانی سەربازییەوە زیاتر ملکەچی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)ن[1].

سەرەڕای هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەو دروستکردنی یەک حکومەتی یەکگرتوو، بەڵام تاکو ئیستا نەتوانراوە لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە هەرێمی کوردستان بە تەواوی یەکبخرێتەوە...، لەبەرئەوە پاش (١٧ساڵ) لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە و دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبینین کە نە حکومەتی هەرێم لە (پایتەخت) توانی ببێتە خاوەن دەسەڵاتێکی ناوەندی تەواو لە هەموو هەرێمی کوردستان، نە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش توانیان دەسەڵاتی ناناوەندێتی لە ناوچەکانیان بە تەواوی جێبەجێبکەن[2].

بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی لەسەرەوە خرایە ڕوو، دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە بوونی دوو ناوەندی و دوو دەسەڵاتی حزبی لە دوو ناوچەی جیاوازدا، لە بری یەک حکومەتی بەهێز و یەکگرتوو کە بووبێت بە ناوەندێک بۆ هەموو هەرێمی کوردستان، بە یەکێک لە گرنگترین ئاڵنگاریەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێی دادەنرێت. لەبەرئەوە بۆ جێبەجێکردنی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، هەنگاوی یەکەم و سەرەتا ئەوەیە کە حکومەتێکی ناوەندی یەکگرتووی بەهێز دروستبکرێت، کە ناوەندی دەسەڵاتی ڕاستەقینە بێت، پاشان لەوێوە بڕیار لەسەر دابەشکردن و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکان بەسەر یەکە کارگێڕیەکاندا بدرێت.

---

[1]- هەڵمەت محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[2]- د. یوسف گۆران و ئەوانی دیکە، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

## تـوێژینچەی دووەم: بەحزبیکردنـی پرسی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خۆجێیی بەهـۆی بێمتمـانەییەوە لە هەرێمی کوردستاندا

ئاشـکرایە کە ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی شـێوازێکە لە شـێوازەکانی ڕێکخسـتنی کـارگێڕی و پەیوەندیـدارە بە دابەشـکردنی ئەرکە کارگێڕیەکـان لە نێـوان حکـومەتی ناوەنـد یـاخود حکـومەتی هەرێـم لە دەوڵەتـانی فیدراڵـدا، لەگەڵ یەکە کارگێرییەکـانی خـوارتر[١]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت کە پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی پرسێکی کارگێڕییە و تایبەتە بە شێوازی بە ڕێوەبردن و چۆنیەتی دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارێتی گشتییەوە، نەک پرسێکی حزبی. سەرکەوتنی ئەم پرۆسـەیەش پێویسـتی بە بـوونی متمـانەیە لە نێـوان ئەو هێـزو لایەنە سیاسـیانەیە، کە بەرپرسـن لە کاروبـاری حکومڕانی لەسەر ئاستی نیشتیمانی و خۆجێیەتی. چونکە "متمانەی سیاسی بنەمایەکی سـەرەکی و گرنگـی ژیـانی سیاسـی و کۆمەلایەتییە، ئاسـتی متمـانەی سیاسـی کـاریگەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر پێکەوە کـارکردن و هەمـاهەنگی و هاوکـاری لە پرۆسـەی حکومڕانیدا هەیە. بۆ نمـوونە لە بـواری سیاسیدا، متمانەی سیاسیی بەهێز بـە بناغـەی دروسـتبوونی دەسـەڵاتێکی سیاسـیی دیموکراسـی و سەرکەوتوو دادەنرێت، لەبەرئەوە متمانە وەک ڕەهەندی سەرەکی سەرکەوتن و پێشـکەوتنی کـاری پێکەوەیی گرووپەکان و سیستەمەکان، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە"[٢].

یەکێک لە کێشە گەورەکانی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، بریتییە لە نەبوونی متمانەی سیاسی لە نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) وەک دوو پـارتی سیاسـی گەورەی دەسـەڵاتدار. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ سیاسییە مێژووییەی کە لە نێوانیاندا هەیە، بە جۆرێک لە مـاوەی (٣٠) سـاڵی ڕابـردوودا، بـوون بە سـەرچاوەی زۆرێـک لە کێشـەکانی هەرێمـی کوردسـتان، هەر لە دابەشکردنی بڕیاری سیاسی و دەسەڵاتی ئابوری، تاکو دەگات بە دابەشکردنی هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافیەوە، پاشـان یەکگرتنەوەیەکی ڕووکەشـانە لە سـایەیی دوو ئیدارەی شـارەوەدا[٣]. ئەو ململانـێ و نـاکۆکییە سیاسـییەی لە هەرێمـی کوردسـتاندا، لە نێـوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)دا هەیە، متمـانەی لە نێوانیانـدا نە هێشـتووە، هەر لەبەرئەوەشـە کە دەبیـنن سـەرەڕای بـوونی وەزارەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە، بەڵام تاکو ئێستا هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیان هەیە[٤].

---

[١]- د. فوزي حسين و فريد كريم، اللامركزية الإدارية في العراق مالها و ما عليها (دراسة مقارنة)، مجلة الرافيدين للحقوق: تصدر عن كلية الحقوق من جامعة الموصل، المجلد (١٥)، العدد (٥٥)، السنة (١٧)، ٢٠١٢، ص٢٩٧.

[٢]- بارزان جوهر، سەرچاوەی پێشوو، ل١.

[٣]- د. یوسف گۆران و ئەوانی دیکە، ئایندەی هەریمی کوردستان لە بەردەم ئاڵنگارییەکانی ناوخۆ و دەرەوەیدا، ڕانانی ئایندەی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە (٧)، ئابی (٢٠٢٠)، سلێمانی، ل٤.

[٤]- د. ئومێد ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

ئەو بێمتمـانەییە بـووە بە هۆکـاری ئەوەی، کە داواکـاری بـۆ جێبەجێکردنـی ناناوەنـدێتیی کارگێڕی، وەک داواکارییەکی حزبی سەیربکرێت، کە ئامانج لێی هەوڵدانە بۆ زیادکردنی دەسـەڵات و دەستکەوتی ئابوریی، بە تایبەت کە داواکاری بە ناناوەندێتیی کردن زیاتر لەلایەن (ی. ن. ک) و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە داوادەکرێت و دەجولێنرێت[1]. لەبەرئەوە (پ. د. ک) ترسـی لەم هەوڵانەی (ی. ن. ک) هەیە و لێـی بەگومــانە، چــونکە وای دەبینێــت پــرۆژەکەی (ی. ن. ک) بــۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی، هەوڵێکی حزبییە و بە تۆخکردنەوەی سنوری دوو ئیدارەیی دەزانێت. هەروەک سـەرۆکی فراکسـیۆنی (پ. د. ک) لە ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی (زیاد کاکە حەمە) ئاماژەی پێکرد " ئەو لامەرکەزیەتەی (ی. ن. ک) داوای دەکات بۆ قووڵکردنەوەی دوو ئیدارەییە، باسکردنیشـی بۆ مـوزایەدەیە و فشـار خسـتنە سـەر (پ. د. ک)یە"[2]. بەڵام بە بڕوای (ڕێـکەوت زەکـی) سـەرۆکی فراکسـیۆنی (ی. ن. ک) لە ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی "نەمـانی متمانەی سیاسی لە نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)دا ، وای کردووە خوێندنەوەی حزبی بۆ پرسـی ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی بکرێت، کە ئەوەش ڕێگریەکی گەورەیە لە بەردەم جێبەجێکردنیدا"[3].

هەروەها (ئەنوەر تاهیر) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: "(ی. ن. ک) و (پ. د. ک) نیـازی ڕاسـتەقینەیان نییە بـۆ جێبەجێکردنـی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی، چـونکە هەردوولایـان ترسی ئەوەیان هەیە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کـارگێڕییەوە، ئەرک و بەرپرسـیارێتیان لەبەردەم هاوڵاتیانـدا زیـاتر بێـت، بەوەش نـاتوانن بەو شـێوەیەیی ئێسـتا ڕەفتـار بـکەن، لەبەرئەوە مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەی ئێستا بە شێواوی نارێکخراوەیی لە سـودی هەردوو حیزبە، چـونکە ئێســتا هەر لایەنێکیــان لایەنەکەی دیــکە تۆمەتبــار دەکــات و خــۆی لە بەرپرسـیارێتی کیشــەکان دەدزێتەوە"[4].

---

[1]- یەکێتـی نیشـتیمانی لە سـاڵی ٢٠٢١دا، پرۆژەیەکی لەژێر نـاوی پەیـڕەوی ناناوەندێتیی بەڕێـوەبردن و دارایی لە هەرێمـی کوردسـتان– عێـراق ئامـادەکرد، پـرۆژەکە لە (١١مـاددە) پێکهـاتبوو، پێشـکەش بە ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان کـراوە، بەڵام تـاکو ئێسـتا کـاری لەسـەر نەکراوە....بـۆبینی دەقـی پـرۆژەکە بـڕوانە : مـاڵپەڕی PUKmedia، ٢٠٢١/١/١٨، بەردەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://bit.ly/٢QBDUbd(٢٠٢٢/٦/٦) ڕێکەوتی سەردانیکردن

[2]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (زیاد کاکە حەمە) سەرۆکی فراکسیۆنی (پ. د. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (خولی دووەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/١٦، سلێمانی.

[3]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕێکەوت زەکی) سەرۆکی فراکسیۆنی (ی. ن. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (خولی دووەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/١٠، سلێمانی.

[4]- چـاوپێکەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (ئەنـوەر تـاهیر) ئەنـدامی ئەنجـومەنی پارێزگـای سـلێمانی (خـولی دووەم)، ڕێکەوتـی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/١٢، سلێمانی.

کەواتە دەتوانین بڵێین بێمتمانەیی لە نێوان هەردوو (پ. د. ک) سەرەکی و حکومڕانی هەرێمی کوردستان، وایکردووە داواکاری بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک داواکاریەکی حزبی و کارتێکی فشار ببینرێت، نەک وەک پێویستییەکی حکومڕانی بۆ بەڕێوەبردنێکی باشتری هەرێمی کوردستان.

هەروەک (ئەبوبەکر هەڵەدنی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: " پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی و دوو ئیدارەی بووە بە دوو کارتی فشار بە دەست (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)ەوە و هەردووکیان دژی یەکتر بەکاری دەهێنن"[١]. بەهەمان شێوە (مەهدی مەحمود) سکرتێری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەو ڕایە پشتڕاست دەکاتەوە کاتێک ئاماژە بەوە دەکات کە لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢دا، کێشەی نەبوونی پارە لە بانکەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا سەری هەڵدا[٢]، بەو هۆیەوە لە پارێزگای سلێمانی نەتوانرا پارەی بەشێک لە مووچە خۆران و کڕینی پێداویستی پزیشکی و کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک لەکاتی خۆیدا دابین بکرێت، ئەمەش نارەزایەتی چین و توێژەکانی لێکەوتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم لە پایتەختەوە ئامادە نەبوو هیچ برە پارەیەک بۆ سلێمانی بنێرێت، ئەوەش خوێندنەوەی ئەوەی بۆ دەکرا، کە (پ. د. ک) کە ئێستا سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی بەدەستە، وەک کارتێکی فشار بەکاری دەهێنێت و پەیامێک بە (ی. ن. ک) بدات، کە ئەگەر داوای ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی بکەن، توشی گرفت دەبن و بەو شێوەیە بە داهاتی خۆتان توانای ئیدارەدان و بەڕێوەبردنتان نابێت"[٣].

بەکارهێنانی پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەلایەن (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) تەنها بەرامبەر بە یەکتر نییە، بەڵکو هەندێکجار بەرامبەر بە لایەنە سیاسییەکانی دیکەش بە کاریدەهێنن. بۆ نمونە

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەبوبەکرهەڵەدنی) ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٩، سلێمانی.

[٢]- لە مانگەکانی ٢، ٣، ٤ی ساڵی ٢٠٢٢ کێشەی نەمانی پارە (سیولە) لە بانکەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا سەری هەڵدا، کە بە هۆیەوە پێدانی مووچە بە فەرمانبەرانی چەند وەزارەتێک و خانەنشینان لە سنوری پارێزگاکە دوادەکەت، ئەوەش ڕەخنەو نارەزایەتی هاولاتیان و خۆپیشاندانی فەرمانبەرانی لێکەوتەوە، ئەم کێشەیە هاوکات بوو لەگەڵ قووڵ بوونەوەی ناکۆکییەکانی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لەسەر پۆستی سەرۆککۆماری عێراق، لەبەرئەوە زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکانەوە (ی. ن. ک)، (پ. د. ک) بە گەمارۆدانی پارێزگای سلێمانی و، (پ. د. ک)ش (ی. ن. ک) بە بردنی داهاتی پارێزگاکە تۆمەتبار دەکرد.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مەهدی مەحمود) سکرتێری ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی (خولی دووەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/١٠، سلێمانی.

یەکگرتووی ئیسلامی[١] دوای ڕێکەوتنی لەگەڵ (پ. د. ک)دا، بەشداریکرد لە حکومڕانی خۆجێی لە پارێزگای دهۆک[٢]، بەڵام کاتێک بەشێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەڕلەمانی کوردستان واژۆیان لەسەر ئەو یاداشتەکرد، کە تایبەت بوو بە پرساندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە لە (پ. د. ک)یە، ئەمە بووە هۆی نارەزایەتی (پ. د. ک) و لە بەرامبەردا بە یەکگرتوویان ڕاگەیاند، یان دەبێت واژۆکانتان لە پەڕلەمانی کوردستان بکشێننەوە، یاخود هەموو پۆستەکانی پارێزگای دهۆکتان لێ وەردەگرینەوە، ئەوە بوو کاتێک ئەندامانی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەڕلەمانی کوردستان ئامادە نەبوون واژۆکانیان بکێشنەوە، (پ. د. ک) تاک لایەنە ڕێکەوتنەکەی هەڵوەشاندەوە و یەکگرتووی لە حکومەتی خۆجێیی دهۆک دەرکرد و هەموو پۆستەکانی لێ وەرگرتەوە[٣]. کە بە گوتەی (فەهیم عبدالله) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە بە بڕیاری سەرکردایەتی (پ. د. ک) بووە، نەک بڕیاری حکومەتی خۆجێی دهۆک[٤]. ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونی بە سیاسیکردنی پرسی حکومڕانی خۆجێیی و بەکارهێنانیەتی وەک کارتی فشار، چونکە ناکرێت جێبەجێکردنی ئەرکێکی یاسایی پەڕلەمانی، کە بریتییە لە چاودێریکردن و لێپرسینەوە لە حکومەت، بکرێت بە پاساوی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی حکومڕانی خۆجێی.

---

[١]- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان: پارتێکی سیاسی ئیسلامییە لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێکەوتی ١٩٩٤/٢/٦ بە سەرۆکایەتی (صلاح الدين محمد بهاالدين) خۆی ڕاگەیاند، چەند جارێک لە کابینە جیاوازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کردووە، ماوەیەکیش وەک ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەدەرەوەی حکومەت کاریکردووە، لە ئێستادا لە پەڕلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق فراکسیۆنی هەیە...بڕوانە: شيلان واحد، دور المعارضة في الانظمة الديموقراطية المعاصرة (اقليم كردستان العراق انموذجآ)، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم السياسية، جامعة السليمانية، ٢٠١٨، ص١٦١-١٦٢.

[٢]- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، خاوەنی (٣) کورسییە لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، لە مانگی (٨)ی ساڵی٢٠١٥ لەسەر بەشداریکردنی یەکگرتوو لە ئیدارەی خۆجێی دهۆک، لەگەڵ (پ. د ک)دا، ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد، بە پێی ڕێکەوتنەکە دەبوو (٢٣) پۆستی کارگێڕی بە یەکگرتوو بدرێت لە سنوری ئەو پارێزگایە، کە پێکدێن لە، (٢ بەڕێوەبەری گشتی، ١٤ بەڕێوەبەر، ٢ ڕاوێژکاری پارێزگار، جێگرێکی پارێزگار، سکرتێری ئەنجوومەنی پارێزگا و سێ بەڕێوەبەری ناحیە). کە تاکو هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە یەکگرتوو (١٨) پۆستیانی وەرگرتبوو.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د.موسەنا ئەمین) ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٦/١٣، سلێمانی.

[٤]- فەهیم عبدالله، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک (خولی دووەم)، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی ڕووداو، ٢٠٢١/١٠/٢٢ ، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

https://bit.ly/٣qv٥١cL(٢٠٢٢/٦/٢١) ڕێکەوتی سەردانیکردن

کەواتە لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لەسەرەوە خرایە ڕوو دەکرێت بڵێین، بە هۆی بێمتمانەیی لە نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، وەک دوو هێزی سیاسی حکومڕان لە هەرێمی کوردستاندا، پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی بووە بە بەشێک لە ململانێ حزبییەکان، زۆرجاریش وەک کارتێکی سیاسی بەکار دەهێنرێت، ئەمەش بە یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندیتی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا دادەنرێت.

## توێژینچەی سێیەم: دابەشکاریی حزبی لە هەرێمی کوردستاندا

مەبەست لە دابەشکاریی حزبی بە حزبیکردنی کەرتی گشتییە، ئەویش لەڕێگەی دابەشکردنی پۆستە کارگێڕییە فەرمییەکان، لە هەردوو ئاستی نیشتیمانی (حکومەتی هەرێم) و ئاستی خۆجێیی (حکومەتی خۆجێی) لەسەر بنەمای حزبی، نەک شارەزایی و لێهاتوویی[١]. لەدوای دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، دابەشکردن و پڕکردنەوەی پۆستە حکومی و کارگێڕیەکان لەسەر بنەمای وابەستەیی (انتماء) حزبی و کەسی و خزمخزمێنە؛ یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکانی حوکمڕانی[٢]. "چونکە پارتە سیاسییە باڵا دەستەکانی هەرێمی کوردستان، لەکاتی پێکهێنانی کابینەکانی حکومەت و وەرگرتنی پۆستەکان زیاتر لایەنی پارتایەتی کارەکان ڕەچاودەکەن، گرنگی بە لێهاتووی وشارەزایی نادەن"[٣].

هەروەک ئاشکرایە کۆڵەکەیەکی گرنگی سیستمی فەرمانڕەوای بریتییە لە وەبەرهێنان لە توانا مرۆییەکان و دانانی کەسانی شیاو لە جێگەی شیاو... چونکە دانانی خەڵکی شیاو لە شوێنی شیاو؛ کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەرەو پێشبردنی سیستم و کارا کردنی ڕۆڵی دامەزراوەکان دەبێت[٤]. هەروەها سەرۆکی فراکسیۆنی (پ. د. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە "نەبوونی کەسانی شارەزاو خاوەن توانا و لێهاتوویی لەنێو ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی ئەنجومەنەکان نەتوانن بە ئەرکی خۆیان هەستن و ڕۆڵی

---

[١]- ماهر سبهان و د. احمد محمود، تطبيق اللامركزية الادارية في العراق، مجلة رافيدين للحقوق، كلية حقوق، جامعة الموصل، المجلد (٢١)، العدد (٧٣)، السنة (٢٣)، العراق، ٢٠١٩، ص٣٥٣.

[٢]- هاوڕێ حەسەن، بە سیاسیکردنی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان: هەڵسەنگاندنێک لەسەر بنەمای سیستمی مێریتۆکراسی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە (٦٦)، سلێمانی، تشرینی دووەمی ٢٠٢١. ل٦.

[٣]- هێمن عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

[٤]- دلاوەر عەبدولعەزیز، نیشتیمان سازی و سیستمی فەرمانڕەوایەتی خۆماڵی لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

خۆیـان بگێـڕن"[١]. هەروەهـا بـۆ جێبەجێکردنــی بنەماکـانی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی بەشـێوەیەکی سـەرکەوتوو، دامەزراوەکـانی حکـومەتە خۆجێییەکـان پێویسـتیان بە خەڵکـانی شـارەزاو خـاوەن پسپۆڕی تایبەت دەبێت، نەبوونی توانای مرۆیی باش لە ئاستی یەکە کارگێڕیەکاندا، بە یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دادەنرێت، چونکە نەبوونی کەسانی خـاوەن لێهاتوویی و شـارەزایی لە دامەزراوە خۆجێییەکانـدا؛ هۆکـارێکە بـۆ شکسـتی ئەو دامەزراوانە و لە ئەستۆ نەگرتنی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکان[٢].

هەروەک (دلێـر حسـێن) سـەرۆکی فراکسـیۆنی گـۆڕان[٣] لە ئەنجـومەنی پارێزگـای هەولێـر، ڕوونیکردەوە، یەکێک لەو هۆکارانەی کە نەتوانراوە ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی، وەک ئەوەی لە یاسـای پارێزگاکـانی هەرێمــی کوردســتاندا هــاتووە، وەک خــۆی جێبەجێبکرێـت، هۆکــاری سیاســی و نەگونجـاوی ژینگەی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتانە، چـونکە هەمـوو یەکە کارگێڕیەکـان وابەسـتەی بڕیـاری سیاسـین و حـزبە سیاسـیەکان کـۆنترۆڵی هەمـوو پۆسـتە ئیداریەکانیان کـردووە، هەرچـی بەڕێـوەبەرە گشتییەکانیشــە حیــزب دایانــدەنێت، نەک لەســەر بنەمــای لێهــاتووی و شــارەزایی، هەژمـوونی سیاسـی حیـزبە سیاسـییەکانیش بەسـەر ئەنجومەنەکـانەوە وایکـردووە ئەنجومەنەکـان نەتوانن ڕۆڵی پیشەیی خۆیان بگێڕن"[٤].

دیــارترین نمــونەش بــۆ ئەم دابەشــکاریی و بەحزبیکــردنەی کەرتــی گشــتی، پێکنەهێنــانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەیە، هەروەک پارێزگاری هەڵەبجە لە وەڵامـی پرسـیاری هۆکارەکـانی پێکنەهێنـانی ئەنجـومەنی پارێزگـاکەدا ئامـاژەی پێکـرد کە "دابەشـکاری حزبـی و ململانێـی سیاسـی ڕێگربـووە لە دروسـتکردنی ئەنجـومەنی پارێزگـای هەڵەبـجە، بـۆیە کێشـەی ئەنجـومەنی پارێزگـای هەڵەبـجە پەیوەنـدی بە حیـزبە سیاسـیەکانەوە هەیە"[٥]. ئەوەش بەڵگەیەکـی ڕوونە لەسـەر ئەوەی کە

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کەنعان خەیلانی) سەرۆکی فراکسیۆنی (پ. د. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر (خولی دووەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٦/١، هەولێر.

[٢] -Katharina mewes, op, cit, p ٧٨.

[٣]- بزوتنەوەی گۆڕان: بزوتنەوەیەکی سیاسییە، لە لایەن (نەوشیروان مستەفا) و چەند کەسێکی دیکە، کە زۆربەیـان باڵی ڕیفۆرم بوون و لە (ی. ن. ک) جیابوونەوە دامەزراوە، بۆ یەکەمجار لە هەڵبژاردنی سـاڵی ٢٠٠٩ بـۆ پەرلەمـانی کوردستان بە لیستێک لە ژێر ناوی لیستی گۆڕان بەشداریانکرد و توانیان (٢٥) کورسی پەرلەمـان بە دەسـت بهێـنن و، وەک ئۆپۆزسیۆن کاربکەن، دواتر لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی سیاسـی بەنـاوی (بزوتنەوەی گـۆڕان) خـۆیـان ڕێکخست... بڕوانە: شیلان واحد، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٩.

[٤]- چاوپێکەوتن لەگەڵ (دلێر حسین) سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر (خـولی دووەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٦/٢، هەولێر.

[٥]- چـاوپێکەوتنی تـوێژەر لەگەڵ (ئـازاد تۆفیـق)، پارێزگـاری هەڵەبـجە، ڕێکەوتـی چـاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٩، پارێزگـای هەڵەبجە.

چۆن دابەشکاری حزبی، بووە بە ئاڵنگاریی لەبەردەم پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەدا، ئەگەر چی شێوازی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، وەک لە پێشتردا ئاماژەمان پێکردووە، پێچەوانەی سروشت و ئامانجەکانی ناناوەندیتی کارگێڕی خۆجێییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا دابەشکاری حزبی ڕێگرە لە دروستکردنی. هەروەک (شاهین حەمە ڕەزا) جێگری پارێزگاری هەڵەبجە بۆ کاروباری کارگێڕی ئاماژەی پێکردووە "بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسییەکان، لەسەر دابەشکردنی پۆستە کارگێڕییەکانی پارێزگاکە، ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە پێکنەهاتووە"[١].

بە گوتەی (کاوە عەلی) جێگری یەکەمی پارێزگاری هەڵەبجە "ململانێی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لەسەر دابەشکاری پۆستە کارگێڕییەکان هۆکاری پێکنەهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکەیە؛ چونکە لە سەرەتادا (پ. د. ک) داوایدەکرد پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پارێزگاکە، لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بە یەکسانی دابەشبکرێت، بەڵام (ی. ن. ک) دەیویست لە سەربنەمای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٣ بێت، (پ. د. ک)ش بەمە ڕازی نەبوو، لەبەرئەوە سەرەڕای بەرزکردنەوەی ناوی پاڵێوراوان لە مانگی ٤ی ساڵی ٢٠١٦دا، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ بە جۆرێک نوسراوەکەی ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردبوو، کە گوایە (پ. د. ک) ستەمی لێکراوە، بەوەش ئەنجومەنی وەزیران ئامادەنەبوو فەرمانی دەستبەکاربوونی بۆ پاڵێوراوان دەربکات، تاکو لایەنەسیاسییەکان نەگەنە ڕێکەوتن، کاتێک لایەنەکان لە ٢٠١٩/٩/٢ گەیشتنە ڕێکەوتن، ئەمجارەیان (ی. ن. ک) لە ڕێکەوتنەکە پەشیمان بوویەوە. واتە لە مانگی ٤ی ساڵی ٢٠١٦، تاکو ٢٠١٩/٩/٢ (پ. د. ک) ڕێگربووە لە دروستکردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، بەڵام لە ٢٠١٩/٩/٢، تاکو ئیستا (ی. ن. ک) بووە بە ڕێگر لە دروستکردنی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە "[٢]. کەواتە دەکرێت بڵێین ململانێی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لەسەر دابەشکاری پۆستە کارگێرییەکان، تاکو ئێستا ڕێگرە لە دروستبوونی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە.

یەکێکی دیکە لە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم دابەشکارییە حزبییە لەسەر جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندیتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، نە هێشتنی ڕۆڵی چاودێریکردن و لێپرسینەوەیە لە ئاستی ناوەند و لە ئاستی خۆجێیەتی. بۆ نمونە لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شاهین حەمە ڕەزا)، جێگری پارێزگای هەڵەبجە بۆ کاروباری کارگێڕی، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٩، پارێزگای هەڵەبجە.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کاوە عەلی) جێگری یەکەمی پارێزگاری هەڵەبجە، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٩، پارێزگای هەڵەبجە.

کوردستاندا هاتووە، ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لە ناو سنوری کارگێڕی پارێزگادا[١]، بەڵام بەهۆی باڵادەستی حزبییەوە ئەنجومەنەکان نەیان توانیوە ڕۆڵی لێپرسینەوەو چاودێریکردن ببینن، تەنانەت پارێزگارەکان کە لە ڕێگەی ئەنجومەنەکانەوە هەڵدەبژێردرێن، زۆرجار پابەندی بڕیارەکانی ئەنجومەنەکان نابن، ئەنجومەنی پارێزگاکانیش توانای لێپرسینەوەیانی نییە، بەهۆی پاڵپشتی حزبی و هەبوونی گەورەترین فراکسیۆنی هەمان حیزب لە ناو ئەنجومەنی پارێزگاکەدا[٢]. وەک سەرۆکی فراکسیۆنی (ی. ن. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی پێکرد "زۆر جار پارێزگاری سلێمانی پابەندی بڕیارەکانی ئەنجومەن نابێت و خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لە بەردەم ئەنجومەندا، ئەنجومەنیش بەهۆی ڕەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و هەبوونی ڕێکەوتنی سیاسی لە نێوان (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕاندا[٣] چاوپۆشی لێکردووە"[٤].

ئەم کێشەیە بە تەنها تایبەت نییە بە پارێزگای سلێمانییەوە، بەڵکو لە هەر سێ ئەنجومەنەکەی دیکەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، بۆ نمونە لە دهۆک بە گوتەی هەریەک لە (عیماد شوکر) سەرۆکی فراکسیۆنی (ی. ن. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، هەروەها (سەباح عەلی باپیری) سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک "ئەنجومەنەکان بە کرداری توانای لێپرسینەوەیان لە پارێزگار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان نەبووە، لەبەرئەوەی بەهۆی سیاسەتی بەحزبیکردنەوە نەیان هێشتووە ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕۆڵی

---

[١]- بڕوانە: ماددەی (٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نازک محمد) سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک (خولی دووەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٩، دهۆک.

[٣]- بزوتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، بە (١٢) کورسی بوو بە براوەی یەکەم لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی، (ی. ن. ک) بە (١١) کورسی لە پلەی دووەمدا هات، لەبەرئەوەی (ی. ن. ک) ڕازی نەبوو بزوتنەوەی گۆڕان، وەک براوەی یەکەم حکومەتی خۆجێی پێکبهێنێت، پۆستی پارێزگاری ڕادەستنەکرد؛ بەو هۆیەوە بۆ ماوەی ساڵێک پێکهێنانی حکومەتی خۆجێی لە سنوری پارێزگای سلێمانی دواکەوت، تاکو سەرئەنجام هەردوولایان (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕان گەیشتنە ڕێکەوتن لە سەر وەرگرتنی پۆستی پارێزگار دوو ساڵ بە دوو ساڵ بۆ هەر لایەکیان، بەو مەرجەی دوو ساڵی یەکەم بۆ (ی. ن. ک) بێت. دوای ڕێکەوتنەکە لە ٢٠١٤/١٢/١١، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (ئاسۆ فەرەیدون)ی لە (ی. ن. ک) بە پارێزگار و (هەڤاڵ ئەبوبەکر)ی لە گۆران بە سەرۆکی ئەنجومەن هەڵبژارد، هەر بە پێی ڕێکەوتنەکە ئەم دوو پۆستەو چەند پۆستێکی دیکەی کارگێڕی لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، لە نێوان هەردوو لایەندا دوو ساڵ بە دوو ساڵ ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێت...بڕوانە: ڕێبەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

[٤]- ڕێکەوت زەکی، سەرچاوەی پێشوو.

چـــاودێریی کـــردن بگێـــڕن"[١]. لەبەرئەوەی پەیوەنـــدی نێـــوان ناناوەنـــدێتیی کـــارگێڕی و پرســـی چـــاودێریکردن و لێپرســـینەوە، پەیوەنـــدیەکی ڕاســـتەوانە و بەهێـــزە، کەواتە بەبـــێ بـــوونی توانـــای چاودێریکردن و لێپرسینەوە، ناتوانرێت ئامانجە گرنگەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەدی بهێنرێت[٢]. بەڵام ئەگەر سەیری واقیعی هەرێمی کوردستان بکەین دەبینین بەهۆی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە حزبییەکانەوە، ئەنجومەنەکان توانای لێپرسینەوە و چاودێریکردنیان تا ئاستێکی زۆر لە دەستداوە[٣].

یـەکێک لـە لێکەوتـە خراپـەکانی دابەشـکاری حزبی ئەوەیە، کە دەبێتە هۆکارێـک بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە حزبی و بەرژەوەندی بەرپرسانی سیاسی، لە هەندێک حاڵەتدا جێگەی بەرژەوەندی گشـــتی بگرنـــەوە، لەبەرئەوەی کاتێـــک کە بەرپرســـانی گشـــتی لەلایـــەن حـــزب یـــان بەرپرســـانی سیاسییەوە دیاریدەکرێن، ئەوا لەبەرامبەر ئەواندا بەرپرسیار دەبن و ملکەچی فەرمانەکانیان دەبن، لێرەشـەوە بەرژەوەنـدی تایبـەتی جێگـەی بەرژەوەنـدی گشـتی دەگرێتـەوە و گەنـدەڵـی دەبێـت بـە سیمای دیاری کەرتی گشتی[٤].

بۆ نمونە سـەرۆکی فراکسیۆنی (پ. د. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئامـاژەی بۆ ئەوەکرد، لە مـاوەی ڕابردوودا بە هـۆی دواکەوتنی مـووچە و نەمـانی پـارە لە بانکەکانی سـنوری پارێزگـای سـلێمانیدا، داوامـانکرد هەردوو بەڕێوەبەری گشـتی گـومرک و دەروازەکـان لە سـنوری پارێزگای سلێمانی، ئامادەی ئەنجومەن بن بۆ پێدانی ڕوونکردنەوە لەسـەر ئەو کێشـەیە، بەڵام (ی. ن. ک) ڕێگریکرد و نەیهێشت ئامادەبن، لەبەرئەوە بە ڕای ناوبراو بەهۆی حیزبایەتی و مـوزایەدەی سیاسییەوە، ئەنجومەن نەیتوانیوە مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆی بکـات[٥]. لە لایەکی دیکەوە ئەو

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ هەریەک لە (عیماد شوکر) سەرۆکی فراکسیۆنی (ی. ن. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای دهـۆک (خـولی دووەم)، ڕێکەوتـی چـاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٧، دهـۆک؛ هەروەهـا (صـباح علـی بـاپیری) سـەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک (خولی دووەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٩، دهۆک.

[٢]- لاوک سەلاح، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

[٣]- ئەگەر سـەیری خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکەیـن لە هەرێمی کوردستاندا، دەبینین لە ئەنجومەنی پارێزگـای هەولێـر (پ. د. ک) بە (١٢کورسـی) لە کـۆی (٢٨ کورسـی)، ڕێـژەی (٤٠٪)ە، لە پارێزگـای دهـۆک بە (١٩ کورسی) لە کۆی (٢٨کورسی) ڕێژەی (٦٧٪) زۆرینەی ئەنجومەنی ئەو دوو پارێزگایە پێکدەهێنێت، لە سلێمانی (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕان پێکەوە بە هۆی ڕێکەوتنی نێوانیانەوە بە (٢٣کورسی) لە کۆی (٣٢کورسـی) بە ڕێژەی (٦٩٪) دەبـنە زۆریـنەی ئەنجـومەنی پارێزگـاکە، لەبەرئەوەی زۆریـنەی پۆسـتە کـارگێڕیە گرنگەکـانیش، لە هەرسـێ پارێزگــاکە لە دەســت ئەولایەنــانەدایە کە زۆریــنەی ئەنجومەنەکانیــان بەدەســتەوەیە، بە هــۆی لە بەرچــاوگرتنی بەرژەوەنـدیە حیزبیەکـان و هـاوحیزبی بـوونەوە، چـاودێریکردن و لێپرسـینەوە لە دەسـتە خۆجێیەکـان لە ئاسـتی نەبووندایە.

[٤]- هاوڕێ حەسەن، سەرچاوەی پێشوو. ل١٤.

[٥]- زیاد کاکە حەمە، سەرچاوەی پێشوو.

دابەشبوونە سیاسی و جوگرافیەی کە بە هۆی ناکۆکی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)ەوە، لە هەرێمی کوردستاندا دروستبووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێرەوە هیچ دەسەلات و توانایەکی چاودێری بەسەر دەستە خۆجێییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەدا نییە، بە واتایەکی دیکە دەکرێت بڵێین بەهۆی دابەشکاری حزبی و نەبوونی حکومەتێکی یەکگرتوو کە بووبێت بە ناوەندیکی بەهیز لە هەرێمی کوردستاندا، چاودێریکردنی حکومەتە خۆجێییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، کە بە یەکێک لە ڕەگەزەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستاندا پەککخراوە.

بۆ نمونە بەهۆی کێشەی نەمانی پارە لە بانکەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا، وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان[1] لە ڕاگەیەندراوێکیدا ڕەخنە لە بانکی ناوەندی هەرێم- سلێمانی دەگرێت و دەڵێت: " بە درێژایی ساڵی ٢٠٢١ بانکی ناوەندی هەرێم- سلێمانی ڕێنماییەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی تایبەت بە چۆنیەتی دابەشکردنی سیولە و ئەولەویەتی مووچە جێبەجێنەکردووە و سەربەخۆ ڕەفتاری کردووە. سەرئەنجام کێشەیەکی گەورەی سیولەی دروستکردووە و تەنانەت دەستی بردووە بۆ ئەو سیولانەش کە هی هاولاتیان و فەرمانگەکانی حکومەتن و لە ژمارە حیسابی خۆیاندا بووە، کە یاسا ڕێگە بە دەستکاریان نادات"[2]. بەهۆی ئەو گرفتەوە وەزیری دارایی بڕیاری ڕاگرتن و گواستنەوەی دەسەلاتەکانی بەڕێوەبەری بانکی ناوەندیی هەرێمی کوردستانی لە سلێمانی بۆ جێگرەکەی دەرکرد[3]. ئەوەش (ی. ن. ک) نیگەرانکرد، ئەوەبوو پاش ماوەیەک بەبێ ڕەزامەندیی وەزیری دارایی، بەڕێوەبەرەکە بە فشاری (ی. ن. ک) گەڕێندرایەوە سەرکارەکەی، ئەم کارەش بووە هۆی ئەوەی کە بۆ ماوەیەک وەزیری دارایی

---

[1]- وەزیری دارایی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە (ئاوات شێخ جەناب)ە، سەر بە بزوتنەوەی گۆرانە و حیزبەکەی جگە لەوەی لەگەڵ (ی. ن. ک) پێکەوە بەشدارن لە حکومەتی هەرێمدا، لە هەمانکاتیشدا پەیوەنیان لە ئاستێکی باشدایە و چەند ڕێکەوتنێکی سیاسی لە نیوانیاندا هەیە و هاوبەشن لە حکومرانی خۆجێی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەدا. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ ویست و ڕەزامەندی (ی. ن. ک) لە سنوری سلێمانی، هەروەها (پ. د. ک) لە سنوری هەولێر و دهۆک، لە واقیعدا دەسەلاتی هیچ گۆرانکارییەکی ئەوتۆی نییە. کە ئەمە بۆ وەزیرەکانی دیکەش هەر ڕاستە.

[2]- بۆ خوێندنەوەی دەقی ڕوونکردنەوەکەی وەزارەتی دارای و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕوانە: هەژماری فەرمی وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر تۆڕی کۆمەلایەتی فەیس بوک لە ٢٠٢٢/٣/١٦دا، بلاوی کردۆتەوە، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/١٢)https://bit.ly/٣AUAYJZ

[3]- بڕوانە: فەرمانی وەزاری وەزارەتی دارایی ژمارە (٢٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٧، کە بە واژۆی وەزیری دارایی دەرکراوە.

نەچێتەوە بۆ وەزارەت، وەک هەڵوێست وەرگرتنێک لەسەر جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی[1]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لە هەولێرەوە توانای چاودێریکردن و لێپرسینەوەی لە ئاستی خۆجێیەتیی نییە، بەڵکو حزب لەجیاتی حکومەت ئەوکارە دەکات.

هەروەها (مەسرور بارزانی) سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٣، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەسەر کێشەی دارایی سنوری پارێزگای سلێمانی، هاوشێوەی هاوڵاتیەکی ئاسایی ڕایگەیاند "ئەویش بەلایەوە سەیرە، کە بۆچی داهاتی سنوری پارێزگای سلێمانی بەشی تەواوکاری مووچە ناکات"[2]. دەکرێت بگوترێت کە ئەم قسەیەی سەرۆکی حکومەت، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەویش ئاگاداری داهاتی سنوری پارێزگای سلێمانی نییە.

لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە لەسەرەوە خراوەتەڕوو، دەتوانین بڵێین لە ئاستی یەکە کارگێڕیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، بەهۆی دابەشکردنی پۆستە کارگێڕییەکان لەسەر بنەمای پارتایەتی، بە تایبەت هەردوو پارتی دەسەڵاتدار (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لەلایەک، هەروەها زاڵبوونی بەرژەوەندی حزبی بەسەر بەرژەوەندی گشتی، لەلایەکی دیکەوە، ئەنجومەنی پارێزگاکان نەیان توانیوە ببنە دەسەڵاتێکی چاودێر لە سنوری یەکە کارگێڕیەکاندا، بەو هۆیەشەوە توانای لێپرسینەوە و لادانی دەستە خۆجێییەکانیان نەبووە.

هەروەها لە ئاستی ناوەندیشدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پایتەخت، دەسەڵات و توانای چاودێریکردنی یەکە کارگێڕیەکانی، وەک یەک و بە یەک ئاست نییە، بەڵکو تیمی (پ. د. ک) لە حکومەت سەرپەرشتی و چاودێریی سنوری زەرد و تیمی (ی. ن. ک) سەرپەرشتی و چاودێریی سنوری سەوزیان لە ئەستۆدایە. لە کاتێکدا ئەگەر حکومەتی هەرێم حکومەتێکی دامەزراوەیی بێت بە مانا یاساییەکەی، ئەوە دەبوو ئەو دەسەڵاتەی کە لە پایتەخت (ناوەند) هەیەتی، لە هەموو ئەو شوێنانەی دەکەونە سنوری حکومڕانییەکەیەوە بەهەمان ئاست و هێز هەی بووایە[3]. ئەوەش وادەکات کە بڵێین لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی بە حزبیکردنی دامەزراوەکانی حکومڕانی و

---

[1]- بڕوانە:ماڵپەڕی زەمەن پرێس، وەزیری دارایی و یەکێتی پێکەوە کۆ دەبنەوە، ٢٠٢٢/٤/٢١، بەردەستە لەم پێگەی ئەلکترۆنی خوارەوە:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/١٥) https://bit.ly/٣ATnDlc

[2]- کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی)، ڕێکەوتی٢٠٢٢/٣/٣، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/١٤)https://bit.ly/٣ehXAN٤

[3]- د. ئیبراهیم محمد، چەقبەستوویی پرۆسەی سیاسی هەرێم و ئایندەی نادیار، گۆڤاری خاڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

دابەشكردنی پۆستە كارگێڕیەكان لەسەر بنەمای پارتایەتی، نەک پیشەیی ولێهاتووی، یەكێک لە ڕەگەزە سەرەكیەكانی ناناوەندێتیی كارگێڕی خۆجێیی، كە بریتیە لە چاودێریكردنی گشت یەكە كارگێڕیەكان، لەلایەن ناوەندەوە جێبەجێنەكراوە، هەر بەهەمان هۆكار توانای چاودێریكردن و لێپرسینەوە لە ئاستی خۆجێیدا، كە دوو ئەركی سەرەكی ئەنجومەنی پارێزگاكانن پەكخراوە.

## تـوێژینەوەی چـوارەم: نەبـوونی دیـدگای هـاوبەش بـۆ ناناوەنـدێتیی كـارگێڕی لە نێـوان لایەنە سیاسییەكاندا

مەبەست لە دیدگا بریتییە لە تێڕوانین و ئامانجی داهاتووی هەر دامەزراوەیەک، كە لە ڕێگەی پلانێكی ستراتیژییەوە، هەوڵی بەدیهێنانی دەدات[١]. بە واتایەكی دیكە، دیدگا بریتییە لە بوونی پلان و ئامانجی درێژخایەن بۆ هەموو بوارەكانی بەڕێوەبردن، كە ئەمەش كاریگەریی تەواوی لەسەر گەشەكردن و پێشكەوتنی پرۆسەی حكومڕانی دەبێت[٢]. بەو پێیەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەک دامەزراوەیەكی فەرمی، زادەی بەركەوتەی لایەنە سیاسییەكانە، دەكرێت لە ڕێگەی تێگەیشتن لە ئامانج و بەرنامەی ئەو لایەنە سیاسیانەوە، كە بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی لەهەرێمی كوردستاندا، لەوە تێبگەین كە دیدگایان بۆ ناناوەندێتیی كارگێڕی چیە و چۆنە، چونكە ئامانج و بەرنامەی لایەنە سیاسیەكان[٣]، ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوازیی بەڕێوەبردن و پرۆسەی حكومڕانی دەبێت[٤].

---

[١]- البلطة و عبدالباقي بابكر، الخطوات العلمية في بناء الرؤية و الرسالة الستراتيجية و دورهما في تطوير أداء المنظمات، مجلة أبحاث البيئة والتنمية المستدامة، قسم الادارة والتخطيط التربوي، كلية التربية، جامعة النيلين، السودان، المجلد (الاول)، العدد (الثاني)، ٢٠١٦، ص ٤٧.

[٢]- پێشڕەو عەلی، كاریگەری حكومڕانی دروست لە سەر كاراكردنی ئەركەكانی سیستمی سیاسی، تێزی دكتۆرا، كۆلێژی زانستە ڕامیارییەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٩، ل٣٣.

[٣]- لە هەرێمی كوردستاندا ژمارەیەكی زۆر لە پارت سیاسی هەیە، بەڵام ئەوانەی كە خاوەن پێگەی جەماوەریی و كاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسی هەیە بریتین لە: (پ. د. ک)، (ی. ن. ک)، بزوتنەوەی گۆڕان، یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان، كۆمەڵی دادگەری كوردستان، جوڵانەوەی نەوەی نوێ، لەبەرئەوە ئێمە تەنها دیدگای ئەم شەش پارتە سیاسیە، دەربارەی ناناوەندێتیی كارگێڕی لەهەرێمی كوردستاندا دەخەینەڕوو، لە هەمانكاتیشدا هەوڵدەدەین خاڵە جیاواز و هاوبەشەكانیان ڕوونبكەینەوە.

[٤]- ئارام جەمال و كاروان كاظم، پرسی لامەركەزی و دیموكراسی لە پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەكانی هەرێمی كوردستاندا، لە بڵاوكراوەكانی پەیمانگای كوردی بۆ هەڵبژاردن، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٥.

بـۆ نمـونە ئەگەر سـەیری پرۆگرامـی پەسـەندکراوی کـۆنگرەی (سـیازدەیەم)ی (پ. د. ک) بکەین، کە لە ساڵی ٢٠١٠ لە هەولێر ئەنجامیداوە، دەبینین تایبەت بە پەرەپێدانی سیستمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بە دەق لە ماددەی (٥١)دا هاتووە "بەرجەستە کردنی شـێوازی نـامەرکەزی کارگێڕی و بەخشینی دەسەڵاتی پێویست بە دەسەڵاتە خۆجێییەکان، کە هاوکار بێت لە خێراکردنی کاروبارەکان. هەموو ئەمانە پێویستە بە شـێوەیەک ڕێکبخـرێن کە پەرت و بـڵاوی لە ئامانجەکـان و تواناکانـدا دروسـت نەکەن و ڕێـگەش نەدەن، کە لە ئەرکەکانـدا دووفـاقی دروسـتببێت"[١]. ئەگەر لەو دەقە وردبینەوە دەبینن، هەرچەندە باس لە بەرجەستەکردنی شێوازی ناناوەندێتی کارگێڕی کراوە؛ بـۆ باشـتر ڕاپەڕانـدنی کاروبارەکـان، بەڵام هەسـت بەوە کـراوە ، کە جێبەجێکردنـی ناناوەنـدێتی کارگێڕی، ئەگەری ئەوەی هەیە جۆرێک لە تێکهەڵچوون و دژیەکی لە ئەرکەکاندا بێنێتەکایەوە.

هەروەها (ی. ن. ک) لە پرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەی (چوارەمی)ی خۆیدا، کە لە ساڵی ٢٠١٩ لە سـلێمانی ئەنجامیـداوە، ئەوەی جێگیرکـردووە کە "کـارکردن بە سیسـتمی لامەرکەزی کـارگێڕی و دارایـی، لە پێنـاو ڕەخسـاندنی دەرفەت بـۆ هەمـوان و بەشـداری پێکردنـی دانیشـتوانی ناوچە جیاوازەکان، لە داڕشتنی پلان و بەڕێوەبردنی کاروبـاری وڵات"[٢]. دەبینین لە پرۆگرامـی (ی. ن. ک) ناناوەنـدێتی کـارگێڕی و دارایـی پێکەوە هـاتووە، چـونکە جێبەجێکردنـی ناناوەنـدێتی دارایـی لەپاڵ کارگێڕییەکەدا زۆرجار لەلایەن (ی. ن. ک) دەوروژێنرێت.

لە پرۆگرامـــی سیاســـی بـــزوتنەوەی گۆڕانیشـــدا، کە لە کـــۆنگرەی یەکەمـــی لە ســـاڵی ٢٠١٣ پەســـەندی کـــردووە هـــاتووە "...هەنگاونـــان بەرەو خێراکردنـــی ناناوەنـــدێتیی، بە ئەلیکترۆنیکردنـــی پەیوەنـــدیە کارگێڕیەکـــان، ڕزگـــارکردنی هـــاوڵاتی لە بەشـــێکی زۆری مەسـرەف و مانـدووبوونی هـاتوچۆی نێـوان فەرمانگەکـان و هـاوتوچۆی نێـوان پایتەخـت و مەڵبەندی شارو ناوچە جیاوازەکان"[٣].

---

[١]- پرۆگرامی ناوخۆی (پ. د. ک)، پەسەندکراوی کۆنگرەی (سیازدەیەم)، دەروازەی سێیەم، بەشی سێیەم، ماددەی (٥١)،٢٠١٠، ل٢١، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/٢١)https://bit.ly/٣D٢gYIe

[٢]- پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی (ی. ن. ک)، کۆنگرەی (چوار)، بەشی چوارەم ئامانجە ئابورییەکان/ چوارەم/١، کەرتی کارگێڕی. چاپی دووەم، لە بڵا کراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٦.

[٣]- دەستووری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان، بەشی دووەم، تەوەری یەکەم، ئامانجە نیشتیمانی و دیموکراتییەکان، خاڵی (٤) کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و پەرلەمان، پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٢١. بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

ڕێکەوتنی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/٢١)https://bit.ly/٣wZESQQ

کەواتە دەکرێت بڵێین لەڕووی بنەماوە ناناوەندێتی کارگێڕی لە پرۆگرامی هەرسێ لایەنە سەرەکییە بەشدارەکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جێگیرکراوە، هەروەها لە کارنامەی کابینەکەشدا ئەوە جێگیرکراوە کە "حکومەت کاردەکات بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان، کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستمی یاسایی هەرێمی کوردستان، بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیارەتی بە پێی یاسا، لەژێر چاودێریی سەرۆکایەتی حکومەت"[١].

ئەگەر چی ئەم کارنامەیە بە ڕێکەوتنی هەرسێ لایەنی سیاسی بەشدار لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (پ. د. ک)، (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕان) نوسراوەتەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەو لایەنانە لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی ناکۆکن، هەرلایەنە و دەیەوێت دیدگای خۆی ببێتە بنەما بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا.

هەروەها لە ڕێکەوتنی نێوان (پ. د. ک) و بزوتنەوەی گۆڕان، بۆ پێکهێنانی کابینەی (نۆیەم)ی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هاتووە "پەیڕەوکردنی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی زیاتر بۆ پارێزگاکان و شۆڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان بۆ یەکەی کارگێڕی بە چاودێری و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران"[٢].

هەرچەندە لە پرۆگرامی پەسەندکراوی گۆنگرەی (هەشت)ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٩ بەستراوە[٣]، بە ڕوونی ئاخاوتن لە ناناوەندێتیی کارگێڕی نەکراوە، بەڵام (د. موسەنا ئەمین) ئەندامی سەرکردایەتی ئەو پارتە ڕایگەیاند "یەکگرتوو بڕوای تەواوی بە سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی هەیە و کاریشی بۆ دەکات، چونکە بە سیستمێکی پێشەکەوتوو و گونجاوی دەزانێت بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان"[٤].

---

[١]- هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەت، کابینەی نۆیەم، سەرچاوەی پێشوو

[٢]- گەیلان عەباس، ڕەنگدانەوەی بەرنامەکانی گۆڕان لە ڕیکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا، لە بڵاوکراوەکانی ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١١.

[٣]- بۆ خوێندنەوەی دەقی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی یەکگرتوو، کە لە کۆنگرەی (هەشت) لە ساڵی (٢٠١٩) پەسەندکراوە، بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی یەکگرتووی ئیسلامی، بەردەستە لەم پێگە ئەلکترۆنیەی خوارەوە:
https://bit.ly/٣ekGQol(٢٠٢٢/٦/٢١ ڕێکەوتی سەردانیکرد)

[٤]- د. موسەنا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

بەهەمان شێوە (محەمەد حەکیم) بەرپرسی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی کۆمەڵی دادگەری[1] دەڵێت: " ئێمە لەگەڵ لامەرکەزیەتی کارگێڕیداین و پێمانوایە دەبێت هەر پارێزگایە و ئەنجومەنێکی بە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی هەبێت، تاکو بتوانن ڕۆڵی گرنگ ببینن"[2]. هەروەها (عومەر عەلی) ئەندامی ئەنجومەنی باڵای جوڵانەوەی نەوەی نوێ[3] تویژراوەی لەوە کرد "ئەوان باوەڕی تەواویان بە ناناوەندێتیی کارگێڕی هەیە، پێیان وایە بەرهەمی سیستمێکی دیموکراسی گەشەکردووە، بەڵام ئەوەی (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) بانگەشەی بۆ دەکەن، کارتێکی فشارە، لەبەرئەوەی (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) ئەگەر باوەڕیان بە ناناوەندێتیی هەبوایە، لە ناو حیزبەکانی خۆیاندا جێبەجێیان دەکرد، پارتێک باوەڕی بە دیموکراسی نەبێت، ناکرێت بانگەشەی ناناوەندێتیی بکات"[4].

کەواتە دەتوانین بڵێین هەر شەش پارتە سیاسییەکە، وەکو بنەما باوەڕیان بە ناناوەندێتیی کارگێڕی هەیە و لە پرۆگرام و بەرنامەی سیاسی خۆیاندا ئاماژەیان پێکردووە، واتە لە هەرێمی کوردستاندا هیچ لایەنێکی سیاسی کاریگەر دژایەتی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی ناکات، بەڵام کە دێتە سەر ئاست و جۆرو چۆنیەتی جێبەجێکردنی لە ڕووی کردارییەوە، ئەوا جیاوازن و خاوەن یەک دیدگای هاوبەش نین. بۆ نمونە یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتیەکانی نێوان (پ. د. ک) و(ی. ن. ک) وەک دوو پارتی سیاسی سەرەکی لە پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا ڕەهەندی داراییە، هەروەک لەسەرەوە خرایە ڕوو لە پرۆگرامی (پ. د. ک)دا، تەنها ئاماژە بە ناناوەندێتیی کارگێڕی کراوە بەبێ دارایی. بەڵام ئەگەر سەیری پرۆگرامی ناوخۆیی (ی. ن. ک) بکەین، دەبینین ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی پێکەوە هاتووە، تەنانەت لەو پرۆژەیەی، کە (ی. ن. ک) پێشکەشی

---

[1]- کۆمەڵی دادگەری: پارتێکی سیاسی ئیسلامییە، لە ٢٠٠١/٥/١٣ بە سەرۆکایەتی (عەلی باپیر) دوای جیابوونەوەیان لە بزوتنەوەی ئیسلامی، لە ژێر ناوی (کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق) ڕاگەیەنرا، لە دواین کۆنگرەیاندا ناوی پارتەکە گۆڕا بۆ (کۆمەڵی دادگەری) و پاشگری (ئیسلامی)یان لێکردەوە. لە چەند کابینەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە شداریکردووە، چەند کابینەیەکیش ئۆپۆزسیۆن بووە، لە ئێستادا لە هەریەکە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەندامی هەیە.

[2]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد حەکیم) بەرپرسی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی کۆمەڵی دادگەری، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٤، سلێمانی.

[3]- نەوەی نوێ جوڵانەوەیەکی سیاسییە، لە ساڵی ٢٠١٧ لە لایەن (شاسوار عبدولواحید)ی سەرۆکی جوڵانەوەکەوە دامەزراوە، بارەگای سەرەکی لە شاری سلێمانیە، بەشداری لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان و خولی چوارەم و پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کردووە و ژمارەیەک کورسی بە دەستهێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دروستبوونی جوڵانەوەکە، لە دوای هەڵبژاردنی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بووە، لە ئێستادا فراکسیۆنیان لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا نییە.

[4]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عومەر عەلی) ئەندامی ئەنجومەنی باڵای نەوەی نوێ، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٩، سلێمانی.

ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، تێیدا داوای دابەشکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕی و دارایی و تەکنیکی و یاساییەکان[١]، لە نێوان حکومەتە خۆجێییەکان و دامەزراوە ناوەندییەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەکات[٢]. هەروەها لە ماددەی (چوارەم)ی هەمان پرۆژەدا هاتووە "تۆمارکردنی سەرجەم داهاتی پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان بەجیا، لە ئەژمارێکی بانکی تایبەت بە پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ..."[٣].

دەربارەی دیدگای (پ. د. ک) بۆ پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی (پشتیوان سادق) ئەندامی سەرکردایەتی و سەرۆکی کوتلەی وەزاری (پ. د. ک) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە هاوکات سەرۆکی لیژنەی ناناوەندێتیی کارگێڕییە لە ئەنجومەنی وەزیران[٤]، دەڵێت: "ئێمە بە پێی کارنامەی حکومەت و هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەت بڕوامان بە ناناوەندێتیی کارگێڕی هەیە لەسەدا سەد، بەڵام نەک ناناوەندێتیی دارایی، لە دونیادا ناناوەندێتیی دارایی نییە، ناناوەندێتیی سیاسی یان کارگێڕی هەیە، ڕەهەندی دارایی لەگەڵ کارگێڕیەکەدا پێکەوە بەستراون"[٥]. سەبارەت بە بە پرۆژەکانی (ی. ن. ک) و گۆڕان کە لە ناوەڕۆکدا باس لە جیاکردنەوەی داهات و خەرجی پارێزگاکان دەکات، (پشتیوان سادق) دەڵێت: "ئەوەی یاساکانی هەرێمی کوردستان ڕێگای پێبدات حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیە جێبەجێی بکات، حکومەتیش پرۆژەی خۆی دەبێت، پرۆژەکەش هەڵهێنجاوی هەموو ئەو پرۆژانەیە کە هەیە، بە تایبەت یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی

---

[١]- هەرچەندە لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا دەسەڵاتی یاسایی دابەش ناکرێت، بەڵکو تەنها دەسەڵاتی جێبەجێکردن دابەشدەکرێت، بەڵام لە پرۆژەکەی (ی. ن. ک)دا داوای دابەشکردنی دەسەڵاتی یاسادانان کراوە، کە ئەوەش بە لادان لە بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دادەنرێت.

[٢]- بڕوانە: ماددەی (یەکەم) لە پرۆژەی (ی. ن. ک) بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- ماددەی (چوارەم)، پرۆژەی (ی. ن. ک) بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی، سەرچاوەی پێشوو.

[٤]- جگە لە پرۆژەی (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕان بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی پرۆژەی دیکەی هەیە و لە کارنامەی کابینەکەشدا نووسراوە، بەڵام ئەوەی حکومەت دەیڵێت ناناوەندێتیی کارگێڕیە، نەک دارایی، بۆ گفتوگۆش لەگەڵ لایەنەکان و جێبەجێکردنی ئەو خاڵەی کارنامەی حکومەت لیژنەیەکی وەزاری پێکهێنراوە. لیژنەکە لەلایەن (پشتیوان سادق) سەرۆکی کوتلەی وەزاری (پ. د. ک) لە حکومەت و وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی دەکرێت، هەریەک لە (دانا عەبدولکەریم) سەرۆکی کوتلەی وەزاری بزووتنەوەی گۆڕان و وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، (ئومێد سەباح) سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیری هەریم بۆ کاروباری پەرلەمان (ڤالا فەرید)، هەروەها (ئامانج ڕەحیم) سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران و (یوسف گۆران) ڕاوێژکاری جێگری سەرۆک وەزیران ئەندامن تیایدا.

[٥]- پشتیوان صادق، ئەندامی سەرکردایەتی (پ. د. ک)، چاوپێکەوتن لەگەل ئاژانسی ئەنادۆڵ، ٢٠٢١/١/٢١، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

https://bit.ly/٣zDpjQI(٢٠٢٢/٦/٢١) ڕێکەوتی سەردانیکردن

٢٠٠٩ی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە جەخت لەسەر ناناوەندێتیی کارگێڕی پارێزگاکان دەکاتەوە"[١]، بەڵام بە ڕای (فەرید ئەسەسەرد) لێپرسراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی. ن. ک) "(پ. د. ک) ترسی لە پەیڕەوکردنی سیستمی ناناوەندێتیی هەیە بۆ بەڕێوەبردن، لەبەرئەوەی خۆی هەڵگری سروشتێکی ناوەندێتییە و چەندین ساڵە حیزبەکەی لەسەر بنەمای ناوەندێتی بەڕێوە دەبات، ئێستاش هەوڵدەدات ئەو شێوازە بگوازێتەوە بۆ حکومەت و لە حکومڕانیدا جێبەجێی بکات، بەڵام ئەوان وەک (ی. ن. ک) لەگەڵ پێدانی دەسەڵاتی زیاتر و جێبەجێکردنی سیستمێکی پێشکەوتووی ناناوەندێتیی کارگێڕی و داراییدان بۆ پارێزگاکان، چونکە ئێستا لە قۆناغی پوکانەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانداین و پێویستە دەسەڵاتیان پێبدرێت و کارا بکرێنەوە"[٢].

جگە لە (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، لایەنە سیاسییەکانی دیکە سەرنج ورای جیاوازییان دەربارەی پرسی ناناوەندێتیی کارگێری هەیە، بۆ نمونە (کاوە عبدالله) ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی و ڕێکخەری ژووری حکومەت لە بزوتنەوەی گۆڕان دەڵێت: " (ی. ن. ک) و (پ. د. ک) باوەڕیان بە لامەرکەزیەت نییە، نە (پ. د. ک) لە حکومەت و نە (ی. ن. ک) لە سلێمانی لامەرکەزیەتیان جێبەجێنەکردووە، چونکە (پ. د. ک) و یەکێتی نایانەوێت لە هەرێمی کوردستاندا سیستمی لامەرکەزی، وەکو سیستمێکی پێشکەوتوو جێبەجێبکرێت"[٣].

دەربارەی جیاوازیی دیدگای بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) لەسەر پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی، ڕێکخەری ژووری حکومەت لە بزوتنەوەی گۆڕان دەڵێت: "جیاوازییمان لە چۆنیەتی جێبەجێکردن و دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندایە، ئێمە پێمان وایە دەبێت نوێنەرانی خەڵک هەڵبژێردرێن و بە پێی ئەو دەسەڵاتانەی لە یاسادا بۆیان دیاریکراوە خزمەت بکەن، لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەنجومەنی پارێزگاکان پەیوەستن بە وەزارەتی ناوخۆوە، ناکرێت ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو پەیوەست بێت بە وەزارەتی ناوخۆوە، دەبێت پەیوەستبن بە پەرلەمانەوە یان بە دەستەیەکی سەربەخۆوە لە ئەنجومەنی وەزیران، بەستنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە وەزارەتی ناوخۆوە دیدێکی مەرکەزی و پۆلیسیە"[٤].

---

[١]- پشتیوان صادق، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فەرید ئەسەسەرد) لێپرسراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی. ن. ک)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٣، سلێمانی.

[٣]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (کاوە عبدالله) ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی و ڕێکخەری ژووری حکومەت لە بزوتنەوەی گۆڕان، ڕیککەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٢٣، سلێمانی.

[٤]- کاوە عبدالله، چاوپێکەوتن لەگەڵ دیجیتاڵ میدیای کەی ئێن ئێن، ٢٠٢١/٢/٢٦، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

https://bit.ly/٣cNwhd١ (٢٠٢٢/٦/٢٢) ڕێکەوتی سەردانیکردن

بەڕای بەرپرسی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی کۆمەڵی دادگەری "(ی. ن. ک) ناناوەندێتیی کارگێڕی بۆ زیادکردنی دەسەڵاتی خۆی دەوێت، تاکو لە ڕێگەی دەسەڵاتی زۆرترەوە زیاتر هەژموون و دەسەڵاتی خۆی لە زۆنی سەوز بسەپێنێت، ڕازی نەبوونی (پ. د. ک)ش لەسەر جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی دارایی، لە ترسی لە دەستدانی دەسەڵات و لاواز بوونی خۆیەتی لە ئیدارەدان و حکومڕانی هەرێم، بزوتنەوەی گۆڕانیش تا ئێستا دیدێکی ڕۆشنی لەسەر ناناوەندێتیی کارگێڕی نییە، ئەویش لە ئاستی خۆجێی کە دەسەڵاتی لایە، شۆڕی نەکردۆتەوە بۆ خوارەوە، دوای بەشداری کردنیشیان لە حکومەتی هەرێم، هیچ هەوڵێکی ئەوتۆیان بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی نەداوە"[١].

بە پشت بەستن بەو زانیاریی و بیروڕا جیاوازانەی لەم توێژینچەیەدا خرایەڕوو دەکرێت بگوترێت، جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک شێوازێک لە شێوازەکانی بەڕێوەبردن، پێویستی بە دروستکردنی دیدگایەکی هاوبەشە، بەڵام ئەو جیاوازییانەی لە نێوان لایەنە سیاسییە کاریگەرەکانی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ نەبوونی دیدگایەکی هاوبەش لەسەر پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی، نەبوونی دیدگای هاوبەشیش لە نێوان لایەنە سیاسیەکاندا، بە تایبەت لە نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، وەک دوو پارتی سیاسی سەرەکی، بە یەکێکی دیکە لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

لە کۆتایی ئەم توێژراوەیەدا دەتوانین بڵێین، جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی پێویستی بە ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی گونجاو هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بنەماکانی سیستمەکە بەکرداری لە واقیعدا جێگیر بکرێت. بەڵام ئەو واقیعە سیاسییەی چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، بووە بە یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، چونکە بەهۆی شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانەوە، نەتوانراوە حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز لە هەرێمی کوردستاندا دروستبکرێت، کە بکرێتە ناوەندێک و کۆی دەسەڵاتە کارگێڕیەکانی تیادا کۆبکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەوێوە بڕیاری دابەشکردنی بەسەر یەکە کارگێڕیەکاندا بدرێت، ئەوەش هەنگاوی بنەڕەتییە بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە، لە هەرێمی کوردستاندا بەکرداری دەسەڵاتی حکومڕانی لە نێوان دوو ناوەندا کە هەولێر و سلێمانییە دابەشبووە، لە هەولێر (پ. د. ک) و لە سلێمانی (ی. ن. ک) خاوەن دەسەڵاتی سیاسی ڕاستەقینەن، هەروەها لە دەرئەنجامی بێمتمانەیی لە نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)دا، کە ململانێی بەردەوام و دابەشکاری حزبی لێکەوتۆتەوە، وایکردووە ناناوەندێتیی کارگێڕی هێندەی وەک

---

[١]- محەمەد حەکیم، سەرچاوەی پێشوو.

پرسـێکی حزبـی لێـی بڕوانرێـت، هێنـده وەک پێویسـتییەکی حکـومڕانی سـەیر نەکرێـت، بەهـۆی ئەوەشەوە نەتوانراوە دیدێکی هـاوبەش بۆ ئاسـت و شـێواز و چۆنیەتی پەیرەوکردنـی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا لە نیوان پارتە سیاسییە سەرەکییەکاندا دروستبکرێت.

## تویژراوەی دووەم: ئاڵنگارییە یاساییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا

یاساکان بە بنەماو نەخشەرێگایەک دادەنرێن کە پشتیان پێدەبەسترێت بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، لەبەرئەوە بۆ دەست نیشانکردنی ئاڵنگارییەکانی بەردەم ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەر دەوڵەتێک یان هەرێمێکدا، واپێویست دەکات پشکنین بۆ دەقە دەستوورییو یاساییەکانی ئەو دەوڵەتە یاخود ئەو هەرێمە بکرێت، چونکە ئەگەر ئەنجامی پشکنینی دەقە دەستووریی و یاساییەکان ئەوەی دەرخست کە ئاستی ناناوەندێتیی کارگێڕی لاوازە، لەو کاتەدا پێویست دەکات بەر لە هەر هەنگاوێک، هەوڵی بەهێزکردنی بنەما دەستووری و یاساییەکان بدرێت، چونکە ناکرێت لەڕێگەی بنەمایەکی یاسایی لاوازەوە، سیستمێکی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەهێز بونیاد بنرێت[١]. لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بەڵگەنامەیەکی دەستووریی نوسراوی تایبەت بە چەسپاندنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی نییە، کەواتە ناناوەندێتیی کارگێڕی بە پێی یاسای ئاسایی ڕێکخراوە، لەبەرئەوە لەم تویژراوەیەدا هەوڵدەدەین بە چەند تەوەرێک، ئاڵنگارییە یاساییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا ڕوونبکەینەوە.

### تویژینچەی یەکەم: نەبوونی بەڵگەنامەیەکی دەستووریی نوسراو بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا

دەستوور پێناسە دەکرێت بەوەی کە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی بنچینەیی، کە تێیدا جگە لە دیاریکردنی شێوازی دەوڵەت و حکومەت، پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان دیاریدەکات و تایبەتکارییەکانیان ڕێکدەخات، هەروەها ئەرک و ماف و ئازادییەکانیش دیاریدەکات[٢]. کەواتە جگە لەوەی دەستوور سیستمی حکومڕانی لە هەر دەوڵەت یان هەرێمێکدا دیاریدەکات، دەسەڵاتە گشتییەکان و پەیوەندی نێوانیان و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان ڕووندەکاتەوە، لە هەمانکاتیشدا سنوری دەسەڵاتە گشتییەکان دیاریدەکات، لەبەرئەوە بوونی بەڵگەنامایەکی دەستووریی نوسراو بە یەکەم گەرەنتی دادەنرێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و ڕێکخستنی

---

[١]- ئارام جەمال و ئەوانی دیکە، پشکنینی چێوەی یاسایی لامەرکەزیەت لە هەرێمی کوردستاندا (پەیپەری سیاستە گشتییەکان) پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، شوباتی ٢٠١٧، سلێمانی، ل٣. بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢/٦/٢٨)https://bit.ly/٣QdWEGQ

[٢]- د. حميد حنون خالد، مبادىء القانون الدستوري و تطور النظام السياسي في العراق، مكتبة سنهوري، بغداد، ٢٠١٣، ص١٠.

کاروبـاری حـوکمڕانی[١]. لەگەڵ ئەوەی دەسـتووری کۆمـاری عێراقـی سـاڵی ٢٠٠٥، مـافی بـوونی دەسـتووری سـەربەخۆی بە هەرێمـی کوردسـتان داوە[٢]، بەڵام تـاکو ئێسـتا نەبـووەتە خـاوەن بەڵگەنـامەیەکی دەسـتووریی نوسـراوی خـۆی[٣]، ئەوەش بە یەکێـک لە ئاڵنگارییەکـانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دادەنرێت؛ چونکە نەبوونی بەڵگەنامەیەکی دەستوری نوسراو، کە تێیدا بە دیاریکراوی تایبەتکارییەکانی (اختصاصـەکان) حکومەتی هەرێم لە هەولێر دیارییبکات، وادەکـات کە پێکـدادان لەنێـوان دەسـەڵات و تایبەتکـاری حکـومەتی هەرێـم و نێـوان ئەنجـومەنی پارێزگاکان و دەستە خۆجێییەکان لە هەرێمی کوردستاندا ڕووبدات[٤].

لەبەرئەوە گرنگتـرین کارێـک کە لە ڕێکخسـتنی پەیوەنـدی نێـوان حکـومەتی ناوەنـدی و حکــومەتە خۆجێییەکانــدا بکرێــت، بــریتییە لە ڕاگرتنــی هاوســەنگی لە نێــوان دەســەڵات و تایبەتکارییەکـانی هەردوولادا، کە ئەم ڕێکخسـتنەش لە ڕێـگەی دەسـتوورەوە، یـاخود لە ڕێـگەی یاسـای ئاسـاییەوە دەکرێـت، وەک لە پێشـتردا ئاماژەمـان پێـدا، لە ئێسـتادا هەرێمـی کوردسـتان

---

[١]- محمد كاظم المشهداني، القانون الدستوری (الدولة- الحكومة- الدستور)، مؤسسـة الثقافية الجامعية، الاسكندرية- مصر، ٢٠١١، ص٦١.

[٢]- لەماددەی (١٢٠)ی دەستووری سـاڵی ٢٠٠٥ی کۆمـاری عێراق هـاتووە "هەرێم دەسـتوورێک بۆ خۆی دادەنێت تیایدا پەیکەری دەسـەڵاتەکانی هەرێـم و تایبەتمەنـدییەکانی و میکانیزمەکـانی مومارەسـەکردنی ئەو تایبەتمەنـدیانە دیاریدەکات، بەو مەرجەی ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورە".

[٣]- تاکو ئێستا چەند جارێک هەوڵدراوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردسـتان ببێت بە خـاوەن بەڵگەنامەیەکی دەستووریی نوسـراوی تـایبەت بەخـۆی، کە بڕیـاری ژمـارە (١)ی پەرلەمـانی کوردسـتان لە ٢٠٠٢/١١/٧، بـوو بە دەسـتپێکی بونیادنـانی پـرۆژەی دەسـتووری هەرێمـی کوردسـتان، دواتـر بە بڕیـاری ژمـارە (٥)ی پەرلەمـانی کوردسـتان لە ٢٠٠٥/٩/٨دا، لیـژنەی پێـدا چـوونەوەی دەسـتوور پێکهێنـرا، لە ٢٠٠٥/٩/٢٤ پرۆژەکەیـان پێشـکەش بە پەرلەمـانی کوردستان کرد، لە ٢٠٠٩/٦/٢٤دا، پەرلەمانی کوردسـتان پرۆژەی دەسـتووری هەرێمی کوردسـتانی پەسـەندکرد. لە ٢٠٠٩/٦/٢٥ بڕیـاری ژمـارە (٨)ی تـایبەت بە پەسـەندکردنی پـرۆژەی دەسـتووری دەرکـرد، بـۆ ئەوەی لە ڕێکەوتـی ٢٠٠٩/٧/٢٥، لەگەڵ هەڵبژاردنـی پەرلەمــانی کوردســتاندا بخــرێتە ڕاپرســی گشــتییەوە، بەڵام بە هــۆی بــوونی نـاڕەزایەتییەکی زۆر لەلایەن چـین و توێژەکـانی کۆمەڵگـاوە، پـرۆژەکە نەخـرایە ڕاپرسـی گشـتییەوە. دواتـر بەپێـی یاسـای درێژکـردنەوەی ویلایەتـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١٩)ی سـاڵی ٢٠١٣ بڕیـاردرا پـرۆژە دەسـتورەکە بگەڕێنـرێتەوە پەرلەمـان و بە سـازان هەمـوار بکـرێتەوە. ئەوە بـوو لە خـولی چـوارەمی پەرلەمـانی کوردسـتان لیژنەیەکـی (٢١) کەسـی لە نـوێنەری لایەنە سیاسـییەکان و پێکهـاتە جیاوازەکـان و کەسـانی شـارەزا پێکهێنرا بۆ پێداچوونەوە بە پرۆژەکەدا. بەڵام بە هۆی کێشە ناخۆییەکان و جیاوازی بیروڕای لایەنە سیاسیەکانەوە، تاکو ئێستا پرۆژەکە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند نەکراوە و نەتوانراوە بخرێتە ڕاپرسی گشتییەوە، کەواتە تـاکو ئێستا دەستووری هەرێمی کوردستان تەنها پرۆژەیەکە و هیچ هێزێکی یاسایی نییە... د. ئاکۆ حمە کەریـم و ئەوانی دیکە، پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥٢-٦٠.

[٤]- د. مستەفا ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو.

بەڵگەنامەیەکی دەستووریی نوسراوی نییە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی، لەبەرئەوە لە ڕێگەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران و یاسای کاری وەزارەتەکانەوە، دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان دیاریکراوە، لە هەمان کاتیشدا لە ڕێگەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەسەڵات و تایبەتکاری ئەنجومەنی پارێزگا و دەستە جێبەجێکارییەکان دیاریکراوە، بەڵام زۆربەی جار یاساکان ناتوانن ئەم ئامانجە بەدی بهێنن و ئەو هاوسەنگییە ڕابگرن، لەبەرئەوە لەو کاتەدا بەریەککەوتنێکی زۆر لە نێوان دەسەڵات و تایبەتکاری حکومەتی ناوەندی و حکومەتە خۆجێییەکاندا ڕوودەدات[١].

هەروەک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند: "بەریەککەوتنی زۆر هەیە لە نێوان یاسای پارێزگاکان و یاسای کاری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ نمونە بە پێی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەبێت ئەنجومەنەکان نەخشەی شار پەسەندبکەن[٢]، بەڵام شارەوانیەکان بە پێی یاسای وەزارەتی شارەوانی و بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەن خۆیان ئەو کارە دەکەن"[٣]. هەروەها پاش دەرکردنی فەرمانی دەستبەکاربوونی بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، نیگەرانی ئەنجومەنەکەی لێکەوتەوە، لەبەرئەوە ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی فەرمانەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی بە نایاسایی ناوبرد، چونکە بە ڕای ئەنجومەنەکە فەرمانەکە پێچەوانەی خاڵی (٢، ٣)ی برگەی (دوازدەیەم)ی مادەی (شەشەم)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە[٤].

هەرچی ئەنجومەنی وەزیرانیشە بڕیاری کۆتایی لە لادان و دانانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان، بە دەسەڵاتی خۆی دەزانێت. ئەم تێکهەڵچوون و ڕاڤە جیاوازانەی کە بۆ دەقە یاساییەکان دەکرێت؛ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دەقێکی یاسایی ڕوون نییە ئاماژە بەوە بکات، کە لەکاتی تێکهەڵچوونی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگا و وەزارەتەکان، چۆن بڕیارەکە یەکلای دەبێتەوە، ئەمەش وای کردووە کە ئەنجومەنی پارێزگاکان نەتوانن وەک پێویست

---

[١]- هۆگر ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤.

[٢]- ماددەی (سی و چوارەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، هاتووە "ئەنجومەن بۆی هەیە نەخشەی دیزاینی بنەڕەتی شار پەسەند بکات یان دیزاینکردنەوەی یەکە کارگێڕیەکان لە پارێزگادا دووبارە بکاتەوە"

[٣]- ئازاد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

[٤]- بڕوانە: نوسراوی ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانی ژمارە (٦٤٩) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/٩/١٧، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

https://bit.ly/٣emGLR٨(٢٠٢٢/٦/٢٩) ڕێکەوتی سەردانیکردن

بڕیار دەربکەن[١]. بەڵام ئەگەر دەسەڵات و تایبەتکارییەکان لە دەستوورێکدا دەقنووسبکرێت، ئەوا ئەو تێکهەڵچوون و دژیەکیە کەمتر ڕوودەدات[٢]. لە هەمانکاتیشدا دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە دەستوورێکدا وادەکات، کە گۆڕانکاری و پشتگوێ خستنی بنەماکانی ئاسان نەبێت، بەڵام کاتێک بە تەنها ناناوەندێتیی کارگێڕی لە یاسای ئاساییدا دەقنووسدەکرێت، ئەوا هەرکات بویسترێت دەتوانرێت لە ڕێگەی دەسەڵاتی یاسادانانەوە هەمواربکرێتەوە، یان هەڵبوەشێنرێتەوە. بۆ نمونە لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، پەرلەمان لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران یاخود داواکاری سێیەکی ئەندامەکانی، بۆی هەیە بە دەنگی زۆرینەی ڕەها، ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبوەشێنێتەوە[٣]. بە لەبەرچاوگرتنی واقیعی سیاسی هەرێمی کوردستان، مەترسی ئەوە هەیە ئەنجومەنی وەزیران ئەو دەسەڵاتە بە ئامانجی سیاسی بەکار بهێنێت و لە ڕێگەی زۆرینەی پەرلەمانییەوە، ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبوەشێنێتەوە[٤]. بە تایبەت کە ئەو هۆکارانەی دیاریکراوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکان، زۆر ناڕوونن و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن[٥].

---

[١]- هۆگر ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٤.

[٢]- لە ماوەی ڕابردوودا چەند بڕیارێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕەتکراوەتەوە، بە هۆی تێکهەڵچوونی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگا و وەزارەتەکان، بۆ نمونە بڕیاری ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠١٥، کە تایبەتە بە ڕێگرتن لە گواستنەوەی ناسنامەی باری شارستانی و خانە، لە هاوڵاتی غەیرە کوردەوە بۆ پارێزگای سلێمانی، ئەم بڕیارە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند نەکراوە، بە پاساوی ئەوەی لە دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆیە. هەروەها بڕیاری ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١٥ کە تایبەتە بە تاپۆکردنی ماڵ و موڵک و زەوی و خانووبەرە بۆ هاوڵاتی غەیرە کورد، بە هەمان شێوە ئەم بڕیارەش ڕەتکراوەتەوە، بە پاساوی ئەوەی لە پسپۆڕی وەزارەتی دادە. هەموو ئەو بڕیارانەی کە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەرچووە، تایبەت بە گۆڕانکاری کارگێڕی لە سنوری پارێزگاکەو گواستنەوەی چەند یەکەیەکی کارگێڕی لە سلێمانیەوە بۆ سنوری پارێزگای هەڵەبجە، ڕەتکراونەتەوە، بە پاساوی ئەوەی گۆرانکاری کارگێڕی لە سنوری دوو پارێزگا لە پسپۆڕێتی ئەنجومەنی وەزیرانە... بڕوانە: هۆگر ئیبراهیم سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٦-٢٢٧.

[٣]- بڕوانە: ماددەی (سی و یەکەم/ بڕگەی چوارەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٤]- ماددەی (سی و یەکەم/ بڕگەی دووەم) باس لەو هۆکارانە دەکات کە دەتوانرێت ئەنجومەنەکانی پێ هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوانیش بریتین لە "زیان گەیاندنێکی مەزن بەو کارو ئەرکەی پێی سپێردراوە، ئەگەر مانەوەی زیانبەخش بوو بۆ بەرژەوەندی گشتی، ئەگەر نەیتوانی ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ بکات، لە بارێکدا کە لە دەستوور لایدا یاخود سەرپێچی یاسای کرد".

[٥]- د. ئەمین فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٦.

هەروەک لە عێراقدا کرا، کاتێک ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٦، بڕیاریدا بە ڕاگرتنی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، لە کاتێکدا ئەم ئەنجومەنانە بە پێی یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا، خاوەنی دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی زۆر بوون. هەرچەندە هەوڵێک هەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجومەنانە لە عێراق، بەڵام دادگای باڵای دەستووری ڕایگەیاند، کە بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان بنەمای دەستووری هەیە، نابێت ڕۆڵیان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانەوە پەراوێز بخرێت[١]. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەستوور دەتوانێت گەرەنتی مانەوەی ئەنجومەنەکان بکات، چونکە دادگای باڵای فیدراڵی ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان تەنها کارەکانیان ڕاگیراوە، نەک هەڵوەشابێتنەوە.

هەروەها لەبەرئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا ناناوەندێتیی کارگێڕی بە یاسای ئاسایی ڕێکخراوە، ئەوا بەهۆی ئاسانی ڕێکارەکانی هەموارکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی یاساکانەوە، هیچ گەرەنتیەک بۆ ڕێگریکردن لە هەڵوەشاندنەوە و هەموارکردنەوەی نییە، بۆ نمونە بە پێی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەبێت پارێزگار لە ناو ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەن هەڵبژێردرێت[٢]. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٩دا، ئەم بڕگەیە هەموار کراوەتەوە، بە شێوەیەک دەکرێت پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنیش هەڵبژێردرێت[٣]. هەر بە پێی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەبێت هەموو چوار ساڵ جارێک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوە بچێت[٤]. بەڵام لە هەردوو خولەکەی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، ئەمە جێبەجێنەکراوە، بەڵکو بە بڕیارێکی پەرلەمانی ماوەی خولەکان درێژکراونەتەوە. کە لە دۆخی هەبوونی بەڵگەنامەیەکی دەستووریی نوسراودا، جێبەجێنەکردن و هەڵوەشاندنەوە و هەموارکردن

---

[١]- بڕوانە: قرار المحكمه الاتحادية العليا في الدعوى (١٥٥ /اتحادية /٢٠١٩ وموحداتها)، في (٢٠٢١/٦/٢)، متاح على الموقع:

تاريخ الزيارة (٢٠٢٢/٧/١)https://www.iraqfsc.iq/news./٤٦٨٦

[٢]- بڕوانە: ماددەی (شەشەم/ بڕگەی سێیەم/ خاڵی ١) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٣]- بڕوانە: ماددەی (١) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٤]- بڕوانە: ماددەی (چوارەم/ بڕگەی دووەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

کـارێکی وا ئاسـان نابێـت[١]. کە بە گـوتەی (لەتیـف مسـتەفا) " ئەگەر بە دەسـتور دەسـەڵاتەکانی پەرلەمـان دیـارینەکرابوو، ئەوا لە نەبـونی دەسـتوردا، پەرلەمـان دەتوانێـت یاسـا دەربکـات، بەڵام هەمـوو یاسـایەک لەگەڵ دیموکراسـیەت، یەکنـاگرێتەوە، وەک درێژکـردنەوەی مـاوەی ویلایەتـی ئەنجـومەنی پارێزگاکـان لەلایەن پەرلەمـانی کوردسـتانەوە"[٢]. واتە ئەگەر لە هەرێمـی کوردسـتاندا بنچینەیەکـی دەسـتوریی هەبـووایە، ئەوا تـاڕادەیەک دەیتـوانی ڕێـگە لەوە بگرێـت بەو ئاسـانییە تایبەتکارییەکان و پێکهاتەی کارگێڕی ئەنجومەن خۆجێییەکان هەمواربکات[٣].

کەواتە بەهـۆی ئەوەی لە هەرێمـی کوردسـتاندا بەڵگەنـامەیەکی دەسـتووریی نوسـراو نییە، ئەوا دیاریکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکان لە ڕێگەی یاسـای ئاسـاییەوە ڕێکخـراوە، ئەوەش وای کـردووە لە زۆر بـواردا تێکهەڵچـوون و بەریەککەوتـن لە نێـوان حکـومەتی هەرێـم و دەسـتەی جێبەجێکـار لە ئاسـتی خـۆجێیەتی و ئەنجـومەنی پارێزگاکانـدا ڕووبـدات، بەو هۆیەشـەوە ڕۆڵـی ئەنجومەن و دەستە خۆجێییەکان لە بڕیارداندا لاواز و بێ کاریگەر بووە. لەهەمان کاتیشدا بەهـۆی ئاسانی لە ڕێکارەکانی هەڵوەشاندنەوە و هەمـوارکردنەوەی یاسـای ئاسـایی، هەرکاتێک دەسـەڵاتی یاسادانان بیەوێت دەتوانێت یاساکان هەڵبوەشێنێتەوە یاخود هەمواریانبکاتەوە.

---

[١]- کاتێک ماوەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون تەواو بوو، لە ٢٠١٩/١١/٢٦ ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق، بڕیاریـدا بە ڕاگرتنـی کارەکـانی ئەنجـومەنی پارێزگاکـانی عێـراق. دوای بڕیـارەکەی پەرلەمـان، ئەنجـومەنی چەنـد پارێزگـایەکی عێـراق لە دادگـای بـاڵای فیـدراڵی تانەیـان لەو بڕیـارەی پەرلەماندا و بە بڕیارێکی نا یاسایی و نا دەستووریان دانا. بەڵام دادگای فیدراڵی عیراق ئاماژەی بەوەکردووە، بە پێی یاسـا وادەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆتایی هاتووە و دەبێت هەڵبژاردنی نوێ بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت، ڕاگرتنی کارەکانیشیان پێچەوانەی دەستوور نییە، چونکە تەمەنـی ئەنجـومەنی پارێزگاکانیش بەیاسـا دیـاریکراوە و نابێـت ئەو وادەیە پێشـێل بکرێـت، لەبەر ئەوەی مـافی هاوڵاتیـانە ئەنجـومەنێکی نـوێ بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ دیارییبکەن... بڕوانە: قرار المحكمه الاتحادية العليا، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- لەتیف مستەفا، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- هێمن عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

## تـــوێژینچەی دووەم: ئاڵنگارییەکـــانی تـــایبەت بە یاســـای ژمـــارە (١٥٩)ی ســـاڵی (١٩٦٩) یاســـای پارێزگاکانی عێراق (لەکارخراو)

ئەگەرچی ئەم یاسایە لە هەرێمی کوردستاندا، تاکو ساڵی ٢٠١٤، کە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ خرایە بواری جێبەجێکردنەوە، کاری پێدەکرا[١]. بەڵام بە ورد بوونەوە لە ماددەو بڕگەکانی یاساکە بە ڕوونی زاڵبوونی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر یاساکەدا بەدیدەکرێت، بۆ نمونە بە پێی یاساکە سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان (پارێزگار، قائمقام، بەڕێوەبەری ناحیە) لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دادەمەزران، نەک لەلایەن هاوڵاتییانەوە هەڵبژێردرێن. ئەوەش پێچەوانەی بنەمای ناناوەندیتیی کارگێڕییە، لەبەرئەوە دۆخی ناوەندیتیی کارگێڕی ناچڕ بەسەر یاسای پارێزگاکانی عێراقدا زاڵبووە[٢].

هەرچەندە هەرێمی کوردستان تاکو ساڵی ٢٠١٤ کاری بەم یاسایە کردووە، بەڵام هیچ هەڵبژاردنێکی بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پێی ئەم یاسایە ئەنجامنەداوە، بەڵکو یەکەم هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١/٣١ لەسەر بنەمای فەرمانی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق بوو، بەڵام دواتر ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ڕووی کرداریەوە مومارەسەی ئەو دەسەڵات و تایبەتکارییانەیان نەکرد، کە لە بڕیارەکەدا هات بوو، چونکە لە دیباجە و مادەی (یەکەم)ی بڕیارەکەدا، دا ئاماژەی بەوە دابوو کە بڕیارەکە کاریگەری نابێت لە سەر ئەو ناوچانەی کە تاکو ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٣/١٩ لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوون[٣].

لەبەرئەوەی یاسای پارێزگاکانی عێراق، بە پێی فەرمانی ژمارە (٧١)ی ساڵی٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق هەڵوەشێنرابوویەوە. ئەمەش ببووە جێگەی ناکۆکی لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگاکان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سەبارەت بە بەرکاربوونی کام یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، یاسای پارێزگاکانی عێراق، یان فەرمانی ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراقدا[٤]. هەروەک (ئەحمەدی حاجی ڕەشید) ئەندامی خولی یەکەمی

---

[١]- کارکردن بەم یاساییە بە پێی ماددەی (سی و حەوتەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە، بەڵام لەبەرئەوەی (٢٢) ساڵ لە هەرێمی کوردستان بەرکار بووە، لێرەدا بە پێویستمان زانیی ئاماژە بە هەندێک لە ئاڵنگارییەکانی تایبەت بەم یاسایە بدەین، بە تایبەت لە ماوەی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا.

[٢]- د. ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٤.

[٣]- صالح توفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

[٤]- حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٩/١٠ تایبەت بە دانانی (بەهرۆز حەمە صاڵح) بە پارێزگاری سلێمانی دەریکردووە، ڕایگەیاندووە، کە بۆ چارەسەرکردنی بۆشای ئیداری پۆستی=

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ڕوونیکردەوە، لە خولی یەکەمدا ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نەیان دەتوانی بە فەرمانی ژمارە (٧١ی بریمەر[١]) کار بکەن، بە پاساوی پێدانی تایبەتمەندی بە هەرێمی کوردستان لە ماددەی یەکەمی بڕیارەکەدا، کاتێک ئەنجومەنەکان دەیانویست کار بە یاسای پارێزگاکانی عێراق بکەن، ئەوا بە بیانوی ئەوەی بە پێی بڕیاری ژمارە (٧١) ئەو یاسایە هەڵوەشێنراوەتەوە، نەیان دەتوانی پشتی پێ ببەستن. هەروەها لەبەرئەوەی لە ماددەی (چل و یەکەم)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەم یاسایە لە دەستپێکی خولی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنەکان جێبەجێدەکرێت، نەدەتوانرا کار بەو یاسایەش بکرێت[٢].

هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە دەبوو لە ساڵی ٢٠٠٩دا، هەڵبژاردن بۆ خوولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرایە، بەڵام ئەم هەڵبژاردنە لە کاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، بەڵکو لە دوای تێپەڕبوونی (٥ ساڵ) بەسەر وادەی یاسایی خولی یەکەمدا، لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٤/٣٠، هەڵبژاردن بۆ خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا. بەم پێیەش خولی یەکەم کە بۆ (٤ساڵ) هەڵبژێردرابوون، بەڵام بۆ ماوەی (٩ساڵ) مانەوە و بەردەوام بوون.

واتە خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ماوەی (٩ساڵ)ی کارکردنیاندا، چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوون نەبووە، کە ئەرک و دەسەڵات و پێگەی یاساییان لە هەرێمی کوردستاندا دیاریبکات[٣]. ئەمەش ئاڵنگاریی سەرەکی بووە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەرک و

---

پارێزگای سلێمانی، لەبەرئەوەی هیچ کام لە بڕیاری ژمارە (٧١ی بریمەر) و یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کاریان پێناکرێت، بە ناچاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پەنای بردە بەر یاسای پارێزگاکانی عێراق ژمارە (١٥٩) ی ساڵی ١٩٦٩. بەڵام لە کاتی خۆیدا ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران، لەلایەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویەوە و بە نایاساییان دایە قەڵەم، چونکە ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوایاندەکرد کار بە بڕیاری ژمارە (٧١)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق بکرێت... بۆ خوێندنەوەی دەقی ڕوونکردنەوەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/٩/١٠ دەریکردووە، بڕوانە: ئەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/٦)https://bit.ly/٣x٠ehD٥

[١]- هەندێکجار بە بڕیاری ژمارە (٧١)ی ساڵی٢٠٠٤ی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق، دەگوترێت بڕیاری ژمارە (٧١)ی بریمەر.

[٢]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئەحمەدی حاجی ڕەشید) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، خولی یەکەم، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٦/١٤، سلێمانی.

[٣]- بڕوانە: هەندێک زانیاری و وردەکاری سەبارەت بەخولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەردەستە لە ماڵپەڕی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

ڕێکەوتی سەردانی کردن(٢٠٢٢/٦/١٤) https://bit.ly/٣cTpS٠٨

دەسـەڵاتەکانی خـولی یەکەمـی ئەنجـومەنی پارێزگاکانـدا، چـونکە لەو قۆنـاغەدا نەبـوونی چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوون، کاریگەری نەرێنی لەسـەر جێبەجێکردن و گەشـەکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە.

## تـوێژینچەی سـێیەم: ئاڵنگارییەکـانی تـایبەت بە یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی (٢٠٠٩) یاسـای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق (هەموارکراو)

لەدوای دەرکردنـی ئەم یاسـایە ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی خـۆجێیی، وەک بنەمـا لە هەرێمـی کوردستاندا پەسەند کرا، بەڵام بە ورد بوونەوە لە بڕگەو مادەکانی یاساکە، دەردەکەوێت یاساکە لەبەردەم کۆمەڵێک ئاڵنگارییدایە، کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا بیانخەینەڕوو:-

**یەکەم**: دیـارترین ڕەخـنە کە لە ڕووی کـارگێڕییەوە لەم یاسـایە دەگیرێـت؛ ئەوەیە کە لە یاسـاکەدا ئەنجـومەنی پارێزگاکـان[١] نەبـوونەتە ناوەنـدێکی گرنـگ بـۆ بڕیـاردان، تـاوەکو بتـوانن ئەرکەکانیان بەباشی جێبەجێبکەن، چونکە زۆرینەی ئەو دەسەڵات و تایبەتکارییانەی لە یاساکەدا بەو ئەنجومەنانە دراوە، زیاتر ڕاوێژکاریی و پێشنیازکارین، یاخود پێویستی بە هەماهەنگییە لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە[٢]. بۆ نمونە ئەنجومەنی پارێزگاکان لە دانانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پۆستی جێگرانی پارێزگار دەسەڵاتی یەکلاکەرەوەی نییە، بەڵکو تەنها دەسەڵاتی ڕەزامەندیی دەربڕینی هەیە، لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە کۆی پێنج پاڵێوراو، کە پارێزگار بۆ پڕکردنەوەی پۆستی جێگرانـی پارێزگـار، یـاخود بـۆ پڕکـردنەوەی پۆسـتی بەڕێـوەبەرە گشـتییەکان لە پارێزگـادا پێشکەشیاندەکات.

واتە ئەنجومەنی پارێزگاکان سێ پاڵێوراو دەست نیشاندەکەن، ئەوە ئەنجومەنی وەزیرانە کە بڕیـاری دامەزرانـدن لەو سـێ پـاڵێوراوە بـۆ یەکێکیـان دەردەکـات[٣]. لە کاتێکدا دەبـوو ئەوەی

---

[١]- لەبەرئەوەی لە ٢٠١٤/٤/٣٠دا، تەنها هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا، تاکو ئێستا (٢٠٢٢) هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لە هەرێمی کوردستاندا نەکراوە، ئێمەش لێرەدا تەنها باسی ئەو ئاڵنگارییانە دەکەین، کە لە کاتی پیادەکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ڕووی کردارییەوە دەرکەوتوون.

[٢]- د. ئیسماعیل نەجمەدین، لامەرکەزیەتی کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێم: پایە و ئاڵنگارییەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[٣]- بڕوانە: ماددەی (دوازدە/ خاڵی ١ و ٢) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق

زۆرترین دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن بەدەست دەهێنێت، تەنها ئەوەیان فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەربکرێت.

**دووەم:** تایبەت بە لادانی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سنوری پارێزگاکان، دیسانەوە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی لادانیانی نییە، بەڵکو تەنها دەتوانێت پێشنیازی لادانیان لە ڕێگەی وەزیری تایبەتمەندەوە[١] بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزبکاتەوە[٢]. ئەنجومەنی وەزیرانیش ئازادە لەوەی لایان دەبات یاخود نا. واتە بڕیاری کۆتایی لای ئەنجومەنی وەزیرانە، نەک ئەنجومەنی پارێزگا.

کەواتە ئەنجومەنی پارێزگاکان توانا و دەسەڵاتی یەکلاکەرەوەیان لە دانان و لادانی بەرپرسە خۆجێییەکاندا نییە. لە کاتێکدا پەیڕەوکردنی ئاستێکی بەرزی ناناوەندێتیی کارگێڕی ئەوە دەخوازێت، کە ئەنجومەنی پارێزگا ڕاستەوخۆ مافی دانان و لادانی بەرپرسانی خۆجێیی سنوری پارێزگاکەیان هەبێت، نەک تەنها دەسەڵاتی پێشنیازی لادان و دانانی هەبێت.

**سێیەم:** بەشێک لەو دەسەڵاتانەی کە بە ئەنجومەنی پارێزگاکان یاخود پارێزگار دراوە، بەتایبەت لە بواری نەخشاندنی سیاسەتی گشتیدا، پێویستی بە هەماهەنگییە لەنێوان ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگار یاخود لە نێوان پارێزگار و وەزارەتەکان[٣]، بەبێ ئەوەی لە یاساکەدا ڕوونکرابێتەوە کە ئەو هەماهەنگییە چۆن دەبێت، لەبەرئەوە لە واقیعیشدا ئەو هەماهەنگییە نابینرێت، بەڵکو زۆر جار لە جیاتی هەماهەنگی، دژیەکی و تێکهەڵچوون لە نێوان کارو بڕیارەکانی یەکە کارگێڕییەکان و وەزارەتەکان ڕوودەدات[٤].

---

[١]- (ڕێکەوت زەکی) سەرۆکی فراکسۆنی (ی. ن. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی باسی لەوەکرد، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێشنیازی لادانی سەرۆکی پێشووی شارەوانی هەڵەبجە (خدر کەریم)ی بۆ وەزارەتی شارەوانی بەرزکردەوە، بەڵام وەزارەت تاکو خۆی لیژنەی پێکنەهێنا ناوبراوی لانەدا، لە کۆتایشدا لە پۆستەکەی بەخشی، نەک لاییدات، هەروەها ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ناڕازیبوو بە دانانی بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی سلێمانی، بەڵام لەلایەن وەزارەتەوە کارەکانی دانانی بۆ جێبەجێکرا.

[٢]- بڕوانە: ماددەی (دوازدەیەم/ خاڵی ٣) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق

[٣]- بۆ نمونە لە ماددەی (شەشەم/ بڕگەی شەشەم)ی یاساکەدا کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگا هاتووە "نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دانانی پلانی ستراتیژی....."، هەروەها لە ماددەی (نۆزدەهەم/ بڕگەی دووەم)ی کە تایبەتە بە ئەرک و دەسەڵاتەکانی پارێزگار هاتووە "جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی حکومەتی هەرێم لە سنوری پارێزگادا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان"

[٤]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هشیار فەریق) سەرۆکی فراکسیۆنی (پ. د. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٥/٣٠، دهۆک.

**چوارەم**: ئەنجومەنی پارێزگا کە لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵبژێردراون، دەسەڵاتی ئەوەیان نییە کە ڕاستەوخۆ پرۆژە یاسا بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکە ئامادە بکات و پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکات، بەڵکو دیسانەوە تەنها دەتوانێت پێشنیازی بکات، ئەویش لە ڕێگەی وەزارەتی تایبەتمەندەوە، بۆ ئەوەی وەزارەت ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکات[١]. کەواتە دوابڕیار بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، نەک ئەنجومەنی پارێزگا.

**پێنجەم**: گرنگترین دەسەڵات کە یاساکە داویەتی بە ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەوەیە کە لە ماددەی (پێنجەم)دا هاتووە "ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لە ناو سنوری کارگێڕی پارێزگادا و مافی ئەوەی هەیە بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لە ناو سنوری پارێزگادا دەرچوێنێ، تاکو بتوانێت سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بە پێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات بە جۆرێکی وا کە ناکۆک نەبێ لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا"[٢]. بەڵام ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی یاسا کارپێکراوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانەوە پەکخراوە، لەبەرئەوەی لە کۆتایی ماددەکەدا باس لەوە دەکات، کە نابێت ئەو بڕیار و پێڕەو و ڕێنماییانەی ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لە ناو سنوری پارێزگادا دەریدەکات، ناکۆک بێت لەگەڵ دەستوورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا. بەو هۆیەوە هەر بڕیارێک یاخود ڕێنماییەک، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەریدەکەن، دژ دەبێت بە یەکێک لەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت، بە تایبەت یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراو، یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای وەزارەتی دارایی و ئابوری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠[٣]، لەبەرئەوەی ئەو یاسایانە سروشتێکی ناوەندیتی بەسەریاندا زاڵە، ئەوەش بووە بە ئاڵنگاریی لەبەردەم جێبەجێکردنی هەندێک لەماددە وبرگەکانی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان[٤].

هەروەک سەرۆکی فراکسیۆنی (ی. ن. ک) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: "لە ڕێگەی یاسای کاری وەزارەتەکانەوە، ڕێگری لە جێبەجێکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی

---

[١]- ماددەی (نۆیەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- بڕوانە: ماددەی (پێنجەم) لە هەمان یاسای سەرەوە.

[٣]- بۆ خوێندنەوەی دەقی هەرک لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراو، یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٩، یاسای وەزارەتی دارایی وئابوری ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠١٠، بڕوانە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان:

https://bit.ly/٣ARTEKv(٢٠٢٢/٧/١٨) ڕێکەوتی سەردانیکردن

[٤]- محمد ڕەسوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

کوردستان کراوە، چونکە ئەگەر یەک یاسامان هەبێت بۆ ناناوەندێتیی کارگێڕی، کە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە، لەبەرامبەردا (١٦) یاسای دیکەمان هەیە، کە یاسای کاری وەزارەتەکانە و هەمووی سروشتێکی ناوەندیان هەیە، لەبەرئەوە هەر بڕیارێک ئەنجومەنی پارێزگاکان دەریدەکەن، دژ دەبێت بە یەکێک لەو (١٦) یاسایە"[١].

هەروەها (بەرزان محەمەد) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە "یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی پارێزگای سەرپشکردووە چاودێر بێت بەسەر حکومەتی خۆجێییەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەسەڵاتەکانی دیاریکردووە، بۆ نمونە ئەو ڕێنماییانەی لە وەزارەتی داراییەوە دەردەچێت لەبارەی ئەو باجانەی دەخرێتە سەر هاونیشتیمانیان، کە ئێستا دوکاندارێک پێنج جۆر باجی لەسەرە، ئەنجومەنی پارێزگا لەگەڵ ئەمەدا نییە، بەڵام هەر لە یاساکەدا هاتووە ئەڵێ ئەنجومەن کاتێک دەتوانێت بڕیارو ڕێنمایی دەربکات، کە دژ نەبێت لەگەڵ بڕیاری ناوەنددا، لەوکاتەدا ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەریاندەکات لە ئەرزی واقیعدا هیچ ئەرزشێکیان نابێت"[٢].

بەهەمان شێوە (عەلی ڕەشید) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت: "کێشەکە ئەوەیە لە کاتێکدا ئەنجوومەنی پارێزگا دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی لە سنوری پارێزگاکەدا هەیە، لەهەمان کاتدا وەزیرەکانیش دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار و ڕێنماییان هەیە، هەر بڕیار و ڕێنماییەک کە وەزیرەکان دەریدەکەن بۆ هەموو کوردستانە، کە ئەمە گرفتی دروستکردووە"[٣]. لەبەرئەوەی بەرێوەبەرە گشتییەکان ئەوەندەی پابەندی بڕیارو ڕێنماییەکانی وەزیر و وەزارەتەکانی خۆیانن، ئەوەندە پابەندی بڕیارو ڕێنمایی ئەنجومەنی پارێزگاکان نابن، ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لاوازو بێ کاریگەر بن و نەتوانن پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆیان بکەن[٤]. هەروەک سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجومەنی

---

[١]- ڕێکەوت زەکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- بەرزان محەمەد، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی (خولی دووەم)، چاوپێکەوتن لەگەڵ ماڵپەڕی درەو میدییا، ٢٠٢٠/١/٢٦، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/١٨)https://bit.ly/٣wZwy٣H

[٣]- عەلی ڕەشید، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر (خولی دووەم)، چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕادیۆی ڕووداو، ٢٠٢١/٢/٢٨، بەردەستە لەم پێگە ئەلکترۆنیەیی خوارەوە:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/٢٨)https://bit.ly/٣BjvOcg

[٤]- عیماد شکور، سەرچاوەی پێشوو.

پارێزگای هەولێر جەختی لەسەرکردەوە بەهۆی ئەو ئاڵنگارییانەوە "ئەنجومەنەکان ناتوانن هیچ بڕیارو ڕێنماییەک دەربکەن"[١].

**شەشەم:** هەرچەندە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، داهاتی دارایی پارێزگای دیاریکردووە، بەڵام تەنها سەرچاوەکانی داهاتی دارایی پارێزگا ڕوونکراوەتەوە[٢]، بەبێ ئەوەی ئاماژەی بەوە کردبێت، کە ئایا پارێزگاکان دەسەڵاتی خەرجکردنی ئەو داهاتانەی هەیە یان نا، ئەگەر دەسەڵاتیان هەیە چۆنە؟ بەبێ گەڕانەوەیە بۆ حکومەتی هەرێم، یاخود مەرجدارو سنوردارە؟ ئەمەش لاوازی یاساکە نیشاندەدات لە ڕووی ئاماژەنەدان بە پێدانی دەسەڵاتی خەرجکردن بە یەکە کارگێڕییەکان، بەبێ بوونی دەسەڵاتی خەرجکردنی دارایی پێویست نە ئەنجومەنەکان، نە دەستە جێبەجێکارەکان، ناتوانن ڕۆڵی کارا و کاریگەر ببینن[٣]. تەنانەت تاکو ئێستا(٢٠٢٢) ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەلایەن پایزگارەوە مانگانە پێشەنەیەکیان پێدەدرێت بۆ کڕینی هەندێک پێداویستی ڕۆژانە، پارێزگار کەی ویستی دەتوانێت بیبڕێت، بەم دۆخەوە چۆن ئەنجومەنی پارێزگا دەتوانێت ببێتە چاودێر بەسەر پارێزگارەوە و لێی بپرسێتەوە[٤].

**حەوتەم:** بە پێی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پارێزگار هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی پارێزگایە و لەبەردەم ئەنجومەندا بەرپرسە، دەبێت ئەو بریارانە جێبەجێبکات کە ئەنجومەنی پارێزگا دەریدەکات[٥]، بەڵام لە ڕووی ماف و خزمەتی فەرمانبەرییەوە بە پلەی تایبەتی بریکاری وەزیر بەستراوەتەوە بە وەزارەتی ناوخۆوە[٦]، دەبێت ئەو یاسا و پەیڕەو و بڕیار و ڕێنماییانە جێبەجێبکات کە لە وەزیرەکانەوە دەردەچن[٧]. زۆرجار بڕیار و ڕێنمایی وەزارەتەکان و

---

[١]- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (غازی عەلی)، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە ئەنجومەنی پاریزگای هەولێر(خولی دووەم)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ٢٠٢٢/٧/٤، هەولێر.

[٢]- بڕوانە: ماددەی (بیست وحەوتەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩یاسایی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٣]- ئارام جەمال و ئەوانی دیکە، پشکنینی چێوەی یاسایی لامەرکەزیەت لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

[٤]- صباح باپیری، سەرچاوەی پێشوو.

[٥]- بڕوانە: ماددەی (نۆزدەیەم/ بڕگەی سێیەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق

[٦]- بڕوانە: ماددەی (هەژدەیەم/ بڕگەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٧]- بڕوانە: ماددەی (سێیەم/ بڕگەی شەشەم) لە یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان- عێراق.

ئەنجومەنی پارێزگاکان دژ دەبن لەگەڵ یەک، ئەمەش لە جێبەجێکردنیدا گرفت بۆ پارێزگارەکان دروستدەکات. لەبەرئەوە بەستنەوەی پارێزگار بە پلەی بریکاری وەزیر بە وەزارەتی ناوخۆوە، لەگەڵ سروشتی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی ناگونجێت، چونکە پارێزگار کە باڵاترین پۆستی جێبەجێکردنی سنوری پارێزگایە و لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە هەڵبژێردراوە، ناکرێت لە وەزارەتێکدا و لەژێر فەرمانی وەزیرێکدا ببەسترێتەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پۆستی پارێزگار، لە بەرامبەر حکومەتی ناوەند لاواز و لە بەرامبەر ئەنجومەنی پارێزگاکان بەهێز بێت، هەروەها وابەستەیی (انتماء) و پابەندبوونی بۆ وەزارەت زیاتر دەبێت لە پابەند بوونی بە ئەنجومەنی پارێزگاوە[1]. ئەمەش لە واقیعدا دەبینرێت کە پارێزگارەکان هێندەی پابەندی بڕیارو ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەبن، هێندە پابەندی بڕیارو ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان نابن، ئەوەش دوورکەوتنەوەیە لە سروشتی ناناوەندێتیی کارگێڕی.

**هەشتەم**: سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان (پارێزگار، قائیمقام، بەڕێوەبەری ناحییە) لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە هەڵدەبژێرێن، بەڵام پارێزگار لەبەردەم سەرۆکی هەرێم و بە ئامادە بوونی وەزیری ناوخۆ سوێندی یاسایی دەخوات، هەروەها قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیە، لە بەردەم وەزیری ناوخۆ و بە ئامادە بوونی پارێزگار سوێندی یاسایی دەخۆن[2]. کە دەتوانین بڵێین زاڵبوونی دەسەڵاتی ناوەندێتی لە ڕێوڕەسمی سوێند خواردنی سەرۆکی یەکە کارگیڕییەکاندا زاڵە. لە کاتێکدا باشتر وابوو لە پێناو پەیڕەوکردنی ئاستێکی بەرزی ناناوەندێتیی کارگێڕی، پارێزگار هاوشێوەی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، لە بەردەم ئەنجومەنی پارێزگادا سوێندی یاسایی بخوات[3]. هەروەها قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لە بری وەزیری ناوخۆ، لە بەردەم پارێزگاردا سوێندی یاساییان بخواردایە.

بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٦) پەیکەربەندی کارگێڕی و دارایی پارێزگاکان، لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕووندەکاتەوە.


[1]- دلاوەر عەبدولعەزیز، دەوڵەتسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٠.

[2]- بڕوانە: ماددەی (شازدەیەم/ یەکەم و دووەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[3]- لە ماددەی (شانزەیەم/ بڕگەی یەکەم)ی یاساکەدا هاتووە، کە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنەکان لە بەردەم ئەنجومەنی پارێزگادا سوێند دەخۆن.

هێڵکاری ژماره (٦)

پەیکەربەندی کارگێڕی و دارایی پارێزگاکان، لەگەڵ حکومەتی هەرێم




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر

لەو هێڵکاریەوە دەردەکەوێت کە هەرچەندە ئەنجومەنی پارێزگاکان، پارێزگار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان هەڵدەبژێرن، بەڵام لە ڕووی کارگێڕی و داراییەوە، بەستراون بە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، تەنانەت ئەنجومەنی پارێزگاکان کە خۆی پارێزگارو بەڕێوەبەرەگشتییەکان هەڵدەبژێرێت، بە هۆی نەبوونی بودجەوە، لەڕووی داراییەوە بەستراوەتەوە بە پارێزگارەوە، مانگانە لە پارێزگارەوە بڕە پارەیەکیان وەک پێشینە (نەسریە) بۆ دابیندەکرێت.[1] هەرچەندە چاودێری کردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ودەستە جێبەجێکارییەکان بەیەکێک لە ڕەگەزەکانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی دادەنرێت، بەڵام نابێت چاودێرییەکە بەو شێوەیە بێت کە هیچ واتایەک بۆ سەربەخۆی کارگێڕی و دارایی ئەنجومەنەکان ودەستە جێبەجێکارییەکان نەهێڵێتەوە.

**نۆیەم**: یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ڕێگەی داوە پارێزگار لەدەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن هەڵبژێردرێت.[2] بەوەش هەڵبژاردنی پارێزگار لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، دەرگا لەسەر دەرچوونی ئەو

[1] - ئازاد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

[2] - بڕوانە: ماددەی (یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩

پاڵێوراوانە دەکاتەوە کە دڵخوازی پارتە سیاسییەکان و ناوەندە دەست ڕۆشتووەکانن[١]. هەروەها لایەنێکی دیکەی نەرێنی ئەم هەموارکردنەوەیە ئەوەیە، کە وادەکات کەسانی پلە باڵای پارتە سیاسییەکان خۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی پارێزگاکان نەپاڵێون و نەچنە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە، لەبەرئەوەی ڕێگایەکی ئاسانتر لەبەردەمیانـدا بـوونی هەیە، بـۆ ئەوەی بـاڵاترین دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـی خـۆجێیی بەدەسـت بهێـنن، بەبـێ ئەوەی پێویسـت بکـات خۆیـان بـخەنە بەردەم تاقیکردنەوەی بەدەستهێنان، یاخود نەهێنانی متمانەی دەنگدەرانەوە. ئەوەش واتای ئەوەیە، کە ئەم هەموارکردنە، مافی هەڵبژاردنی پارێزگار لە هاوڵاتیان وەردەگرێتەوە، ئەوەش پێچەوانەی یەکێک لە ئامانجەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕییە، کە هەڵبژاردنی بەرپرسانی خۆجێییە لەلایەن هاوڵاتیانەوە[٢].

**دەیەم**: حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆی لە چوار چێوەی سنوری پارێزگاکانی هەرێمدا پێکهێناوە، کە بریتین لە ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین لە سنوری پارێزگای سلێمانی، هەروەها ئیدارەی سۆران لە سنوری پارێزگای هەولێر و ئیدارەی زاخۆ لە سنوری پارێزگای دهۆک، بەبێ ئەوەی ئەم یەکە کارگێڕیانە هیچ پاڵپشتێکی دەستووریی و یاساییان هەبێت[٣]. چونکە لە ماددەی (١١٦) لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی کۆماری عێراق، بەدەق دیاریکراوە کە پەیکەری ئیداری سیستمی ئیتحادی لە کۆماری عێراق دابەش دەبێ بۆ (پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا لامەرکەزییەکان و یەکە ئیدارە خۆجێییەکان)[٤]. ئەوەش واتای ئەوەیە لە دەستووری عێراقدا باس لە ئیدارەی سەربەخۆ نەکراوە. لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت ئیدارەی سەربەخۆ ڕەهەندی نادەستووری هەیە لەسەر ئاستی عێراق، بەم پێیەش حکومەتی فیدراڵی عێراق ئامادە نییە، هاوشێوەی پارێزگاکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکات.

---

[١]– بە پێی ئەم یاسایە دوای ئەوەی لەلایەن (پ. د. ک)ەوە، (فرسەت سۆفی) لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن بۆ پۆستی پارێزگاری هەولێر کاندیدکرا، لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٢ لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای هەولێرەوە، وەک پارێزگار هەڵبژێردرا. دوای کۆچی دوایی ناوبراو، بە هەمان ڕێکار (ئومێد خۆشناو) لە ٢٠٢١/٢/١٨، وەک پارێزگاری هەولێر، هەروەها (عەلی تەتەر) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٥ وەک پارێزگاری دهۆک، لەدەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن بە پارێزگار هەڵبژێردران.

[٢]– ئارام جەمال و کاروان کاظم، دەستە بەرکردنی چێوەیەکی یاسایی تەباو گونجاو بۆ لامەرکەزیەتی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان (پەیپەری سیاسەتە گشتیەکان)، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، کانونی دووەمی ٢٠٢٠، سلێمانی، ل١٠. بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/١٧)https://bit.ly/٣QdWEGQ

[٣]– د. ئەمین فەرەج، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٥.

[٤]– بڕوانە: ماددەی (١١٦) لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

هەروەهــا یاســای پارێزگاکــانی هەرێمــی کوردســتان، لە ڕووی کــارگێڕییەوە هەرێمــی کوردستانی دابەش کردووە بۆ (پارێزگا، قەزا، ناحیە) بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ئیدارەی سەربەخۆ بکات[١]. لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و یاسای ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردســتان، بەهەمــان شــێوە نــاوی ئیــدارەی ســەربەخۆ، لەڕووی پێکهــاتە و پــێگە و ئاســتی کارگێڕییەوە نەهاتووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم ئیدارە سەربەخۆیانە لەڕووی یاساییەوە دانپێدانراو نین[٢].

کەواتە بە پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕییەوە، هیچ تایبەتمەندییەک بە یاسا، بۆ ئیدارە سەربەخۆکان و سەرپەرشتیارەکانیان دیارینەکراوە[٣]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سودمەندن لە پێکهاتەو دەسەڵاتەکانی پارێزگا و پارێزگار، لە کاتێکدا بە بڕیارێکی حکومەتی هەرێم پێکهاتوون، نەک بە یاسا، هەر لەبەرئەوە ئەم ئیدارانە زیاتر وابەستەی بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمن تاکو بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان. لەبەرئەوە ئەو ئیدارانە کارەکانیان لە چوارچێوەی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا بەڕێوە ناچێت، بەڵکو زیاتر لە شێوازی جێبەجێکردنی ناوەندێتی کارگێڕی ناچڕ (عدم التركيز الإداري) نزیکترن[٤]. ئەمەش بووە بەهۆکاری بەریەککەوتن لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە ســەربەخۆکاندا، لە ڕووی ســنوری جــوگرافی، نــوێنەرایەتی کــردن، پەیڕەوکردنــی چــاودێری و تایبەتمەندییە پێ بەخشراوەکانیان[٥].

هەروەک ســەرۆکی فراکســیۆنی یەکگرتــووی ئیســلامی لە ئەنجــومەنی پارێزگــای هەولێــر ڕوونیکــردەوە " ئیــدارەی ســەربەخۆی ســۆران، کە لە ســنوری پارێزگــای هەولێــر پێکهێنــراوە، سەرپەرشــتیاری ئیــدارەکە و بەڕێــوەبەرە گشــتییەکانی ڕاســتەوخۆ لەلایەن حکــومەتی هەرێــمەوە دادەمەزرێن، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، بە پاساوی ئەوەی ئیدارەیەکی سەربەخۆیە و لەدەرەوەی چــاودێریی ئەنجــومەنی پارێزگــایە، لەبەرئەوە ئــێمە لە ئەنجــومەنی پارێزگــای هەولێــر

---

[١]- بروانە: ماددەی (سێیەم) لە یاسای ژمارە (٣ی ساڵی ٢٠٠٩) یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٢]- عەبـدولقادر صـالح، ئیـدارە سـەربەخۆکان و ئیشـکالیەتی پـێگەی قانونیـان، مـاڵپەڕی درەو میـدیا، ٢٠٢٠/٧/١٠، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/٤)https://bit.ly/٣QlEKSH

[٣]- د. سۆران علی و د. ئارام نجم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣١.

[٤]- د. ئیسماعیل نەجمەدین، لامەرکەزیەتی کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێم: پایە و ئاڵنگارییەکانی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٨.

[٥]- د. سۆران علی و د. ئارام نجم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣٢.

داوامان لە ئەنجومەنی شورا[١] کردووە کە ڕاڤەی ماددەی (پێنجەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بکات، کە ئایا ئیدارە سەربەخۆکان کە لە سنوری کارگێڕی پارێزگادان، دەکەونە ژێر چاودێریی ئەنجومەنی پارێزگاوە یاخود نا"[٢]. هەر بەهەمان پاساو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢١ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمانی ژمارە (٢٥٠١) بڕیاری دامەزراندنی بۆ بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی ئیدارەی ڕاپەڕین دەرکرد، بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی[٣]. ئەوەش پێچەوانەی ماددەی (شەشەم/ بڕگەی دوانزەیەم/ خاڵی ٢) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە.

**یازدەیەم**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ئامانجی سەرلەنوێ کاراکردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٣٠دا، بە پەسەندکردنی پەیڕەوێک بڕیاری کاراکردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی دەرکرد. ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ لاوازتر بوونی ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان؛ چونکە بوونی دوو ئەنجومەن لەیەک پارێزگادا، گرفت لەبەردەم هەردوو ئەنجومەنەکەدا دروست دەکات، بەتایبەت کە هەندێک لەو دەسەڵاتانەی دراوە بەئەنجومەنی پارێزگاکان لە ئەنجومەنی شارەوانییەکان وەرگیراوەتەوە[٤].

هەروەها لە مادەی (٣٩)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، ئاماژە بەوە دراوە کە هەر دەقێک یان بڕیارێک پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت، کاری پێناکرێ. کەواتە دەبوو یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان لەو ماددە و بڕگانەی کەتوێژراوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان و دەسەڵاتی ئەنجومەنی شارەوانییەکان دەکات، بە هەڵوەشاوە یاخود پەکخراو (تعطیل) هەژمار بکرێت، چونکە پێچەوانەی ماددەی (شەشەم)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی

---

[١]- ئەنجومەنی شورای هەرێم: دامەزراوەیەکی یاسایی و دادوەرییە، لە ڕێگەی دادگای کارگێڕی و دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێمەوە، دەسەڵاتی کاری دادبینی هەیە، لەلایەکی دیکە کاری داڕشتن و وردبینی بۆ پڕۆژە یاساکان دەکات، یاخود ڕاوێژ و ڕای یاسایی لەسەر ئەو بابەتانەی، کە لەلایەن دەزگاکانی حکوومەتەوە ئاراستەی دەکرێت دەردەبڕێت، لە ڕووی کارگێڕیەوە لکێنراوە بە وەزارەتی داد. ئەم ئەنجومەنە ئەرک و کار و ئامانج و پێکهاتەکانی بەپێی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێم ڕێکخراوە.

[٢]- غازی عەلی، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- بڕوانە: فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٥٠١) لە ٢٠٢٢/٨/٢١.

[٤]- بۆ نمونە بەپێی ماددەی (١٦) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی شارەوانی دەسەڵاتی چاودێری و بڕیاردان لە ئەستۆ دەگرێت، بەهەمان شێوە لە ماددەی (پێنجەم) لە یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرە لە سنوری کارگێریی پارێزگادا...بڕوانە: ماددەی (١٦) لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق. هەروەها بڕوانە: ماددەی (پێنجەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)یە[1]. لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، دەقەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکانی لە یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق هەڵوەشاندۆتەوە.

## تەوێژینچەی چوارەم: ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥) یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان – عێراق

هەروەک لە بەشەکانی پێشووتری ئەم توێژینەوەیەدا ئاخاوتنمان لێکردووە، بە ڕوانین لە ناوەڕۆکی یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە، دەردەکەوێت کە یاساکە لە سروشتی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی لایداوە، بەتایبەت لە دانانی دەستەی جێبەجێکار و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکەدا، بەجۆرێک کە دەکرێت بگوترێت لە باری جێبەجێکردنی یاساکەشدا، هێشتا ناتوانرێت بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا جێبەجێبکرێت. ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:-

**یەکەم**: ئەو ئەنجومەنەی کە لە یاساکەدا باسکراوە بۆ ئەوەی بۆ پارێزگای هەڵەبجە دروستبکرێت، دەبێت سەرجەم ئەندامەکانی بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دەست نیشانبکرێن[2]. تەنانەت دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنەکە و جێگرەکەی، لە ناو ئەندامانی ئەنجومەن هەر بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دابمەزرێن[3]. لە کاتێکدا وەک لە بەشەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا خرایەڕوو، یەکێک لە ئامانجەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بۆ ئەوەیە هاوڵاتیان خۆیان نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن، نەک لە ناوەندەوە نوێنەریان بۆ دیارییبکرێت. ئەمە جگە لەوەی کە هەڵبژاردن بە یەکێک لە بنەما بنچینەییەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی دادەنرێت، چونکە تاڕادەیەک دەتوانێت گەرەنتییەک بێت بۆ بەدەستهێنانی ئاستێک لە سەربەخۆی لە دەسەلاتی ناوەندی، بە پێچەوانەی دامەزراندنەوە، کە گوێڕایەڵی و پابەندبوون بە بڕیارەکانی حکومەتی ناوەندی زیاتر دەکات و

---

[1]- د. فەلاح مستەفا، لامەرکەزیەتی کارگێری لە هەرێمی کوردستان شکستی هێنا، ٢٠٢٠/٧/٢٦، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردنیکردن (٢٠٢٢/٧/٧)https://bit.ly/٣Qj٩oMj

[2]- بروانە: ماددەی (٢/ برگەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٥) یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[3]- ماددەی (٣) لە هەمان یاسای ئاماژە بۆکراوی سەرەوە.

ئاستی سەربەخۆ بوون کەمتر دەکاتەوە[١]. یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەش بە تەواوی لەم بنەمایە لایداوە و، بەرەهایی پشتی بە دامەزراندن بەستووە بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکە.

**دووەم**: لە یاساکەدا هاتووە کە پارێزگار بەهەمان ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بە هەمان ماف و ڕاژەی وەزیفییەوە، بە پلەی بریکاری وەزیر بە مەرسومێکی هەرێمی دادەمەزرێت، کە لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەردەچێت[٢]. هەرچی پەیوەندی بە دانانی جێگرانی پارێزگارەوە هەیە، دوای کاندید کردنیان لەلایەن وەزیری ناوخۆوە، بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن. دانان و لادان و گواستنەوەی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان[٣]، لەسەر پێشنیاری وەزیری ناوخۆ و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت[٤]. کەواتە بە ڕوونی لەیاساکەدا دیارە کە دانانی دەستەی جێبەجێکار و سەرۆک و جێگری ئەنجومەنی پارێزگاکە، بە پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕییەوە، بە تەواوی لە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، واتە هاوڵاتیان و ئەنجومەنی پارێزگاکە هیچ ڕۆڵێکیان تێدا نییە، ئەوەش ناگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی.

**سێیەم**: هەرچەندە لە یاساکەدا باس لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە کراوە، کە بریتییە لە چاودێریکردنی گشت چالاکیەکانی دەزگا و دەستەکانی جێبەجێکردنی خۆجێیەتی لە پاریزگاکەدا، جگە لە یەکە سەربازیەکان و پێشمەرگە، زانکۆ و فەرمانگە فیدراڵییەکان[٥]. بەڵام بەبێ ئەوەی لە یاساکەدا هیچ ئامرازێکی بە جێگەیاندنی ئەم چاودێریکردنانە دیاریکرابێت، وەک چۆن لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دیاریکراوە، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی لێپێچینەوە و لە کار لادانیان هەیە[٦]. هەروەها بە هیچ شێوەیەک لە یاساکەدا باسلەوە نەکراوە کە پارێزگار و سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، بەرپرسیار دەبن لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگاکەدا.

**چوارەم**: سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی سنوری پارێزگاکە، دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاکە تەنها بریتی دەبێت لە پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە پارێزگار و هەماهەنگیکردن

---

[١]- صالح توفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

[٢]- بڕوانە: مادده (٧/ بڕگەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٣]- لە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستانی تایبەت بە پاڵاوتن و پەسەندکردنی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحییەکان، پارێزگای هەڵەبجەی بەدەرکراوە... بڕوانە: ماددەی (چوارەم، بڕگەی ٢) بڕیارەکە.

[٤]- بڕوانە: مادده (٧ بڕگەی دووەم و سێیەم) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٥]- بڕوانە: ماددەی (٥/ یەکەم) هەمان یاسای سەرەوە.

[٦]- بڕوانە: ماددەی (شەشەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

لەگەڵیدا[١]، بەبێ ئەوەی لە یاساکەدا ئەوە ڕوونکرابێتەوە کە ئامرازەکانی ئەو هەماهەنگییە چۆن دەبێت، ئەمەش وا دەردەکەوێت ئەنجومەنەکە تەنها دەستەیەکی ڕاوێژکاری بێت بۆ پارێزگار، لەبەرئەوەی بە جۆرێک تایبەتمەندییەکانی لێ داماڵراوە، کە بوون و نەبوونی هیچ کاریگەریەکی بەسەر ئیدارەی پارێزگاکەوە نابێت[٢]. بێگومان ئەوەش یەک ناگرێتەوە لەگەڵ سروشتی ناناوەندێتیی کارگێڕییدا. واتە نەتوانراوە بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە دەقنووسبکرێت. چونکە ئەوەی لە یاساکەدا بۆ ڕێکخستنی پێکهاتەی ئەنجومەنی پارێزگا هاتووە، لە ڕووی ئامرازی ئەندامێتی و تایبەتمەندییەوە بنەمای ناناوەندێتیی کارگێڕی لە دەستداوە، بە جۆریک هیچ سیمایەکی ئەوتۆی ناناوەندێتیی لە ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا، لەڕووی پێکهاتە و ئامرازی بە ئەندامبوون و تایبەتمەندی بەدی ناکرێت[٣].

لە هەمانکاتیشدا ئەگەر سەیری شێوازی دانانی پارێزگار و دەستەی جێبەجێکاری پارێزگاکە بکەین، دەبینین بە شێوەیەکی ڕەها لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە دادەمەزرێن، جگە لەوەش لە یاسای ئیدارەی پارێزگاکەدا، ئاماژە بەوە نەکراوە کە پارێزگار لەبەردەم ئەنجومەندا بەرپرسیار دەبێت، یاخود نا، لەبەرئەوە ئەم یاسایە ئەوەندە لە یاسای پارێزگاکانی عێراقی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ نزیکە، ئەوەندە لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ نزیک نییە[٤].

کەواتە بە پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، ڕۆڵی ناوەندێتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوی بەسەر یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا زاڵە. ئەوەش وادەکات بڵێین بە جێبەجێکردنی تەواوی ماددەو بڕگەکانی یاساکەش، هێشتا ناتوانرێت پایەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە ئەرزی واقیعدا جێگیربکرێت.

---

[١]- لە ماددەی (٥ برگەی دووەم)ی یاساکەدا، کە تایبەتە بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن هاتووە " پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە پارێزگار و هەماهەنگیکردن لەگەڵیدا لەم کارو بارانەی خوارەوەدا: یەکەم/ دانانی سیاسەتی گشتی پارێزگا. دووەم/ ئامادەکردنی پرۆژە بوجەی پارێزگا و پلانی گەشەپێدانی و دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی. سێیەم/ ئامادەکردنی پرۆژە یاساو بریار ورێنمایی تایبەت بە پارێزگا. چوارەم/ دەست نیشانکردنی کاندیدکراوان بۆ وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی لە پارێزگادا. پێنجەم/ پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و چاککردنی ئەدای دارایی و کارگێڕی لە پارێزگادا".

[٢]- سۆران عەلی، پێکهێنان و تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی ناناوەندی کارگێڕی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٠-٣٩١.

[٣]- هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٩.

[٤]- هۆگر ئیبراهیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

## تویێژینچەی پێنجەم: ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە یاسای ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحییەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق (هەموارکراو).

لە چوارچێوەی ئاڵنگارییە یاساییەکاندا، گرنگە ئاماژە بە سیستمی هەڵبژاردنی[١] پەیڕەوکراو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان لە هەرێمی کوردستاندا بکەین، کە بە ڕای ئێمە یەکێکە لە ئاڵنگارییە یاساییەکان، لەبەرئەوەی بە پێی ماددەی (شەشەم) لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای یەکەمین هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩، سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەی بە گوێرەی لیستی نیمچە کراوە[٢] لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەودەکرێت[٣]. ئەم شێوازە لە چەند ڕوویەکەوە دەبێتە یەکێک لە ئاڵنگارییەکان لە بەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانە:-

**یەکەم**: جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی پێویستی بە کەسانی سەربەخۆ و شارەزا هەیە، تاکو بتوانن نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی هاوڵاتیان بکەن، بەڵام هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا بە پێی سیستمی یەکبازنەیی لەسەر بنەمای پارێزگاکان و بە لیستی حزبی، ناتوانێت هەردوو خەسڵەتی شارەزایی و سەربەخۆیی لە پاڵێوراواندا بەرجەستە بکات، لەبەرئەوەی دەرفەت بۆ تاکی سەربەخۆ و خاوەن ئەزمون نارەخسێنێت، بۆ ئەوەی لە دەرەوەی پارتە سیاسییەکان خۆیان

---

[١]- لە سادەترین پێناسەیدا سیستمی هەڵبژاردن بریتییە لە چۆنێتی گۆڕینی دەنگە دروستەکان لە هەڵبژاردندا بۆ کورسی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان. واتا بە چی شێوازێک دەنگی هاوڵاتیان دەکرێنە کورسی پەرلەمان، یان ئەنجومەنە خۆجێییەکان، یاخود سەرۆکی دەوڵەت و هەرێمەکان... بڕوانە: ئارام جەمال و د. دەرباز محمد، سیستمەکانی هەڵبژاردن و شێوازی دابەشکردنی کورسی، چاپخانەی ڕەهەند، لە بڵاوکراوەکانی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، سلێمانی. ٢٠١٤، ل١٢.

[٢]- لە سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا ژمارەی کورسیەکانی هەر بازنەیەکی هەڵبژاردن، بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە هەر لیستێک لە لیستە ركەبەرەکان بە دەستیهێناوە دابەشدەکرێت. هەروەها مەبەست لە لیستی نیمچە کراوە، کە هەندێک جاریش بە لیستی نیمچە داخراو ناودەبرێت، لیستێکە ناوی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی تێدایە، دەنگدەر بۆی هەیە دەنگ بە لیستەکەو یەکێک لە کاندیدانی ناو لیستکە؛ یاخود تەنها بە لیستەکە بدات... بڕوانە: د. درباز محمد، النظم الانتخابية ونظام انتخاب مجالس محافظات العراق و اقليم كردستان، منشورات اكاديمية التوعية وتاهيل الكوادر: مؤسسة ثقافية تاسست بموجب قرار صادر عن مؤتمر الثالث الإتحاد الوطني الكردستاني في عام ٢٠١٠، سليمانية،٢٠١٢، ص٢٣.

[٣]- بڕوانە: ماددەی (شەشەم) لە یاسای ژمارە (٢١)ی ساڵی ٢٠١١ یاسای یەکەمین هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩.

بپاڵێون بۆ ئەنجومەنەکان یان پۆستە کارگێڕییەکان لەسەر ئاستی خۆجێیی[١]. ئەوەش دەبێتە هۆی نەبوونی کەسانی شارەزاو خاوەن ئەزموون و، هەروەها زاڵبوونی بەرژەوەندی و هەژموونی حزبی لە ناو ئەنجومەنەکان و حکومەتە خۆجێییەکاندا، کە بە یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم ناناوەندێتیی کارگێڕی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستاندا.

**دووەم:** لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی هەر پارێزگایەک لە هەرێمی کوردستاندا لە سەرتاسەری پارێزگاکەدا بەیەک بازنە دەکرێت، ئەوا لە پێکهاتەکەیدا هەرگیز وا ڕێک ناکەوێت کە نوێنەری هەموو قەزاو ناحیەکانی تێدا بێت، بۆ نمونە لە خولی دووەمدا، لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا قەزاکانی (ماوەت، چوارتا، پێنجوێن و قەرەداغ) نوێنەریان نیە، ناو شاری سلێمانیش کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە (یەک ملیۆن) کەسە تەنها (٤) نوێنەریان هەیە، ئەوەش نایەکسانی جوگرافی و دیموگرافی لە ئاستی نوێنەرایەتی کردندا دێنێتە کایەوە، ئەمەش کاریگەری لە سنوردارکردنی ئاستی کارکردنی نوێنەرایەتی لە پانتاییەکی جوگرافی دیاری کراودا ئەبێت[٢].

کەواتە دەتوانین بڵێین سیستمی هەڵبژاردنی پەیڕەوکراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە سیستمی یەکبازنەییە لەسەر ئاستی هەر پاریزگایەک و بەلیستی نیمچەکراوە، جگە لە دەستەبەر نەکردنی یەکسانی لە ئاستی نوێنەرایەتی کردنی ناوچە جیاوازەکاندا، لەهەمانکاتیشدا دەرفەتی نارەخسێنێت بۆ ئەوەی کەسانی سەربەخۆ لەدەرەوەی لیستی پارت و قەوارە سیاسییەکاندا خۆیان بپاڵێون بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەوەش هەژموونی پارتە سیاسییەکانی بەسەر ئەنجومەنەکان و حکومەتە خۆجێییەکاندا زیاتر کردووە، کە بەیەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی لە هەرێمی کوردستاندا دادەنرێت.

[١]- د. ئیسماعیل نەجمەدین، لامەرکەزیەتی کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێم: پایە و ئاڵنگارییەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

[٢]- دلاوەر عەبدولعەزیز، دەوڵەتسازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

## تویژینچەی شەشەم: ئاڵنگارییەکانی تایبەت بە بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان ناوە ناوە بڕیار و ڕێنمایی دەردەکەن، بەڵام لە جیاتی کارئاسانی زۆرجار دەبنە ڕێگر و ئاڵنگاریی لەبەردەم جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، کە ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک لەوانە:

**یەکەم:** زۆر جار ئەو بڕیارو ڕێنماییانەی کە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان دەریدەکەن، ڕەچاوی ئەوە ناکەن کە ناوەڕۆکیان گونجاو بێت لەگەڵ بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، بە تایبەت پێویستە ئەو بڕیار و ڕێنماییانەی کە پەیوەندیدارن بە ڕێکخستنی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان، لە ژێر ڕۆشنایی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەربکرێت. لەبەرئەوە دەبینین هەندێک جاریش بڕیار و ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دژ دەبن، لەگەڵ بڕگەو ماددەکانی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. بۆ نمونە بەپێی ماددەی (نۆزدەیەم) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پارێزگار دەسەڵاتی دامەزراندنی فەرمانبەران، ئەوانەی کە لە پلە حەوت بەرەوخوارن لەسەر ئاستی پارێزگاکەدا هەیە[1]. بەڵام ئەم دەسەڵاتە بە بڕیار و ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران ڕاگیراوە، لە ئێستادا دەسەڵاتی دامەزراندن، نەک تەنها لە پارێزگارەکان، بەڵکو لە دەسەڵاتی وەزیریشدا نییە و تەنها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە. واتە دەکرێت بڵێین بڕیارو ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارکردن بە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی ڕاگرتووە.

هەروەک (هەڤاڵ ئەبوبەکر) پارێزگاری سلێمانی دەڵێت: " یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ یاسای ژمارە (٤)ی ساڵ ٢٠٠٩ کە ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پارێزگاکانی پێ هەڵبژێدراون، لە ٢٠١٤ەوە، کە ئەنجوومەنەکان دروستبوون پەکخراوە، بەیانی ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠١٦ی وەزارەتی ناوخۆ ببوو بە بەدیلی ئەم یاسایە[2]. ئەم بەیانە جگە لە هەندێک ڕێو شوێنی ئیداری زۆر کەم، ... یەک دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی ڕاستەقینە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و دروستکردنی دەرفەتی کار و بوژانەوەی بازاڕ و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنان

---

[1]- بڕوانە: ماددەی (نۆزدەیەم/ بڕگەی شەشەم خاڵی ١) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق

[2]- بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٦، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێککەوتی ٢٠١٦/٦/٢٧ دەرکراوە، تایبەتە بە دابەزاندنی دەسەڵات بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان... بۆ خوێندنەوەی دەقی بەیانەکە بڕوانە: پێگەی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان: https://bit.ly/٣oWE٨HI(٢٠٢٢/٨/٦ ڕێکەوتی سەردانیکردن)

لەم بەیانەدا نییە"[١]. هەروەها ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە "لە ساڵی ٢٠١٨دا، دوای هەوڵێکی زۆر، هەمووارێکی زۆر بچووک لە بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٦دا کرا، پاشان بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ دەرچووە"[٢]، تاوەکو ئێستا (٢٠٢٢)، پارێزگاکان و یەکە کارگێڕییەکان بە بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ پارێزگاکان بەڕێوە دەبەین، کە هیچ دەسەڵاتێکی کارگێڕی، دارایی، یاسایی، وەبەرهێنان، خزمەتگوزاری و ئەمنی تێدانییە"[٣].

**دووەم**: کاتێک ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ پارێزگارو سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەدات، بەڵام پاش ماوەیەک بە بڕیارێکی دیکە، بڕیاری پێشوو هەڵدەوەشێنێتەوە و دەسەڵاتەکان وەردەگرێتەوە. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لەگەڵ شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانە، کە لە ناوەندێتی کارگێڕی ناچڕ پەیڕەو دەکرێت، نەک دابەشکردنی دەسەڵات، کە بە یاسا لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا پەیڕەو دەکرێت، واتە ئەوەی لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا گرنگە دابەشکردنی دەسەڵاتە، نەک شۆڕکردنەوەی دەسەڵات.

هەروەک (ئازاد محەمەد) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی پێکردووە " ئەوان داوای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەکەن، نەک شۆڕکردنەوەی دەسەڵات، چونکە لەشۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکاندا حکومەت کەی بیەوێت دەسەڵاتەکان ڕادەگرێت"[٤]. بۆ نمونە لە ڕێککەوتی ٢٠١٦/٤/١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراوی ژمارە (١٧٠٠) هەردوو بڕیاری ژمارە (١١٢٣١ و ١٢٣٢) ڕاگرت، کە تایبەت بوون بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی دارایی و

---

[١]- د. هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی، دیداری سلێمانی بۆ لامەرکەزیەت، ٢٠٢١/٢/٢٠، بەردەستە لەم ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٦) https://bit.ly/٣cL٦McB

[٢]- بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/٢٧ دەرکراوە. تایبەتە بە دابەزاندنی دەسەڵات بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان... بۆ خوێندنەوەی دەقی بەیانەکە بڕوانە: پێگەی فەرمی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٦)https://bit.ly/٣A١K٥cL

[٣]- هەڤال ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی، دیداری سلێمانی بۆ لامەرکەزی، سەرچاوەی پێشوو.

[٤]- ئازاد محەمەد، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، چاوپێکەوتن لەگەڵ ماڵپەڕی پۆلەتیک پرێس، ٢٠٢١/١/٥، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/١٩) https://bit.ly/٣wZWeNy

کارگێری بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکانی سنوری پارێزگاکان و ئیدارەسەربەخۆکان و پارێزگارو سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان[١].

هەروەها بە فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٦/٥/١٠دا، بەنوسراوی ژمارە (٢٠٦٢) هەرسێ بڕیاری ژمارە (٤٠، ٤٤، ٤٥) کە بەهەمان شێوە تایبەت بوون بە دابەزاندنی دەسەڵات هەڵدەوەشێنرێتەوە[٢]. هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە وایکردووە هاوڵاتیان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەرپرسی یەکە کارگێڕییەکان بۆ ڕاییکردنی زۆربەی کاروبارەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری پەیوەندیدار، ئەوەش ڕۆتینی ئیداریی زیاد کردووە. بۆ نمونە (ئەبوبەکر هەڵەدنی) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم) دەڵێت: " هاوڕێیەکم (٨٦) جار لە سلێمانیەوە ڕۆشتووەتە هەولێر بۆ تەواوکردنی یەک مامەڵە، کە خۆشم سێ جار لەگەڵی چوومەتە وەزارەت"[٣].

لە دوایین بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانیشدا کە تایبەتە بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی گواستنەوەی ڕاژە و تەنسیبکردنی فەمانبەرانی ڕاژەی شارستانی لە ئیدارە سەربەخۆکاندا، هاتووە کە تەنها بۆ ماوەی (٩٠ڕۆژ) دەسەڵات دەدات بە سەرپەرشتیارانی ئیدارە سەربەخۆکان بۆ دەرکردنی فەرمانی گواستنەوەی ڕاژە و تەنسیبکردنی فەرمانبەران لە سنوری ئیدارە سەربەخۆکاندا[٤].

کەواتە دەتوانین بڵێین سەرەڕای ئەوەی لە بەشێکی زۆری بڕیارو ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ڕەچاوی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی ناکرێت، هەروەها ئەو بڕیارو ڕێنمایانەشی کە تایبەتە بە دابەزاندنی دەسەڵات بۆ پارێزگارو سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و بەڕێوەبەرەگشتیەکان لە ئاستی پارێزگاکاندا دەردەکرێت، زۆر ناخایەنێت و پاش ماوەیەک بە بڕیارێکی دیکە هەڵدەوەشێنرێتەوە، یاخود بە بڕیارو ڕێنماییەکی دیکە هەموار دەکرێتەوە، کە ئەمەش بە یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستاندا دادەنرێت. بڕوانە هێڵکاری ژمارە (٧) پلە بەندی کارگێڕی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەو

---

[١]– بڕوانە: بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٧٠٠) لە ٢٠١٦/٤/١٧.

[٢]– بڕوانە: بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٠٦٢) لە ٢٠١٦/٥/١٠.


[٣]– ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم)، هەژماری فەرمی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک، ٢٠٢٢/٧/١٧، بەردەستە لەم بەستەرەی خوارەوەدا

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/٢٠):https://bit.ly/٣cmBx٦R

[٤]– بڕوانە: فەرمانی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٠٤٤) لە ٢٠٢٢/٤/٢٦.

هێڵکاری ژمارە (٧)

پلە بەندی کارگێڕی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر

لەم هێڵکارییەوە دەردەکەوێت، کە پەیکەری ڕێکخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیکەرێکی ستونیە، ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە شێوازی ناوەندێتیدا پەیڕەو دەکرێت، لەبەرئەوەی دەبێت داواکارییەکان لە خوارەوە بەرزبکرێنەوە، چاوەڕوانبکرێت تاکو لەسەرەوە لە ئاستی وەزیرەکان، یاخود ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریان لەسەر دەدرێت، ئەمەش پێچەوانەی شێوازی ڕێکخستنی ناناوەندێتیی کارگێڕییە کە ڕێکخستنێکی ئاسۆیی هەیە.

لەکۆتایی ئەم توێژراوەدا دەکرێت بڵێین کە ئاڵنگارییە یاساییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان لاوازی دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕییە لەو یاساو ڕێسایانەدا کە بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان بەرکارکراون یاخود دەرچوێنراون، لەبەرئەوەی ڕۆڵی دەسەڵاتی ناوەندێتی بەسەر ناوەڕۆکی ئەم یاسایانەدا زاڵە و نەتوانراوە ئەنجومەنەکان و ئیدارە خۆجێییەکان بکرێن بە ناوەندی بڕیاری خۆجێیی و خاوەن دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی یەکە کارگێڕییەکان. لەبەرئەوە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە بەو بنەما یاساییە لاوازانە، ئاستێکی

بەهێـزی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی جێبەجێبکرێـت. هۆکـاری دووەم دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بەڵگەنامەیەکی دەستوریی نوسراو نییە، تاکو بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بە ڕوونـی دەقنووسـبکات و سـنوری دەسـەڵاتە گشـتییەکان دیاریبکـات، ئەمەش وایکـردووە کە تێکهەڵچوون و دژیەکیەکی زۆر لە نێوان یاسای پارێزگاکان و یاسای کاری وەزارەتەکاندا هەبێت؛ بەو هـۆیەوە نەتـوانراوە ئەو ئاسـتە لاوازەی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی کە لە یاسـاکاندا هـاتووە، وەک خۆیان جێبەجێبکرێت، تەنانەت زۆربەی بڕگەو ماددەکانی یاسای پارێزگاکانی هەرێمـی کوردسـتان کە لە ئێسـتادا بەرکـارە، بەشـێوەیەکی کردەیـی بە یاسـا و بەیـان و بڕیارەکـانی دیـکەی حکـومەتی هەرێمی کوردستان پەککخراون.

## تویژراوەی سێیەم: ئاڵنگارییە داراییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا

ناناوەندێتیی کارگێڕی بەبێ پێدانی ئاستێک لەسەر بەخۆیی دارایی بە دەستە سەربەخۆکان لە ئاستی خۆجێی ناتوانێت سەرکەوتن بە دەست بهێنێت، لەبەرئەوە زۆر جار لەپاڵ ناناوەندێتیی کارگێڕیدا باس لە ناناوەندێتیی دارایی، یاخود ڕەهەندی دارایی ناناوەندێتیی دەکرێت، کە مەبەست لێی "بوونی سەرچاوەی داهاتی تایبەت بە یەکە خۆجێییەکان و دەسەڵاتی کۆکردنەوەیان و خەرجکردنیانە بەشێوەیەکی ئازادانە لە بەرژەوەندی یەکە کارگێڕییەکەدا"[١].

بە واتایەکی دیکە ناناوەندێتیی دارایی (اللامرکزیة المالیة- Fiscal Decentralization ) بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و تایبەتکارییە داراییەکان لە نێوان دەسەڵاتی ناوەند و یەکە کارگێرییە خۆجێییەکاندا، بە جۆرێک دەستە سەربەخۆکان لە ئاستی خۆجێیی، دەسەڵاتی دارایی پێویستیان هەبێت لە کۆکردنەوە و خەرجکردنی داهاتە ناوخۆییەکاندا، بۆ ئەوەی گەرەنتی سەربەخۆییان بکرێت[٢].

بۆ خستنە ڕووی ئاڵنگارییە داراییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم تویژراوەیە دابەشی سەر چوار تویژینچە دەکەین، لە تویژینچەی یەکەمدا نەبوونی بودجەی گشتی لە هەرێمی کوردستان و لە دووەمدا نەبوونی دەسەڵاتی خەرجکردن و سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆ بۆ یەکە کارگێرییەکانی دەخەینە ڕوو. هەروەها لە تویژینچەی سێیەمدا دابەشکردنی داهات لەسەر بنەمای دوو ئیدارەیی (٥٧٪ بە ٤٣٪)، و لە تویژینچەی چوارەمیشدا کەمی داهاتە گشتییەکان بەراورد بە خەرجییەکان، وەک چوار ئاڵنگاریی دارایی لە بەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا ڕووندەکەینەوە.

---

[١]- نوی نبیلة و بوجلال انفال، اللامرکزیة المالیة مدخل لزیادة التمویل المحلي و تعزیز التنمیة المحلیة- تجربة الصینیة، مجلة ابن خلدون للابداع و التنمیة: مجلة علمیة دولیة محکمة، تصدر جامعة ابن خلدون في الجزائر، المجلد (٢)، العدد (٢)،٢٠٢٠، ص٧٩.

[٢]- عهد سلیمان، دور اللامرکزیة المالیة في دعم الاستقلال المالي، مجلة جامعة البعث- الجمهوریة السوریة، المجلد (٤٤)، العدد (١)، ٢٠٢٢، ص١٤٠.

## تویژینچەی یەکەم: نەبوونی بودجەی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا

بودجەی گشتی (المیزانیة العامة) پێناسە دەکرێت بەوەی "خشتەیەکی خەملێنراوی گشتگیرە، سەرجەم ئەو داهاتانە لەخۆ دەگرێت، کە پێشبینی دەکرێت، حکومەت بە دەستی بخات، هەروەها ئەو خەرجییە گشتییانەش لەخۆ دەگرێت، کە پێویستە خەرج بکرێت، لە ساڵی داراییی داهاتوودا"[١]. کەواتە بودجەی گشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت کە ئەوانیش[٢]:

یەکەم خەرجییە گشتییەکان: ئەو برە پارەیەیە کە حکومەت خەرجی دەکات بۆ دابینکردنی خواست و پێویستیە گشتیەکان، بە شێوەیەک ڕەچاوی بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بکات.

دووەم داهاتە گشتیەکان: سەرجەم ئەو داهاتانە لەخۆدەگرێت، کە حکومەت بە دەستیان دەهێنێت و لە پێناو دابینکردنی خواست و پێویستیە گشتیەکان خەرجدەکرێت.

کەواتە ئامادەکردنی بودجەی گشتی بە یەکێک لە کارە گرنگەکانی هەر حکومەتێک دادەنرێت، لەبەرئەوەی پرۆسەیەکە کاریگەری لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا هەیە[٣].

لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دروستبوونی حکومەتی هەرێمەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، تاکو ئێستا، لە ماوەی نزیکەی (٣١) ساڵی حکومڕانیدا، هەرێمی کوردستان (١٩) ساڵ یاسای بودجەی نەبووە، واتە تەنها (١٢) ساڵ یاسای بودجەی هەبوە[٤]. لە ساڵی ٢٠١٤ شەوە، تاوەکو نوسینی ئەم تویژینەوەیە کە ساڵی (٢٠٢٢)ە، حکومەتی هەرێم هیچ پرۆژە یاسایەکی بۆ

---

[١]- د. خالد حەیدەر، گرنگی بودجەی گشتی، زەمەن پرێس، ٢٠٢٠/٦/١. بەردەستە لەم ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٢٣)https://bit.ly/٣CnC٥UX

[٢]- هەمان سەرچاوە.

[٣]- د. سەردار عەزیز، پرسە پەرلەمانییەکان (پەرلەمان چییە؟- بودجە- دبلۆماسی پەرلەمانی)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٢١، ل٨٩.

[٤]- ئەو نۆزدە ساڵەی کە هەرێمی کوردستان یاسای بودجەی نەبووە ئەمانە بوون (١٩٩٢، ١٩٩٤، ١٩٩٥ ،١٩٩٩، ٢٠٠٠ ، ٢٠٠٢ ، ٢٠٠٣ ،٢٠٠٤ ، ٢٠٠٥ ، ٢٠٠٦ ، ٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦ ، ٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢٠، ٢٠٢١، ٢٠٢٢....)، ئەو (١٢) ساڵە کە یاسای بودجەی هەبووە پێک دێت لەم ساڵانە (١٩٩٣ ، سێ مانگی ساڵی ١٩٩٦، ١٩٩٧، ١٩٩٨، ٢٠٠١، ٢٠٠٧ ، ٢٠٠٨ ، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢ ، ٢٠١٣)...بڕوانە: سەرکۆ ئازاد گەلاڵی، ئەندامی لیژنەی داراییی پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم)، ڕاپۆرتی مێژووی بودجە لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١/٢/٢٠، دەقی ڕاپۆرتەکە بەردەستە لەم ماڵپەڕەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٢٤)https://bit.ly/٣CsTUC٤

بودجەی گشتی ئامادە نەکردووە تاکو بینێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان[١]. واتە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، کە خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژێردراوە و یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کاری پێکراوە، هیچ بودجەیەک نەچووەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان، بۆئەوەی بتوانن بە پێی پێداویستی یەکە کارگێڕییەکان دابەشی بکەن و پرۆژە و خزمەتگوزاری پێ ئەنجام بدەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ڕووی کردارییەوە هیچ ئەرک و دەسەڵاتێکی داراییان نەبووە. هەروەک سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ئاماژەی پێکرد "هیچ بودجە و پرۆژەیەک نایەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان، تاکو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشبکرێت، بەوەش ئەنجومەنەکان ناتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە خزمەتکردندا"[٢].

ئەوەش ئەنجومەنی پارێزگاکان و حکومەتە خۆجێییەکانی بە تەواوی لاواز و بێ کاریگەر کردووە. لەبەرئەوەی لە بودجەی گشتیدا بەشە بودجەی هەر پارێزگایەک دیاری دەکرێت[٣]، لە هەمانکاتیشدا دەسەڵاتی خەرجکردن لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و دامەزراوە خۆجێییەکان دابەشدەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەم پرۆسەیە بە یاسا ڕێکنەخرابێت، واتە لە کاتی نەبوونی یاسای بودجەدا، ئەوا زۆربەی دەسەڵاتە داراییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران (حکومەتی هەرێم)، بە پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕییەوە[٤].

بۆ نمونە خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە دوا ڕوونکردنەوەیاندا، ئاماژەیان بەوە کردووە کە "ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تاکە دەزگان کە لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەک پشتگوێ خراون، لە هیچ نوسراوێکی فەرمیی ئەم هەرێمەدا خوێندنەوەمان بۆ ناکرێ، لە ڕوانگەی دەسەڵاتە یاساییەکانی هەرێمدا، بون و نەبونیان وەک یەک وایە"[٥]. هەرچەندە لە خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا لە ساڵی (٢٠٠٦- ٢٠١٣)، لە چوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عێراق، بڕە پارەیەک وەک پشکی پارێزگاکانی

---

[١]- حکومەتی هەرێم لەو ماوەیە (٢٠١٤ تاکو ٢٠٢٢)، بە هۆی نەبوونی یاسای بودجەوە، ڕاگەیەنراوی دارایی (بیان مالي) لە جیاتی ژمێرەیی کۆتایی (حیساب ختامی) ئاڕاستەی پەرلەمان کردووە.

[٢]- نازک محمد، سەرچاوەی پێشوو

[٣]- بڕوانە: ماددەی (بیست و حەوتەم خاڵی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[٤]- ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی (SOAC)، ڕاپۆرتی (٩ ساڵ حوکمڕانی لە تاریکیدا؛ گرنگی بودجە لە پێش خستنی شەفافیەت و چاودێریی و چاکسازی لە داهات و خەرجی)، چاپخانەی کامبرج، هەولێر ٢٠٢٢، ل ١٠. بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/٢٠)https://bit.ly/٣Dm٥PCr

[٥]- هەندێک زانیاریی و وردەکاری سەبارەت بەخولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو.

هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) دەدرا بە ئەنجومەنی پارێزگاکان[١]. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، بە پاساوی قەیرانی دارایی و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە، کە هاوکات بوو لەگەڵ دەستبەکار بوونی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەو بڕە بودجەیەش بڕدرا، هەروەها بە هۆی نەبوونی یاسای بودجەی گشتی لە ٢٠١٤ەوە، هیچ بودجەیەک نەهاتۆتە بەردەستی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەمەش کارو چالاکی ئەو ئەنجومەنانەی بە تەواوی لاواز کردووە[٢].

لە کاتێکدا لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا ئەوە هاتووە کە دەبێت ئەنجومەنی پارێزگاکان ساڵانە پرۆژە بودجەی خۆی ئامادەبکات، بۆ تۆمارکردنی لە بودجەی پارێزگادا، هەروەها بودجەی پارێزگا، کە لەلایەن پارێزگارەوە ئامادەدەکرێت پەسەند بکات[٣]. بەڵام ماوەی (١٢) ساڵە نە هەرێمی کوردستان بودجەی گشتیی هەبووە، نە پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگاکان بودجەی تایبەت و دیاریکراوی خۆیان لە بەردەستبووە.

لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین بەهۆی نەبوونی بودجەی گشتیەوە، پارێزگاکانیش بودجەی سەربەخۆیان بە پێی یاسا نەبووە، بەمەش یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، کە بریتییە لە ڕەهەندی دارایی و خۆی لە بوونی بودجەی سەربەخۆ بۆ یەکە کارگێڕییەکان دەبینێتەوە لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێنەکراوە، ئەوەش دوو پایەی گرنگی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی کە ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەستە جێبەجێکارییەکانن بێ ڕۆڵ و لاواز کردووە.

---

[١]- ئەحمەدی حاجی ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- ئازاد حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- بڕوانە: ماددەی (شەشەم/ بڕگەی پێنجەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

## تـــوێژینچەی دووەم: نەبـــوونی دەســـەڵاتی خەرجکـــردن و ســـەرچاوەی داهـــاتی ســـەربەخۆ بـــۆ یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان

یەکێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی بریتییە لە پێدانی دەســـەڵاتی خەرجکردنـــی داهـــات بە یەکە کارگێڕییەکـــان، بـــۆ ئەوەی بتـــوانن پـــرۆژەی پێویســـت و کاروبارەکـانی ناوچەکـانی خۆیـان، بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەنـدی جێبەجێ بکەن. چـونکە هەروەک لە بەشـــەکانی دیـــکەی ئەم تـــوێژینەوەیەدا خـــرایەڕوو، یەکێـــک لە ئامـــانجە گرنگەکـــانی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی بۆ بە خێرایی ڕاپەڕاندنی کارەکان و کەمکردنەوەی ڕێکارە کارگێڕییەکانە لە پێناو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری باشتر بە ناوچەکان.

هەچەنـدە لە یاسـای پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتاندا، یاسـادانەر کەسـایەتی مەعنەویـی بەخشیوە بە یەکە کارگێڕییەکان، نەک خودی ئەنجومەنە هەڵبژێراوەکان، لەگەڵ ئەوەشـدا ئەسـتۆی دارایی (الذمة المالية) ئەنجومەنی پارێزگای لە ناو بودجەی پارێزگادا دیاریکردووە، نەک بە شێوەی سەربەخۆ[1]. کە ئەمەش لە ڕووی کردارییەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگە و ئاستی سـەربەخۆیی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە.

جگە لەوەش لە یاسـایی پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتاندا، دەسـەڵاتی خەرجکردنـی داهـاتە ناوخۆییەکـان نەدراوە بە ئەنجـومەن و دەســتە خۆجێییەکـان لە ئاسـتی یەکە کارگێڕییەکانـدا، ئەم پێنەدانـی دەســەڵاتی خەرجکـردنە بە یەکە کارگێڕییەکـان، تەنهـا یاسـای ژمـارە (٣)ی پارێزگاکـانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لە هیچ کام لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابوری یاسـای ژمـارە (٢٥)ی سـاڵی ٢٠١٠، یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ یاسـای ژمـارە (٦)ی سـاڵی ٢٠٠٩ باسـنەکراوە[2]. ئەگەر چـی لە ماددەی (بیست و حەوتەم)ی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردسـتاندا، هـاتووە کە داهـاتی دارایی پارێزگا پێکدێت لە[3]:-

یەکەم: ئەوەی حکومەتی هەرێم لە ناو بودجەی گشتی هەرێمدا بۆ پارێزگای تەرخاندەکات.

دووەم: ئەو داهـاتەی کە پارێزگـا دێتە دەسـتی لە ئەنجـامی ئەو خزمەتگوزارییـانەی کە پێشکەشـی دەکات و وەزارەتی دارایی لەو داهاتانە ئاگادار دەکاتەوە کە وەدەستی هاتوون.

سێیەم: ئەو پیتاک و بەخششانەی کە بەرەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دێتە دەستی.

---

[1]- بڕوانە: ماددەکانی (سـێیەم و شەشـە/ بڕگەی پێنجەم) لە یاسـای ژمـارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٠٩ یاسـای پارێزگاکـانی هەرێمی کوردستان- عێراق.

[2]- ئـارام جەمـال و ئەوانـی دیـکە، پشـکنینی چێـوەی یاسـایی لامەرکەزیەت لە هەرێمـی کوردسـتاندا، سـەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

[3]- ماددەی (بیست و حەوتەم) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق

چـوارەم: ئەو داهاتـانەی کە لە فرۆشـتن و بەکرێـدانی مـاڵی گواسـتراوەی دەوڵەت بە پێـی یاسـا کارپێکراوەکانی هەرێم وەدەستی دێنێ.

بە ڕوانین لە دەقی ئەو ماددەیەیی سـەرەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە هەرچەنـدە سـەرچاوەی داهـاتی سنووردار بـۆ پارێزگاکـان دیـاریکراوە، بەڵام لە یاسـاکەدا بـاس لە دەسـەڵاتی خەرجکردنـی لەلایەن یەکە کارگێڕییەکـانەوە نەکـراوە، بەڵکـو تەنهـا ئەو سـەرچاوانە وەک سـەرچاوەی دارایـی پارێزگـا دیـاریکراوە، لەگەڵ ئەوەشـدا، هێشـتا دەسـەڵاتی ناوەنـدێتی بڕیـاری یەکـلاکەرەوەی تێـدا دەدات، بۆ نمونە لە داهاتی خزمەتگوزارییەکان ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی دارایی و لە وەرگرتنی پیتاک و بەخشش؛ ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی بە مەرج وەرگرتووە[١].

هەروەها لە دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی پارێزگاکاندا، دوو سەرچاوەی سەرەکی داهاتی پارێزگا، کە بریتین لە بـودجەی پارێزگـا (لە چوارچێوەی بودجەی گشـتیدا حکومەت دیاریدەکات)، لەگەڵ داهـاتی نـاوخۆی پارێزگـا، وەک لەسـەرەوە خـراوەتە ڕوو، لە سـاڵی ٢٠١٤ەوە، هەرێمـی کوردستان یاسای بودجەی نەبووە، ئەمەش مانای وایە پارێزگاکانیش بودجەی دیاریکراوی خۆیان بە پێی یاسای بودجە نەبووە، کە بودجەی سەربەخۆش نەبوو، ئەوکات دەبێت پارێزگاکان هەمیشە چاویان لە دەستی حکومەتی هەرێم، بە تایبەت وەزارەتی دارایی بێت، بۆ ئەوەی بڕیار بدات چەند بودجەیـان بۆتەرخـان بکرێـت و چـۆن خەرجـی بـکەن، ئەمەش بە پـێچەوانەی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕییەوە، بە واتـای چـڕ کـردنەوەی دەسـەڵاتی خەرجکـردن و کـۆکردنەوەیەتی لە دەسـتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێری پایتەخت.

هەروەهـا سـەبارەت بە داهـاتی نـاوخۆی پارێزگـا، بە بڕیـاری ژمـارە (٩)ی ئەنجـومەنی وەزیرانـی هەرێمـی کوردسـتان، کە لە ڕێکەوتـی ٢٠١٩/٧/٣٠ دەریکـردووە، بڕیـاری داوە بە "گەڕانـدنەوەی گشـت داهاتەکـانی هەرێمـی کوردسـتان لە سـەرجەم سـەرچاوەکانی داهـاتەوە بـۆ وەزارەتـی دارایـی و ئـابوری، هەروەهـا سـەبارەت بەو وەزارەتـانەی کە پێشـتر بە ڕەزامەنـدی ئەنجومەنی وەزیران ڕێژەیەک لە داهاتی ناوخۆی خۆیان گلدەدایەوە و ڕاستەوخۆ بۆ خەرجیی وەزارەتەکەیان بەکاریان دەهێنا، بۆ لەمەودوا پێویستە تەواوی داهاتی ناوخۆی وەزارەتەکەیان بەو ڕێژانەشـەوە کە ئاماژەی پێدراوە بگەڕێننەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان"[٢].

---

[١]- د. ئیسماعیل نەجمەدین، لامەرکەزیەتی کارگێڕی پارێزگاکانی هەرێم: پایە و ئاڵنگارییەکانی، سەرچاوەی پیشوو، ل ١٧.

[٢]- بڕوانە: خاڵی (یەکەم و دووەم) لە بڕیاری ژمارە (٩)ی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٣٠ دەرکراوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین دوو سەرچاوەی دارایی سەرەکی پارێزگاکان کە بودجە و داهاتی ناوخۆیە لە واقیعدا لە بەردەستی ئەنجومەنی پارێزگا و دەستە جێبەجێکارە خۆجێییەکاندا نییە، ئەوەش مانای وایە کە یەکە کارگێڕییەکان سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ و دەسەڵاتی خەرجکردنیان نییە.

هەروەک (هەڤاڵ ئەبوبەکر) پارێزگاری سلێمانی لە دیدارێکیدا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣٠ دەڵێت: "... بە هۆی کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ناوەند، چل بوارم بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت ژماردووە، کە ئێستا داهاتەکەی لە سلێمانی وەرناگیرێت و دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر..."[١]. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەو داهات و خەرجییەیی لە سنوری یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستاندا کۆ دەکرێتەوە، دەخرێتە سەر هەژماری کۆتایی وەزارەتی دارایی و بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار دەکرێت، نەک پارێزگاکان[٢].

بۆ نمونە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە نوسراوێکدا کە ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە داوا دەکات، زانیاریان لەسەر خەرجی و داهاتی ساڵەکانی ٢٠١٧ تاکو٢٠٢٠ی سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیانیان بۆ بنێرن[٣].

لە وەڵامدا وەزارەتی دارایی ئاماژەی بەوەکردووە، کە "تا ئێستا هیچ زانیارییەک لەوبارەیەوە بە هیچ پارێزگایەک نەدراوە، هەروەها بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر داهات و خەرجی دەبێت ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەربگیرێت"[٤]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە کاتێکدا ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پێی یاسا دەسەڵاتی چاودێرن لە سنوری پارێزگادا، کەچی زانیاریان لەسەر داهات و خەرجییەکانی سنوری پارێزگاکەیان نییە. ئەوەش پێچەوانەی ئامانج و بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕییە. لەبەرئەوەی بەبێ بەخشینی دەسەڵاتی کۆکردنەوەی داهات و خەرجکردنی لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاکان و حکومەتی خۆجێییەوە، ناتوانرێت پایەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەکرداری لە واقیعدا جێگیر بکرێت.

---

[١]- وتاری هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی، لە ڕێکەوتی٢٠٢٢/٧/٣٠، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٦)https://bit.ly/٣ATmFpf

[٢]- ڕێکەوت زەکی، سەرچاوەی پێشوو.

[٣]- ناوەڕۆکی نوسراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ژمارە (٦٢٤)، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٩دا، کە ئاراستەی وەزارەتی دارایی کراوە، داوای ئاشکراکردنی خەرجی و داهاتی ساڵانی (٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩،٢٠٢٠) دەکات.

[٤]- ناوەڕۆکی نوسراوی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٩١٦٧) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٢/٢٤، کە تایبەتە بە وەڵامی نوسراوەی ژمارە (٦٢٤)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

لەبەرئەوەی سەرجەم ئەو داهاتانەی کە لە سنوری پارێزگاکان لە بوارە جیاوازەکان؛ وەک داهاتی ناوخۆ کۆدەکرێتەوە بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆماردەکرێت و تەنها وەزارەتی دارایی دەسەڵاتی خەرجکردنی هەیە[١]. بەمەش لەهەر کاتێکدا حکومەتی هەرێم بیەوێت دەتوانێت کار و پرۆژەی ئەنجومەن و حکومەتە خۆجێییەکان پەکبخات، کە ئەمە لەگەڵ بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی یەکناگرێتەوە. لەبەرئەوە دەبینین لە واقیعدا ئەنجوومەنی پارێزگاکان هیچ رۆڵێکیان نیە لە رێکخستن و ئاڕاستەکردنی کارو چالاکی پارێزگار و پارێزگاکانیان، چونکە لە دواجاردا حکومەت لە رێگەی خەرجکردنی بودجە دەتوانێت پارێزگارەکان ئاراستە بکات بەو شێوەیەی دەیەوێت، یان پرۆژەکانیان پەکبخات لە رێگەی خەرجنەکردنی بودجە بۆ هەر پرۆژەیەک کە بیەوێت[٢].

هەروەک لە ئیستادا لە سنوری سلێمانیدا بەهۆی نەبوونی داهاتەوە "سەرجەم پرۆژەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین کە ژمارەیان (٨٧٣) پرۆژەیە لە بوارە جیاوازەکاندا، سەرجەمیان ڕاگیراون، چونکە حکومەتی هەرێم لە ئێستادا لە داهاتی نەوت، نزیکەی لە (٨٠٪)ی موچەی سنوری سلێمانی دابین دەکات، ئامادە نییە هیچ برە پارەیەکی دیکە بۆ پارێزگای سلێمانی خەرجبکات، واتە کاتێک ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیار دەدات بە ئەنجامدانی پرۆژەیەک لە سنوری سلێمانی، ئەوا دەبێت لەسەر داهاتی ناوخۆی سلێمانی جێبەجێبکرێت، ئەگەر داهات نەبوو، ئەوا پرۆژەکە دەوەستێت"[٣]. ئەم شێوازە مامەڵەکردنەش دەرئەنجامی نەبوونی حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز و، هەروەها مانەوەی شوێنەوارەکانی دوو ئیدارەییە، کە لە توێژراوەی یەکەمی ئەم بەشەدا بە وردی ئاخاوتنمان لێکردووە.

دەکرێت بڵێین یەکێک لە ئاڵنگارییەکان لەبەردەم جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، بریتییە لە نەبوونی سەربەخۆیی دارایی و توانای پشت بەخۆ بەستن لە ئاستی پارێزگاکاندا، واتە وەک چۆن هەرێمی کوردستان بێ پشتیوانی دارایی حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا، ناتوانێت زۆربەی خەرجییەکانی دابینبکات، هەرواش یەکە کارگێڕییەکانی هەرێمی کوردستان، بەبێ پشتیوانی دارایی حکومەتی هەرێم لە هەولێر، ناتوانن زۆربەی پێداویستییەکانی

---

[١]- دەقی پرۆژەی سیستمی لامەرکەزی کارگێڕی و دارایی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی،٢٠٢٠.

[٢]- زەردەشت خالد، لامەرکەزیەتی دارایی مەرجێکی پێش وەختە بۆ هەبوونی لامەرکەزیەتی ئیداری لە هەرێمی کوردستان، میللەت پرێس، ٢٠٢٠/٥/١٢، بەردەستە لەم بەستەرەی خوارەوەدا:

رێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٢٤)https://bit.ly/٣Ajzjh٥

[٣]- عەلی حەمە صاڵح، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم)، گۆنگرەی رۆژنامەوانی، ٢٠٢٢/٧/٣١، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

رێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٢٦)https://bit.ly/٣CAEBHM

خۆیـان دابینـبکەن و خۆیـان بەڕێـوەبەرن[1]. ئەمەش کـاریگەری نەرێنـی لەسـەر جێبەجێکردنـی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە.

## توێژینچەی سێیەم: دابەشکردنی داهات لەسەر بنەمای دوو ئیدارەیی (٥٧٪ بە ٤٣٪)

سەرچاوەکانی داهات لە ناوچە جیاوازەکانی یەک دەوڵەت یاخود یەک هەرێمدا، وەک یەک نییە، بەڵکو جیاواز و جۆراو جۆرە، ڕەنگە هەندێک ناوچە داهاتیان زۆر بێت، لە بەرامبەردا هەندێک ناوچەی دیکە داهاتی پێویستیان نەبێت، لەبەرئەوە لە ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، وا پێویست دەکات دابەشکردنی داهاتەکان بە شێوازێکی دادپەروەرانە و لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان بەسەر هەموو ناوچەکاندا دابەشبکرێت، تاکو حکومەتی خۆجێیی و ئەنجومەنەکان بتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە و لەژێر چاودێری دەسەڵاتی ناوەندیدا، کاروباری یەکە کارگێڕییەکەی خۆیان بەڕێوەبەرن.

یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چەندین ساڵە بۆ بەڕێوەبردنی داهات و خەرجی، پشت بە شێوازێک لە دابەشکردنی دارایی تایبەت دەبەسترێت، کە لە سەربنەمای دوو ئیدارەییە، بە جۆرێک داهاتەکان بە ڕێژەی (٥٧%) بۆ هەولێرو دهۆک، لە (٤٣%) بۆ سلێمانی و هەڵەبجە دابەشدەکرێت[2]. کە بە گوتەی (قوباد تاڵەبانی) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نوێیەم "ئەم شێوازە دابەشکردنە هی سەردەمی دوو ئیدارەییە و واتای دوو حکومەتی و دوو ئیدارەییە، ئەگەر یەک حکومەتین، دەبێت سیستمی (٥٧٪ بە ٤٣٪) هەڵبوەشێتەوە"[3]. بەڵام لە ڕوانگەی (پ. د. ک)یەوە ئەم شێوازە دابەشکارییە جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی داراییە، هەروەک (مەحموود محەمەد) گوتە بێژی فەرمی (پ. د. ک) دەڵێت: "لەسەر داوای (ی. ن. ک) لامەرکەزی دراوەتە پارێزگاکان ... ئەو پارانەی کە دێت، ٤٣٪ی پارەی نەوت کە دەفرۆشرێت دەنێردرێت بۆ سلێمانی و ٤٣٪ ئەو ٢٠٠ ملیارەی لە بەغداوە دێت، دەنێردرێتە سلێمانی و ٤٣٪ی پارەی هاوپەیمانانیش ڕەوانەی سلێمانی دەکرێت؛

---

[1]- د. یوسف گۆران و ئەوانی دیکە، ململانێ ئەستەمەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[2]- ڕاپۆرتی هیڤیدار ئەحمەد و لیزا فەلەکەدین، ئەندامانی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم)، داهاتی هەرێمی کوردستان لە مانگێکدا چەندە؟، ٢٠٢٢/٤/٢٨، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:
https://bit.ly/٣AUtFCc(٢٠٢٢/٥/١٠) ڕێکەوتی سەردانیکردن

[3]- بڕوانە: گوتاری قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی نۆیە)، کۆڕبەندی ئابوری لە سلێمانی، ٢٠٢٢/٩/١٧، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:
https://bit.ly/٣dsKLzs(٢٠٢٢/٩/١٩) ڕێکەوتی سەردانیکردن

دەمێنێتەوە ١٨٪ی دابینکردنی مووچە، کە دەبێ لە داهاتی ناوخۆی سلێمانی و گومرگەکان دابین بکرێت... کەواتە مادام باوەڕیان بەوە هەیە کە دەبێ لای خۆیانەوە سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی داهاتی ناوچەکە بکرێت، با خۆشیان ئیش و کارەکان ڕێکبخەن"[١]. لە بەرامبەردا (بافڵ تاڵەبانی) سەرۆکی (ی. ن. ک) لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا، کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٥ ئەنجامیداوە دەڵێت: "ئێمە داوای لامەرکەزیمان کردووە، نەک دوو ئیدارەی، ئەوەی ئێستا هەیە دوو ئیدارەییە"[٢].

سەبارەت بەوەی ئایا ئەم دابەشکردنە (٤٣٪ بە ٥٧٪) لە سەر بنەمای دوو ئیدارەیی ناناوەندێتیی داراییە، وەک گوتە بێژی (پ. د. ک) ئاخاوتنی لێکردووە؟ (عومەر گوڵپی) ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، پێی وایە "نەخێر...، چونکە ئەگەر ئەم ڕێکەوتنە جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی بێت، دەبوو لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ بێت، نەوەک لەسەر بنەمای زۆنی زەرد و سەوز، لەبەرئەوە هیچ یاسایەک نییە پشتگیری ڕێکەوتنێکی لەو جۆرە بکات، ئەوەی کراوە تەنها لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دارایی دوو حزبی سیاسی دەسەڵاتە، بۆیە دەبینین لە سنوری پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بووەتە هۆکاری دواکەوتنی مووچە و وەستانی پرۆژەکان و نەبوونی پارە بۆ کۆمپانیاکانی دەرمان و پاککردنەوە"[٣].

هەروەها بە گوتەی (عەلی حەمە صاڵح) ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، لە هەرێمی کوردستاندا داهاتی ناوخۆ هەرچەند بێت، (ی. ن. ک) بە ڕێژەی (٤٣٪) لە داهاتی ناخۆی سلێمانی و (پ. د. ک) بە ڕێژەی (٥٧٪) داهاتی سنوری پارێزگای هەولێر و دهۆک دەدەن بە وەزارەتی دارایی بۆ تەواوکاری مووچە. واتە نە هیچ بڕە پارەیەک لە داهاتی سنوری پارێزگای هەولێر و دهۆک (ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پ. د. ک) دەچێت بۆ سلێمانی، نە هیچ بڕە پارەیەکیش لە داهاتی سلێمانی (ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ی. ن. ک)، دەچێت بۆ هەولێر و دهۆک، بەڵکو هەر پارێزگایەک بە پێی ئەو بڕە داهاتەی کە هەیەتی پرۆژە و خزمەتگوزاری بۆ ئەنجامدەدرێت، ئەگەر

---

[١]- محمود محمد، وتە بێژی (پ. د. ک)، چاوپێکەوتن لەگەل کەناڵی ڕووداو،٢٠٢٢/٥/١٠، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٦/٢١)https://bit.ly/٣AZIODo

[٢]- بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی (ی. ن. ک)، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەناڵی ڕووداو، ٢٠٢٢/١١/١٥، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/١١/١٦)https://bit.ly/٣tyFzyh

[٣]- بڕوانە: عومەر گوڵپی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕێکەوتنە نایاساییەکە و داهاتەکانی ناوخۆ و کێشەی دواکەوتنی مووچە هۆکارو چارەسەر، ٢٠٢٢/٥/١١، بەردەستە لەم پێگەیەیی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانی کردن (٢٠٢٢/٧/٢٠)https://bit.ly/٣J٨q٣QZ

داهات بەشی پرۆژە و خزمەتگوزاریەکانی نەکرد؛ ئەوا داهاتی پارێزگاکانی دیکە هەرچەند بێت نادرێت بە پارێزگایەکی دیکە[١]. بەڵام (مەسرور بارزانی) سەرۆکی کابینەی (نۆیەم)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕوونکردنەوەیەکیدا، سەبارەت بە کێشەی کەمی داهات لە سنوری پارێزگای سلێمانی دەڵێت: " ماوەیەکە لە لایەن دامودەزگاکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە، کە هاوبەشێکی سەرەکیی ئەم کابینەیەن، وا باس دەکرێت کە ئابڵوقە لە سەر سنووری سلێمانی هەیە، هەموو شارەزایانی دۆخی دارایی هەرێم دەزانن کە داهاتی نەوت و هەروەها ئەو بەشە بودجەیەی ناوە ناوە لە بەغدا هاتووە، بە شێوەیەکی یەکسان دابەشکراوە و مووچەی کارمەندانی پێ دراوە، ئەوەی کە جێگەی هەڵوەستە بووە، داهاتی نانەوتیی ناوخۆی هەرێم بووە کە بەشێکی زۆریشی داهاتی دەروازە سنوورییەکانە، بەڵام بەداخەوە، ڕێگە نەدراوە ئەم بوارە لە سنووری سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجە و ڕاپەرین ڕێک بخرێتەوە، بۆیە سەرکردایەتی (ی. ن. ک)، بەرپرسیارن بەرامبەر بەو دۆخەی لەو دەڤەرانە دروستبووە"[٢].

کەواتە دەکرێت بڵێین ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕووی داراییەوە دەگوزەرێت، زیاتر لە دوو ناوەندێتی دەچێت، نەک ناناوەندێتیی، چونکە ناناوەندێتیی مانای ئەوە نییە کە هەر پارێزگایەک داهاتی خۆی بۆ خۆی بێت، ئەگەر پارێزگایەکیش داهاتی پێویستی نەبوو هاوکاری نەکرێت، بەڵکو لە ناناوەندێتییدا وا پێویست دەکات داهات لە چوارچێوەی یاسا و لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە سەر پارێزگاکاندا دابەشبکرێت، نەک لە سەر بنەمایی دوو ئیدارەیی و ڕێکەوتنی حزبی. ئەو دابەشکاریەی لە ڕووی داراییەوە لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، بووە بە هۆکاری ئەوەی ئەو پارێزگایانەی کە داهاتی پێوستیان لە بەردەست نییە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاریی ببنەوە و نەتوانن کارەکانی یەکە خۆجێیەکە ڕاپەڕێنن، وەک ئەوەی ماوەیەکە لە سنوری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین ڕوودەدات.

بۆ نمونە لە کاتی نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەشێک لە موچەخۆرانی سنوری پارێزگای سلێمانی بایکۆتی دەوامیان کردبوو، بەهۆی وەرنەگرتنی موچەی مانگی ٦ی ساڵی٢٠٢٢، لە کاتێکدا لە سنوری هەولێر و دهۆک هاوپیشەکانیان مووچەکانیان وەرگرتبوو. هۆکاری کێشەکەش لە

---

[١]- عەلی حمە صالح، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم)، چاوپێکەوتن لە بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆی کەناڵی ڕووداو، ٢٠٢٢/٣/١١، بەردەستە لە پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://bit.ly/٣٤V١TcL(٢٠٢٢/٣/٢٠) ڕێکەوتی سەردانیکردن

[٢]- مەسرور بارزانی، سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕوونکردنەوە، هەژماری فەرمی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک، ٢٠٢٣/١/١٥، بەردەستە لەم بەستەرەی خوارەوە:

https://bit.ly/٣XHfD١a(٢٠٢٣/١/٢٤) ڕێکەوتی سەردانیکردن

سنوری سلێمانی ئەوەبوو کە داهاتی نەوت (٥٠٠ ملیۆن دۆلارە) بۆ موچە. دەبێت لە داهاتی ناوخۆ نزیکەی(١٠٠ ملیۆن دۆلار) بدرێت... لەم برە ئیدارەی سلێمانی دەبێت (٤٣ ملیۆن) بدات و هەولێر (٥٧ ملیۆن دۆلار) واتە (٥٧٪ بە ٤٣٪)، ئیدارەی سلێمانی دەڵێ: ناتوانم ئەم پارە دابین بکەم، حکومەتیش ئامادە نییە لە داهاتی هەولێر و دهۆک پارە بنێرێت بۆ سلێمانی. ئەم کێشەیە بە تەنها پەیوەست نییە بە مووچەوە، بەڵکو سەرجەم پرۆژەکان لە (بەنداو، ئاو، ڕێگاوبان، شارەوانی، تەندروستی و کڕینی دەرمان... هتد) لە سنوری ئیدارەی سلێمانی وەستاوە، تەنانەت لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٧/١٤ پارە نەبووە بە نزین بۆ ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن (اسعاف) نەخۆشخانەکانی سنوری سلێمانی بکڕن[1].

کەواتە دابەشکردنی داهات بەڕێژەی (٤٣٪) بۆ سلێمانی و هەڵەبجە و (٥٧٪ ) بۆ هەولێر و دهۆک، لەبری بەدیهێنانی دادپەروەری و توانای پشت بەخۆ بەستنی دارایی، وەک دوو ئامانجی گرنگی ناناوەندیێتیی کارگێڕی، جۆرێک لە نا عەدالەتی جوگرافی لە هەرێمی کوردستاندا بەرهەمهێناوە، چونکە سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستاندا بەباشی ڕێکنەخراوە و بە یەکسانیش بەسەر پارێزگاکاندا دابەش نەبووە، لەبەرئەوە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان داهاتیان وەک پێویست نییە.

بۆ نمونە ئەگەر تەنها بواری وەبەرهێنان وەبگرین، کە یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی گەشەکردن و پێشکەوتنی ناوچەکان، بە پێی ئەو ئامارانە کە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان[2] بڵاوی کردۆتەوە، لە ماوەی (١٦ ساڵ) کە لە ٢٠٠٦/٨/١ بۆ ٢٠٢٢/٧/٧ دەکات، قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٦٦ ملیار و ١٥١ ملیۆن دۆلار) بووە، ژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانیش (١٠٥٧) پرۆژە بووە، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین، جۆرێک لە نادادپەروەری لە دابەشکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و بڕی سەرمایە گوزاری لە نێوان

---

[1]- عەلی حەمە صالح، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، هەژماری فەرمی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بوک، ٢٠٢٢/٧/١٩، بەردەستە لەم بەستەرەی خوارەوەدا:

ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/١٩)https://bit.ly/٣PiKxZi

[2]- وەبەرهێنان کە بە بڕبڕەی پشتی ئابوری دادەنرێت و لەم بارەیەوە هەرێمی کوردستان لە رووی یاساییەوە رۆژی ٤ تەموزی ساڵی ٢٠٠٦ لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان- عێراق پەسەند کرا، لە هەمان ساڵدا دەستەی وەبەرهێنان دامەزرێندراوە. هەرچەندە یاسای وەبەرهێنان بووەتە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنەری بیانی، بەڵام هەندێک لە شرۆڤەکارانی ئابووری و بەشێک لە پەرلەمانتاران تێبینیان لەسەر یاساکە هەیە، وای دەبینن کە دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ دەوڵەمەند بوونی کۆمەڵە وەبەرهێنێک لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی. بۆ خوێندنەوەی دەقی یاساکە بڕوانە ئەم بەستەرەی خوارەوە:
ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٧/١٩)https://bit.ly/٣B٢UkxZ

پارێزگاکاندا بوونی هەیە، بۆ نمونە لە ماوەی ئەو ١٦ساڵەدا، زۆرترین پرۆژە وسەرمایە لە پارێزگای هەولێر بووە، کە (٤٧٣) پرۆژە بووە بە زیاتر لە (٤١ ملیار دۆلار)، کە نزیکەی دوو ئەوەندەی پرۆژەکانی سلێمانییە. لە سلێمانی (٢٤٠) پرۆژە بە بڕی زیاتر لە (١٦ ملیار دۆلار) بووە، لە دهۆک (٢٨٥) پرۆژە بە بڕی زیاتر لە (٦ ملیار دۆلار) وەبەرهێنان کراوە[١].

هەرچەندە لە ڕووی ژمارەوە پرۆژەکانی دهۆک (٤٥) پرۆژەی زیاترە لە پرۆژەکانی سلێمانی، کەچی لە ڕووی سەرمایەوە نیوەی پرۆژەکانی سلێمانی کەمتری بۆ خەرجکراوە، ئەوەش مانای وایە پرۆژە گرنگ ستراتیژیەکان زیاتر لە هەولێر و سلێمانی ئەنجامدەدرێت، تاکو دهۆک و هەڵەبجە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣)، ژمارە و بڕی سەرمایە و ڕووبەری پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٣)

ژمارە و بڕی سەرمایەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٨/١ بۆ ٢٠٢٢/٧/٧)

| پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان | ژمارەی پرۆژە | سەرمایە بە دۆلار |
|---|---|---|
| پارێزگای هەولێر | ٤٣٧ | ٤١،٦٩٩،٩٣٤،٩١٩ |
| پارێزگای هەڵەبجە[٢] | ٤ | ١٧،١٤٥،٠٠٠ |
| ئیدارەی گەرمیان | ٣٦ | ٧٧٧،٩٤٤،٣٠٤ |
| ئیدارەی ڕاپەڕین | ١٩ | ٢٥٣،٩٥٨،١٨٢ |
| سلێمانی | ٢٤٠ | ١٦،٨٤٠،٩٦٤،٠٣٢ |
| دهۆک | ٢٨٥ | ٦،٥٦١،٥٦٣،٧٨٦ |
| کۆی گشتی | ١٠٥٧ | ٦٦،١٥١،٥١٠،٢٢٣ |

سەرچاوە: دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.

[١]- دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، لیستی پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی (٢٠٠٦/٨/١ بۆ ٢٠٢٢/٧/٧)، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەدا:

https://bit.ly/٣pMlLWs ڕێکەوتی سەردانیکردن (٢٠٢٢/٨/٢٥)

[٢]- لەبەر ئەوەی مەرسومی هەرێمی بۆ بە پارێزگا بوونی هەڵەبجە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە، دەرچووە، لەبەرئەوە کەمترین پرۆژەی وەبەرهێنان لەو ماوەیەدا بەر ئەو پارێزگایە کەوتووە، چونکە لە پێش ئەو ڕێکەوتەوە، لەسەر پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی هەژمارکراوە.

ئەگەر لە سەربنەمای دوو ئیدارەیی وەربیگرین دەبینن لە سنوری سلێمانی تەنها (٢٩٩) پرۆژە ئەنجامدراوە، لە سنوری هەولێر (٧٨٥) پرۆژە ئەنجامدراوە، کە نزیکەی دوو ئەوەندە و نیوی پرۆژەکانی ئیدارەی سلێمانی دەکات. لە کاتێکدا پارێزگای سلێمانی بە پێی ئاماری خەملێنراوی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان گەورەترین پارێزگای هەرێمی کوردستانە لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە، کە بۆ ساڵی ٢٠٢٠، بە (٢.٢٧) ملیۆن کەس خەملێنراوە، کە ڕێژەی (٣٦.٨٪) ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکات. لە دوای ئەو هەولێر دەێت کە بە (٢.٢٥) ملیۆن کەس خەملێنراوە و ڕێژەی (٣٦.٥%)ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکات[١].

ئەم جۆرە دابەشکارییە بە یەکێک لە ئاڵنگارییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەهەرێمی کوردستاندا دادەنرێت، چونکە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان داهاتی پێویستیان لەبەردەست نییە بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و ئەنجامدانی پرۆژەکان. بۆ نمونە "سنوری پارێزگای سلێمانی بە پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕینەوە، بۆ تەواو کاری مووچەو پێشینەی فەرمانگە و دامەزراوە سەربازییەکانی، مانگانە پێویستی بە (٩٠ ملیار) دینارە، سەرباری خەرجییەکانی دیکەی پارێزگاکە، بەڵام داهاتی مانگانەی ئەو سنورە، لە ئێستادا، نزیکەی (٨٠ ملیار) دینارە، بەمەش مانگانە تەنها بۆ مووچە و پێشینە (١٠ملیار) دینار کورتهێنانی دەبێت. هەروەها جوڵەی بازرگانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی (٢٩٪)یە، بەڵام لە هەولێر (٧١٪)، لە کۆی (٣١ هەزار) کۆمپانیا، تەنها (٧ هەزار) کۆمپانیا لە سنوری سلێمانیدان، لە ئیستادا (٤ هەزاریان) کارەکانیان ڕاگرتووە"[٢].

بە پشت بەستن بەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو، دەکرێت بڵێین دابەشکردنی داهات لە سەر بنەمای دوو ئیدارەیی (٥٧٪ بە ٤٣٪)، نەک ژمارەی دانیشتوان و پێداویستی ناوچەکان، وەک ئەوەی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی دەیخوازێت، جۆرێک لە گرفت و نادادی لە ئاستی پارێزگاکان هێناوەتەوە کایەوە، کە لە بری جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگیڕی، دوو ئیدارەیی و دوو ناوەندی چەسپاندووە. ئەوەش کاریگەری ڕاستەوخۆیی هەبووە لەسەر بەڕێوەبردنی یەکە خۆجێییەکان و جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی، لەبەرئەوەی داهاتی ناوخۆی هەر پارێزگایەک بۆ خۆی دەبێت، ئەمەش کاری دامەزراوەکانی ئەو پارێزگایانەی کە داهاتی ناوخۆیان

---

[١]- وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی شیکاریی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان- عێراق، هەولێر شوباتی ٢٠٢١، ل١٠. بەردەستە لەم ماڵپەڕە فەرمیەیی خوارەوەدا:

https://bit.ly/٣CCNwIN(٢٠٢٢/٨/٢٥ ڕێکەوتی سەردانیکردن

[٢]- عەلی حەمە صالح، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان (خولی پێنجەم)، گۆنگرەی ڕۆژنامەوانی، ٢٠٢٢/٧/٣١، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

https://bit.ly/٣CAEBHM(٢٠٢٢/٨/٢٦ ڕێکەوتی سەردانیکردن

کەمە، وەک پارێزگای سلیمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و گەرمیان بە تەواوی وەستاندووە، چونکە هیچ داهاتێکی پێویستیان لە بەردەستدا نییە بۆ ئەنجامدانی کارو پرۆژە، بەمەش کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەستە جێبەجێکارەکان لە ئاستی پارێزگاکاندا بە تەواوی سست و لاواز بووە.

ئەمەش چەند دەرئەنجامێکی خراپی لێکەوتۆتەوە، کە کاریگەری هەبووە لەسەر داواکاری و فشارەکان بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی بۆ نمونە:

١- داواکاری جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی کە چەند جارێک لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی جوڵێنراو پرۆژەی بۆ ئامادەکراوە، هەروەها لە ئاستی سیاسیدا ناوە ناوە (ی. ن. ک) داوای دەکرد و پرۆژەی بۆ پیشکەشکرد، بەڵام لە دوای ئاشکرا بوونی زۆری خەرجییەکان و کەمی داهاتی سنورەکە لەلایەک، هەروەها جێگیرکردنی دابەشکاری داهات لەسەر بنەمای دوو ئیدارەی (٥٧٪ بە ٤٣٪)، دەرکەوتووە کە لە ڕووی داراییەوە سنورەکە توانای پشت بە خۆ بەستنی نابێت، ئەوەش وایکردووە کە لایەنەکانی ئەم سنورە لە داواکاریی و فشارەکانیان بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی پێداگر نەبن[١]. بە بەڵگەی ئەوەی سەرەڕای بەشداریکردنی هەریەکەلە (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕان لە کابینەیی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام تاکو ئێستا هیچ فشارێک لە ئاستی تیمی حکومەتی هەردوولایان بۆ سەر ئەنجومەنی وەزیران، لە پێناو جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەدینەکراوە.

٢- (پ. د. ک) کە چەندین ساڵە سەرۆکایەتی حکومەتی لە هەرێمی کوردستان بە دەستەوەیە، لەگەڵ ئەو شێوازە لە ناناوەندێتیی داراییدا نییە، کە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و (ی. ن. ک) داوایان کردووە، لەبەرئەوە (پ. د. ک) بەم جۆرە دابەشکراییە لە سەربنەمای دوو ئیدارەیی ڕازییە، هەندێکجاریش وەک فشارێک بەکاری دەهێنێت بۆ پێداگیرینەکردن لەسەر داواکاری ناناوەندێتیی دارایی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕانەوە، چونکە دڵنیاییە لەوەی بەم دابەشکارییەی داهات لەسەر بنەمای (٥٧٪ بە ٤٣٪)،

---

[١]- یەکێک لەو سەرچاوانەی کە توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجامداوە، نەیویست ناوی بهێنرێت، ئاماژەی بەوە کرد، لەکاتی ڕێکەوتنی (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر دابەشکردنی پۆستە کارگێڕییەکانی سنوری هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، لیژنەیەک لە هەردوولا پێکهێنرا، بۆ ئەوەی وردەکاری خەرجی و داهاتی سنورەکە بزانن، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بڕی داهاتەکان زۆر کەمترە لە خەرجییەکان. بەڕای ئێمە ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایکردووە، (ی. ن. ک) و بزوتنەوەی گۆڕان زۆر پێداگر و بەردەوام نەبن لە داواکاری بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی. بەڵکو ناو بەناو وەک کارتێکی سیاسی بەکاردەهێنرێت و دواتر بێ دەنگی لێدەکرێت.

پارێزگـای سـلێمانی توانـای پشـت بە خـۆ بەسـتنی دارایـی نابێـت، ئەوەش دەبێـتە هۆکارێـک بـۆ پاشەکشەکردن لە داواکاری ناناوەندێتیی دارایی.

٣- ئەم دابەشکارییە کە هیچ چوارچێوەیەکی یاسایی نییە و لەسەر بنەمای دوو ئیدارەیی و بەرژوەنـدی حزبـی کـراوە، وایکـردووە هاوشـێوەی بڕیـاری سیاسـی، (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) سەرچاوەکانی داهات و ئابوری بۆ خۆیان قۆرخبکەن و بەکاری بهێنن، لەبەرئەوە هەردوولایان بە مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەیە ڕازین و هیچ هەوڵێک بۆکۆکردنەوەی داهاتەکان لە خەزێنەی گشتی و، پاشان دابەشکردنی بە دادپەروەرانە لە سەربنەمای ژمارەی دانیشتوان نادەن.

بە واتـایەکی دیـکە دەکرێـت بگوترێـت یەکێـک لە ئاڵنگارییەکـانی بەردەم پەیڕەوکردنـی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا بە حوکمی ئەو واقیعە سیاسی و جوگرافی و داراییەی کە هەیە، بریتییە لە قۆرخکاری (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، لە بواری ئابوری و دارایی، چونکە ئەگەر بنەمـای سـەرەکی ناناوەنـدێتیی بریتـی بێت لە دابەشـکردن، ئەوا قۆرخکـاری ڕێگـری گەورەی بەردەم دابەشـکردنە[1]. واتە ململانێـی سیاسـیی نێـوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) شـۆڕ بـووەتەوە بـۆ بـواری ئـابوری و دارایـی[2]، بە جۆرێـک هەریەکەیـان لە نـاوچەی باڵادەسـتی خۆیـدا دەسـەڵاتی تەواوی بەسـەر داهـات و دارایـی سـنورەکەی خۆیـدا هەیە. هـیچ ڕۆڵێـک بـۆ دامەزراوە فەرمییەکـان نەهێڵـراوەتەوە. ئەمەش ئەنجـومەنی پارێزگاکـان و حکـومەتە خۆجێییەکـانی بە تەواوی بێ ڕۆڵ و بێ کاریگەر کردووە.

---

[1]- د. سەردار عەزیز، ئایا هەرێمی کوردستان پێویستی بە لامەرکەزیەتە؟ سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[2]- بەڵگەش بـۆ ئەوە لێدوانێکی سـکرتێری مەکتەبـی سیاسـی (پ. د. ک)یە، کە لە ڕێکەوتـی ٢٠٢٢/٥/١٦ بـۆ دەنگـی ئەمریکا، دەڵێت: "(پ. د. ک) و (ی. ن. ک) دەست لە داهاتەکانی هەرێمـی کوردسـتان هەڵبگرن، من دەتـوانم تەئمینـی بودجەی هەرێمی کوردستان بکەم بە مووچەی مانگانەی تەواوەوە"... بڕوانە: ئەم ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە: https://bit.ly/٣RoWlub(٢٠٢٢/٧/٢٢) ڕێکەوتی سەردانیکردن

## توێژینچەی چوارەم: کەمی داهاتە گشتییەکان بەراورد بە خەرجییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

ئەگەر لە بـارودۆخی دارایـی هەرێمـی کوردسـتان ورد ببیـنەوە دەبینـین، لە دروسـتبوونی قەوارەی هەرێمـی کوردسـتانەوە، تـاوەکو ئیسـتا یەکێـک لە گـرفتە سـەرەکییەکان، گرفتـی داهـاتە گشتییەکانە، کە گرفتێکی فرە ڕەهەندەو کورتهێنان و ناهاوسەنگی و ناسەقامگیری، یەکێکە لە سیما سەرەکییەکان[١]. لێرەدا گرنگە چوارچێوەیەکی گشتی دەربارەی بڕی داهات و خەرجییە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان بخەینە ڕوو، بۆ ئەوەی بزانین کە کێشـەی داهـات و خەرجییە گشـتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟ چۆن ئەم کێشەیە دەبێتە ئاڵنگاریی لەبەردەم جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا؟ لەم توێژینچەیەدا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەوپرسیارانە بدەینەوە.

لە ئێستادا سەرچاوەکانی بە دەستهێنانی داهاتە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بریتین لە[٢]:

یەکەم: داهاتی نەوتی

دووەم: داهـاتی نـا نەوتـی (داهاتەکـانی نـاوخۆ) کە بـریتییە لەو داهـاتەی لە ڕێـگەی (بـاج، گومرگ، خزمەتگوزارییەکان)ەوە بەدەست دێت.

سـێیەم: ئەو پـارەیەی کە لە حکـومەتی فیـدراڵی عێـراقەوە نـاو بە نـاو بە بـڕی جیاجیـا دەنێردرێت.

چوارەم: ئەو بڕە هاوکارییەی لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەدرێت، کە ڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر حسابی وەزارەتی پێشمەرگە و ناچێتە سەر هەژماری وەزارەتی دارایی.

ئێمە بۆ زانینی بڕی داهـات و خەرجی هەر مانگێک لە هەرێمی کوردسـتاندا شـەش مـانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١ بە پێوەر وەردەگرین، ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: لەو مـاوەیەدا تـاڕادەیەکی زۆر کـاریگەری قەیرانەکـانی کۆرۆنـا و دارایـی لە سـەر هەرێمی کوردستان بەرەو کۆتایی ڕۆشتووە، هەروەها نرخی فرۆشتنی بەرمیلێک نەوت کە پشـکی گەورەی داهاتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنێت، لە ئاستێکی ناوەندا بـووە، کە بە تێکڕایی نـزیکەی (٨٥ دۆلار) بووە.

---

[١]- جیهـانگیر سـدیق، گرفتـەکانی داهـاتی گشـتی لـە هـەرێمی کوردسـتان و ڕێگـەکانی چارەسـەرکردنیان، گۆڤـاری ئایندەناسی، ژمارە (٢). تەموزی (٢٠٢٠)، ل٣٦.

[٢]- وتە بێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕوونکردنەوە لەسـەر داهـات و خەرجی، ٢٠٢٢/٥/١١. بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

https://bit.ly/٣qk١OXa(٢٠٢٢/٧/٥) ڕێکەوتی سەردانیکردن

دووەم: ئامـاری داهـات و خەرجییەکـان لەو شـەش مـانگەدا، بە فەرمـی لەلایەن حکـومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگەیەندراوە و لە بەردەستە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) داهات و خەرجییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١دا، ڕووندەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٤)

(داهات و خەرجیەگشتییەکان لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠٢١ وەک نمونە)

| جۆری داهات | بڕی داهات بەدۆلار$ | جۆری خەرجی | بـــڕی خەرجـــی بەدۆلار$ |
|---|---|---|---|
| داهاتی نەوت | ٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠ سـێ سـەد و پەنجا ملیۆن (جێگیر نییە) | مووچە | ٦١٧،٠٠٠،٠٠٠ شـەش سەد و حەڤدە ملیۆن |
| داهاتی ناوخۆ | ١٩٥،٠٠٠،٠٠٠سـەد و نەوەد وپێنج ملیۆن دۆلار | بودجەی وەزارەتەکان و کڕینی کەل وپەل و خزمەتگوزارییەکان | ٦٠.٠٠٠.٠٠٠ شەسـت ملیۆن |
| پشکی هەرێم لە حکـــــومەتی عێراق | ١٣٥،٠٠٠،٠٠٠سەد و سی و پێنج ملیـۆن (هەندێک مانگ ئەم برە پارەیە نانێردرێت) | وەبەر هێنان بۆ پرۆژەکانی حکومەت | ٢٥،٠٠٠،٠٠٠ بیسـت و پێنج |
| هاوکــــاری هاوپەیمانان | ١٧،٠٠٠،٠٠٠ حەڤدە ملیۆن | کۆی گشتی | ٧٠٢،٠٠٠،٠٠٠ حەوت سەد و دووملیۆن |
| کۆی گشتی | ٦٩٧،٠٠٠،٠٠٠شـەش سـەدو نەوەدو حەت ملیۆن | | ٧٠٢،٠٠٠،٠٠٠ حەوت سەد و دوو ملیۆن |

سـەرچاوە: ئامـادەکردنی تـوێژەر بە پشت بەسـتن بە ئامـاری، فەرمـانگەی میدیا و زانیـاریی حکومەتی هەرێمـی کوردستان، دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپخانە (نەنوسراوە)، هەولێر، ٢٠٢١، ل٤-٥.

لەو خشـتەیەوە دەردەکەوێـت کە داهـاتی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتان مانگانـە (٥،٠٠٠،٠٠٠ پێنج ملیۆن دۆلار) کـورتهێنانی دەبێت. ئەگەریش حکومەتی ناوەندی عێراق ئەو برە پارەیە نە نێرێت، ئەوا کورتهێنان دەگاتە (١٤٠ ملیۆن) دۆلار. لەهەر کاتێکدا کورتهێنان هەبوو، واتە خەرجـی زیـاتر بێـت لە داهـات، کەواتە دۆخـی دارایـی حکـومەت لە ئاسـتێکی خراپـدایە، ئەوەش لێکەوتەی خراپی دەبێت لەسەر کارو ئەرکەکانی حکومەتی خۆجێی لە ئاستی یەکە کارگێڕییەکاندا، لە بەرئەوەی لەو دۆخانەدا حکومەت زیاتر هەوڵی بە ناوەندی کردنی دەسـەڵات و کۆکردنەوەی داهات و خەرجییە گشتییەکان لە دەستی ناوەندا دەدات. بۆ نمونە لە سـاڵی ٢٠١٤ کاتێک هەرێمـی کوردستان توشی قەیرانی دارایی بوو، هەموو ئەو دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییانەی هەڵوەشاندەوە، کە درابـوو بە پارێزگـار و سەرپەرشـتیاری ئیـدارە سـەربەخۆکان و بەڕێـوەبەرە گشـتییەکان، بە

تايبەت هەردوو بڕياری ژمارە (١١٢٣١، ١١٢٣٢) هەروەها هەرسێ بڕياری ژمارە (٤٥،٤٤،٤٠)، كە سەرجەميان لە ساڵی ٢٠١٦دا، هەڵوەشێنرانەوە و دەسەڵاتەكان گەڕێندرنەوە بۆ حكومەتی هەرێم لە هەولێری پايتەخت، ئەوەش بووە هۆی چڕكردنەوەی زياتری دەسەڵاتی كۆكردنەوەی داهات و خەرجيەكان لە سەرجەم بوارە جياجياكاندا[١]. ئەوەش چەند لێكەوتەيەكی كارگێڕی و دارايی نەرێنی بۆ سەر يەكە كارگێڕييەكان لێكەوتۆتەوە لەوانە[٢]:

١- دەسەڵاتی دارايی و خەرجكردن لە سەرۆكی يەكە كارگێڕييەكان و بەڕێوەبەرە گشتييەكان بە تەواوی سەندرايەوە[٣]. ئەمەش وای كردبوو كە ئيدارە خۆجێييەكان نەتوانن ڕۆڵی خۆيان ببينن، ناوەندێتی تا ئاستێكی زۆر بەسەر شێوازی بەڕێوەبردندا زاڵبوو.

٢- بوو بە هۆكاری سنورداركردنی دەسەڵاتی سەرۆكی يەكە كارگێڕييەكان و بەڕێوەبەرە گشتييەكان، لەبەرئەوەی زۆربەی دەسەڵاتە گرنگەكانيان لێ سەندرايەوە و دەبوو بۆ ڕاييكردنی كارەكانيان بگەڕێنەوە بۆ وەزارەت و ئەنجومەنی وەزيران. تەنانەت لەو كاتەدا دەسەڵاتی تەنسيبكردن، گواستنەوە و سوپاسكردنی فەرمانبەرانيان لی سەندرابوويەوە.

واتە دەكرێت بڵێين لە كاتی هەبوونی قەيران و كورتهێنانی بودجە كە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، بەردەوامە و حكومەتی هەرێمی توشی چەندين ئاڵنگاريی دارايی كردۆتەوە، لە ڕووی داهات و دەسەڵاتی خەرجكردنەوە، بە پێچەوانەی سروشتی ناناوەندێتيی كارگێڕييەوە، هەرێمی كوردستان زياتر بە ناوەندی بووە، بە جۆرێك كەمترين دەسەڵاتی دارايی دراوە بە يەكە كارگێڕييەكان. بێگومان ئەمەش كاريگەری ڕاستەوخۆی لەسەر كارو ئەركەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكان و دەستە خۆجێييەكان هەبووە.

---

[١]- بڕوانە: هەردوو فەرمانی ئەنجومەنی وەزيرانی هەرێمی كوردستان، ژمارە (١٧٠٠)، هەروەها ژمارە (٢٠٦٢)، سەرچاوەی پێشوو.

[٢]- پەيمانگای كوردی بۆ هەڵبژاردن، ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی دۆخی لامەركەزيەت لە هەرێمی كوردستاندا (پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە بە نمونە)، سلێمانی، كانونی يەكەمی ٢٠١٦، ل١٠-١١. بەردەستە لەم ماڵپەرە ئەليكترۆنيەی خوارەوەدا:

ڕێكەوتی سەردانيكردن (٢٠٢٢/٨/٢٦)https://bit.ly/٣q٦y٦Ff

[٣]- بۆ نمونە لە وەڵامی داواكارييەكی زانكۆی ڕاپەڕيندا، كە داوای خەرجكردنی بڕە پارەيەكی كردبوو، بۆ دابينكردنی پێداويستييەكانی تەواليتی زانكۆكە، وەزارەتی دارايی بە نوسراوی ژمارە (١٠١٥)لە ٢٠٢٢/٥/٢٩ ڕەزامەندی داوە بە خەرجكردنی تەنها بڕی (يەك مليۆن و پێنج سەد و دوازدە هەزار و پێنج سەد) هەزار دينار، لەسەر بودجەی يەكەی ژمێرياری زانكۆ. لە كاتێكدا سەرۆكی زانكۆ لە ڕووی پلەی كارگێڕييەوە هاوشێوەی وەكيل وەزيرە، كەچی دەسەڵاتی خەرجكردنی ئەو بڕە پارە كەمەشی نييە... بڕوانە: نوسراوی وەزارەتی دارايی و ئابوری حكومەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١٠١٥) لە ٢٠٢٢/٥/٢٩.

بۆ نمونە لە دوایین بەیانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە بەیانی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٨یە، تایبەت بە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتە کارگێڕی و داراییەکان دەرکراوە، تەنها چەند دەسەڵاتێکی کەم و سنورداری دارایی دراوە بە پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان، کە ئەویش خۆی لە خەرجکردنی پیشینەی بەردەوامی تەرخانکراو بۆ پارێزگاو ئیدارە سەربەخۆکان، خەرجکردنی پارەی سوتەمەنی و کڕینی پێداویستی پەراوگە، چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و شاندی فەرمانبەران و... چەند دەسەڵاتێکی دیکەی هاوشێوە دەبینێتەوە[1].

هەروەها لە ڕاپۆرتی دارایی پێنج مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ی وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە بە پێی تەرازووی پێداچوونەوەی وەزارەت و فەرمانگەکان بڵاوکراوەتەوە، کۆی داهاتەکانی زیاتر لە (٥ ترلیۆن و ٦٤٠ ملیار دۆلار) بوو؛ کۆی خەرجییەکانیش زیاتر لە (٥ ترلیۆن و ٧٧٧ ملیار دینار) بووە، کورتهێنانیش لەو پێنج مانگەدا زیاترە لە (١٣٧ ملیار) دینار[2].

کەواتە کەمی داهات و زۆری خەرجییەکان؛ هەرێمی کوردستانی لە ڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە ڕوو بەڕووی چەندین ئاڵنگاریی کردۆتەوە، کە سەرەکی ترینیان کەمبوونەوەی داهاتە گشتییەکانە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دابەشنەکردنی داهات بەسەر یەکە کارگێڕییەکان و پێنەدانی دەسەڵاتی خەرجکردن بە حکومەتە خۆجێییەکانی هەبووە. ئاشکرایە کە بەبێ بوونی داهاتی پێویست و دەسەڵاتی خەرجکردنی، ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەستە جێبەجێکارییەکان لە ئاستی خۆجێیەتی، ناتوانن ڕۆڵێکی گرنگ و کارا لە پێش خستن و گەشەپێدانی ناوچەکانیان ببینن. لەبەرئەوە دەکرێت بڵێین سەرەڕای هەبوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان و یاسای تایبەت بە ڕێکخستنی دەسەڵات و تایبەتکارییەکانی ئەنجومەن و دەستەی جێبەجێکار لە ئاستی پارێزگاکاندا، بەڵام نەتوانراوە بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک ئەوەی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دەقنووسکراوە جیبەجێبکرێت.

لە کۆتایی ئەم بەشەی تویژینەوەکەدا دەتوانین بڵێین، کە جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی لەهەر دەوڵەتێک یاخود هەرێمێکدا، پێویستی بە ڕەخساندنی ژینگەیەکی سیاسی گونجاو هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت پایەکانی سیستمەکە لە واقیعدا جێگیر بکرێت. بەڵام لە هەرێمی

---

[1] - بڕوانە بەیانی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٨ی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان ژمارە (٢٢٠) لە ٢٠١٨/١/٢٤دا، بڵاو کراوەتەوە.

[2] - بڕوانە: دەقی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەستە لەم پێگە ئەلیکترۆنیەی خوارەوە:

https://bit.ly/٣PQCt١E(٢٠٢٢/٧/٢٢) ڕێکەوتی سەردانیکردن

کوردستاندا تاکو ئێستا نەتوانراوە لە ڕووی سیاسی و داراییەوە ئەو ژینگە گونجاوەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی دروستبکرێت، چونکە هێشتا ململانێی حزبی و دوو ئیدارەیی لە زۆربەی بوارەکاندا، بە تایبەت لە بواری داراییدا بنەمای سەرەکییە لە حکومڕانیدا.

لەبەرئەوە نەتوانراوە حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز دروستبکرێت، کە کۆی دەسەڵاتەکانی تیادا کۆبکرێتەوە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە هێشتا لە هەرێمی کوردستاندا ویستێکی ڕاستەقینە بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتی کارگێڕی بوونی نییە. چونکە سەرەڕای ئەوەی کە دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، کە لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە زۆر لاوازە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، بەهۆی شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لە سەر بنەمای دوو ناوەندێتی (دوو ئیدارەیی)، لە ڕووی سیاسی و دارایی و، هەروەها ڕەچاونەکردنی بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی لە یاسا و بڕیار و ڕێنماییە کارپێکراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکاندا، نە توانراوە بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی بەکرداری لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکرێت.

## كۆتایی:

## دەرئەنجام و پێشنیازەکان

لە کۆتـــایی ئەم تـــوێژینەوەیەدا گەیشـــتووین بە کۆمەڵێـــک دەرئەنجـــام، کە لە خـــوارەوە دەیـانخەینە ڕوو، لە هەمانکاتیشـدا کۆمەڵێک پێشـنیاز، وەک چارەسـەر دەخەینە بەردەسـت لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە ئامانجی سەرکەوتن بەسەر ئاڵنگارییەکاندا.

### یەکەم: دەرئەنجامەکان

١- یەکێـک لە ئاڵنگـارییە سـەرەکییەکانی بەردەم پەیڕەوکردنـی ناناوەنـدێتی کـارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا، بریتییە لە نەبوونی حکومەتێکی یەکگرتووی بەهێز، کە پێویستە بۆ کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکارگێڕیی و داراییەکان و دابەشکردنی بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی خوار ناوەند، لە چوارچێوەی یاسـادا، لەبەرئەوەی تـاکو ئێسـتا حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان بەکرداری نەبـووە بە ناوەنـدێکی خـاوەن دەسـەڵاتی بەهێز، کە دەسـەڵاتی لەسـەرو دەسـەڵاتی پـارتە سیاسـیە سـەرەکییەکانەوە بێت، هێشـتا (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) هەریەکەیـان لە نـاوچەی باڵادەسـتی خـۆی بەشـێکی زۆری دەسـەڵاتە سیاسـی، سـەربازی، کـارگێڕی و داراییەکـانی لە دەسـتدایە؛ هەر لەبەرئەوەشە کە دەبینین لە بەڕێوەبردنی هەرێمـی کوردسـتاندا دوو ناوەندێتی و دوو ئیدارەیی لە زۆربەی بوارەکانـدا پەیـڕەو دەکرێت، ئەوەش واتـای ئەوە دەگەیەنێت کە لە هەرێمـی کوردسـتاندا ویستێکی ڕاستەقینە بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی بوونی نییە.

٢- ململانێ و ناکۆکیی نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، بووە بە هۆکاری نەمـانی متمـانەی سیاســی لە نێوانیانــدا، ئەم بێمتمــانییەش وایکــردووە کە هەر داواکــارییەک بــۆ جێبەجێکردنــی ناناوەنــدێتیی کــارگێڕی، وەک داواکــاریەکی حزبــی و کــارتێکی فشــار ســەیربکرێت، نەک وەک پێویسـتییەکی حکومڕانی بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمـی کوردسـتان، هەر لەبەرئەوەشـە تـاکو ئێسـتا لە نێـوان لایەنە سیاسـییەکاندا بەگشـتیی و لە نێـوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک) بەتـایبەتی، دیـدگایەکی هاوبەش، بۆ پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێی و ئاست و شێوازی جێبەجێکردنی لە هەرێمی کوردسـتاندا بـوونی نەبێت، ئەوەش واتـای ئەوەیە تـاکو ئێسـتا نەتـوانراوە لە ڕووی سیاسـییەوە زەمینەیەکـی لەبـار بـۆ جێبەجێکردنــی بنەماکـانی ناناوەنـدێتی کـارگێڕی خـۆجێی لە هەرێمــی کوردستاندا بڕەخسێنرێت.

٣- بەهــۆی بە حزبیکردنــی دامەزراوەکــانی حکــومڕانی لە هەرێمــی کوردســتاندا و دابەشـکردنی پۆسـتە کارگێڕییەکـان لەسـەر بنەمـای حزبـی، نەک پیشـەیی، یەکێـک لە ڕەگەزە سـەرەکیەکانی ناناوەنـدێتیی کـارگێڕی، کە بـریتیە لە چـاودێریکردنی یەکە کارگێڕییەکـان، لەلایەن ناوەنـدەوە جێبەجێنەکراوە، هەر بەهەمـان هۆکـار توانـای چـاودێریکردن و لێپرسـینەوە لە ئاسـتی

خۆجێیدا، کە دوو ئەرکی سەرەکی ئەنجومەنی پارێزگاکانن پەکخراوە، چونکە سیستمی هەڵبژاردنی پەیڕەوکراو بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو، یارمەتیدەر نییە بۆ ئەوەی کەسانی سەربەخۆ لەدەرەوەی لیستی قەوارە و پارتە سیاسییەکان بتوانن خۆیان بپاڵێون بۆ ئەنجومەنەکان، یاخود پۆستە کارگێڕییەکان لەسەر ئاستی خۆجێیی، ئەوەش وایکردووە لە زۆر باردا بەرژەوەندییە تەسکە حزبییەکان، لە سەرو بەرژەوەندییە گشتییە خۆجێییەکان دابنرێت، بەوەش پرۆسەی چاودێریکردن و لێپرسینەوە لە ئاستی خۆجێیەتیدا جێبەجێنەکراوە، کە دوو پێوستی گرنگن بۆ کاراکردنی ڕۆڵی دامەزراوە خۆجێییەکان.

٤- هەرچەندە لە دوای دەرکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ناناوەندێتیی کارگێڕی، وەک بنەما لە هەرێمی کوردستاندا پەسەندکراوە، بەڵام لەبەر لاوازی دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی لە یاساکەدا، هەروەها تێکهەڵچوونی لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستاندا نەتوانراوە پایەکانی سیستمێکی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەهێز لە هەرێمی کوردستاندا بچەسپێنرێت، چونکە بە پێی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، نابێت ئەو بڕیارو پێڕەو ڕێنماییانەی ئەنجومەنی پارێزگا دەریدەکات، ناکۆک بێت لەگەڵ دەستور و یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا، لەبەرئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا بەڵگەنامەیەکی دەستوریی نوسراو نییە، تاکو بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بە ڕوونی دەقنووسکردبێت و سنوری دەسەڵاتە گشتییەکانی دیاریکردبێت؛ ئەوەش وایکردووە تێکهەڵچوون و دژیەکییەکی زۆر هەبێت، لە نێوان یاسای پارێزگاکان و یاسای کاری وەزارەتەکان، چونکە سروشتێکی ناوەندێتی (دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان) بەسەر یاسا کارپێکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زاڵە، بەو هۆیەوە هەر بڕیارێک یاخود ڕێنماییەک، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەریدەکەن، دژ دەبێت بە یەکێک لەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێت، هەر لەبەرئەوە تاکو ئێستا نەتوانراوە ئەو ئاستە لاوازەی ناناوەندێتیی کارگێڕی کە لە یاساکەدا هاتووە، وەک خۆیان جێبەجێبکرێت، تەنانەت زۆربەی بڕگەو ماددەکانی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە لە ئێستادا بەرکارە، بە یاسا و بەیان و بڕیارەکانی دیکەی حکومەتی هەرێم پەکخراون، ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیارو ڕێنماییەکانی لە ژێر ڕۆشنایی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکاندا دەرناکات.

٥- بە پێچەوانەی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی، ڕۆڵی حکومەتی ناوەندی بەتەواوی بەسەر یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجەدا زاڵە، لەبەرئەوە بە جێبەجێکردنی تەواوی ماددە و بڕگەکانی یاساکەش، هێشتا ناتوانرێت پایەکانی ناناوەندێتیی

کارگێڕی لە ئەرزی واقیعدا بچەسپێنرێت. چونکە دەستەی جێبەجێکار و هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکە (تاکو ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە پێکنەهاتبوو)، بە دامەزراندن لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دادەمەزرێن، کە ئەوەش لادانە لە سروشت و ئامانجەکانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی، بەوەش یاساکە لە بری چەسپاندنی بنەماکانی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێیی، زیاتر دەبێتە هۆکارێک بۆ بەهێز بوونی دەسەڵاتی ناوەندێتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٦- نەبوونی سەربەخۆیی دارایی و دەسەڵاتی خەرجکردنی پێوست لە ئاستی پارێزگاکاندا، یەکێک بووە لە ئاڵنگارییەکان لەبەردەم پەیڕەوکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕیدا، چونکە بەهۆی نەبوونی یاسای بودجەی گشتیی ساڵانە لە هەرێمی کوردستاندا، پارێزگاکانیش بودجەی سەربەخۆیان بە پێی یاسا نەبووە، ئەوەش دوو پایەیی گرنگی سیستمی ناناوەندێتیی کارگێڕی، کە ئەنجومەنی پارێزگاکان و دەستە جێبەجێکارییەکانن؛ بێ ڕۆڵ و لاواز کردووە، چونکە دوو سەرچاوەی دارایی سەرەکی پارێزگاکان، کە بودجە و داهاتی ناوخۆیە لە بەردەستی ئەنجومەنی پارێزگا و دەستە جێبەجێکارە خۆجێییەکاندا نەبووە، ئەوەش واتای ئەوەیە کە یەکە کارگێرییەکان سەرچاوەی دارایی سەربەخۆ و دەسەڵاتی خەرجکردنی پێوستیان نەبووە.

٧- دابەشکردنی داهات لە سەر بنەمای دوو ئیدارەیی، نەک ژمارەی دانیشتوان و پێداویستی ناوچەکان، کاریگەری ڕاستەوخۆیی هەبووە لەسەر بەڕێوەبردنی یەکە خۆجێییەکان و پەیڕەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی و دارایی، لەبەرئەوەی چەندین ساڵە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بەڕێوەبردنی داهات و خەرجی، پشت بە شێوازێک لە دابەشکردنی دارایی تایبەت دەبەسترێت، کە لە سەربنەمای دوو ئیدارەییە، بەجۆرێک داهاتەکان بە ڕێژەی (٥٧%) بۆ هەولێرو دهۆک، لە (٤٣%) بۆ سلێمانی و هەڵەبجە دابەشدەکرێت، ئەوەش بووە بە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئەو پارێزگایانەی کە داهاتی پێوستیان لە بەردەست نییە؛ نەتوانن کارەکانی یەکە خۆجێییەکە ڕاپەڕێنن، ئەمەش گرفت و نادادی جوگرافی لە ئاستی پارێزگاکان هێناوەتەوە کایەوە، کە لە جیاتی جێبەجێکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی، دوو ئیدارەیی و دوو ناوەندێتیی زیاتری لە هەرێمی کوردستاندا چەسپاندووە.

ئەو دەرئەنجامانەی سەرەوەش ڕاستیی گریمانەی توێژینەوەکەی سەلماندووە، کە لە پێشەکی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو، وا گریمانەمان کردبوو، کە شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و دارایی لە لایەک، هەروەها لاوازی دەقنووسکردنی بنەماکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکاندا، گرنگترین ئاڵنگاریین لەبەردەم پەیرەوکردنی ناناوەندێتیی کارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستاندا.

**دووەم: پێشنیازەكان**

بە ئامانجی جێبەجێكردنی بنەماكانی ناناوەندێتیی كارگێڕی خۆجێیی لە هەرێمی كوردستاندا و سـەركەوتن بەسـەر ئاڵنگارییەكانـدا، بە پێویسـتی دەزانـین چەنـد پێشـنیازێک بـۆ حكـومەت و دامەزراوە سەرەكییەكانی دیكە لە هەرێمی كوردستان بخەینە ڕوو:-

**١- لە سەر ئاستی سیاسی (پارتە سیاسییەكان)**

آ- بـۆ پەیڕەوكردنـی سیسـتمێكی ناناوەنـدێتیی كـارگێڕی سـەركەوتوو، سـەرەتا دەبێـت حكومەتێكی یەكگرتووی خـاوەن دامەزراوەیـی بەهێـز لە هەرێمـی كوردسـتاندا بـوونی هەبێت، بۆ ئەمەش واپێویسـت دەكـات ئەو بـوارانەی حكـومڕانێتی، كە لە هەرێمـی كوردسـتاندا یەكخـراو و ڕێكخراو نین، ڕێكبخرێن و بە ناوەندی بكرێن، بە تایبەت هێزەكانی پێشمەرگە و ئاسایش و بواری دارایـی. لەبەرئەوە گـرنگە (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، وەک دوولایەنـی سیاسـی سـەرەكی، كە هەریەكەیـان خـاوەن یەكەی سـەربازی تـایبەت بە خۆیـانن و لە نـاوچەی بـاڵا دەسـتی خۆیـان دەسەڵاتێكی زۆریـان هەیە، كـار بكەن بۆ بونیادنـانی حكومەتێكی ناوەندی یەكگرتـوو، كە خـاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینە و دامەزراوەیی بەهێز بێت، ئەوەش لە ڕێگەی نەهێشتنی شـوێنەوارەكانی دوو ئیدارەیی لە سەرجەم بوارەكاندا، لەگەڵ كۆتایی هێنان بە ململانێی نادروستی حزبایەتی و پرۆسـەی بە حزبیكردنی دامەزراوە حكومیەكان.

ب- كاربكرێت بۆ دروستكردنی دیدێكی هـاوبەش و ڕوون لە نێوان پـارتە سیاسـییەكاندا، سەبارەت بە ئاست و شێواز و چۆنیەتی پەیڕەوكردنی ناناوەندێتیی كـارگێڕی خـۆجێیی لە هەرێمی كوردسـتاندا، بۆ ئەمەش دەكرێت سـەركردایەتی لایەنە سیاسـییەكانی هەرێمی كوردسـتان خۆیـان، یـاخود لە ڕێـگەی فراكسـیۆنەكانیان، لە پەڕلەمـانی كوردسـتان و ئەنجـومەنی پارێزگاكـان، پێكەوە پرۆژەیەكـی هـاوبەش گەڵاڵە بـكەن، كە بە ڕوونـی ئاسـت و شـێوازی پەیڕەوكردنـی ناناوەنـدێتیی كارگێڕی بخاتە ڕوو، پاشان لە پەڕلەمانەوە لە چوارچێوەی یاسایەكدا ڕێكبخرێت و پەسەند بكرێت، دواتر لە ڕێگەی حكومەتی هەرێمی كوردسـتان و حكومەتە خۆجێییەكانەوە كار بۆ جێبەجێكردنی بكەن.

ج- دروستكردنی حكومەتێكی یەكگرتووی بە هێز، كە خـاوەن دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینە بێت، دەخوازێـت (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، كۆتـایی بە قۆرخكـاری ئـابوری و دارایـی لە هەرێمـی كوردستاندا بهێنن، بە تایبەت كۆتایهێنان بە دابەشكاری دارایی لەسەر بنەمـای (٥٧٪) بۆ هەولێر و دهۆک و (٤٣٪) بۆ ئیدارەی سلێمانی، كە لە ئێستادا بنەمای سـەرەكی سیستمی دارایی و ئـابوری هەرێمی كوردستانە و جۆرێک لە نادادپەروەری لە ڕووی گەشەپیدانەوە هێناوەتەكایەوە.

**د-** له ئەگەری دروستنەبوونی دیدگای هاوبەش له نێوان (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، ئەوا پارته سیاسییەکانی دیکه (بەتایبەت پارته سیاسییه ئۆپۆزسیۆنەکان)، دەتوانن کاربکەن بۆ ئەوەی له ڕێگەی فشارخستنه سەر (پ. د. ک) و (ی. ن. ک)، وەک دوولایەنی سیاسی باڵادەست، هەوڵی چاکسازی ڕاستەقینه له شێوازی حکومڕانی و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستاندا بدەن و کۆتایی بە دوو ناوەندێتی و دوو ئیدارەیی له ڕووی سیاسی و داراییەوە بهێنن، دەتوانن پەیڕەوکردنی سیستمێکی ناناوەندێتیی کارگێڕی پێشکەوتوو، بکەن بە یەکێک له داواکاری و فشارەکانیان.

**ه-** (ی. ن. ک) وەک لایەنێکی سەرەکی باڵا دەست له حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا، دەتوانێت له ڕێگەی تیمەکەی له ئەنجومەنی وەزیران و فراکسیۆنەکەی له پەرلەمانی کوردستان، کار بۆ جێبەجێکردنی ناناوەندێتی کارگێڕی خۆجێی بکات، نەک تەنها ناو بەناو له ڕاگەیاندنەکانەوە ئاخاوتن لەسەر جێبەجێکردنی بکات.

**٢- لەسەر ئاستی پەرلەمان** (**دەسەڵاتی یاسادانان**)

**آ-** هەرچی زووه پەرلەمانی کوردستان، زەمینه سازی بکات بۆ ئەوەی، له نزیکترین ماوەدا، هەرێمی کوردستان ببێته خاوەنی بەڵگەنامەیەکی دەستووری نوسراوی خۆی، که تێیدا بنەما گشتییەکانی ناناوەندێتیی کارگێڕی بەرجەسته بکرێت و ببێته گەرەنتیەک بۆ ڕێکخستنی پرسی ناناوەندێتیی کارگێڕی له هەرێمی کوردستاندا. بۆ ئەوەش پێویستی بە لێک نزیکبوونەوە و هاوکاری لایەنه سیاسیه سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، تاکو له ڕێگەی لیژنەیەکی شارەزاو تایبەتمەندەوە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان ئامادەبکرێت.

